



❊ **ناوی کتێب:** قەڵەم و هەڵوێست

❊ **ناوی نووسەر:** سلێمان عەبدوڵڵا یونس

❊ **نەخشەسازی:** فەهمی جەلال

❊ **بەرگ:** ئەیوب ئەحمەد،

❊ **تایپ :** ئیسماعیل ڕاجی

❊ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

❊ **چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٧

❊ **ژمارەی سپاردن:** (٧٣٩) ی ساڵی ٢٠٠٧

❊ **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

# پێڕست


پێشەکی ........................................ ٩

## بەشی یەکەم حەمەنامە

حەمەنامەی (١) ........................................ ١٤

حەمەنامەی (٢) ........................................ ١٧

حەمەنامەی (٣) ........................................ ٢٠

حەمەنامەی (٤) ........................................ ٢٢

حەمەنامەی (٥) ........................................ ٢٥

حەمەنامەی (٦) ........................................ ٢٩

حەمەنامەی (٧) ........................................ ٣٢

حەمەنامەی (٨) ........................................ ٣٨

حەمەنامەی (٩) ........................................ ٤١

حەمەنامەی (١٠) ........................................ ٤٥

حەمەنامەی (١١) ........................................ ٤٨

حەمەنامەی (١٢) ........................................ ٥٣

حەمەنامەی (١٣) ........................................ ٥٦

حەمەنامەی (١٤) ........................................ ٦٠

حەمەنامەی ( ١٥) ........................................ ٦٤

حەمەنامەی (١٦) ........................................ ٦٧





حەمەنامەی (١٧) ........................................ ٧٠

حەمەنامەی (١٨) ........................................ ٧٨

حەمەنامەی( ١٩) ........................................ ٨٤

حەمەنامەی (٢٠) ........................................ ٨٧

حەمەنامەی (٢١) ........................................ ٩٠

حەمەنامەی (٢٢) ........................................ ٩٥

حەمەنامەی (٢٣) لە دۆڵی جافانەوە بۆ کۆشکی سپی........ ٩٩

حەمەنامەی (٢٤) ........................................ ١٠١

حەمەنامەی (٢٥) ........................................ ١٠٧

حەمەنامەی (٢٦) ........................................ ١١١

## بەشی دووەم ڕەمزەکان ناخەینە دەریاوە

ئەو سەرۆکەی کۆماری ترسی کردە کۆماری ئازادی ........ ١١٨

گەمە ناڕەواکانی حزبی کوردی! ........................ ١٢١

رەشەکوژی ژنان لەدیوەخانێکی زلتردا !! ................ ١٢٦

کوردستانی عێراق‌و تێگەیشتن لە پرنسیپەکانی دراوسێیەتی ! ............ ١٢٩

قورمیش کردنی دیموکراسی هەرێم ........................ ١٣٧

گەڕانەوەی سەرۆك.... گەڕانەوەی دڵنیایی ................ ١٤١

ئاسایشی پایتەختی هەرێم لە مشتی (پاراستن)دا ........ ١٤٣

کاك نەوشیروان گۆرباتچۆفی نێو یەکێتیی! ................ ١٤٦

بارزانی لەنێوان دروشم‌و پراکتیکدا .................... ١٤٩

ئەگەر سەردەمی هەڕەشە بەسەرچوو بێت ! ................ ١٥٦

زۆرینەکانی عێراق کێن؟... ........................ ١٦٠

کەی قۆناغی دوای مریشکە ڕەشە دەست پێدەکات؟ .................... ١٦٢

تیرۆرو فەلسەفەی وێرانکردنو سڕینەوەی ئەوانی دی .................... ١٦٤

ببورە﴿دوعا﴾گیان ئێمە شەرەفمان لەتۆی نیشتیمان خۆشتردەوێ!! ......... ١٦٩

سیاسەتی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی سێنتراڵی عێراق لە بریمەرەوە بۆ بیکەر — هاملتن .................... ١٧١

کوردسات ئازاری ڕانیە و ڕاپەڕین دەدات .................... ١٧٥

کودەتای سپی ناو یەکێتیی .................... ١٧٩

هەڵبژاردن وچارەنووسی کوردستان .................... ١٨٢

کاک کۆسرەت سیمبولی بەرەنگاری و نمونەی سەروەزیرانێکی خزمەتگوزار .. ١٨٤

دەسەڵاتی یاسا، یان یاسای دەسەڵات .................... ١٨٦

(دەنگوباس)ی پارتیو (هەواڵەکان)ی یەکێتیی ! .................... ١٨٩

دەستوورێکی ڕیشدار .................... ١٩٢

کارەبای کوردستانو باری تەعالا ! .................... ١٩٥

هەڵبژاردن .. تاکتیکی خەساندنی ستراتیژی ریفۆرمی نێو یەکێتیی ! ...... ١٩٩

کوردو کۆشکی سپی .................... ٢٠٥

لەقەندیلەوە ئەنقەرە ناهەژێ قسەکردن لە ڕاستیەکی تاڵ .................... ٢٠٨

لیستی هاوبەش .................... ٢١٨

ڕەمزەکان ناخەینە دەریاوە وەڵامێك بۆ کاك کۆسرەت .................... ٢٢٠

کەرکوك سەفەری هاتو نەهاتی کورد .................... ٢٢٥

لەیادی ٣١ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی دا قسەیەك لەسەر سەر قەتاری کاروانەکەی .................... ٢٣٠

کاك نێوشیروانو سیاسەتی بایکۆت کردن !! .................... ٢٣٧





لەپێناوی ڕیفۆرم لەمەکتەبە باڵادەستەکانی نێو یەکێتییدا .................... ٢٤٠

لەیادی ٥ی ئازاردا رانیە دەروازەی راپەڕین یان شارێك پشتاو لەخزمەتگوزاری؟ .................... ٢٤٧

یەکێتی لەڕێبەرایەتی کردنی ڕاپەڕینەوە بۆ سەرکوتکردنی .................... ٢٥١


## بەشی سێیەم یۆتۆپیای بەناو نووسەرانی ئازاد


کام ئیعتوباری سیاسیو کاك ئازادی رادەربڕین.. کاك ئازاد؟) .................... ٢٥٦

کوفرەکەی کاك عەدنانو لە هەڵڵا دانەکەی کوردستان نێت .................... ٢٦٠

نوسەران لە نێوان پەیامی نوسینو پیا هەڵداندا .................... ٢٦٣

هەمیشە براین بۆ کورد .................... ٢٦٦

هەموومان ترسمان لە ئایندەیە .................... ٢٦٨

پرسیارە خواستراوەکانی دکتۆر کەمالی سەید قادر! .................... ٢٦٩

(نانو ئازادی) .................... ٢٧٦

ئەو قەڵەمانەی هەر دەقڕن .................... ٢٧٨

بەخشکەیش بێت هەرباشە .... وەڵامێك بۆ حەمە سەعید حەسەن .................... ٢٨١

دکتۆر گوڵپی، هەموو شتێ بەخوێ خوێش بە مەعنا! .................... ٢٨٣

لەگەڵتاین مام... .................... ٢٨٦

ئەو قەڵەمە کۆڵەوارەی هەمیشە بەسەر کوردەواریدا دەڕشێتەوە .................... ٢٨٨

دەقی شیعرەکە کە لە رۆژنامەی ڕووزەردی(ئاسۆ) ی بەعسدا لەساڵی ١٩٨٩ بلاوکراوەتەوە. .................... ٢٩٢

مام زۆراب مێوژی نایابی هەر بۆ پارتی دەوێ! .................... ٢٩٤

هاشو هوش .................... ٢٩٨

کوردستان پۆست هەر سلاوات لێدەدا .................... ٣٠٠

جاسوسی‌و ڕێچکان .................................... ٣٠٧
کاك کاوە ئەمین پشوسواریش کێماسیەکی ڕۆشنبیرانەیە! .................. ٣١١
لەم ژاوەژاوەشدا هەر دیالۆگ! .......................................... ٣١٩

## پێشەكی :-

خوێنەری بەڕێز بێگومان نەمتوانیوە كۆی گشتی ئەو بابەتانەی لەساڵی ٢٠٠٤ وە هەتا هاوینی ٢٠٠٧ نوسیوومن لەدوتوێی "قەڵەمو هەڵوێست" دا بڵاوبكەمەوە چونكە بەداخەوە بەشێك لەبابەتەكانم بەهۆی هاك كردنی كۆمپیوتەرەكەمەوە لای خۆم فەوتانو بەشێكی دیكەشیان نەمتوانی لەوشوێنانەی تیایدا بڵاوكرابونەوە دەستم بكەونەوە. ئەوەش لەبەر دوو هۆ یەكیان لەبەر سەرقاڵیو جەنجاڵی ژیان لەئەوروپاو نەبوونی كات بۆبەدوادا گەڕانو دۆزینەوەیان بەداخەوە من لای خۆشم ڕۆژو شوێنی بڵاوكردنەوەیانم تۆمار نەكردبوو هۆی دووەمیش لەبەردەست نەبوونی ئەرشیفی ئەو شوێنانەی كەبەشێك لەنوسینەكانیان تێدا بڵاوكرابوەوە كەبەداخەوە ئەوانیش تووشی هەمان پەتای تەكنەلۆژی (هاك) كردن ببونەوە یەكێك لەوانە كوردستانپۆست بوو.

بیرۆكەی بەچاپگەیاندنی سەرجەم ئەم كۆمەڵە ووتارانە زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرت كە بەردەوام ڕووبەڕووی پرسیاری ئەوە دەبوومەوە كەبۆچی (حەمەنامە) وەكو كتێبێكی سەربەخۆ بەچاپ ناگەیەنم. داواكاری لەسەر چاپكردنی (حەمەنامە) هانی دام بۆئەوەی بیرلەوەبكەمەوە كەكۆی گشتی ئەو بابەتانەی كە لەدەرەوەی وڵاتو لەشوێنی نیشتەجێبوونم لەبریتانیا نوسیومن بەناوی (قەڵەمو هەڵوێست) بەچاپ بگەیەنم. بەتایبەت



كە بەشێكی زۆری نوسینەكانم لەسەر سایتە ئەلیكترۆنیەكان (كوردستان نێت، كوردستان پۆست، دەنگەكانو دەنگی سەربەخۆ) بڵاوكراونەتەوەو بەشێكی زۆر لەخوێنەران لەكوردستان لەبەر بەرتەسكی بەكارهێنانی ئینتەرنێتو لاوازی ئەوهێڵی ئینتەرنێتەی هێشتا لەكوردستان هەیە لەوانەیە نەیانتوانیبێت دەستیان بكەوێت. ئەگەرچی هەندێ لەوبابەتانە لەڕۆژنامەكانی كوردستانی نوێو هاوڵاتی دا بڵاوكراونەتەوە لەوانەیە بەردەستی خوێنەری كورد كەوتبن. بەڵام هەمدیسان لەوانەیە كۆكردنەوەیان لەدووتوێی كتێبێكی سەربەخۆدا كارێكی بەكەڵك بێت. بەتایبەت كە بەشێك لەو ووتارانە بۆمن گرنگە جارێكی تر بیانخەمەوە بەردەستو دیدەی خوێنەران بەئومێدی نانەوەی مشتومڕ لەسەریان یان بەئومێدی ئەوەی خوێنەر یان ڕەخنەگری كورد بشێت قسەی خۆی هەبێ لەسەر كۆی گشتی ئەو قسەو باسانەی كەمن لەهەرسێ بەشی (قەڵەمو هەڵوێست) دا ووروژاندومن.

لەوانەیە ئەوەی زیاتریش جێگەی شانازی من بێت لەم كتێبەدا ڕێگەگرتن بووبێت لەچەواشەكردنی بەشێك لەڕاستیەكان كەهەمیشە لەلایەن هەندێك نوسەری دیكەوە هەوڵی دیزەبەدەرخۆنەكردنیان دراوە بێگومان لەسەرووی ئەو نووسەرانەشەوە هێژا حەمەسەعید حەسەن دێت كە بەندە توانی بەزمانێكی ئارامو بەمۆراڵێكی دیكەی نوسینەوە ڕووبەڕووی ببمەوەو خۆشی بگەیەنمە ئەو ڕاستیەی كەدان بەهەڵەبوونی خۆیدابنێو لەو پرۆژەیەش پاشگەزببێتەوە كە بەناوی (سەركۆمارنامە) وە نیازی بوو بەئەنجامی بگەیەنێت.

راسته زۆربوون ئەوانەی لایان وابوو (حەمەنامە) گرەوی بردەوە بەڵام بەبڕوای من لەپرۆسەی نوسیندا بردنەوەو دۆڕان نییە بەقەد ئەوەی دەرخستنی راستیەکان هەیە.

خوێنەری هێژا ئومێدەوارم لەچاپی دووەمی (قەڵەمو هەڵوێست) دا بتوانم کۆی گشتی بابەتەکانم بخەمە بەردەستو دیدەی تۆی بەڕێز.

نووسەر

slemanyunes@yahoo.co.uk

# بەشی یەکەم

# حەمەنامە



## حەمە نامەی (١)

کاك حەمە سەعید حەسەن کە بڕیاری داوە کتێبی ئایندەی (سەرکۆمارنامە) بێتو ماوەیەکە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی، خۆی گوتەنی بڕیاریداوە لە بڵاوکراوەکەی خۆیدا فاوڵەکانی تاڵەبانی بژمێرێ، منیش ئەگەر بەڕێزی زیز نەبێ وام نیازە بەشوێن سەرکۆمارنامەکەی ئەوەوە بم لە (حەمەنامە)کەمدا فاوڵەکانی ئەو بژێرم.

لەبەشی چوارەمی سەرکۆمارنامەکەیدا کاکە حەمە دەنوسێ (کۆبوونەوەی کۆندالیزا ڕایس‌و مەسعود بارزانی، بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی داویی هات، کۆبوونەوەکەی نێوان کۆندا لیزا ڕایس‌و جەعفەری بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی کۆتای هات، کۆبوونەوەکەی نێوان کۆندا لیزا ڕایس‌و تاڵەبانی بە خواحافیزی تەواو بوو) فاوڵەکەی کاکە حەمە لەدوای ئەو هەڵسەنگاندنەوە دێت کە پێی وایە مادام کۆندا لیزا ڕایس‌و تاڵەبانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیان بەیەکەوە نەبەستوە ئەمە مانای ئەوەیە کە سەرکۆمار لەلایەن ئەمەریکاوە هیچ بایەخێکی نییە.  فاوڵەکە لەوەدایە کە کاکە حەمە هیچ شارەزاییەکی لە بواری دیبلۆماسی‌و نەریتی دیپلۆماسیدا نییە، چونکە ئەگەر هەیبوایە هەرگیز توشی هەڵەی لەو چەشنە نەدەبوو، ئەوەی ئەلف‌و بێیەك لە پەیوەندی دیپلۆماسی‌و نەریتی دیپلۆماسی تێبگات لەوە حاڵی دەبێت کە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دەبێت لەگەڵ هاوتا

دیپلۆماسیەکەی خۆت بێت، تاڵەبانی کە ئێستا کاکە حەمە حەز بکات یان نا سەرکۆمارە، بۆیە هاوتای ئەو لە ڕووی نەریتی دیپلۆماسیەوە، خاتوو ڕایس نییە، هەربۆیە لەبەر هەندێ ئیعتوباری سیاسی دروست نییە سەرکۆمار کۆنگرەیی ڕۆژنامەوانی ساز بدات ئەگەر لەگەڵ هاوتاکەی خۆی نەبێت، هەواڵە سیاسیەکان لەتەواوی میدیاکانی جیهاندا شایەدی ئەو ڕاستیەن، هەر بۆیە ئەوەی نەك هەر شارەزای بواری سیاسەت بێت، بەڵکو ئەوەی کە گوێگری هەواڵیش بێت ئەو ڕاستیە دەزانێت.

سەبارەت بەدەستەواژەی (سەری بڵند) من نەك دژی ئەو دەستەواژەیە نیم کە هەندێ لە نوسەرانی سەر بە پارتی بەکاری دەهێنن لە جیاتی سەری ڕەش، کە بارەگاو ماڵی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی لێیە، بەڵکو بە مافێکی ئەوانی دەزانم چونکە هەر کەس ئازادە بە یاری خۆیدا هەڵبڵێ ئەمە لەلایەك لە لایەکی دیکەشەوە کاك مەسعود لەگەڵ مام جەلال تەنها ڕێبەری بێ ڕکابەرو جێگەی شانازی گەلەکەمانن، فاوڵەکەی تۆ لێرەدا لەوەدا نییە لاسایی نوسەرانی پارتیت کردۆتەوە. فاوڵەکە لەوەدایە کە تۆ زوو زوو هەڵوێست دەگۆڕی، بیرت دەچێتەوە دوێنێ چیت وتووە، من لێرەدا بە بیرت دەهێنمەوە لەگەڵ زۆر داوای لێبوردنم لە هەموو ئەوانەی بە بەبیر هێنانەوەی من نیگەران دەبن، چونگە من ناخوازم لاپەڕە ڕەشو دزێوەکانی شەری کوردکوژە هەڵبدەمەوە، بەڵام لێرەدا ناچارم بە بیری تۆی بەڕێز بهێنمەوە کە لەداوی ڕووداوە تاڵەکەی ٣١ی ئابی١٩٩٦ بەسەری بڵندتان فەرمووە، (بارزانی وەجاخ کوێرە...... سوپاس کاکە سوپاس...... هەر سەر نەویبن هەر بژین).



سەبارەت بەوەی کە گازندە دەکەیت کە خەڵاتی نوسەرانی شاخت وەرنەگرتووەو پێت وایە یەکێتیی غەدری لێکردووی، پێم وایە یەکێك لەکارە هەر باشەکانی یەکێتیی ئەوەیە لە مەیاندا هەمان هەڵەی پارتی نەکرد، چونکە یەکێتیو پارتی زۆر ئازان لە لاسایی کردنەوەی کارە خراپەکاندا، ئاخر بەڕاستی تاوانە دەزگایەکی کوردیو ئەو دەزگایەش هی حزبەکەی مامە ڕیشە بێت کە تۆ بە (پیاو کوژ) ناوت بردووە،خەڵاتت بکات، تۆ سوکایەتی بە سیبوڵی بەرەنگاری میللەتێك بکەیت کە شەهید مامە ڕیشەیە نەك شایستەی خەڵات نیت بەڵکو شایستەی دادگایی کردنی، ئازادی وەك هەموو شتێك لەو دنیایە سنوری هەیە، ئازادی تا ئەو ڕادەیە جوانە کە سنوری خەڵکانی دی پێشێل ناکات، ئازادی بە مانی پەلاماری ناڕەوای ئەوانی دیکە نییە.

تێبینی:- بە داخەوە دەقی ئەو شیعرەم لا نەبوو کە کاك حەمە سەعید حەسەن لە دوای کارەساتە ناخۆشەکەی ٣١ی ئاب ١٩٩٦ دوە نووسی ئەو نیوە دێڕەی نێو کەوانەکە بەشێکە لەو شیعرەی ئەو، من تەنها بۆ بەراوردکاری لێرەدا خواستوومە.

# حەمە نامەی (٢)

ئازاد نەبوون تەنها ئەوەندە نییە کە مرۆڤ دەستو پێی کەلەپچکراو بێتو لە کونە تاریکەکانی زینداناو لەو دیو دەرگا داخراوەکاندا بێت. زۆر بوون ئەو ئازادیخوازو کەڵەنوسەرانەی هەر چەندە بەجەستە ئازاد نەبوون بەڵام پڕشنگی بیریان ئەوەندە درەوشاوە بوو ڕووناکیان وڵاتێکی ڕۆشن کردۆتەوە، تۆش چونکە هەمیشە بەدوای پارەی کاش‌وخەڵاتەوەی هەر بۆیە لە نوسینەکانتدا نەك هەر ناتوانی مافی ئازادی بە ئەوانی دیکە ببەخشی بەڵکوو هەمیشە خوێنەری بە سەلیقە دەشێ بە سانایی نوسینەکانت بناسێتەوەو پابەندیت بە دەستکەوتی تاکە کەسیو خۆبردنە پێشەوە، بە تەنیشت ئازاد نەبوونتەوە دابنێ.

لاسایی هەرگیز ناچێتە خانەی داهێنانەوە، لاساییکەرەوە هەرگیز نابێت بە داهێنەر، تۆ کە لە شیعردا نەك هەر نەتتوانی لاسایی (ڕوانگە)ییەکان بکەیتەوە، بەڵکو لەبەردەم لوتکەیەکی وەکو شێرکۆ بێکەسدا توشی حەپەسانو بگرە وەستانیش بووی، وەکو ڕەخنەگرێك هاتیە مەیدان، بە پشت بەستن بەو باوەڕەی کە دەشێت شاعیرێکی سەرنەکەوتوو ڕەخنە گرێکی شارەزای لێبکەوێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕەخنەگرتنیشدا میتۆدێکی زانستیانەت پەیرەو نەکردو ڕەخنەکانت بە میزاجی خودی خۆتو لەسەر ئیرەییو ڕەتکردنەوەی ڕەهای ئەوانەی بۆ خۆت بڕیاری ڕەت



کردنەوەیانت داوەو دوور لە لۆژیكو بنەما سەرەکییەکانی ڕەخنەگرتن بنیاتتنان، نەك نەیانتوانی خزمەت بە ئاستی ڕوناکبیری کوردی بکەن بەڵکو بوونە هۆی دەرکەوتنی دیاردەیەکی دزێوو وەکو پەڵەیەك کە تا نەهۆ بەتەلاری ڕوناکبیریمانەوەن، چەند ناشیرنە ئەفسەرێك وانەی وێژەییو مۆسیقامان فێربکات. دە ئەوەندەو بگرە زیاتریش کە کەسێك خۆی لا شاعیرێکی هەست ناسك بێتو وانەی سیاسەت بە زمانی گوللە نەك گوڵ بڵێتەوەو خۆیمان بە دیپلۆماسی عەیار بیستو چوار بەسەردا ساغ بکاتەوە.

دیسان دووبارەی دەکەمەوە لاسایی داهێنان نییە، لاساییکەرەوە هەرگیز نابێت بە داهێنەر، تۆش کە ماوەیەکە لاساییەکی زۆر سەقەتانەی ڕێبازی ڕەخنە گرتنی شەهید (عبدولخالق مەعروف) دەکەیتەوەو دەخوازیت لەو لاسایی کردنە ناشیرنەوە ئەو ناوبانگە پەیدا بکەیت کە بەشیعرو ڕەخنە لە کوردستان و سوێد نەشیای بەدەستی بیهێنی، دەتەوێت لەو ڕێگەیەوە ئیسلامییەکان لە ڕیزی شێرکۆت دابنێنو فتوای کوشتنت بۆ دەرکەنو خۆت بەو فتوای کوشتنەت هەڵکێشی، ئاخر ئەگەر وانیە بە ڕیشی کێ ڕەوایە زەرقاویو دڕندەکانی ئەلقاعیدەو ئەنساری سوننە، بکوژانی شەهیدانی جەژنی قوربانی لقو مەڵبەندو کارەساتە خوێناوییەکەی ٤ /٥ ی ٢٠٠٥ی هەولێر بە موسڵمانی ڕاستەقینە دابنرێن! ئەرێ ئەگەر ئەمە بە کەسو کاری ئەو شەهیدان بڵێینو بڵێن ئەوە بۆچوونی ئەو کەڵەنوسەرەیە کە حورمەتی دادگای هەولێری لە پێناودا خرایە ژێر پرسیارەوەو خەڵاتی یەك لە باشترین دەزگا ئەدەبیو ڕوناکبیریەکانی بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانەشی وەرگرتووە، بەڕاست دەبێت چیمان وەڵام بدەنەوە؟.

کاکە حەمە من لێرەدا ناخوازم بەرگری لەسەرکردەیەك بکەم کە زۆرینەی تەمەنی خۆی بە کوردایەتیو بۆ کوردایەتی بەخشیوەو تاکە کاندیدی هەموو کوردو عێراقیەکانو هاوپەیمانان بە گشتیو گەورە هێزێکی وەك ئەمەریکاش بوو بۆ سەرکۆماری عێراقو بوو بەیەکەمین ئەو کوردەی کۆتایی هێنا بە شێوازی فەرمانڕەوایی ناسیۆنالیزمی سوننە مەزهەبی نەتەوەی باڵا دەست بووی هەشتا ساڵەی عێراق، تاڵەبانیو بارزانی ئەو جووت ڕێبەرە هەڵکەوتووەن کە زۆرینەی کورد شانازیان پێوەدەکەن، پێم وانیە تاڵەبانیش پێویستی بەلەسەر کردنەوەی من بێت، بەڵام لەبەرئەوەی من بڕیارم داوە لە (حەمەنامە) دا فاوڵەکانی تۆ بژمێرم بۆیە ناچاری نووسینی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەت کردم.



## حەمە نامەی ( ٣ )

تفەنگ بە تاریکی نانەوە کاری مرۆڤی بەجەرگ نیە، نیشانەی شپرزەبوونو تەنگاوبوونو هیچ پێ نەمانە، خۆشە مرۆڤ بەتایبەتی کە ئەو مرۆڤە نووسەر بێت، لەئاستی پەیامی پیرۆزی نووسیندا بێتو بەقەد بوارەکەی پەل بهاوێت، من پێموایە یەکێك لە کێماسیە کۆنو بەردەوامەکانی نێوەندی ڕووناکبیری کوردیمان ئەوەیە کە نووسەرانی وڵاتی ئێمە لە یەك کاتدا شاعیرن، چیرۆکنووسن، ڕەخنەگرن، شیکەرەوەی بوارەکانی سیاسەتو ئابووریو کۆمەڵناسیو ئایینناسیو.......هتد هەر خۆیانن، ئەمە وایکردووە ئاستی ڕووناکبیریمان هەمیشە لە قەیرانێکی کوشندەدا بێتو بەشێك لە نووسەرە کۆنخوازەکانیشمان وەکو پاپاکانی سەدەی هەژدەیەمینی ئەوروپا خۆیان بە سێبەری خواوەند بزاننو بە ئارەزووی قەڵەمە میزاجیەکانیان ڕاستو چەپ بەسەر مێژوودا بهێننو ڕاستیەکان بە ئاوەژووکراوی نیشان بدەنەوە، دروست وەکو ئەوەی کاکە حەمەی هێژا دەیکات بەرامبەر بە بەشێکی هەرە پڕشنگداری مێژووی میللەکەتەکامان، کە خۆی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو کەسایەتی بەرزو بەڕێزی تاڵەبانی دا دەبینێتەوە، من ناڵێم ئەوانە لە ڕەخنەو کەموکورتی بەدەرن، بەڵام نابێت هەرگیز ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکرێت، کە ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ لەژێر ڕێبەرایەتی تاڵەبانیو بارزانیو دوو پارتە کوردستانیەکەی ئەواندا هاتوونەتە بەرهەم سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە لەنێو ئەو دەسکەوتانەشدا هەن،

بەڵام هێشتاش پێموایە خۆلادان لەو راستیە مێژووکردە نەفامیو نەزانیو نمەك بەحەرامی نیشتمانییشە.

جارێ حەز دەکەم ئەوە بزانیت مامەڵەی سیاسەتی ئەمریکا هەرگیز لەگەڵ دەمو چاودا نیە، مامەڵەو دۆستایەتی ئەمریکا لەگەڵ گەلی کوردە، بێگومان کوردێك بە عەقڵێکی کراوە تەماشای سیاسەتی نوێی جیهان بکاتو لەبەرەی دیموکراسیو دژە تیرۆری جیهانی دابێت، دەتوانم زۆر بەسادەبی پێت بڵێم بەڕاستی شیکردنەوەو لێکدانەوە سیاسیەکانت زۆر سەریان کرد! باشە ئەگەر تاڵەبانی جێگای بایەخی ئەمریکا نیە، ئەدی چۆن بوو بەسەرکۆمار؟ چۆن هاوتا ئەمریکیەکەی( سەرۆك بۆش) بە پەلەو هەر لەناو فرۆکە تایبەتیەکەوەو بە مۆبایلی دەستیو بەگەرمی پیرۆزبایی لێدەکات؟ چۆن هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا بە سارۆخی دوورهاوێژو لە دەریاوە بنکەو بارەگای جوندلئیسلامیان کە تۆ بە موسڵمانی ڕاستەقینەیان لەقەڵەم دەدەیت، بۆ یەکێتییو مام جەلال تەفروتونا دەکردو پسپۆڕانی بواری سەربازیشیان شان بەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو لەژێر فەرماندەیی تاڵەبانی دا پەلاماری مۆڵگەی تیرۆریستانیان دەداو پڕ بە گەرووی کێوانی سەرکەشی هەورامان سیاچەمانەیان دەچڕیو هەورامانی بەهەشتی عیشقیشیان بە ئەمانەتەوە تەسلیمی ڕیشە سپیەکەی مەولەوی دەکرد؟! چۆن خاتوو ڕایس بەدوو قۆڵی لەگەڵ دکتۆر بەرهەم ساڵح کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی تاڵەبانییە لە مەمەڕەکەی کۆشکی سپیەوە بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دەهاتنەدەر؟! تۆ بڵێی کاکە حەمە وا بە سانایی بتوانیت خۆڵ بکەیتە چاوی میللەتێکەوە، لەسەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیای جیهانگیری دونیای کردۆتە گوندێکی بچوك؟ گۆڕت پڕ نوور بێ حەزرەتی مەحوی کە فەرمووت: شوکر هوشیارە مەحوی تێدەگا کە دنیا خەراباتە ئیمڕۆ.



## حەمە نامەی (٤)

شەڕی کورد کوژە ئەو مۆتەکە ترسناکە بوو کە خەریك بوو ئایندەو چارەنووسی میللەتەکەمانی دەخنکاند. ئەو شەڕە نەگریسەو شوێنەوارە نێگەتیڤەکانیشی دەشێت ئەو پڕۆژە نیشتمانیو ئەخلاقیە بێت کە ڕووناکبیرانی کورد کاری جدی لەسەر بکەن، لە پێناوی نەك هەر هەرگیز دووبارە نەبوونەوەی، بەڵکو لەپێناوی خولقاندنی گوتارێکی نەتەوەیی باڵای وا کە لەدەستی بێت بنەما سەرەکیەکانی ئاسایشی نیشتمانیمان کە بۆ کورد لە ئێستادا پێویستیەکی ژیانیو ژیارییە دابڕێژێ.

ئەوەی نەك هەر خۆی بەڕێبەری نوخبە لەقەڵەم بداتو سووکایەتی بە عەوام بکات، بەڵکو ئەوەی کە تۆزقاڵێکیش خۆشەویستی کوردستانو ئایندەی ئەم کوردە خێر لەخۆو لە نیشتمان نەدیوەشی لەدڵو دەروون دابێت، نابێت تۆوی گومان لەدڵی براکاندا بچێنێتو هەوڵ بدات جیاوازیەکان بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆی بقۆزێتەوە. دوای تاڵترین ئەزمونی براکوژیو دوای هەوڵی خێرخوازانی ناوخۆییو دەرەکی بۆ دروستکردنەوەی پردی متمانەو برایەتیو بەیەکەوە ژیانی براکان لەنێو ساردو سڕترین ماڵدا، بە ویژدانت چ ڕەوایە تۆ ببیتە ئەو قەڵەمەی ناخوازیت براکان لەو ماڵە ساردو سڕەشدا بەیەکەوە بە متمانە بژینو بنووسیت:( یەکێتیی خەریکی داڕشتنی پلانە بۆ دەست بەسەر لانەی ئەوی

دیکەدا گرتن)، بۆ لەجیاتی ئەو تۆوی گومانو دووبەرەکی چاندنە نایەی باسی ناکۆکیە ناڕەواکانی نێوان ئەو دوو حیزبە بکەیت کە لە کەرکوکی قودسو دڵی کوردستاندا دەیکەنو لیستی برایەتی کەرکوکیان کردۆتە لیستی دژایەتی کەرکوك؟! بۆ نایەی وەکو ڕێبەری نوخبە پێیان بڵێی ئایندەی کەرکوكو گێڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان گرنگترە یان ڕکابەری ناڕەوا لەسەر پۆستە کاتیەکانی یان راستر بڵێم چەند مانگیەکانی کەرکوك؟! تۆ کە پێت وایە پۆستی سەرکۆمار هیچ گرنگیەکی نیە بۆ بەو دوو حیزبە ناڵێی پۆستەکانی ئیدارەی چەند مانگی کەرکوك سەدان هێندە بێ بایەخترن لە چاو چارەنووسی کەرکوك بۆ کوردستان، خۆ تۆ لانی کەم خۆت بە قەڵەمی دەست ڕۆیشتووی لایەنێك دەزانیو وەرگری خەڵاتی دەزگای ئاراسیشیو خۆشت بەڕێبەری نوخبە دەزانیت! بۆ نایەی بپرسیت بۆچی ئەو دوو حیزبە هەناسەیان لە پەرلەمان بڕیوەو ڕێگە نادەن نوێنەرانی راستەقینەی میللەت لە تەلاری پەرلەمانەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کۆبوونەوەی خۆیان بکەن؟ بۆ پێیان ناڵێی لەجیاتی ململانێ لەسەر دەسەڵاتەکانی کوردستان بۆ ناچن بەیەکەوە شەڕی دارشتنی دەستوور بۆ کوردو کوردستان بکەن؟.

ئەرکی ئەمڕۆی رووناکبیرانی کورد کە تۆ خۆت بەڕێبەری نوخبەشیان دەزانی کەوی بوون نیە بۆ نیوەی دەسەڵاتی کوردیو یاخیبوونیش نیە لە نیوەکەی دیکە، بەڵکو ئەرکی رووناکبیری کوردیە کە چاودێری چاپوكو چاونەترسو بە ئاگا بێتو هەمیشە دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوەو چاو لە هەڵەکانی دەسەڵات نەپۆشێو راستگۆیی خۆی لە مەیدانەکە لە دەست نەدات، چونکە هەمیشە دەسەڵات هەوڵی کەویکردنی رۆشنبیری دەداتو حەز



لە پاشکۆبوونی ئەو دەکات بەخۆیەوە، وەکو ئەوەی کە قەڵەمەکەی تۆ تووشی بووەو ئەوەتا لەجیاتی برایەتی گیانی دژایەتی لەنێو ماڵی براکاندا پەرە پێدەداتو دەخوازێت لە درزی دەرگای جیاوازیە بچوكو لاوەکیەکانەو وەکو رۆشنبیرێکی هەلپەرست خۆی بە کوڕی تاقانەی بەشێك لەدەسەڵاتو(حەمەدۆك)ی بەشەکەی دیکە بناسێنێ، لەکاتێکدا ئەرکی یەکەمی ئەمڕۆی رووناکبیری کوردی ئەوەیە ڕەوایی ئەم دەسەڵاتە، لەم پەرتبوونو دوو کەرتبوونو دابەشبوونە سەدان جار بخاتە ژێر پرسیارەوە، نەك بەجۆرێك لە جۆرەکان ستایشی ئەم ناڕەوایەتیە بکات.

# حەمە نامەی ( ٥ )

پێموایە نووسین بەرلەوەی کایەیەکی مەعریفی بێت، مەسەلەیەکی ئەخلاقیە، بۆیە زۆر گرنگە نووسەر بەو زمانە بنووسێتو بئاخفێت، کە بتوانێ بە دوانەی مەعریفەو ئەخلاق پرۆژەی نووسینی خۆی بنیات بنێ، بەداخەوە لە نێوەندی رووناکبیری ئێمەدا زیاتر زمانی باوکسالاری یان دروستتر بڵێم زمانی پیاوسالاری هەمیشە وەکو ( منی باڵا) لەدیالۆگ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەدەردەکەوێ، زمانێك کە هەمیشە لەحەوشەکەی خۆیەوە فرمانی دڵڕەقانەی خۆی وەکو باوکێکی رۆژهەڵاتی بەسەر ژنو نەوە سەر پێنەویکراوەکانی خۆیدا دوبارە دەکاتەوە، مەرج نیە هەرچی رۆشنبیرە هەمان کێشەو پێوەندی ئاڵۆزو دژواری لەگەڵ دەسەڵاتدا هەبێت، چونکە زۆر جار هەموو رۆشنبیرێك ناتوانێ نەکەوێتە تۆڕی داوی دەسەڵاتەوە، هەموو رۆشنبیرێك ناتوانێ لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی یاخی ببێو مەراییە ڕووکەشەکانی دەسەڵات فریوی نەدەن، چونکە بۆ ئەم فریودانە دەسەڵات ئامادەی هەموو جۆرە سازشێکە لەگەڵیدا، ئەو هەلپەرستیەی کە وەکو وردە بورژوازێکیش لەناخی رۆشنبیران دایە ئامادەی ئەم زەمینەسازیەیەو ختووکەی (منی باڵای) رۆشنبیران دەدات بۆ سازشو کەوی بوونو سازان لەگەڵ مەرجە زۆرو زەوەندو قورسەکانی دەسەڵاتدا، ئەمەش وادەکات ڕۆشنبیران نەك هەر پاشکۆی دەسەڵات بن، بەڵکو خۆیان زۆرجار لە چەشنی دەسەڵات خۆیان پیشان بدەنو بەزمانی فەرمانو خۆسەپاندنو هەوڵدان بۆ



مل پێکەچکردنی هاوپیشەکانی خۆیان کتومت وەك ئەوەی دەسەڵات کردوویەتیو دەیکات دوبارەی بکەنەوە، لێرەشەوە ئەو جۆرە رۆشنبیرانە هەوڵدەدەن پیرۆزیو مەزنایەتی خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێننو لەپۆلێن کردنێکی وەهمیو ناڕەوادا خۆیان لەهەرە سەرەوەی ئەو هەڕەمە دابێن کە بەمیزاجی قەڵەمە کەویو میزاجیەکانیان دروستیان کردووە، هەر بۆ بەرگریو شاردنەوەی ئەو راستیانەشە هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر هاوکارەکانیانو خۆیان لەو پۆلێن کردنە بەڕێبەری نوخبەو ئەوانی دیکەش بەعەوام لەقەڵەم دەدەن، وەکو ئەوەی هێژا حەمە سەعید حەسەن دەیکاتو خۆی بەو ڕێبەرە پیرۆزە دەناسێنێو ئەوانی دیکەش بە عەوامو قەڵەموەشێن.

کاکە حەمە لەبەشی هەشتەمی (سەرکۆمارنامە)دا دەنووسێ(هەندێك لەوانەی لە کوردستان چەقۆوەشێن بوون، لەهەندەران قەڵەموەشێنن، جیاوازی لەنێوان رۆشنبیرو قەڵەموەشێن ئەوەیە، ئەمیان بەگژ دەسەڵاتدا دەچێتەوە ئەویان بەگژ رۆشنبیریدا). جاری پێشەکی دەبێ خەڵك یان ڕاستتر بڵێم خوێنەران دەبێ ئەو حوکمە بدەن کێ رۆشنبیرەو کێ قەڵەموەشێن؟ ئەگەر باوەڕ بەم پۆلێنکردنەی تۆ بهێنن، ئەگەرچی بۆ من رۆشن نیە مەبەستت کێیە کە لەکوردستان چەقۆوەشێن بووەو لەهەندەران ئێستا قەڵەموەشێنە، چونکە بە کۆ قسەت کردووە، بەڵام من سەبارەت بەخۆم زۆر بەسەربەرزیەوە دەتوانم بەرپەرچت بدەمەوەو پێت بڵێم من نەك هەر باوەڕم بە چەقۆوەشاندن، بەڵکو بەقەڵەموەشاندنیش نیە، بەهەردوو ماناکانی قەڵەموەشاندنەوە، ئەمە لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە ئەگەر قەڵەموەشێن بەپێی ئەو ئەرکانە بێت کە خۆت دەست نیشانت کردوونو

پێتوایە(ڕۆشنبیر بەگژ دەسەڵاتداو قەڵەموەشێنیش بەگژ ڕۆشنبیریدا دەچێتەوە) من بەش بەحاڵی خۆم هەرگیز بەگژ ڕۆشنبیریدا ناچمەوە، بەڵکو ڕەخنە لە بۆچوونو هەڵوێستو نووسینەکانی دەگرم، چونکە لای من نووسین بەرلەوەی مەسەلەیەکی مەعریفی بێت مەسەلەیەکی ئاکاریو ڕەوشتیە هەروەکو لەسەرەتای ئەم  نووسینەمدا ئاماژەم پێکردووە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئەوەندەی تۆ بەگژ ڕۆشنبیریدا چوویتە، ئەوەندەی تۆ بەناڕەوا پلاماری ڕۆشنبیرانتدا داوە، لەمێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا هەتا نهۆ کەس ناتوانێ ڕکابەرت بێت لەم بوارەدا، ئەگەر بەپێی گوتەکانی خۆت بێت بمبەخشە کە پێت بڵێم ئەگەر قەڵەموەشێن بەو پێناسەو لێکدانەوەی تۆ سەیر بکەین، بەڕێزتان نەك هەر قەڵەموەشێنن بگرە ڕێبەری بێ ڕکابەری ئەو بوارە دەبیت، کەسیش ناتوانێ ڕەخنەی ئەوەی هەبێ کە بۆچی تۆ هەمیشە بەسکرتێری گشتی قەڵەموەشێنەکان دەمێنیتەوە، وەك ئەو ڕەخنەی کە تۆ ئێستا لەتاڵەبانیت هەیە، کەدڵنیام هەمان ڕەخنەشت لەبارزانی هەیە بەڵام جەسارەت ناکەی بیڵێی چونکە دەتەوێت کوڕی تاقانەی بەشێکی دەسەڵاتی کوردی بیتو ( حەمەدۆك) بەسەر بەشەکەی دیکەو توند دەستیش بەخەڵاتەکەتەوە بگریت! ئەوە گوناهی ئەو ڕێبەرانە نیە کە هەوادارانو ئەندامانیان هەڵبژاردنەوەیان ئەوەندە بەگرنگ دەزانن، ڕازی نین بیانخاتە دەنگدانەوە، وەك ئەوەی لە کۆنگرەکانی پارتیو یەکێتی دا ڕوو دەدات، ئاخر بارزانیو تاڵەبانی کە لەسەر ئاستی هەموو کوردستانو عیراقیش کەس نەتوانێ ڕکابەریان بکات، چۆن لەناو پارتەکانی خۆیاندا لەم قۆناغە ناسكو چارەنووسسازەدا پەراوێز بکرێن. چەند خۆشە هەرکەسێك



لەبوارەکەی خۆیدا  بنووسێتو ڕای خۆی دەربڕێت. بۆ ئەوەی نووسینەکانمان، نەبن بەتۆزی بەر بادو بەبڵقی سەر ئاو.

## حەمە نامەی ( ٦ )

نووسین بەهەموو ژانرەکانیەوە بەبێ رەخنەو لێدوان نابێت بەپڕۆژە، رەخنە وا دەکاتو لەدەستیشی دێت دوبارە دەقەکە بخولقێنێتەوە، رەخنە دەتوانێت ناتەواویەکانی دەق هەم دەست نیشان بکاتو هەم تەواویشیان بکات، رەخنە دەق لەتاکە کەسێك بەدەر دەکاتو لەبەرهەمی تاکە کەسێکەوە دەیکات بەموڵکی هەموان، نووسینو رەخنە وەکو باڵندەو باڵ وان، ئەمیان بەبێ ئەو ناتوانێ ئاسمانی شین تەی بکاتو ئەویشیان ناتوانێ ئەفسانەی پیرۆزی شەقەکانی خۆی دەربخات بەبێ ئەو، ئێمە کە لەمێژوودا هەرگیز نەمانتوانیوە نەك فەلسەفە بەکوردی قسە پێبکەین بەڵکو نەمانتوانیوە لەفەلسەفەی ئەوانی دیکەش بەڕوونی تێبگەین، بۆیە دەبینین هەمیشە ئەوەی چ بەزەبری شمشێرو فتوحات بەسەرماندا سەپاوەو چ ئەوەی خۆمان بەسۆزێکی کوێرانە بەهەڕەمەکیو دوور لەئاگاییو بیرو هۆشو لەناهۆشیاریەوە خواستوومانە، لەناو ئەو گوتارە فەلسەفیە نامۆ بەکەلتوورو سەرخانو ژێرخانی کۆمەڵایەتیمانەوە، هێواش هێواش توانیەوەو توانای بەرگریمان لەدەستداوەو بەقەدەری زەبوونیوکلۆڵیمان راهاتووینو هەوڵی خۆ سازانو گونجانمان داوە، خۆمان لەگومانەکانی خۆمان دزیوەتەوەو هەمیشەش زەندەقمان لە پرسیار چووەو، رازی بووین بەو وەڵامانەی لەناو دەقە سەپاوو خواستراوەکانماندا هەبوون، بۆچی ئاینی زەردەشتی ئەو یەکەمین ئاینو دوا ئاینەی بەکوردی زمانی پژاو نەیتوانی بەبەردەوامی



بەکوردی بمێنێتەوە، بۆ نەمانتوانی دیالۆگی خۆمانی بەکوردی هەتا سەر لەگەڵ بکەین؟ بۆ نەمانتوانی پایە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەتی( ماد) لە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا بکەین بەبنەما سەرەکیەکانی یەکگرتنی گوتاری سیاسیمانو گۆڕینی ئەو گوتارە بۆ گوتارێکی نەتەوەیی باڵا کەتیایدا نەتەوە دەتوانێت جارێکی دیکە تیایدا لەنوێ لەدایك ببێتەوە، بۆ ناتوانین وا بکەین نەوەی نوێمان بە نالیو مەحوی ئاشنا بکەین؟ چونکە ئێمە پرۆژەیەکمان نیە بۆ نووسین، پرۆژەیەکمان نیە بۆ رەخنەو خوێندنەوە، ئەو خوێندنەوەو رەخنانەی بەرهەمیشی دێنین، چونکە لەهۆشیاریەکی تەواودا سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە لەناو هۆشیاریەکی راستگۆییانە لەدایك نابن، هەربۆیەشە هۆشیاریمان لەسەر بنەمای کپکردنی غەریزە مرۆڤایەتیەکانی خۆمانەوەو رۆژهەڵاتیانە بەرهەمی دێنین، بۆیە دەڵێم رۆژهەڵاتیانە چونکە پەیوەندیەکانمان، پڕۆژەکانمان بە پڕۆژەی نووسینو رەخنەو خوێندنەوەشمانەوە زۆرترین پەیوەندیەکانی خوێنو تۆڵەو دەمارگیریان پێوە دیارە، لەجیاتی دەرخستنی لایەنە گەشو ناشیرینەکانی دەق، لەجیاتی دیالۆگی بنیاتنەرانە لەگەڵ خاوەنەکانیان یان دەکەوینە بێ ماناترین موجامەلەو ستایشەوە، یان دەکەوینە توندوتیژترین شێوازەکانی دژایەتیو رەتکردنەوە لەگەڵیاندا.

ئەگەر زۆر بەسەر پێییش بێت و چاوێك بە شێوزای رەخنەگرانەی کاك حەمە سەعید حەسەن دا بخشێنین ئەو راستیانەی سەرەوەمان زۆر بەڕوونی بۆ دەردەکەوێ، بۆمان دەردەکەوێ ئەو بەچاوی یارو نەیار، بەلێکدانەوەی دۆستو دوژمن پڕۆژەی رەخنەکانی خۆی بنیات دەنێ، هەر ئەو واقیعە سۆسیۆلۆژیو سایکۆلۆژیەشە دەیباتە سەر ئەو باوەڕە رەهایەی، کە چاوەڕێ

بكات بەشێك لەدەسەڵاتی كوردی خەڵاتی بكاتو بەشەكەی دیكەش تیرۆر، چونكە خۆی بەو دیدە كار دەكات یارانی لەخۆشەویستیو ستایشدا قووت بداتو نەیارانیشی غافڵكوژو ڕەشەكوژ.

ئەگەر تۆزێك بەولاتر بڕۆینو ئاوڕێك لەو شێوازی بەگژداچوونانەشی بدەینەوە كە كاك حەمە لەگەڵ رۆشنبیرو شاعیرانی لەئەو بالآتر لەڕووی ئەفراندنو خوڵقاندنی دەقدا، وەكو هێژایان شێركۆ بێكەسو بەختیار عەلیو گروپی خوێندەواری رەهەندو..... چەندان رۆشنبیری دیكەشدا بەرێ كردووە، دیسان هەمان ئەو راستیەمان بۆ بەرجەستە دەبێ كەلەسەرەوەدا ئاماژەم پێكردووە، ئەوەی زیاتریش لای من مایەی نیگەرانیە ئەوەیە كە پەرچەكرداری بەشێك لەو هێژایانەی كەلەگەڵ بەڕێز حەمە سەعید حەسەن دا دەكەونە ململانێ، بەهەمان زمانو لەسەر هەمان پێڕەوی كلتوری دواكەوتوانەی رۆژهەلات، كەلەسەر سێكوچكەی خوێنو دەمارگیری خزمایەتیو تۆڵە ڕۆنراوە دیالۆگ دەكەن، ئەم رێبازە رێبازێكی پڕ خەوشەو نەدەتوانێ داهێنان بكاو نەهیچ خزمەتێكیش بەبالآتر بوونی هەستی رووناكبیریمان دەكات.



## حەمە نامەی ( ٧ )

ڕۆشنبیر كە لەلایەن دەسەڵاتەوە كەوی بوو، ڕۆشنبیری كە سەربەخۆیی خۆی بە خەڵاتو پارەی كاش لە دەستدا، دەبێت وەك هێزە چەكدارەكان هەوڵ بدات، هەم فەرمانەكانی سەرووی خۆی بە گوێڕایەڵییەوە جێبەجێبكات، هەم خەڵاتی ئازایەتیش وەربگرێت، كاك حەمە سەعید حەسەن بۆ ئەوەی كوڕی تاقانەی بەشێك لە دەسەڵاتی كوردی بێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ كە فەرمانەكانی سەرووی خۆی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەكاتو بە ڕاستی كەوی بووە بەو شیوازی خەڵاتو پاداشتە، جەلالینامەی نووسیو توانی خەڵاتی ئازایەتیش وەربگرێ، بۆ ئەوەی ئەو گومانە بەردەوامانەش بڕەوێنێتەوە، كە هەمیشە دەسەڵات هەیەتی لە بەرامبەر ئەگەری بەتەواوی ملكەچ بوونو وابەستە بوونی ڕۆشنبیر بەخۆیەوە، ئەوەتا لەم دیدەوەیە كاكە حەمە سەر كۆمارنامە دەنوسێ، ئاخر شوكر هوشیارە كاكە حەمە تێدەگا كە پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات چ پەیوەندییەكی گوماناوییە.

ڕۆشنبیر كە نیشانەی ئازایەتی دەسەڵاتی پێ بەخشرا، دەبێ زیاتر پابەندو گوێ ڕایەڵی مەرجە زۆرو قورسەكانی دەسەڵات بێت، دەبێت زیاتر بە گژ پەیامی مەعریفییانەی خۆیدا بچێتەوە، نابێت لە بیری بچێت، هێڵە سوورەكان، كە دەسەڵات بۆی كێشاوە ببەزێنێ، لێرەدا ڕۆشنبیربۆی نییە وەكوو خۆی بیربكاتەوە، بۆی نییە بە گوێرەی ڕاستییەكان شرۆڤە بكات،

بـۆی نییـە بەچـاوی تیـژی قەڵـەم ببینـێ، بـۆی نییـە بـە گوێـچکەی ڕۆشنبیریەکی بەئاگا ببیستێو چاودێریکی چاپووك بێت بەسەر دەسەڵاتەوە، دەبێت چاوەڕێ بکات دەسەڵات لە جێگەی ئەو بیر بکاتەوە، ئەوسا ئەو تەنها بۆی هەیە بیرکردنەوەکانی دەسەڵات بخاتە ڕوو بەناوی خۆیەوە، ئەوەش ئەو دیماگۆجیەتەیە، کە دەسەڵات دەخوازێت بە هاوکاری ڕۆشنبیری کەوی و وابەستەوە کۆمەڵانی خەڵك یان دروستتر بڵێم ڕای گشتی پێ چەواشە بکات.

ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان یەکێتییو پارتی هەیە لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، جیاوازییەکە لەسەر خانی سیاسیو فکری ئەم دوو پارتەوە سەری هەڵداوە، جیاوازیەکە لەسەر شێوەی حوکمڕانیو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، نەك وەك ئەوەی کە بە کاك حەمە سەعید حەسەن وتراوە کە بۆ چەواشە کردنی ڕاستییەکان بنوسێت ( سەرکۆمار دەیەوێ مۆدیلی دیموکراسی عێراق.... لە هەرێمی کوردستانیشدا ڕەچاو بکرێت )، ئەوەی کە ئەو هێژایە دەیکات ئەوە زەقترین نموونەی دیماگۆجیەتە کە دەسەڵات لە ڕێگەی ڕۆشنبیری وابەستە بە خۆیەوە دەخوازێت بەرهەمی بهێنێ، ئەوە ئەو بەرهەمەیە کە لە هاوپەیمانێتی نا شەرعی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات دەکەوێتەوە.

یەکێتی ئێستا بۆچی ناخوازێت سەرۆکی هەرێم ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت؟ بۆ ئەوەیە کە دەیەوێت مۆدیلی دیموکراسی عێراق بۆ کوردستان بگوازێتەوە، وەکو حەمە سەعید حەسەن دەیەوێت بە ناڕەوا بە سەریدا ساغ بکاتەوە؟! یان بۆ دارشتنی دیموکراسیترین شێوازی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە لە ئێستادا، ئەگەر بەڕێز کاك مەسعود



بارزانی، کە لەم قۆناغەدا تاکە پاڵێوراوی کورد بێت بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، چ پێویست دەکات بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بە زۆرینەی سادەی دەگی دەنگدەران ببێت بە سەرۆکی هەرێم؟ ئەدی بۆ بە زۆرینەی ڕەها نەبێت؟ واتە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە نەبێت، بە پێی یاسای لە جیاتی دانان، کە ئەو پەرلەمانەی ئێستای هەرێم دەنگی زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئەو هەرێمەی دراوەتێ کە بەڕێز بارزانی چاوەڕێ دەکرێ ببێت بەسەرۆکیان؟ ئایا لە کاتێکدا کە کورد یەك تاکە کاندیدی هەبێت بۆ سەرۆکی هەرێم ئەویش بەڕێز بارزانی بێو پێش وەختیش ڕێککەوتنێکی تەوافوقی لەسەر کرابێت لە لایەن پارتیو یەکێتییەوە، هەڵبژاردن چ گرنگیو بایەخێکی دیموکراسی بە پرۆسەکە دەبەخشێت؟ ئایا ئەمە گومان نییە لە ڕەوایەتیو دەسەڵاتەکانی پەرلەمانو متمانەمان بەو دامەزراوەی یاسادانانی هەرێمەکەمان ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ ئایا ئەوە ئەمە دەگەیەنێ کە یەکێتی مۆدیلی دیموکراسی عێراق، بۆ کوردستان بگوازێتەوە؟ یان بۆچونێکی واقیعیانەی وایە کە لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە؟ بۆیە بە کاکە حەمە گوتراوە دەبێت ڕۆڵی ڕۆشنبیری چەواشە وازی بکات بە قازانجو لایەنگیری بەشێك لە دەسەڵاتی کوردیو بۆ زیانو دژایەتی کردنی بەشەکەی دیکەیان.

یەکێك لە جیاوازییەکانی نێوان یەکێتییو پارتی لەسەر شێوەی حوکمڕانییە، یەکێتی دەخوازێت، شێوازەکە پەرلەمانی بێت، کە زۆر دیموکراتیترە، لە بەرامبەردا پارتی دەیەوێت شێوازەکە سەرۆکایەتی بێت، من لێرەدا بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی کاك حەمە سەعید حەسەن بدەمەوە، یەك ڕاپرسی سایتی بەڕێزی ( کوردستان نێت)ی بۆ دەخەمەوە ڕوو کە لە

ژێر عەقڵێکی کۆمپیوتەری‌و ئەلیکترۆنیدا بەڕێوە چووەو، نەکەس توانیوێتی فرت‌و فێڵی تێدا بکات‌و نە گەلەچەکداریش دەوری مەڵبەندی دەنگدانەکەیان تەنیوەو نەکەسیش لە ژێر گوشارو فشارداو بەنابەدڵی لە ترسی ئاسایش دەنگی بە پارتی نەیاری خۆی پێدراوە، ئەمانە هەموویان لە لایەك‌و لە لایەکی تریشەوە ڕاپرسیەکەی کوردستان نێت، ڕای نوخبەیە کە کاکە حەمە هەم ڕاکانیانی پێ پەسندەو هەم خۆیشی گوتەنی بۆ ئەوان دەنوسێ، نەك ڕاو دەنگی مێگەل، ئەگەر چی ئەوەتا کاکە حەمە بیریشی چووە یان دەیەوێت لە بیر خۆی بباتەوە، لەسەرکۆمار نامەی ٩ دا ، پشت لە ڕای سیاسی‌و یاسا دانەرانی کوردی دەکاو ئەوەی کە هەرخۆی بە مێگەلی دەزانێ بە ناچاری لەگەڵی دەکەوێت.

ڕاپرسیەکەی کوردستان نێت کە دەنگدان بوو لەسەر پرۆژەکەی یەکێتی‌و پارتی، کە پارتی‌وکاکە حەمەش شێوازی سەرۆکایەتیان لاپەسەندەو، یەکێتیی‌و زۆرینەی نوخبەی دەنگدەری کوردستان نێتیش شێوازی پەرلەمانی، ئەنجامەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:

ژمارەی دەنگدەران ١٥٣٥

ژمارەی ئەوانی کە پشتیوانیان لە شێوازی پەرلەمانی کردووە، کە پرۆژەی پێشنیارکراوی یەکێتییە، بریتییە لە ١٠٩٧ دەنگدەر، کە دەکات ڕێژەی لە سەدا ٧١ی دەنگدەران.

ژمارەی ئەوانەی کە پشتیوانیان لە شێوازی سەرۆکایەتی کردووە، کە پرۆژەی پێشنیارکرداوی پارتییە، تەنها ٤٤٨ کەس بوون کە تەنها دەکاتە ڕێژەی لە سەدا ٢٩ی دەنگدەران، ئایا ئەوانیش دەخوازن مۆدیلی دیموکراسی عێراق بۆ کوردستان بگوازنەوە، وەکو کاکە حەمە، یەکەمین کوردی



سەرکۆماری عێراق، مام جەلال، یەك لە دوو ڕێبەرە حەکیمەکانی کوردی یان وەکو شاعیرو ڕووناکبیری گەورەی کورد دکتۆر ڕەفیق سابیر گوتەنی ماندێلای کوردی پێ تۆمەتبار دەکات.

کاکە حەمە کە خۆی بە نوسەرێکی لیبراڵ‌و ئەنتی ئیسلامی سیاسیش دەزانێ، کەچی خوێنەری بەڕێز سەیر کەن چۆن ئەو پیاوە لەسەر چەند پەتێك یاری دەکات، چۆن ستایشی یەك لەڕێبەرە توندڕەوەکانی ئیسلامی سیاسی دەکات، چۆن ئێستا دەبێتە هاوسەنگەری ئەو ئیسلامییە سیاسیەی، کە کاکە حەمە ئاسا هەمیشە پەلاماری یەکێتیی‌و ڕووناکبیرانی پێشکەوتوو خواز دەدەدات کە ئەویش مەلا بەشیرەو پێشنیار دەکات بکرێت بەمەرجەعی بالآ، نوسەرێك خۆی بە ئەوپەڕی علمانی بزانێت، چۆن دەشێت باوەڕی بە مەرجەعیەت هەبێت، لەناو مەرجەعیەتیشدا، دواکەتوو ترین جۆری مەرجەعیەت کە مەرجەعیەتی ئایینە.

تەماشا بکەن کەکە حەمە تا چ ئەندازەیەك تەسلیمی دەسەڵات بووە، تا چ ڕادەیەك قەڵەمەکەی خۆی داوە بە دەستەوە،کە بۆ ئەو گرنگ نییە لە پێناو تەواو گوێڕایەڵ بوونی دەسەڵاتدا بە جۆرێك سازش بکات تا ڕادەی هاوسەنگەری ئەو جۆری ئیسلامی سیاسیەی کە ئەو وەکو نووسەرێکی مۆدێرن بەنەیاری خۆی لە قەڵەم دەدا. ئەمە بوختان نییە من بۆ بەناو ڕێبەری نوخبەو نوسەرێکی مۆدێرن و ئەنتی ئیسلامی سیاسی بکەم، چونکە ئەمەی خوارەوە بە دەق لەسەرکۆمارنامەی ٩ ی کاکە حەمەدا نوسراوە (... مەلا بەشیریش مەرجەعی بالای ئێمە بێت، بۆیە مەلا بەشیر پەسەند دەکەم چونکە:

١-بەشیر لە بوشراوە هاتووە بەمانای موژدە بەخش دێت.

٢-دەنگی لە هەموو مەلاکانی پایتەختی هەرێم دلێرترە ) .

کاکە حەمە لەم ستایشەدا بۆ ئیسلامێکی سیاسی وەکو مەلا بەشیر، جگە لەوەی کە گوێی بە حورمەتی قەڵەمە بەناو مۆدێرنو ئەنتی ئیسلامی سیاسیەکەی خۆی نەداوە، لەپێناوی ستایشی بەشێك لە دەسەڵاتی دوو لەت بووی کوردیو، دژایەتی بەشەکەی دیکە، لە بیریشی چووە کە ئەو مەرجەعەی کاکە حەمە، خۆی گوتەنی-دەنگ دلێریەکەی تەنها لەگەڵ مەلاکانی پایتەختی هەرێم بەراورد کراوە، ئەگەر کاکە حەمە ئەوەندەی ڕقی کوێرانەی لەیەکێتییەو حساب بۆ خەڵكو مەلاکانی پارێزگای سلێمانیو کەرکوك ناکات، هەق نەبوو مافی مەلاکانی بادینانو خەڵکی سڤیلی پارێزگای دهۆك بخوات!.

پێموایە ئەو سەردەمە بەسەرچوو، بەخۆڵکردنە چاوی خەڵك، بتوانرێت ڕاستیەکانیان لێ بشاردرێتەوە، چونکە ئەو خورمایەی کاکە حەمە گەرەکیەتی لەسەرکۆمارنامەدا بیخوات، دەمێکە دەنکەکەی لەگیرفانی ڕاستیەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایە.



## حەمە نامەی ( ٨ )

پێشینان وتویانە قسە هەزارە دوانی بەکارە، بەڕوخسەتی پێشینان من ئەوەشی دەخەمە سەر و دەڵێم بەمەرجێك یەك لەو دوقسانە بوختان نەبێت، چونکە قسە ئەگەر بوختان بوو، نەك هەر بەکار نابێ بەڵکو بکەرەکەشی شەرمەزار دەکات، ئەوەتا وەك ئەو قسەیەی کە کاکە حەمە دوێنێ لەسەر کۆمارنامەی ٩دا لێی کەوت، منیش لەحەمەنامەدا دۆزیمەوەو سەرەنجامیش بۆ من و بۆ هەموو خوێنەرانیش ئەو قسەیە بوختان دەرچوو، ئاخر تاڵەبانی یەکەم سەرکۆماری عێراق، لەمێژووی دروست کردنی ئەو کۆمارەوە تانهۆو یەکەم سەر کۆماری پێشمەرگە لەمێژوو ئەو دەوڵەتە بەزۆر داتاشراوەدا، ئاخر بەڕێشی کێ، جگە لەکاکە حەمە نەبێ، ڕەوایە، دوای زیاتر لەنیو سەدە خەبات بۆ کوردایەتی و کوردستان، تاڵەبانی یەك لەدوو باشترین سەرکردەکانی کورد، بەوە تۆمەتبار بکرێ کە گوایە دەخوازێت مۆدێلی دیموکراسی عێراق بۆ کوردستان بگوازێتەوە! بوختانێکی لەو چەشنە مەوداکەی ئەوەندە کورت بوو، نەیتوانی لەچەند ڕۆژێك زیاتر بڕ بکات و لەسەر کۆمارنامەی ٩دا کاکە حەمەدا دەکەوێت و ناگاتە سەرکۆمارنامە ١٠، سەر کۆماری هێژا، تاڵەبانی، بۆ ئاشتی و ئاوەدانی سەردانی بەڕێز بارزانی دەکات و لەهەنگاوێکی بوێرانەی، کوردانەی، دلێرانەی دیکەدا، سەری هەموو کورد بڵندتر دەکات و مۆدێلی دیموکراسی کوردستان، نەك هەر لەقەیرانێکی کوشندە، حەکیمانە دەرباز دەکات، بەڵکو

لەگەڵ بارزانی دا مەڵۆیەکی دیکەش دەخەنە سەر خەرمانی پڕ بەرەکەتی دەسکەوتەکانی کورد، بەمەش تۆمەتە ناڕەواکەی کاکە حەمە دەبێتە تۆزی بەرباد لەخاکی دامەنی گەورەیی تاڵەبانی دا.

تاڵەبانی و یەکێتیی کەباوەڕیان بەکوشتن و هەڵواسینی، کورد کوژو دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام نییە ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە سەرخان و فیکری سیاسیی ئەوان، دەتوانێ سێکوچکە دواکەوتووەکانی عەقڵیەتی ڕۆژهەلاتی کەلەسەر دەمارگیری و خزمایەتی و خوێن و تۆڵە، کەلەسەر کلتورێک لەجیاوازی توندوتیژی ڕۆنراون تێپەڕێنێ، بۆیە دەتوانم زۆر ڕاشکاوانە بەکاکە حەمە بڵێم، ئەگەر ئەمجارەش کەمێك نەساغیت و بەچوونەوە باوەشی ئەو دایکەی کەتۆ هەمیشە بەناڕەوا پەلاماری باشترین جگەرگۆشەکانی دەدەیت، چاك دەبێتەوە، بێ ترس و دوودڵی فەرموو بڕۆ چونکە دڵنیابەو دڵنیشات دەکەمەوە، کە یەکێتیی بایی ئەوەندە زیاتر سنگی فراوانە، نەك هەر تیرۆرت ناکەن، بەڵکو لەگوڵیش کاڵترت پێ ناڵێن، ئەگەر متمانەش ناکەیت من وەکو ڕۆژنامەنوسێك و وەکو کادرێك کەسالانێکی زۆر بەشانازییەوە خەباتم لەناو یەکێتیی دا کردووە، ئامادەم بەشاهیدی هەموو خوێنەران، هەموو هاوکارییەکت بکەم بۆ ئەم سەفەرە.

ئەگەرچی من تائێستا لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ هیچ لێپرسراوێکی سلێمانی دا نەکردووە، بەلام هیچ گومانم لەباوەڕو هێلی فکری و دیموکراسیانەی هەڤاڵەکانم نییە، دەتوانیت بچیتەوە شارەکەت (سلێمانی) و گیان و حورمەت و کەرامەتت پارێزراو بێ، دەتوانیت لەوێ بەشەکانی دیکەی سەرکۆمارنامەکەت بنووسی، بەلام من ناتوانم گرەنتی وەرگرتنی خەلاتت بدەمێ، بەلام دەتوانم گرەنتی هەموو هەڵسوڕانێکی سیاسیی و



ئەدەبی و ڕوناکبیریت بدەمێ، دەتوانیت هەرلەوێ جەلالینامەکەو سەرکۆمارنامەکەت بکەیتە کۆڕو سمینار، دەتوانیت زۆر ئازادانە بیرو ڕاکانی خۆت هەر بەو زمانەی پێی دەنووسیت دەر ببڕی، بەلام تکایە تۆش ڕێگە بدە خەلکی تر قسەی خۆی بکات و تکایە ئەگەر بۆچوونی جیایان هەبوو، بەمێگەل و عەوام و قەڵەموەشێنیان تۆمەتبار مەکە.

لەباوەڕی یەکێتیی دایە کەکوردستان تاپۆی هیچ پارت و بنەماڵەو کەسێك نییە، کوردستان نیشتمانی هەموومانە، بۆیە یەکێتیی نەك هەر ئازادی سەفەر بۆتۆ، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤێك دابین دەکات، ئەوەی کەپێت وایە بچیتەوە یەکێتیی دەتکوژێ، جگە لەوەهم هیچی دیکە نییە، ئەمە زادەی حالەتێکی سایکۆلۆژی خراپە کەئەو ترس و دڵەڕاوکێ و گومانە نادروستانەی بۆ دروست کردویت و هیچی دیکە نییە، بەلام تکایە ئەم چەند دێڕانەی من کە لەدڵسۆزییەوە بۆم نووسیویت، بەهەڵە لێکیان مەدەوە، واش تێمەگە کە ئەوە چرای سەوزی یەکێتییە لەڕێگای منەوە بۆت داگیرساوە، وەکو لەسەرەوە پێم ڕاگەیاندی ئەوە تەنها ڕاوبۆچوونی منە، دەنا بۆ یەکێتیی چوون و نەچوونەوەت هیچ لەبارودۆخەکە ناگۆڕێ، تەنها ئەوەنەبێ کەتۆ چیتر دەرفەتی ئەم هاش و هوش نووسینەت نامێنێ بڕۆ بەدیداری نورانی زێدی نیشتمانت شاد ببەوە، بێ ئەوەی لەیەك حەرفی خۆت پاشگەز ببیتەوە.

# حەمە نامەی (٩)

ئایا پەیوەندی لەنێوان ڕۆشنبیری و دەسەڵات لە کوردستان دا، لە چ ئاستێك دایە؟ ئایا کامیان هەوڵیداوە ئەویدیکە بگرێت و سنور بۆ ئەوی دیکەیان دیاری بکات؟ ئایا ڕۆشنبیری کوردی توانیویەتی ڕێگە لەو پەیوەندیە ناشەرعییە بگرێت کە دەسەڵات دەخوازێت لەگەڵ مەعریفەدا دروستی بکات؟ ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیویەتی پەیامی مەعریفیانەی خۆی بەسەربەخۆیی و دوور لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی دەسەڵات بنیات بنێ؟ ئایا کامیان توانیویەتی ڕوانینەکانی خۆی لەپرۆژەی ئەوی دیکەدا بەرجەستە بکات؟ ئایا پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری ودەسەڵاتی کوردی لەکام جۆری پەیوەندی دەچێت، لەو جۆری پەیوەندییەی کە دەسەڵات وڕۆشنبیری لە خۆرهەڵات یان خۆرئاوا بەرهەمیان هێناوە؟ دەسەڵاتی کوردی دەخوازێت کام جۆری پەیوەندیە پەیڕەو بکات؟ ئایا ڕۆشنبیری کوردی، شێوازی ئەو پەیوەندیە سەپاوەی، کە دەسەڵات ئارەزووی کردووە باوی بکات پەسەند کردووە؟ یان خۆی توانیویەتی جۆری ئەو پەیوەندیە دیاری بکات؟ یان شێوازی سێیەمی، بە دیدێکی کوردستانی خولقاندووە؟.

ئایا ڕۆشنبیری ئێمە خاوەنی چ پرۆژە و قوتابخانەیەکی زانستی و ڕەخنەیی یە؟ ڕەخنەگرانی ئێمە بە چ میتۆدێکی زانستیانە مامەڵەیان لەگەڵ دەق دا کردووە؟ ئایا ڕەخنەگرانی ئێمە تا چەند توانیویانە، گەمەی مەعریفیانەی خۆیان لەگەڵ دەق دا بکەن؟ تا چەند توانیویانە لایەنە



شاراوەو نادیارەکانی بۆ خوێنەر بخەنە ڕوو کە لە توانای خوێنەر، یان چاودێری ئاسایی دا نەبووە پەییان پێبەرێت؟ ئایا بۆچی لە تواناماندا نەبووە دەقە مێژوویی وفکری و ئەو هەموو چیرۆکە تراژیدیانەی لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد کەوتونەتەوە، بکەینە کەرەسەی دووبارە خولقاندنەوەیان بۆ ئەوەی مێژوومان بەم شێوەیە زەبوون و چەواشە نە بێت؟ بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بیری نەتەوەییمان لە ناو ئایدۆلۆجیای سەپاوو ئایدۆلۆجیای خواستراودا بە لاڕێدا نەبردرێ؟ بۆ ئەوەی سەرەنجامی زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد کارەسات و مەرگەسات و ئاشبەتاڵ نەبووایە؟ بۆ ئەوی ئەوەندە گیانی مەرگ دۆستیمان لا پیرۆز نەبووایە، بۆ ئەوەی مارشی ئێمە وەکوو نەتەوەیەك تەنها لە مانەوەدا، ئەگەر چی ئەو مانەوەیە خەڵتانی خوێن و مردنیشمان بێت، بەرجەستەو پیرۆز نەکرابوایە، ڕاستە مانەوەمان گرنگ بووە، بەڵام بۆچی ڕازی بووین بەو مانەوە و دەرکەوتنەمان، کەوای لێکردوین هەمیشە وەکوو پاشکۆی ئەوانی دیکە دەرکەوین، هەمیشە بە سایکۆلۆژیەتێکی شەرمنانەو کەسایەتێکی ناتەواو، چ وەکوو تاك چ نەتەوە تەماشای خۆمان بکەین.

من وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بۆ ئێوەی خوێنەر بەجێدێڵم، چونکە پێم وانیە هەموو وەڵامەکان لای منە، پێم وایە لای هەموومانە، ئەوەش بەلای منەوە گرنگ نیە وەڵامەکانمان چەند لەیەکتری جیاوازن.چونکە پێم وایە کارەسات لەوە دایە ئێمە لە هەموو شتێك دا لە یەکتری بچین.

ئەگەر لەڕوانگەی ئەو هەموو لێکچوونە نێگەتیڤەوە سەیری شێوازو میتۆدی ڕەخنەگرانەی کاك حەمە سەعید حەسەن بکەین دەبینین تەنها لە

سنوورێکی دیاریکراودا خول دەخۆن‌و ئەوەندە دوبارەو چەندبارە بوونەوە، ئەو ئامانجانەیان نەپێکاوە کە نەك رەخنەکەی لەپێناودا گرتووە بەڵکو لای هەوادارانی رەخنەکانیشی هەست ناکرێت کە شتێکی تازەیان لەلایەن نووسەر یان رەخنەگری دڵخوازەوە پێشکەش کراوە، ئاخر لەخوێنەرێکی سادەوە تا چاودێرێکی بەئاگا ئەوەتا ناتوانێ جیاوازیەکی بچووکیش پەی پێبەرێ هەر لە پاشای عەرشی کەلاوەوە تا دەگاتە جەلالینامەو سەرکۆمارنامەکەی ئێستاشی، کام رەخنانەی کاکە حەمە، بەئامانجی پیرۆزی رەخنە نووسراون، کوان ئەو رەخنانەی توانراون بەبێلایەنی‌و دوور لە مەبەست‌و ئامانجێکی سیاسی تاکەکەسی بنیات بنرێن؟ هەربۆیە بەمەبەست بووبێ یان لەناهوشیاریەوە بەقازانجی رەخنەو ئاستی گەشەکردنی رەخنە نەکەوتوونەتەوەو زیاتر لە ڕقێکی تاکەکەسی رۆژهەڵاتی دەچن‌و لەسەر بنەمای خوێن‌و تۆڵە ڕۆنرابن. زمان ئەگەر بەکاریگەرترین رەگەزەکانی پرۆسەی نووسین بەگشتی‌و بواری رەخنە بەتایبەتی تەماشابکەین، زۆر بەئاسانی دەگەینە ئەو راستیەی کە توانای کاکە حەمە چەندە سنووردارە لەرووی بەکارهێنان‌و مامەڵە لەگەڵ زماندا، لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە بڵێم کە کاکە حەمە سەعید حەسەن بە کوردیەکی پاراو نانووسێ، بەڵکو دەمەوێ ئەو راستیە بڵێم کە لە زمانیشدا هەم میانڕەوی هەیە هەم توندڕەوی، توندڕەوی تەنها لەئایدۆلۆجیاو سیاسەت‌و دەسەڵاتدا خۆی نانوێنێ، ئەو زمانەی کاك حەمە سەعید حەسەن پێی دەنووسێ یان دیالۆگی پێدەکات لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا زمانێکە سەرچاوەکەی کلتورێکی رۆژهەڵاتیانەی باوکسالارانەی پڕ لەتوندو تیژیە، زمانێکە کە دەخوازێت لەحەوشەیەکی داخراودا هەم پیرۆزی خۆی بسەپێنێ‌و هەم وایش نیشان بدات کە خاوەند هەموو راستیەکانی بەئەو بەخشیوەو بۆی هەیە بە چاوی سووك لەگەڵ ژن‌و نەوە کۆیلەکراوەکانیدا رەفتار بکات، هەربۆیە کاك حەمە سەعید حەسەن



لەچەشنی ئەو باوکە رۆژهەڵاتیەی بەخۆی رەوا بینی‌و لەسەرکۆمارنامەی (٩) دا بەدەنگی بەرز پێمانی گوت بەپەرۆشەوە چاوەڕێ بین بۆ فەرموودەکانی داهاتووی.

# حەمە نامەی (١٠)

لەململانێی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵاتدا، ئەوەی سەردەکەوێ، ئەوەیانە کەتوانیویەتی ڕەوایەتی خۆی لەو کێشمەکێشمەدا بەئەوی دیکە لەلایەك و بەکۆمەلانی خەڵك لەلایەکی دیکە بسەلمێنێ، سەلماندنی ڕەوایەتی زۆرجار بۆ دەسەلات کارێکی ئاسانترە وەك لەڕۆشنبیر، بەلام ئەوە مانای ئەوە نییە، زۆربەی ساتەکان ڕەوایەتی و ماف و ڕاستییەکان، هەر بەڕاستی وان لەمشتی دەسەلاتدا، نەخێر بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەدەسەلات هەم توانای بێ شوماری هەیە لەچەواشەکردنداو بەئاسانی ڕەشایی خەڵك بە دیسکۆرسی(گوتار)ی دیماگۆجیانەی خۆی هەم فریو بداو هەم بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی و سەرەنجامیش بردنەوەی ململانێکە لەهەموو ڕکابەرەکانی خۆی بەڕۆشنبیریشەوە بێ دوودلی ڕابگەیەنێ.

دەسەلات بەگشتی و نموونە ڕۆژهەلاتییەکەی لەمەڕ خۆمان بەتایبەتی، هەمیشە چانسی بردنەوە، یان زۆر جار سەرکوتکردنی دیسکۆرسی ڕۆشنبیریشی بەڕادەیەکی ترسناك لەدەستدایە، ئەمە لەحالێکدا کە ڕەوایەتی ئەم نەك هەر بەهاوتا خۆرئاواییەکەی ناتوانرێت بەراورد بکرێت، بەڵکوە بەلێکدانەوەی کلاسیکی و تێگەیشتنە شۆڕشگێرییە تەمومژییە ڕۆژهەلاتییەکانی لەمەڕ خۆشمان بەئەندازەکی زۆر هەم زۆر لەکورتی دەدات و هەم بەئاسانیش دەتوانرێت بخرێتە ژێر پرسیارەوە، ئەی کەواتە لێرەدا هەقمانە بپرسین و لەپەرجوی ئەم چانسی سەرکەوتن و زالبوونەی سەرکەوتنی دیسکۆرسی دەسەلات بەسەر تەواوی ڕکابەرەکانیدا، کەڕۆشنبیری



بەهێزترینی ئەو ڕکابەرانەیە تێبگەین، لێرەدا ڕەنگە بوار نەبێت وەلامێکی تێرو تەسەل بۆ ئەو پرسیارە ڕەوایە بەرجەستە بکەین، بەلام دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین و بلێین هەلومەرجی نالەباری دواکەوتووی کۆمەلایەتی و گرفتی زەق و زەوەندی ئابووری، کەنوزەی لەسەرخانی کۆمەلگا ڕۆژهەلاتییەکان بڕیوەو، پیرۆزی ئایدۆلۆژیا بەگشتی و ئایین بەتایبەتی و وەهمەکانی شۆڕشگێڕی و نیشتمانی، لەگرنگترین چەکەکانی دەستی دەسەلاتن کەبەهۆیانەوە دەسەلات لەخۆرهەلاتدا هەمیشە توانیویەتی ڕەوایەتی دیسکۆرسی خۆی ڕابگەیەنێ و هەم چانسی زالبوون و سەرکوتکردنی ڕکابەرەکانی خۆی لەپێشەوەیاندا ڕۆشنبیری مسۆگەر بکات.

ئایا دیسکۆرسی ڕۆشنبیری کوردی خاوەنی چ شوناسێکە؟ توانیویەتی بەو شوناسەی خۆیەوە، ڕکابەرێکی پۆزەتیفی یان نێگەتیفی دەسەلاتی کوردی بێت؟ ئایا ململانێی ڕۆشنبیری کوردی و دەسەلاتی کوردی بەهەمان چەشن و خاسلەتی پەیوەندییەکانی خۆرهەلاتدا دەڕوات، یان کۆپیەکی کەمێك دەسکاری کراوی ئەو پەیوەندییە کەکلتوری کراوەتری ئەوروپا لەنێوان دوانەی مەعریفەو دەسەلاتدا بەرهەمی هێناوە؟ ئایا بۆچی لەململانێی نێوان مەعریفەو دەسەلات لەخۆرئاوادا، شۆڕشی مەزنی فەرەنسی یان شۆڕشی پیشەسازی لەسەدەی هەژدەو شۆڕشی تەکنۆلۆجیاو گۆلۆبالیزم لەم چەرخەی ئێستادا و ڕێبازە ڕەخنەیی و فەلسەفیە ناسراوەکانی وەکو مۆدێرنێتەو دواتر پۆست مۆدێرنێتە، لەدایك دەبێ، بەلام لەولاتی ئێمەدا دیسکۆرسی ڕۆشنبیریمان، خراپ تربن شێوازەکانی ئەو پەیوەندیەش ناتوانێ بەرهەم بهێنێ؟ دووڕیانێك لەپێش خۆیدا دروست دەکات، یا ئەواتا دەبێتە یاخییەکی تووشی چەپڕەوی منالانە بوو، یان کۆیلەیەکی مەرایی کاری

ئەوپەڕی خۆبەدەستەوەدەرو ناتوانێ ڕێگای سێیەم لەبەردەم خۆیدا بکاتەوە؟ بالێرەدا جارێکی دیکەش ئەو شێوازە ڕەخنەیەی کاکە حەمە سەعید حەسەن کاری لەسەر دەکات شۆرڤە بکەین، بزانین ئەو بەرێزە کەلەدیارترین ئەو ڕەخنە گرانەیە کەئەمرۆ زۆرترین خوێنەری لێ کۆبۆتەوە، چ ئەوانەی بەرەخنەگری دڵخوازی خۆیانی دادەنێن یان ئەوانەی بەتوندی ڕەتی دەکەنەوە و وەکو پڕۆژەیەکی چەواشەکار ناوی دەنێن، بابزانین بەراستی خاوەنی پڕۆژەیەکی دروستی ڕەخنەگرانەیە یان ئەویش لەسەر پەرچە کرداری بێ بەرنامەو بنەمای میکانیزمی دژەکردار تێزە ڕەخنەییەکانی خۆی بەرهەم دێنێ؟ ئەگەر تۆزێك زیاتر ورد بینەوە ئەوا بە ئاسانی دەگەینە ئەو ڕاستیەی  کە کاك حەمەسەعید حەسەن نەك هەر نەیتوانیوە، لەپڕۆژەی ڕەخنەکانی خۆیدا، پڕۆژەی ئاڵتەرناتیڤی خۆی وەکو ڕەخنەیەك لەپڕۆژەکانی دەسەڵاتی کوردی بخاتە ڕوو یان ڕەهەندە مێژوویی و بابەتیەکانی ئەو دەسەڵاتە بخاتە ژێر پرسیاری جدی وادا کەدەسەڵات ناچاری لانی کەمی بەخۆ داچوونەوە بکات. پڕۆژەیەك لەیەك وتاری بێ دەسەڵاتی نامەعریفانەدا، لەیەك کاتدا کەخۆی هەم وەکو ڕۆشنبیرێکی یاخی و هەم وەکو دەسەڵاتێکی پیرۆز نمایش بکات و لەتەك پەلاماری دەسەڵاتدا، خۆی ببێتەوە بەدەسەڵات و پەلاماری دەست و پەنجەی هونەرمەندان و خولیای پیرۆزی ڕۆژنامەنووسان و بیرو قەڵەمی بەبرشتی نوسەران و گڵکۆی بێنازی شەهیدان بدات و ڕەخنەشی تەنها لەدروشمی سیاسیی بکات، نەلەدەستی دێت پرسیار بوروژێنێ و نەدەکرێ وەکو پڕۆژەیەکی دروست مامەڵەی لەتەکدا بکرێ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە کەمترین دەرفەتی دیالۆگێکی بنیاتنەرانەش بەئەوانی دیکە دەدات.



## حەمە نامەی( ١١ )

لەبەر ئەوەی لە زۆربەی نووسینەکانی کاك حەمە سەعید حەسەن دا، توندڕەوی لەڕێگەی زمانەوە یا شێوازی ئاخاوتنو دەربڕینەوە بەشێوەیەکی زەقو زاڵ، بەرجەستە دەبێتو هەمیشەش لەسەنگەری بەشێك لە دەسەڵاتی دوولەتکراوی کوردیەوە، پەلاماری بەشەکەی دیکە دەداتو، ئەم توندڕەویە لەڕێگەی زبرترین زمانەوە پراکتیز دەکات، هەربۆیە مەودای بۆ منو هەرکەسێکی تر کە بیەوێت ئەم شێوازەی کاکە حەمە بخاتە ژێر پرسیارو بواری خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنەوە، زۆر بەرتەسك کردۆتەوە، ئەمەش وایکردووە زۆر لایەنو گۆشەنیگای نووسینەکانی لانی کەم لە ئەمڕۆی هەلومەرجی ناسکی چارەنووسسازی کوردستاندا فەرامۆش بکەم، چونکە بڕوام بەوە نیەو ڕێگەش بەخۆم نادەم، دوای تاڵترینو مەترسیدارترین ئەزمونی شەڕی کوردکوژە، نەك هەر ببم بەیەکێك لەو قەڵەمانەی، کە هەر بۆ براکوژی بەبرشتن، بەڵکو ڕێگە بەخۆشم نادەم، لە هەلومەرجێکی ئاوادا، لاپەڕە هێشتا خوێن لێتکاوەکانی ئەو قۆناغە پڕ لە شەرمو شوورەییو تەڕی لەمەرگو مردنەی ئەم کوردە کلۆڵو ماڵ بە دوژمن گەمارۆ دراوە هەڵبدەمەوە، ئەمەش ئەرکێکی ئەخلاقیو نیشتمانیە کە دەبێتە هێڵی سوور بۆ منو لە هوشیاری تەواویشمەوەیە کە ئەو هێڵە بۆ قەڵەمەکەم دەکێشمو ناشیبەزێنم.

رەخنە چۆن دەتوانێ ئەو ئامانجانە بپێکێ ئەگەر پرۆژەیەکی مەعریفیو میتۆدێکی زانستیانەی لە پشت نەبێت؟ راستو چەپ هێنان بەسەر دەق یان کەسەکاندا، نەدەبێتە رەخنەو نەدەشتوانێت بکەرەکەی بکاتە رەخنەگر، هەڵسەنگاندنو گەڕان بەدوای راستیەکاندا، لە دوبارەکردنەوەی خودی ئەو راستیانەوە بەرجەستە نابێت، بەڵکو ئەرکی گرنگی رۆشنبیر لەوەدایە کە بتوانێت پایە نادیارەکانی ئەو راستیانە بەنووسینو شرۆڤەی لۆجیکیانە، بۆ ئەوانی خوێنەر یان چاودێری ئاسایی، لەهێڵێکی بەیانی مەعریفیدا بەرجەستە بکات، بەرجەستەکردنی ئەو هێڵە بەیانیە مەعریفیەش، هێڵێکی بێلایەنانەو سەربەخۆییانەو دوور لە کاریگەریکانی ئایدۆلۆجیا دەخوازێت، چونکە شیکردنەوەو قسەکردن لەسەر ئایدۆلۆجیایەك بە عەقڵو بینینی ئایۆلۆجیایەکی دیکە، هەرگیز ناتوانێت ببێ بە پرۆژەیەکی مەعریفی دروستو رەخنەیەکی کاراو دروستکەر، راستیەکان لە واقیعی رێژەییەوە دەگۆڕێت بۆ واقیعێکی رەهاییو ئەمەش رەوایی رەتکردنەوەی ئەوی دیکە هەتا رادەی سڕینەوەو نکۆڵی کردن لە بوونی ئەوانی دیکەش لای خاوەنو هەڵگرانیان دەکاتە پەیامێکی دروستو جۆرێك لە رەوایەتیەکی ناڕەوایان لا دروست دەکات.

هەموو کەسێکی ئاسایی ئەگەر خاوەنی هوشیارییەکی تەواویش نەبێت، دەتوانێت بەپێی ڕوانینو تێگەیشتنی خۆی باشیو خراپی شتەکان ڕابگەیەنێ، ئەرکی رۆشنبیر یان چاودێری بە ئاگا بەو ئاسانیە نیە، رۆشنبیر یان چاودێری بە ئاگا بە تێزو شرۆڤەی لۆجیکی دەتوانێت راستی بۆچوونەکانی ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت بخاتە ڕوو، لێرەدا دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو دەستەواژانەی کاك حەمە سەعید



حەسەن رابکێشم، با خوێنەری بەڕێز بڕیار بدات تاکو چەند بەرەخنە یان بەڕای رەخنەگرانەی دروستیان لە قەڵەم دەدات. کاکە حەمە لەهەڵسەنگاندنی پارتیو یەکێتیی و سەرکردەکانی ئەو دوو پارتەدا، کەتەمەنی خەباتی یەکەمیان لەنیو سەدە بەرەو ژوورەو هی دووەمیشیان لەسی ساڵەی تەمەن دایەو سەرکردەکانیشیان بە لەبەر چاوگرتنی جیاوازی تەمەنیان، ڕۆڵیان لەناو پارتەکانیاندا لەهەڕەتی لاویانەوە دەست پێدەکات کەچی کاکە حەمەی ڕەخنەگری هێژا، بەم شێوە سەرپێی و هەڕەمەکیە ڕاست و چەپی خۆی دەوەشێنێ و دەنووسێ ( یەکێتی حیزبێکی باشە و پارتی حیزبێکی خراپە، بەلاّم پارتی سەرۆکێکی باشی هەیە و یەکێتی سەرۆکێکی خراپ) یان لەوەش سادەترو بە شێوەی دروشمێکی سیاسیانەی ڕووت شرۆڤەی قۆناغەکانی خەباتی سیاسی ئەو دوو پارتە لە دێڕێکی کورتدا، وەکوو ڕاستییەکی ڕەها بەسەر خوێنەرو ئەو دوو پارتەدا ساغ دەکاتەوە، دیسان بڕیاردان بۆ خوێنەر بەجێ دێڵم و بەگرنگی دەزانم تەنها حوکمدانە سەرپێییەکەی کاکە حەمە بخەمەڕوو کە ئەمە دەقەکەیەتی (پێش ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستاندا، دیکتاتۆریای تاك پارتی سەروەر بوو، لەدوای ڕاپەڕنەوە  دیکتاتۆریای جووت پارتی زاڵە)، باخوێنەر بڕیاربدات، ئایا ئەمانە بەڕاستی وەکو ڕەخنە لەکاکە حەمە وەردەگیرێت؟ ئەگەر وەریان ناگرێت ئەوە وەڵامەکە ئاشکرایە، خۆ ئەگەر وەریان دەگرێت بابزانین لە پۆلێن کردنی رەخنەدا لەکوێی رەخنەیان دادەنێت؟.

تەمەنی سیاسیو ڕووناکبیری سەرکردەکانمان لە هەڵەو کەموکوڕی بەدەرنین، دەکرێ رەخنەگرانی ئێمە بەتایبەت نەوەی نوێی ڕووناکبیریمان، ئەوانە بکەن بەکەرەسەی خاوی گرنگی پڕۆژە رۆشنبریەکانی خۆیان، بە

بێلایەنانەو دوو لەچاوی تەڵخی حیزبایەتی‌و بەرژەوەندی ئۆپۆرتۆنیستانەی تاکەکەسی‌و، ڕەنگدانەوە نێگەتیڤەکانی ئایدۆلۆجی، خەبات‌و ژیان‌و کردەوەکانیان هەڵبسەنگێنن.

بەهەشتی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، یەکێك لەو سەرکردە سیاسی‌و ڕۆشنبیرە ناسراوە گەورانەیە، کە بەحوکمی زۆرو زەوەندی کارو هەڵسوڕانی سیاسی‌و ئامادەیی بەرچاوی لەنێوەندی ڕۆژنامەنووسی‌و ڕووناکبیری‌و سیاسی کوردیدا، ناکرێت بەبێ هەڵەو کەموکورتی سەیربکرێت، بەڵام قسەکردن لەسەر ئەو زاتە ڕووناکبیرەنیشتمانیە گەورەیە، دەبێت قسەکردن بێت لەسەر ئیبراهیم ئەحمەدی ڕۆژنامەنووس‌و چیرۆکنووس‌و شاعیرو ڕووناکبیر لەلایەك‌و کەسایەتی‌و سەرکردەو ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی سیاسی قۆناغێك لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی سیاسی‌و رزگاریخوازی کوردستان لەلایەکی ترەوە. ناوبردنی کەسایەتی لەو چەشنە بە(جاش ڕۆشنبیر)نەك ناچێتە خانەی رەخنەیەکی هەڕەمەکیشداو، نەك هەر ناتوانێ لایەنە جوان‌و ناشیرینەکانی کەسایەتیەکی وا مەزن لە پرۆژەیەکی رەخنەییدا کەکارو ئامانجە رەخنەگرتنە، بخاتەڕوو، بەڵکو سووکایەتی کردنە بەبەشێکی گرنگ لە خەباتی پرشنگداری گەلەکەمان‌و ئازاردانی بەشێکی گرنگ‌و ناسکی جەستەی ڕووناکبیری کوردیمانە بەکێبڵی بیرکردنەوەیەکی سیاسیانەی حیزبێکی سیاسی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەماشاکردن‌وخوێندنەوەی ڕووناکبیرو سیاسیەك یان دەسەڵاتێکە، بەچاوو دووربینی دەسەڵاتێکی دیکەیە، لێرەدا کارەساتی ڕۆشنبیری دەست پێدەکات، چونکە ڕۆشنبیر گومانە ڕەواکانی خۆی بەو لاوە دەنێ‌و، ڕوخسەت بە دەسەڵات دەدات کە لەجیاتی ئەو بیر بکاتەوەو، لەپێناو هەندێ دەسکەوت‌و ئامانجی نامەعریفی دا، سازش



بۆ دەسەڵات بکات‌و، بەرگریش لە هاوپەیمانێتیەکی مەرجدارو نایاسایی بکات، کە لەنێوان خۆی‌و دەسەڵاتدا دروستی کردووە.

# حەمە نامەی (١٢)

ئەو توندوتیژیەی کە دەسەڵات لەساتێك لەساتەوەختەکانی مێژوو بەرهەمی هێناوە، هەرگیز بەدەر نەبووە لەکاریگەریە نێگەتیڤەکانی ئەو هاوپەیمانێتیە، یان ئەو پەیوەندیە ناشەرعیو ژێربەژێرانەی کە ڕۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵاتدا بەدرێژایی مێژوو بەرهەمیان هێناوە، راستە ڕۆشنبیری لەگەڵ دەسەڵاتدا پەیوەندیەك یان هاوپەیمانێتیەکی ئاشکرای وا لەگەڵ دەسەڵاتدا دروست ناکات کە بەئاسانی ڕای گشتی هەستی پێ بکات، چونکە ڕۆشنبیری نەخاوەنی هێزێکی سەربازیەو نەدەشتوانێ چەكو تفاقو کەرەسەی جەنگی بەدەسەڵات ببەخشێ، ئەی کەواتە هاوکاری نێوان ڕۆشنبیریو دەسەڵات لەسەر چ بنەماو پەیوەندیەکی هاوبەش ڕۆندراوە؟ چۆن دەتوانن لە پێداویستیە گرنگەکانی ئەو هاوپەیمانێتیە بۆ خۆیان تێبگەن؟.

هاوپەیمانێتی نێوان ڕۆشنبیریو دەسەڵات لەرێگەی هاودەنگبوونی دیسکۆرسی ئەو دوانەیە لەپێناو رەوایەتی بەخشین بەو ملهوڕیو زۆرداریەی، یان ئەو چەپاندنانەی کە دەسەڵات گەرەکیەتی بەدەستی بهێنێ لە گۆڕەپانەکەدا بەسەر تەواوی رکابەرو لەمپەڕەکانی بەردەم خواستە بێ شومارو رەهاکانی خۆیدا، لەسەر ڕۆشنبیریە کە هەموو تواناکانی دیسکۆرسی مەعریفیانەی خۆی بخاتە خزمەت مەرامە نارەواو ترسناکە زەوەندەکانی دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی کە مکیاژی دەمو چاوە دزێوەکانی دەسەڵات بکات، بۆ



ئەوەی رەوایەتی بەو دەسەڵاتەی ببەخشێو پیرۆزیەتی پایەکانی رابگرێو ملکەچایەتی بۆی بکاتە ئەرکێکی نیشتمانی یان ئاینی یان چینایەتی، یان بەپێی ئەو شوناسەی کە دەسەڵات خۆی پێ ناساندووە، لەبەرامبەریشدا لەسەر دەسەڵاتە کە هەموو دامودوزگا زەبەلاحەکانی خۆی، بە هۆکارەکانی راگەیاندنو توانای بێ شوماری مادیشەوە، بۆ ڕۆشنبیری بخاتە سەر پشت بۆ ئەوەی بتوانێت رۆڵی چەواشەکارانە پێ وازی بکات، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین جۆرێك لە دابەشکردنی دەسەڵاتو دەسکەوت لەنێوان ڕۆشنبیریو دەسەڵاتدا دێتە کایەوە، بەڵام سەرەنجام هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کە هەردووکیان بەرهەمی یەك دیسکۆرسی چەواشەنو ئەوەی بەرهەمیشی دەهێنن تەنها خەساندنو چەواشەکاریە، قۆناغەکانی مرۆڤایەتی لە خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا پڕن لە نمونەی ئەو راستیە تاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بەم ساتەوەختەی ئێستاشەوە.

دەسەڵات تەنها بریتی نیە لەو هێزەی کە لەیەکە کۆمەڵایەتیەکانی وەك خێزان، یان گردبوونەوەی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی وەك حیزبو کۆمەڵو بزووتنەوەو رێکخراوە جۆربەجۆرەکان، یان ئەوانەی بە زەقی لە ئاژانسو دامودەزگاو دامەزراوەکانی چەشنی دەوڵەتو میری دا دەردەکەون، بەڵکو لەناو خودی مەعریفەشدا یان هەر جۆرێك لە جۆرەکانی دەقدا دەسەڵاتێك هەیەو کاریگەریەکانی ئەو دەسەڵاتەش زۆر بەئاسانی دەتوانرێت هەستی پێ بکرێتو شوێنەوارەکانیشی بەشێوەی نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ لەسەرمان رەنگدانەوەی خۆی جێبهێڵێ، وەك چۆن هەستی چینایەتی یان نەتەوایەتی یان رەگەزی یان ئاینی، دەتوانێت لایەنگری کەسەکان یان ڕیزبەندیان دیاری بکات، چونکە کرێکارێك ئەگەر هەستی چینایەتی خۆی

له ریزی کرێکارانی ئەژمار نەکات، یان ئەگەر بۆ نمونە کوردێك هیچ سۆزێکی بۆ کوردبوونی خۆی نەبێ یان ژنێك پیاوانە بیر بکاتەوە، ئەمە ناتوانێت هیچ لەو واقیعەی خۆیان بگۆڕێت کە تیایدان، هەر بەو لێکدانەوەیەش دەکرێت رۆشنبیری لە پەیامەکەی خۆی لابداتو رۆشنبیریش لە رکابەری سەرسەختی دەسەڵاتەوە بکاتە یەك لە ملکەچەکانی دەسەڵات یان بەکردار بیکاتە بەشێك لەخودی ئەو دەسەڵاتە.

لێرەوە ئەگەر سەیری بەرهەمە رەخنەییەکانی کاك حەمە سەعید حەسەن بکەین، ئەو راستیە بەئاسانی هەست پێ دەکەین، کە ئەوەی کاکە حەمە پێی دەئاخڤێ، بەقەد ئەوەندەی وەکو دەسەڵات یان لەسەنگەری خودی دەسەڵاتەوە، یان ئەوەندەی بە دیسکۆرسی دەسەڵاتەوە خۆی نمایش دەکات هەرگیز ناتوانێت وەکو پەیامێکی مەعریفی باڵادەست خۆیمان پێ بناسێنێ، ئەم راستیە بە رادەیەکە کە بۆ کاکە حەمە ئەستەمە خۆی لێ لابداتو لەکاریگەریە نێگەتیفەکانی ئەو راستیە تاڵە قوتار ببێ، ئەمە تەنها لەوەدا بەرجەستە نابێت کە کاکە حەمە لە سەنگەری بەشێك لە دەسەڵاتی دوولەتکراوی کوردستانەوە پەلاماری بەشەکەی دیکە دەدات، بەڵکو لەوەشدا بەرجەستە دەبێت کە لەخودی هەمان سەنگەرەوە پەلاماری هەمان سەنگەر دەدات یان روونتر بڵێم بەمانا فەلسەفیەکەی لەقەڵای پیرۆزی باوکەوە تیر لەکوڕەکانی ئەو باوکە دەدات، لێرەدا ناخوازم هیچ نموونەیەك لەو واقیعە وەربگرم کە کاك حەمە سەعید حەسەن بەرهەمی هێناوە، بەڵام خوێنەری بەرێز دەتوانێ ئەم راستیانە بەئاسانی بدۆزێتەوە لەبەرهەمە شیعریو ساتیرو رەخنەییەکانیدا.



## حەمە نامەی ( ١٣ )

ئەرکی ئەمڕۆی ڕووناکبیرانی کوردو دیسکۆرسی مەعریفی ئەوان ئەرکێکی یەکجار گرانو گرنگە، گرانە چونکە دەبێت پەیوەندیەکانی خۆی هەم لەسەر بنەمای هاوکاریو هەم لەسەر بنەماکانی چاودێریکردنێکی وردو زیرەکانەی ئەو دەسەڵاتە دابڕێژێ، گرنگیشە چونکە لەسەریەتی هاوکاری جددی دەسەڵات بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە سەختو دژوارە کە قۆناغی یەکلا کەرەوەیە، بۆ رزگاری نیشتمانی کوردستان کە مێژوویەکە بۆتە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لەسەر ئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتیو هەرگیز لەتوانای دیسکۆرسی پەرشو بڵاوی هەمیشە ئۆپۆرتۆنیستانەی سیاسی، پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا نیە، کە بشێت ببێ ئەو هاوکاریە ژیانیو چارەنووسسازیەی دیسکۆرسی مەعریفی کوردی، ئەو مێژووە ژێردەستیو تەژی لەمردنو سازشکردنە بگۆڕێ بەئازادیو هەڵکشانی رۆحی پیرۆزی نەتەوە، هەتا رادەی ژیانەوەو سەر لەنوێ لەهەناوی ئازادیدا، لەنوێ لەدایکبوونەوە.

دیسکۆرسی سیاسی هەمیشە بەپێی هەلومەرجە سیاسیە لۆکەڵیو هەرێمیو نێودەوڵەتیەکان لە هەڵکشانو داکشاندایە، هەمیشە بەدوای خۆگونجاندندا دەگەڕێ، هەرگیز سڵ لە سازشکردن ناکاتەوە، ئەگەرچی ئەو سازشانە لەسەر حسابی مەسەلە گرنگو پڕ بەهاکانی نیشتمانیو نەتەوەییش بێت، چونکە بۆ ئەو گوتارە خاڵی یەکەمو سەرەکی

بەرژەوەندیەکانی خودی پارتە سیاسیەکانە کە داڕێژەرو وازیکەری سەرەکی ئەو گوتارەنو تاکتیکو ستراتیژو ڕۆڵی بابەتیو خۆیی ئەو گوتارە، بەگوێرەی ڕۆژ دەگۆڕنو دەگونجێنن، هەر بۆیەشە ڕەوتی سەرهەڵدانو گەشەکردنو دەرکەوتنی ئەو گوتارە جۆرێك لە نارۆشنیو هەلپەرستی هێناوەتە کایەوە کە مەسەلە شۆڕشگێڕیو نیشتمانیەکان، لێکدانەوەو شرۆڤەکردنیان، لە عەقڵی داخراوی حزبایەتیو جۆری ئەو پەیوەندیانەی ئەو عەقڵە بەرهەمی هێناوە سەرچاوە دەگرن.

دووکەرتبوونی دەسەڵاتی کوردی، نەك هەر زیانی بەخودی ئەو دەسەڵاتە گەیاندووە، نەك هەر پاشەکشەی بە ئاستی بالآکردنی مافو داخوازیو چارەنووسی نەتەوەیەکی دابەشو داگیرکراوی وەکو ئێمە کردووە، بەڵکو پەیامی ڕۆشنبیریشمانی لەگەڵ خۆیدا دوو کەرتو تارادەیەکیش بێ دەسەڵات کردووە، بە ئەندازەیەك لەئەرکی چاودێریکی بە ئاگاوە کردوویەتی بە تەماشاچیەکی بندەستو چاولەدەستی دەسەڵات، کردوویەتی بە گوتارێك کەکاری تەنها پاشکۆبوونو پیاهەڵدان بێت، چ دەسەڵاتێك هەیە لاری لە ستایش کردنی خۆی بێت؟ چ هێزێکی ڕۆشنبیری هەیە توانیبێتی لە ڕێگای بەشەڕدانی یان قووڵکردنەوەی ناکۆکیە لاوەکیەکانی نێوان هێزە نیشتمانیەکانی نیشتمانەکەی خۆیەوە، هیچ خزمەتێکی بەئاستی گەشەکردنو هێنانەدی داواکاریو داخوازی نیشتمانیشن کردبێ؟ هەتا ئێمە دەستخۆشانە لە پرۆژە بەناو ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگرێکی وەکو کاك حەمە سەعید حەسەن بکەین، ئاخۆ بەڕاستی ئاستی هوشیاری میللەتی ئێمەو پارتە سیاسیەکانی ئەوەندە لەبارە هەتا لاپەڕەی ناکۆکیە دزێوەکانی دوێنیو پێرێیان بۆ هەڵبدەینەوە؟ ئاخۆ ئێمە لە ئەمڕۆی هەلومەرجی ناسکی



کوردستاندا وەکو کورد، چ دەسکەوتێکمان لەو جیاوازیانە بەدەستهێنابێ؟ جگە لە ئەتك کردنی ناوبانگی ئەزموونەکەمان، جگە لە بەهەدەردانی قووتی میللەتە برسیەکەمان، جگە لە بەفیڕۆدانی گیانی بەرزو بەنرخی لاوەکانمان، جگە لە پیرۆزکردنەوەی ماناکانی ژیانی ژێردەستەیی و قووڵترکردنەوەی مەرگدۆستی لەلای خۆمان!

ئەرکی ڕۆشنبیرانی بەئاگایە جڵەوی بەرژەوەندیەکانی حزب بگرن، جیاوازیەکانیان لەسەر دەسکەوتو دەسەڵات بەرتەسك بکەنەوە، هەڵەکانیان لەقاو بدەنو سەرنجیان بۆ مەسەلە پڕ بایەخو یەکلاکەرەوەکانی وەکو مافی چارەی خۆنووسینو کەرکوکو ئایندەی دیموکراسی ئەزموونەکەمان رابکێشینەوە، وا بکەین دەسەڵاتی کوردی بە بالۆرەی دابین کردنی ئازادی نوسینو ڕادەربڕین، مافی دیالۆگی ڕاستەقینەمان لێ دیزە بەدەرخۆنە نەکات، چونکە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵاتی کوردی ئەگەر چی تاڕادەیەك ئەو مافەی بە نیوە چڵێش بێت سەلماندووە، بەلام گرفتێکی دیکە سەری هەڵداوە ئەویش ئەو بێدەنگیە ترسناکەیە، ئەو قرو قاپە پشو پڕکێنەیە کە دەسەڵاتی کوردی هەڵیبژاردووە، لەبەرامبەر دیسکۆرسی مەعریفیماندا، ئەمەش پێدانی ئازادیە بە دەستێكو لێستاندنەوەیەتی بە دەستێکی تر، یان جۆرێکی ترسناکە لە ڕەت کردنەوەی دیالۆگ کە لە داهێنانی دەسەڵاتی کوردیمانەو پێمان دەڵێ، ئازادن لەوەی چی دەڵێنو چی دەنوسن، بەڵام ئێمەش ئازادین لەوەی گوێتان لێ نەگرینو وەڵامیشتان نەدەینەوە، ئەمەش ترسناکترین شێوازی پەیوەندی نێوان مەعریفەو دەسەڵاتە کە پاشا گەردانی سیاسیو ڕۆشنبیری بەدوای خۆیدا بەرهەم دێنێ.

لە پاشا گەردانی سیاسیو ڕۆشنبیری ئاواشدایە، کە ڕۆشنبیری ئارەزوو دەکات ببێت بە بەشێك لەو دەسەڵاتەی کە دەتوانێت لێیەوە تەقە لە دەسەڵاتێکی کە بکات، بۆ ئەوەی لانی کەم سەرنجی بەشێك لەو دەسەڵاتە بۆ گوێ گرتن لە خۆی ڕابکێشێ، بۆ ئەوەی زیاتریش تیشکی لا لێکردنەوەی بخرێتە سەر، پەنا بە هەموو شێوازەکانی مەراییو سازش کردن دەبات، هەندێ جاریش لەوەش زیاتر شوڵی لێ هەڵدەکێشێو یاری بەو کارتانەش دەکات کە لەوانەیە نەك هەر بە دۆڕانی ناوبانگی ڕۆشنبیری خۆی بشکێتەوە، بەڵکو دەشێت، گرەوێکی ترسناکیش بێت لەسەر دوا ڕۆژو ئایندەی میللەتێك، وەك ئەو یاریە ترسناکەی کاك حەمە سەعید حەسەن لە (کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم)دا بە ئاگر دەیکاتو باکی لە چارەنوسو ئایندەی نەتوەکەشی نییە!!

تێبینی/ کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم بەشی یەکەم لە سایتی (دەنگەکان) ژمارە ١٤١ دابلاّو کرایەوە لە نوسینی کاك حەمە سەعید حەسەن بوو، دواتر ئەم بابەتە لەسەر سایتەکە لابردرا بەبێ هیچ ڕوونکردنەویەك.



## حەمەنامەی ( ١٤ )

ئەگەرچی جێگەی خۆشحاڵی نییە، بەهەر بیانوویەك بێت ڕێگە لەبلاّو کردنەوەی نووسینی نووسەران بگیرێت، چونکە ئازادی ڕادەر بڕین بەمافی هەموو کەس دەزانم، ئەگەر من بوومایە لەجێی بەڕێوەبەری سایت و ڕۆژنامەو بلاّوکراوە کوردییەکان، بەهیچ شێوەیەك هیچ نووسینێکم لەسەر بیروڕای نووسەرەکەی نەلادەداو نە ڕێگەشم لەبلاّو کردنەوەی دەگرت، ئەگەر چی من بەش بەحاڵی خۆم، تێدەگەم کە ئازادیش وەکو هەموو شتێك لەو دونیایەدا شتێکی ڕێژەییە، ئازادیش سنورێکی هەیەو نابێت بەهۆیەوە ئازادی و مافی ئەوانی دیکە پێشێل بکەین، ئەگەر چی تێدەگەم ئەرکی بەڕێوەبەرانی بلاّو کراوە کوردیە سەربەخۆکان، بەتایبەت بەڕێوەبەرانی سایتە ئەلکترۆنییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت، چ ئەرکێکی قورسە، تێدەگەم و دەبینم و دەش خوێنمەوە، کەچۆن بەناڕەوا، ڕاست و چەپیان بەسەردادێنن و چۆن بۆ شکاندنیان، تۆمەتی ناڕەواو بێ بەڵگەیان بۆ دروست دەکەن، ئەمەش وادەکات بسڵەمێننەوە لەبلاّو کردنەوەی ئەو بابەتانەی، کەلەهەست نەکردن بەبەرپرسیاریەتی هەل و مەرجی ناسکی ئەمڕۆی کوردستانەوە نوسراون، لێرەدا دەخوازم سەر ڕاستانە ئەو ڕاستیە بەکاك حەمە سەعید حەسەن بڵێم، کەبەڕاستی نیگەرانم لەوەی کەنووسینەکانی تووشی گرفتی لەو چەشنە ببن و لەهەندێ شوێنە ڕێگە لەبلاّوکردنەوەیان بگیرێت و لەهەندێ شوێنی دیکەش، پاش بلاّو کردنەوەیان بەپەلە لابردرێن

و بسڕدرێنەوە، بەڵام، ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کەنووسەری هێژا ئەو هێڵانە دەبەزێنی کە سایتە لیبڕاڵ و نەترسەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێتیش بەهێڵی سوریان دەزانن لەبواری ئازادی و ئازادی ڕادەربڕینەوە؟ ئایا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە ڕاستگۆیی قەڵەمەکەی بۆ جارێکی دیکەش بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، نەك هەر لەلایەن ئەوانەی کەبەتوندی ڕەتی دەکەنەوە، بەڵکو لەلایەن ئەوانەشەوە کەبەقەڵەمی دڵخوازو پەسندی خۆیانی ئەژمار دەکەن؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کەنووسەر کەبەئاگاییەوە مامەڵە نەکات، لەیاخی بوونێکی پۆزەتیڤەوە بەرەو هەڵگەڕاوەیەکی نێگەتیڤ مل دەنێت؟!

منیش لەگەڵتام(گرنگ نووسین نییە، گرنگ بەچڕی نووسینە) بەڵام خۆزگە بەڕێزتان کەقەڵەمێکی دیاری بواری نووسینن، هەمیشە ئەو پەرەگرافەی خۆت لەو بوارەدا ڕەچاو بکردایە، بۆ ئەوەی زوو نەکەوتیتایە داوی بەچڕی نووسینەوە، ئایا ئەمە پێناسەیەکی زەق و ئەو پەڕی بەدڕشتی نووسینیش نییە کەدوێنێ بەڕێزتان پێتان وابوو ( سەری هیچ پارتێکی ناسیۆنالیستی کوردی ناگاتە قۆندەری هیچ کۆمەنیستێك) و ئەمڕۆش ئەوەندە خۆت بەناسیۆنالیست دەزانی کەپلاری ئەوە لەبەڕێز تاڵەبانی بگریت کەیەکەم جار بەعەرەبی نەك بەکوردی، لەناو یەکەم دانیشتنی خولی یەکەمی، پارلەمانی کوردستاندا هاتۆتە گۆ، بیری نەتەوایەتی تا ئەو رادەیە پیرۆزە، تا بەسەر ئەوانی دیکەشدا بەزۆری پیرۆز ناکرێت، هیتلەر لەبەزۆر پیرۆزکردنی نەتەوی ئەڵمانەکاندا، ڕێگەی بەخۆی دا هۆڵۆکۆست بەسەر جولەکەکاندا بهێنێ، بەعسیەکان ئەنفال بەسەر ئێمەی کورددا، جیاوازی بەهەر جۆرێك بێت، هۆڵۆکۆست و ئەنفال و ئاپارتایت و ڕەشەکوژی و زۆرداری لێ دەکەوێتەوە، هەقە نووسەران و ئازادیخوازانی ولاتی ئێمە



لەهەمووان زیاتر دژی باوەڕە چەوتەکانی شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستی بن، چونکە ئێمە گەورەترین قوربانی ئەو واقیعە تاڵەین لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا، نابێ ڕێگە بدەین قوربانی بوونمان بمانکاتەوە بە (جەللاد).

ئەگەرچی من ڕێگە بەخۆم نادەم کاکە حەمە ئاسا بەئەوانی دیکە بێژم وانەی کوردیتان دادەم و کاری من نییە خەڵکی بکەم بەشاگردو خۆشم بەمامۆستا، بەڵام لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئەوەتا مامۆستایەکی کوردی زانی وەك کاك (حەمە سەعید حەسەن) یش گرفتی زمانی هەیەو، لەو نامەیەی بۆ بەڕێز سامی شۆڕشی وەزیری ڕۆشنبیری ناردووە، سەبارەت بەکێشەی نێوان بەڕێز فەخرەدین تاهیر و وەزارەتی ڕۆشنبیری لەهەولێرو، دەنوسێت( زاڵم بێت یان زوڵملێکراو) کە دەیتوانی بنوسێ (زۆردار بێت یان زۆر لێکراو).

هەڵوێستی لەسەر کردنەوەی بەڕێز فەخرەدین تاهیری ڕۆژنامەنووس لەلایەن نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردەوە، کە کاك حەمە سەعید حەسەن یەکێك بوو لەو داکۆکیکارانە، بەرز دەنرخێنم، چونکە گومانم لەبێگوناهی هاوکارو هاوپیشەکانی خۆم و کەڵەگایی دەسەڵاتدارانی کوردستان نییە، بەڵام خۆزگە پێوانەی ئەوکارە پیرۆزانە بەپێوانەی برادەرایەتی یان دوورو نزیکی و گروپ بەندی ڕوناکبیرییەوە نەبوایە، ئەم قسەیەم لەم ڕاستیەوە دەکەم کەهیچ کامێکمان نقەمان لێوە نەهات کاتێك گەلە چەکدارێکی حیزب پەلاماری پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی هاولاتی دەدەن لە هەولێرو هەر لەهەولێریش پەیامنێرێکی هەمان ڕۆژنامەو لەسلێمانیش سەرنووسەرەکەی دەدرێتە دادگا، من لەگەڵ ئەوەدا کە بڕوام بەوەهەیە، هەر کێشەیەك بەگوێرەی یاسا یەکلایی بکرێتەوەو کوردستان بەڕاستی ببێتە دەوڵەتی ماف

و یاسا، بەلاَم گومانێکی زۆریشم هەیەو دەترسم دادگا ببێتە چەکێکی دیکە بەدەستی دەسەلاَتدارانەوەو، بەهۆیەوە پەلاماری ئازادی ڕا دەربڕین و یاخی بوونی پۆزەتیڤانەی ڕۆشنبیریمان و سەربەخۆیی پەیامی داهێنان و نوێخوازی و ڕاستی بێژیشمانی پێ بدرێت.



## حەمەنامەی( ١٥ )

بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانکاری ئەنجام بدەین، یان لانی کەم بۆئەوەی بتوانین خۆمان لەگەلّ ئەو گۆڕانکارییە خێراو گرنگە ناوچەیی و جیهانیانە بگونجێنین، پێویستمان بەکرانەوەی زیاتر و دیالۆگی بنیاتنەرانەتری زیاترو بەردەوامە، پێویستمان بەلادانی هەموو ئەو گوتارە ڕۆژهەلاَتیانەی خۆمان هەیە، کەبەشێوەیەکی پچڕ پچڕو لەناو هۆشیارییەکی ناتەواو و نادروست، لەسەر کلتورێکی ناعەقلاَنی و، لەژێر کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی گوتاری، ئایدۆلۆجیای سەپاوو، ئایدۆلۆجیای خواستراودا بەرهەممان هێناون و لەئەمڕۆشدا بوون بەگوتارێکی باوو، تاڕادەیەکی زۆر بالاَدەستیان لەپەیوەندییە سەرەکیەکانی کۆمەلگای کوردستان دا، بەتایبەت لەپەیوەندییە کۆمەلاَیەتی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی ئەو کۆمەلگایەدا بەدەرکەوتووە.

ئەرکی ڕۆشنبیرانی کورد ئەرکێکی مەعریفی ڕووت نییە، ئەرکێکی بارگاوی بەپێداویستییە کۆمەلاَیەتی و نیشتمانی و سیاسیی و هەنوکەییەکانی قۆناغی ئەمڕۆی کۆمەلگەی کوردستانییە، ئەرکێکە پەیوەندیەکی ستراتیژی بەرزگاری نیشتمانی و، دیموکراتیزەکردنی کۆمەلگەی کوردستان و، دروست کردنی پایە ژینی و ژباریەکانی کۆمەلگەی مەدەنیەوە هەیە، لەگەلّ ڕەچاوکردنی واقیعی بابەتی و خۆیی ئەو

گۆمەڵگەیە، کەبەحوکمی واقیعی داگیرو دابەشکردنی، هەندێ جاریش خەسڵەتی تاڕادەیەك سەربەخۆیانەی خۆی بەرجەستە دەکات.

قسەکردن لەسەر دیاردەو، لایەن دزێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابورییەکانی کوردستان، ئەرکێك لە ئەرکەکانی ڕەخنەگران و چاودێرانی بەئاگای کۆمەڵگەی کوردستانە، ئەرکەکەی دیکەیان نیشاندان و ستایش و گەشەپێدانی دیوە جوان و پۆزەتیڤەکانی ئەو پەیوەندیانەیە، کەکۆمەڵگای کوردستان بەرهەمی دەهێنێ، لەهەموو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و بەخودی ئەو پەیوەندیانەشەوە کەڕۆشنبیری لەڕێگەی پڕۆژە ڕەخنییەکانیەوە بەرهەمی هێناوە.

کەواتە لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی دەتوانم لەڕێگەی ڕەخنە گرتن، یان خوێندنەوەی شێوازی کارکردنی کاك (حەمە سەعید حەسەن) وە ئەو ڕێبازە تاك ڕەهەندییەی ئەو بەڕێزەو کەهەندێ لەڕەخنەگرانی تریشمان کاری لەسەر دەکەن بەناتەواو یان بەنیوەچڵ، پێناسە بکەین، چونکە بەرهەدوو شاباڵەکانی ڕەخنە ئاسمانی شین و بەرینی ڕەخنە تەی ناکەن، ناتوانن بەلوتکە بڵندو سەرکەشەکانی هەردوو دیوەکانی داهێنان بگەن، ناتوانن ڕاستییەکان وەك ئەوەی هەیە لەچاوی تیژی ڕەخنەدا بدرەوشێننەوە، بەڵکو تاك ڕەهەندییەکە کەهەمیشە کاری لەسەر دەکەن، ئەویش تیشك خستنە سەر دیاردەو شتە بەرجەستە کراوەکانە، لەڕێگەی دزێوترو قەبەترکردنی لایەنە ناشرینەکانی ئەو دیاردانەیە، لەسەر بنەمای شکاندن و تۆڵە کردنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتیانە لەبکەر یان خاوەنەکانیان، یان مکیاژ کردنی لایەنە جوانەکانی ئەو دیاردانەیە، بەمەبەستی ستایش و



پیاهەڵدان و موجامەلەیەکی بێ مانای خاوەنەکانیان، کەدەشێت لەپۆلێن کردن یان جۆرێك لەجۆرەکانی هەڤاڵ بەندی و دەستەگەرێتی یان لایەنگیری لەگەڵیاندا یەك بگرینەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین، دەرخستنی دیاردە دزێوەکان و گەورەترکردنی قەبارەیان لەبوونی ئاساییان بەتەنهاو بێ نیشاندانی لایەنە جوانەکانی هەمان دیاردە، یان هەوڵدان بۆ شاردنەوەیەیان هەرگیز نابێتە پڕۆژەیەکی تەواو لەبواری کاری ڕەخنەییدا، وەك ئەوەی لەشێوازی کارکردنی کاك حەمە سەعید حەسەن، بەدەر دەکەوێت، یان بەپێچەوانەشەوە.

## حەمەنامەی ( ١٦ )

لەئێستادا کەهەموو کورد سەرمەست و دڵپڕ لەهیواو سەرگەرمی شایلۆغانی سەرکەوتنە یەك لەدوای یەك و بەردەوامەکانیانن، لەوەختێکدا هێشتا گەلەکەمان لەلوتکەی خەونێکەوە بەرەو لوتکەی خەونێکی بەرزتر دەفرێت، لەوادەیەکی مێژوویی یەکجار چارەنووسسازدا، ئەوساتەوەختە زێڕینەی کەمێژوومان تاجی سەروەری دەنێتە سەرو دوای بوونی تاڵەبانی بەیەکەم کوردی سەرۆك کۆمار لەمێژووی دەوڵەتی بەزۆر داتاشراوی عێراقدا، بارزانیش بەتێکڕای دەنگی پەرلەمان و بەئیرادەیەکی کوردستانیانەی پیرۆز دەبێتە یەکەم سەرۆکی ئەو کوردستانەی کەوا زیاتر لە ٨٠ساڵە داگیرکراوەو بەزۆر بەعێراقەوە لکێندراوە، دەبێتە یەکەم سەرۆکی میللی و ڕەسمی لەمێژووی ئەم هەرێمەوە، گەلەکەشمان هەنگاوێکی دیکەی مێژوویی ڕاست و دروست بەئاقاری سەرەتا دڵخۆشکەرەکانی دروستکردنی دیسکۆرسی نیشتمانی و نەتەوەییمان دەهاوێ، ئەو تەنها دیسکۆرسەی کەدەتوانێت ڕوحی پیرۆزی نەتەوایەتیمان تا ئەو بەرزییە پێ هەڵببا، کەبوونمان لەسەربەخۆییبوونماندا بەئەوانی دیکە، ئەوانەی کەمێژوویەکە هەمیشە ژیان و گیانی نەتەوایەتیمان دەخەنە پەراوێزی پەراوێز کراوەکانەوە بکاتە ڕاستیەکی مێژوویی.



لەم مانگی هەنگوینیەی بەسەرۆك بوونی دوو ڕێبەری کوردان دا، پێویستە ڕۆشنبیرانی وڵاتی ئێمە لەهەمووان زیاتر لەهەوڵی بەهێزکردنی ئەو فاکتەرانەدابن، کەدوو ڕێبەری کوردی، لەسەرۆکایەتی دوو پارتی سیاسییەوە، کردە سەرۆکی میللی و ڕەسمی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، کەدوو سەرۆکی پێشمەرگەی، لەشەرعیەتی شۆڕشگێڕی و سیاسییەوە، بۆ شەرعیەتی یاسایی و دەستووری وەرچەرخاند، ئاخر بەڕاستی ئەم دەستکەوتە گرنگو گەورانە بایی ئەوەندە دەبن کەهەموو تاکێکی کوردی لەپێناویاندا لەخەبات و بەرگری دابێت لەپێناویاندا هەموو جیاوازییەکان لانی کەم لەم قۆناغە ڕاگوزەرییە چارەنووسسازەدا بەلاوە بنێین یان لانی کەم ئەم جیاوازیانە بەشێوەیەکی کاتی سڕ بکات.

کاکە حەمە سەعید حەسەن لەبەشی دووەم و سێیەمی کتێبەکەی سەرۆکی هەرێمدا جارێکی دیکە ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە کە لەنووسیندا ڕەچاوی بارودۆخی ناسك و هەستیاری کورد ناکات، ئەو بەلایەوە گرنگ نییە چی دەنوسێ، یان چۆن دەنووسێ، یان تێناگات کەنووسینەکانی لەئەمڕۆدا چەندە دەبنە هۆی شکاندنی پەرژینی ماڵی کوردو چۆن تۆوی بێ متمانەیی لەو ماڵەدا لەنێوان براکاندا دەچێنن، بەمەش جارێکی دیکە کیماسیە زەقەکانی خۆی لەنووسین بەگشتی و بواری نووسینی ڕەخنەی سیاسییدا بەتایبەتی سەلماندەوە، سەلماندییەوە کەئامانجی نووسینەکانی ئەو ئامانجی مەعریفی نین، بەڵکوو ئامانجی ئۆپۆرتۆنیستانەی تاکە کەس و گەڕان بەدوای ناوبانگ و خۆناساندن و دەرخستنن، بەمەش غەدر لە ناوبانگی قەڵەمەکەی دەکات و مامەڵەی خوێنەر لە ڕۆشنبیرێکی مەیدانی ئەدەب و ڕوناکبیرییەوە بۆ نووسەرێکی حیزبی و قەڵەمێکی پاشکۆی ژێر ڕکێفی

سیاسیەتی حیزبەوە بەناچاری دەگۆڕێ، لەگەڵیدا ئەمە جگە لەوەی کە وروژاندنی ئەم بابەتە پڕ لەگرێ و گۆڵانەی کەهەتا ئێستاش مایەی ناکۆکین و هۆکاری بەرپابوونی هەردوو قۆناغە دزێوەکانی شاخ و شاری شەڕی براکوژین. ئەو، دێ شرۆڤە بۆ یاداشتەکانی بارزانی دەکات بەتایبەت لەئەمڕۆدا کەبەڕێز بارزانی لەسەرۆکی پارتێکی کوردییەوە، بۆ سەرۆکایەتی کردنی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە و سەرۆکایەتیەکەشی یەکەمین ئەزموونی کوردستانە لەشێوازی سەرۆکایەتی کردنی کوردستانداو لەبەردەم سەختترین و گرنگترین تاقیکردنەوەیەشدایە هەم بۆ خوودی خۆی هەم بۆ توانای بەڕێوەبردنی کورد لەبەردەم ڕای گشتی کوردستانی و عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و بەکارێکی یەکجار نێگەتیف لێك دەدرێتەوە، چونکە کاکە حەمە سەعید حەسەن بەڕەشایی خەڵك یان لایەنگرانی یەکێتیی دەڵێ کەئەمە بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە ڕاست و چەپ بەسەر بەرانبەرەکانیدا( یەکێتی و تاڵەبانی) دا دەهێنێ، نەك کاك حەمە سەعید حەسەنی نووسەر، ئەمەش هەوڵێکە بەئاقاری جارێکی دیکە کردنەوەی بارزانی بەسەرۆك حیزب نەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی لەو چەشنەش بێگومان هەر بەتەنهاو ناڕاستەوخۆ لێدان نییە لەکەسایەتی بارزانی کەڕووبەڕووی قورسترین ئەرکی مێژوویی بۆتەوە، یان بەتەنها هەوڵێك نییە بەئاقاری کەمکردنەوەی ئەو پشتیوانییە بەرفراوانە کوردستانیەی کەلە سەرۆکایەتی کردنی بارزانی دەکرێت لەئەمڕۆی هەلومەرجی ناسك و چارەنووسسازی کوردستاندا.



## حەمەنامەی( ١٧ )

بەڕاستی بەلامەوە سەیرە نووسەرێك خۆی لەسەنگەری رووناکبیرو قەڵەمێکی شەهیدی وەکو عەبدولخالق مەعروفی پێشەنگی راستیو بڵندگۆی هەتاسەری بیری پێشەکەوتنخوازی کوردەواریدا بدۆزێتەوە، کەچی بەجۆرێك لە جۆرەکانو بۆ مەرامێکی سیاسیو لەپێناوی بەدەستهێنانی فتوای حەڵاڵکردنی خەڵاتەکەی ستایشی مەلایەکی توندڕەوی وابەستە بە بیری سەلەفیانەی ئیسلامی سیاسی وەکو مەلا بەشیر بکات، ئاخر ئەو بیرتاریکەی هەولێر(مەلا بەشیر) کە دەیان فتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکانی داوەو، فتوای ئەتککردنی کچانی سفوور دەداو، بەیتو بالۆرەو بیری سەلەفیەتی نیوە دورگەی عەرەبی هەزارو چوارسەد ساڵی پێشتری دەهێنایەوە هەولێر، بەداخەوە پارتی دیموکراتی کوردستان نەك هەر پاسەوانی دەکرد، بگرە بە چەشنێك لە چەشنەکان کۆمەکیشی دەکرد. مەلا بەشیرێك راستەوخۆ بەشدارە لە هاندانی تیرۆرکردنی دوو سەرکردەی کۆمۆنیستەکان، شاپوورو قابیلو، تێزاب کردن بەقاچی سەدان کیژی هەولێردا، دەبێ دادگایی بکرێت، نەك وەکو بەڕێز حەمە سەعید حەسەن پشی پشی بۆ بکاتو بە موژدەبەخشی دادەنێ!.

### خاڵە لاوازەکانی لۆژیکی دیالۆگ لای کاك حەمە سەعید حەسەن

ئەو، بە ماوتسیتۆنگ دەڵێ گرێی لالیتۆی هەیە، بەڵام خۆیشی دوچاری گرێی( بینینی وشەی جوانە لەسەروەختی سەمادا). بەڵام ئایا ئەمە راستە کە حەمە سەعید دەڵێ، (وشەکانم بێجگە لەویژدانی خۆم، نەهیچ پێوەندێك لاقی بەستوون، نە دەست لەزنجیرن نە کۆت لە گەردن)، ئایا بەراستی خەڵاتی ئاراس کۆت نیە؟ ئایا بەراست، شەڕفرۆشتن بەیەکێتیی، لەسەنگەری پارتییەوە پێوەند نیە؟ ئایا ئەو هەموو موجامەلەکردنەی بەشێك لەدەسەڵاتی کوردیو گێچەڵکردن بەتێکۆشەرێکی وەکو مام جەلال و سەرکردەکانی یەکێتیی، زنجیر نیە لە دەستیا بۆ ئەوەی تەنها یەك لایەنی سیاسی بکوتێتەوە لەپێناو ستایشی لایەنەکەی دیکەدا؟؟خۆ ئەگەر دەیەوێ خۆی قەناعەت بەخۆی بکات ئەوە شتێکی ترە، ئەگینا کەس چیدیکە بەم پێچو پەنایەی ناڵێ ئامینو نەك هەر ئەوەش وا خەریکە لە سایەی سەرکردایەتی کردنی ژیرانەی تاڵەبانیوبارزانی دا گڵۆڵەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەو قەڵەمە ئۆپۆزتۆنیستانەش بەتەواوەتی دەکەونە لێژی.

ئەگەرچی کاك حەمە سەعید حەسەن، خودی خۆی زۆر لەسیاسەت نازانێ، بۆیە بەخۆی ڕەوا دەبینێو بە ئامۆژگاری مامۆستایانەوە بە دکتۆر کەمال میراودەلی دەڵێ با واز لە سیاسەت بێنێ، ئەوەتا خۆی کەوتۆتە هەڵەیەکی سیاسیی و تەکنیکی گەورەوە، چونکە ئەو ڕقی ڕۆژهەڵاتیانەی لە یەکێتییو مام جەلالەو دەبێ ئەم ڕقەی هەر برێژێت، دەڵێ مام جەلال بەعەرەبی قسەی کرد لە پەرلەماندا، دواتر بە کوردی قسەی کرد، ئاخر کاك حەمە سەعید حەسەن چونکە لە حیکمەتی سیاسیو نەریتی دیپلۆماسی نازانێ، نازانێ کە مام جەلال پۆستەکەی سەرۆك کۆماری عێراقە، (رجل دولە)یە، سیمبوڵی سیاسیو شکۆیی هەموو عێراقە لە ئێستای ئەو پۆستەدا،



بۆیە دروستە لەپێشدا بەعەرەبی قسە بکات، ئەوجا بەکوردی قسە بکات. هەرچەندە ئەمە شتێك نییە لە پێشدا بە کوردی یان بە عەرەبی قسە بکات، چونکە گرنگ بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە تەك زمانی عەرەبیدا گرنگ قسە کردنی سەرۆك کۆماری عێراقە دوای زیاتر لە هەشتا ساڵ فەرزکردنی زمانی عەرەبیو نیشاندانی ئەوەی کە ئیدی زمانی کوردی زمانی سەرکۆمارو دەوڵەتی عێراقە بە شێوەیەکی فەنیو قانونی لە تەك زمانی عەرەبیدا. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەوەندەی ئامادەبوونی سەرۆکی کۆماری عێراق گرنگە لە ڕێو ڕەسمی کردنەوەی پارلەماندا مەسەلەکانی دیکە ئەوەندە جێی بایەخو گرنگی نین، بەڵامو هەزار بەڵامی تر، ئەی بۆچی کاك حەمە سەعید حەسەن نە چاوی هەیەو نە گوێی هەیەو نە هەستیشی پێدەکات پرۆژەی سیاسی سەرکردایەتی هەرێم بە عەرەبی لەلایەن پارتییەوە نوسراوەو بە عەرەبیش هێنرایە ناو پارلەمانەوەو هەندێ کەسی نا شارەزاش، تاوانی بە عەرەبی بونەکەی دەخەنە سەر سەرۆکی پارلەمان کە یەکێتییە؟ ئایا لێرەدا دروست نییە بە کاك حەمە سەعید حەسەن بڵێین دیارە لە سویدیش هەر بانێکەو دوو هەوا؟

جارێکی تریش کاك حەمە سەعید حەسەن نائاگایی سیاسی خۆی سەلماندەوە، باشە بۆ ناڵێ ئەم چوونەی مام جەلال، بۆ ڕێکخراوی بەدر بوو بە بەردێ دوو سێ دالاّشی شیعەی کوشت، لە لایەکەوە بەدرو مەجلیسی ئەعلا کە گەورەترین ڕێکخراوی شیعەن لە جەعفەریی پڕکرد، کە هەڵوێستی بەرامبەر کورد زۆر پان ئیسلامیانەو شۆڤینیستیانەیە، ئەوە سەرەڕای پوچ کردنەوەی ڕاگەیاندنە شۆڤینیەکانی عەمار حەکیم، کە دواتر چووەوە لای مام جەلالو هەڵوێستی خۆی ڕاست کردەوە بەوەی کە

ڕاگەیاندنەکانی شێوێندراون، لە هەمووشی گرنگتر، بەو هەڵوێستەی، مام جەلال وایان لێدەکات، کە شیعەکان بێن بۆ کوردستان‌و پارلەمانی کوردستان‌و مەراسیمی ڕێزلێنانی کاک مەسعود، یان بە پەلە بۆ پیرۆزبایی کردن لە بارزانی سەردانی بەڕێزیان دەکەن لە بەغدا، کەواتە بە واتایەکی تر مام جەلال‌و کاک مەسعود زۆر ڕێکن‌و برایانەو کوردانە کار بۆ سەرکەوتنی یەکتری دەکەن کەچی کاک حەمە سەعید حەسەن ئاژاوە دەنێتەوە دەخوازێ درز بخاتە نێوان ئەو هاوخەباتیی‌و برایەتییە زۆر بۆ کورد گرنگ‌و ستراتیژیە.

کاک حەمە سەعید لەوە ناگات، چوونی جەعفەری بۆ لای بارزانی بە ناچاری دانانی جەعفەرییە بەسەرۆکایەتی بارزانی لەکوردستاندا، بۆ ئەوەی کە کوردەکان لە دەسەڵات داینەگرن و لە حکومەتەمەیدا نەکشێنەوە، چونکە جەعفەری‌و شیعە بەبێ کورد هیچی ئەوتۆیان پێناکرێت. بەڵام کاک حەمە سەعید حەسەن بە ئەنقەست‌و بە مەبەست دەیباتەوە سەر ئەوەی کاک مەسعود سەنگی سیاسی لە مام جەلال زیاترە ئەو لەوە ناگات یان نایەوێت لەوە بگات، کە نە مام جەلال بەبێ هاوکاری‌و هاو خەباتی پارتی‌و کاک مەسعود دەبوو بەسەرۆک کۆماری عێراق، نە کاک مەسعودیش بەبێ پشتیوانی‌و هاریکاری ڕاستەقینەی یەکێتی‌و مام جەلال دەبوو بە سەرۆکی هەرێم، ئەو تەنها لەزمانی سووکایەتی کردن لە یەکێتیی تێدەگاو حەزە شاراوەکانی خۆی پێ تێردەکات‌و بێگومان خێریشی داوەتەوە بۆی‌و هەرنەبێ لە ئێستاشدا نانی کەوتووەتە ڕۆنەوەو ئەوەتا وەرگری خەڵاتی ئاراسیشە!

ئەوە ڕاستە کاک مەسعود کتێبی نوسیوە لەسەر مێژووی گەلی کوردو شۆڕشەکانی، ڕەخنەی توندیشی لە مام جەلال‌و سیاسەتمەدارو ئەدیبی



گەورەی گەلەکەمان بە هەشتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد گرتووە، بەڵام کاک مەسعود چونکە هەم لەسیاسەت تێدەگات‌و هەم بۆ ئێستاو بۆ ئایندەی کوردستانیش بە پەرۆشە، ڕێگای بە خۆی نەدا کە کتێبەکەی لە کوردستان بڵاو بکاتەوە بۆیە لەتاران بڵاوکرایەوە، مەبەستەکەش هەر ئەوە بوو کە زیاتر حەساسیەت، یان لەوە زیاتر درزو ناکۆکی دیکە نەکەوێتە نێوان یەکێتی‌و پارتی دیموکراتی کوردستان ، بە تایبەتی لەم کاتەدا، کتێبەکەی کاک مەسعود بێگومان هەر بڵاو دەبێتەوەو هەر کەسیش مەبەستی بێت هەر پەیدای دەکات، هاوکات کاک کۆسرەت‌و کاک نەوشیروان‌و کاک مەسعود، کە لەسەر یەکیان نوسیوە، شەڕیان کردووە لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی باڵای کوردستان ئامادەن بەیەکەوە دابنیشن‌و ناکۆکیەکانیان بخەنە لاوەو ببنەوە بە برا لەو ماڵە بەناحەزو دوژمن گەمارۆدراوەدا بەیەکەوە وەك‌و برا بژین، لە پێناوی دواڕۆژی پڕشنگداری کوردستاندا.

وەڵێ زۆر بەداخەوە، لە یادی سی ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی شیهاب‌و ئەنوەرو جەعفەرو ئارام‌و ئیبراهیم عەزۆ و عەلی عەسکەری‌و مامە ڕیشەو ئازاد هەورامی‌و کوێستانی‌و هەزاران قارەمانی تردا کاک حەمە سەعید حەسەن دێت شتێك دەنوسێت، بەناوی کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم تەنانەت سەلیم مەتەرو عەبدولباری عەتوانیش نایننووسن، فازیل بەڕاکیش زیندوو بێتەوە لە دژی کوردو سەرکردەکانی کورد لە کاتێکی ئاوادا نایانوسێت، من دڵنیام سایتی خۆشەویستی دەنگەکان، ئەو نوسینەیان بەسەردا تێپەڕی بوو، هەربۆیەش پاش ڕۆژێك لایانبرد. ئاخر سایتی دەنگەکان ڕێگا بەئازادی دەدات بەڵام حەزناکات سایتەکەی ببێت بە تەراتێنی شەڕێکی بێمانای وا بە وەکالەت کەسانی تر بیکەن، دڵنیاشم هەمان

نوسینی بۆ کاك عومەر فارسی کوردستان نێت بناردایە، بۆی بڵاو نەدەکردەوە چونکە کاك عومەر هەمان ڕۆژ پیرۆزبایی سیی ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی بەناوی سایتی سەربەزری کوردستان نێتەو بڵاوکرەوە. ئایا ئەو نوسینە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە کاك حەمە سەعید حەسەن بە جۆرێك لە جۆرەکان لە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی کوردایەتی یاخییە؟ ئایا ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە قەڵەمەکەی کاك حەمە سەعید حەسەن دەڕەتێنرێ بۆ شوێنی مەبەست، بەدەستووری پێشوەخت؟ ئایا ئەمە بۆ ناوبانگی خودی قەڵەمەکەی خۆی کارێکی ناشایستەو هەڵەیەکی زەقو ناوبانگ لێکەوتن نییە لە قوڕاوی بەرژەوەندیو سیاسەت دا؟ ئایا ئەمە ئەسەفێکی ڕۆشنبیری نییە بۆ خودی کاك حەمە سەعید حەسەن و بزاوتی ڕۆشنبیریمان؟!

کەم کەس هەیە بە ئەندازەی کاك حەمە سەعید حەسەن بە خۆیدا هەڵبدات بە ڕاستی داوای لێبوردن دەکەم کە بە کاك حەمە سەعید حەسەن بڵێم توشی گرێی بە خۆدا هەڵدان بووەو حەزی بە شاباشکردنی خۆیەتی، بۆیە من دەڵێم کاك حەمە سەعید حەسەن تووشی گرێی (شاباشو بەخۆهەڵدان بووە، توشی گرێی دەروونی منی باڵا) بووە.

ئاخر ئەوەتا کەس ئەوەندەی کاك حەمە سەعید حەسەن لە زماندا خۆی پێ دروست نییەو زۆر بەخۆیەوە دەنازێ لە زمانو نوسیندا. بەڵام هەڵەی وا گەورەش دەکات، لە درشتیدا وێنەی نییە.جارێ پێش هەموو شتێ دەکرێت بپرسین بە چ مافێك خۆی کردۆتە مەرجەعی زمانی کوردی لە کاتێکدا خۆی هەڵەی سەیرو سەمەری وا دەکات، کە مرۆڤ بە قوڵپە دێنێتە پێکەنین؟!، ئەگەر چی زۆر کەسی تر پێش من ڕەخنەی زمانەوانیان



لێگرتووە. یەکێك لەوانە کاك ( خەتاب سابیر) زۆر شتی ڕاستکردۆتەوە لە زمانو نووسیندا. منیش ڕوخسەت دەخوازمو هەندێ شتی تری بۆ ڕاستدەکەمەوە، بەڵام من وەکو ئەو ناڵێم هەڵەی درشت ناکەم، بەڵێ منیشو هەموو کەسێ دەشێتو سروشتیشە لە زماندا هەڵە بکات، چونکە تەمەنی نووسراوی کوردی ئەوەندە زۆر نیە شەرەفنامە ئەگەر یەکەم مێژووی نووسراوی کوردی بووبێتو بە سەرەتای نووسینی کوردی ئەژمار بکەین بەداخەوە خودی شەرەفنامە بە زمانی بێگانە نووسراوە، کەواتە دەکرێ بەو هەموو تەمەن کورتیەی نووسراوی کوردیشەوە خاوەنی شانازیو بەخۆنازین بین، بەڵان نەك وەکو کاك حەمە سەعید حەسەن خۆمان بە مامۆستای ئەوانەی دیکە بزانینو ئەوپەڕی بەخۆمانەوە بنازینو هەڵەی زەقتر لەوانە بکەین کە بەشاگردیان ئەژمار دەکەین.

بەشێك لەهەڵە زمانەوانیەکانی کاك حەمە سەعید حەسەن

١-کاك حەمە سەعید حەسەن، زۆر (ی) قووت دەدات، جاران دەینووسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام کاتێك نووسەرانی ناو یەکێتیی کردیان بە یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستانو دواتریش کرا بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەوساوە کاك حەمە سەعید حەسەن دەنووسێت ینك، لەبری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، بۆ خۆدزینەوە لەو هەڵە زمانەوانیەی کە بەسەریدا تێپەڕیوەو ئەو پێی نەزانیوە.

٢-پەرلەمان هەڵەیە، پارلەمان (Parliament) ڕاستە.

٣-هەر لەسەر (ی) قووتدان کاك حەمە سەعید حەسەن لەنامەکەیدا بۆ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریی سامی شۆڕش لە ٢٠٠٥/٦/٤ دا دەڵێ: گرنگ

نووسين نيه گرنگ چڕى نووسينه، دەبوايه بەم شێوەيه بينووسێت ( گرنگ نووسين نييه، گرنگ چڕيى نووسينه). لەهەمان شوێندا دەڵێ( وەزارەتى رۆشنبيرى)، دەبێ بڵێ (وەزارەتى رۆشنبيريى).

٤-كاك حەمە سەعيد حەسەن، بەرژەوەندو بەرژەوەنديى لێ تێكچووە، بەرادەيەك وەكو ئەو شارييە نەستەلەييە وايە، كە دۆينەو ترخێنە و تۆراغ لێك ناكاتەوە. ئاخر بەرژەوەند بە عەرەبيى بەماناى( قدير، مقتدر، قادر، فعال، كفوء، همام، فطن، حارق) دێت، بەڵام بەرژەوەنديى بە ماناى ( مصلحة) دێت، هەروەها بەرژەوەندى هەڵەيە، بەرژەوەنديى راستە.

٥-بەرژەوەندە باڵايەكان، هەڵەيە، بەرژەوەندييە باڵاكان راستە، ئەم هەڵەيە لەوە دەچێ عەرەبێك، توركمانێك، فارسێك فێرى كورديى بووبێت.

تێبينى: بۆ ئەم بەشەى حەمەنامە سوودم لە بابەتى نووسەرێك وەرگرتووە كە بە ئيمێڵ بەدەستم گەيشتووە، لەسەر داخوازى ئەو برادەرە خۆى، ناتوانم ئاماژە بەناوەكەى بكەم، ئەوە جگە لەوەى كە ئەم بەشە چەند رۆژێك لەمەوبەر نووسراوە، بەڵام بەهۆى سەرقاڵيمەوە نەمتوانى بۆ كوردستان نێتى ئازيزى بنێرم.



# حەمەنامەى ( ١٨ )

ماوەيەكە هەولێر بووەتە ئامانجى تيرۆريستانو لەجەژنى قوربانى ساڵى پارەوە ئەمە سێيەمين كارى تيرۆريستييە كە كارەسات بەسەر ئەو شارە دەهێنێو سەرجەم كوردستان ڕشپۆش دەكات، نێوانى دووەمين كارى تيرۆريستىو ئەوەى ئەمڕۆ ٢٠٠٥/٦/٢٠ تەنها (٤٥) رۆژە، واتە تەنها پێنج رۆژ بەسەر چلەى شەهيدانى ٤ ى مايسى ئەمساڵدا تێدەپەڕێ كە لە كردەوەيەكى تيرۆيستى ديكەدا زياتر لە (١٥٠) كەسى ديكە بەركەوتنو كە لەنێوانياندا (١٣) شەهيدو ( ١٠٢) بريندار هەيە.

لەكردەوە تيرۆريستيەكەى جەژنى قوربانى ساڵى پاردا كە كرايە سەر لقو مەڵبەندى پارتىو يەكێتيى لەهەولێر ژمارەيەكى زۆريش قوربانى لێكەوتەوە، كەناڵى ئاسمانى كوردستان تيڤى بەپەلە پەيوەندى بە كاك حەمە سەعيد حەسەنەوە كرد، وەكو بەڕێزيان پسپۆڕێكى بوارى سيكيوريتى يان ئەفسەرێكى خاوەن ئەزموونى نێو دامودەزگاكانى ئاسايش بێتو بتوانێ ئامۆژگارى بەكەڵك لەو بارەيەوە بخاتە ڕوو، من بەشبەحاڵى خۆم گلەيى لەوە ناكەم كە ئەو بەڕێزە نەيتوانى هيچ ئامۆژگاريەكى بەكەڵك بدات، چونكە ئەمە كارى ئەو نييە، بێگومان هەڵەى زەق، هى كوردستان تى ڤى بوو كە نەيتوانى بوو كەسى شياو دەست نيشان بكات بۆ وەرگرتنى ئامۆژگارى بەكەڵك يان زانيارى راستو دروست لەو بوارەدا، لەوانەيە هەڵەكەى كوردستان تيڤى زياتر لەوەوە سەرچاوەى گرتبێ كە كاك حەمە سەعيد حەسەن جگە لەوەى كە خۆى بە مەرجەعى زمانى كوردىو شاعيرو ساتيرنووسى هەرە مەزنو لێكۆڵيارى سياسىو كۆمەڵايەتىو ڕووناكبيرى بێ

ڕکابەری کوردستانی و نووسەری ناوداری کورد دەزانێ، لەهەمان کاتیشدا خۆی وەکو چاودێرێکی سیاسی شارەزاو کارامە پێشکەش کردووە، بەڵام لێرەدا کوردستان تیڤی ئازیز نەیتوانیوە نیشان بیپێکێ، چونکە جارێ پسپۆڕیو پرۆفیشناڵی کاك حەمە سەعید حەسەن لە بواری دژایەتی کردنی مام جەلال‌و یەکێتیی دایە، هەر بۆیەش بوو نەك هەر نەیتوانی هیچ ئامۆژگاریەکی بەسوود بدات، بەڵکو نەیتوانی وەکو ڕووناکبیرێکی ناسراو هەڵوێستی ڕوونی خۆی بدات، جگە لەوەی کە نەیتوانی خاڵ لەسەر پیتی کەموکوڕیەکانی ناو دامودەزگاکانی ئاسایش دابنێ.

لەو چاوپێکەوتنە تەلەفۆنیەدا لەگەڵ کوردستان تیڤی کاك حەمە سەعید حەسەن نەیتوانی بە جەسارەتێکی ڕوناکبیرانەوە بڵێ کەم‌و کورتیەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم لە هەولێری پایتەخت لەوەدایە کە تەزکیەی حزبایەتی‌و عەقڵی تاکحزبی، هەناسەی لەبەر ئەو دەزگا گرنگەی کوردستان‌و دامەزراندن‌و چوونە پێشی کەسانی کارامەو شارەزاو بەئەزموون‌و دڵسۆز بڕیوە، نەیتوانی بڵی گەندەڵی ئیداری‌و ڕۆتین‌و بەتاڵان بردن‌و دزینی قوتی خەڵك، ئەگەر چی دیاردەیەکی کوردستانی‌و هەرێم گیرە، بەڵام نابێ ئەم خۆرکەیە دەزگا سکیوریتیەکانمان بگرێتەوە، بەتایبەت لە پایتەختی هەرێمەکەمان، کە لە زۆر لاوە چاوی ناحەزانی تێبڕاوەو، هەر کەم‌و کوڕییەك لێی بە کەمو کورتی سکیوریتی لەسەر ئاستی هەموو هەرێمەکەمان لەسەر ئەژمار دەکرێ، نەیتوانی بڵێ پەرت بوون‌و دووکەرتبوونی دەزگای ئاسایشی هەرێم بەسەر دوو هێڵی تەریبی سەوزو زەردو خەریك بوونیشیان بە چاودێریکردنی یەکتریەوە، دەرفەتیان ناداتێ چاودێری نەیارانی دەرەکی‌و تیرۆریستە ڕاستەقینیەکانی ناو ماڵەکەی



خۆمان بکەن، نەیتوانی یان بە ئەنقەست‌و بەمەبەست ڕێگەی بەخۆی نەدا بەراوردێکی ئاستی ئاسایش‌و ئارامی لە نێوان ئەو دوو هێڵە تەریبەی سەوزو زەرد بکات یان سەرنجی دەزگای ئاسایشی هەولێر بۆ کەڵك وەرگرتن‌و هاوکاری‌و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ئاسایشی سلێمانی ڕابکێشێ، ئەو هەموو حیکمەتەی ئەو بەڕێزە نواندی لەو چاوپێکەوتنە تەلەفۆنیەدا، شکاندنی شانەیەك بوو لەسەری وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێرو فەرمووی ئەگەر ئەم کارە لە وڵاتێکی وەکو سوید بوایە یەکسەر وەزیری ناخۆی ئەو وڵاتە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەگەیاند.

ڕاستە وەزیری ناوخۆ ڕوو بەڕووی بەرپرسیارێتیەکی زۆر دەبێتەوە بەڵان ئایا بەڕێز سەرۆکی حکومەت ڕوو بەڕووی یەکەمین بەرپرسیارێتی نابێتەوە؟ ئەی بۆچی کاکە حەمە جەسارەت ناکات لەکات‌و ساتێکی ئاوا گرنگدا کە چاوی هەموو کورد لەسەر شاشەی ئەو تەلەفزیۆنەیە، لەکارەساتێکی ئاوادا ڕاستییەکان وەکو خۆی بڵێ، کە ئەرکی ئەوە وەکو ڕوناکبیرێك بیانڵێ؟ ئایا ئەمە چ هەڵوێستێك‌و چ جۆرە جەسارەتێکی ڕۆشنبیرانەیە لە سەنگەری بەشێك لە دەسەڵاتەوە تەقەی کوێرانە لەبەشەکەی دیکەی دەسەڵات بکەی، یان لە قەڵای ستایش‌و پیرۆزکردنی باوکەوە تیر لە کوڕانی بگریت، یان لە پەنای سەرۆکی وەزیرانەوە شانە لەسەری وەزیرەکانیدا بشکێنی!!.

گرنگ ئەوە نییە لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێ بین، گرنگ ئەوە نییە لە هەموو بوارێکدا قسە بکەین یان هەڵبدەینێ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، لەوبوارەی قسەی تێدا دەکەین یان تێیدا دەنوسین، چەند دەتوانین وابکەین شوێن پەنجەمان بەسەر ئەو کارانەوە دیاربێت، یان چەند دەتوانین وابکەین

ئەوەی کە دەیڵێن یان دەینوسین بزانین چەن بە کەڵکو بەرهەمدارە، یان چەند دەبێتە جێگای متمانەی ئەوانی دیکە، گرنگە بۆ نوسەر یان ڕوناکبیر لە نوسیندا، ئەوەی بیری لێبکاتەوە هەق بێژیو ڕاستگۆیی بێت، کە ئەمە پەیامی یەکەمو هەرە گرنگی نوسەرانی ڕاستەقینەو داهێنەر بووە لە زەمانی سەرهەڵدانی فکرو فەلسەفەو ڕوناکبیرییەوە هەتا ئەمڕۆ، نەك وەك بەڕێز حەمە سەعید حەسەن کە کۆتی خەڵاتو دەست لە پشتدانی دەسەڵات هەمیشە قەڵەمەکەی بە لاڕێدا دەباتو واشی لێدەکات بەناچاری دەست بە هەموو کونێکدا بکات.

ئەگەر چی بەلای منەوە گرنگ نییە بۆ ئەمەریکا بەڕێز بارزانی یان بەڕێز تاڵەبانی جێگەی بایەخە، هەروەکو چۆن بەلاشمەوە گرنگ نەبوو فڕۆکەکانی ئەمەریکا کە خاتوو کۆندۆ لیزا ڕایسیان هەڵگرتبوو لە هاوینە هەواری سەڵاحەدین یان هاوینە هەواری دووکان یان قەڵاچوالان نیشتەوە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو شوێنەیە کە کورد لەنێو نەخشەی ڕۆژهەڵاتی گەورە لە ناو دۆسیەو ئەجندە سیاسیەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ ئەو ناوچەیە هەیانە بۆی دیاری دەکرێت، جا ئەم دیاریکردنە لە ڕێگای بایەخی تاڵەبانی یان بارزانی بێ بۆ ئەمەریکا دیسان بۆمن گرنگ نییە، ئەگەر چی لەم باوەڕەدام هەردووك بەڕێزان بەیەکەوەو لەگەڵ هەردوو پارتەکانیاندا بۆ ئەمەریکا جێگەی بایەخن، هەربۆیەش لەم بەراوردکارییەی کە وەکو نموونە بۆ بەڕێز حەمە سەعید حەسەن دەیانهێنمەوە بە هیچ شێوەیەك مەبەستم ئەوە نییە کە بەڕێز تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ زیاتر جێگای بایەخی ئەمەریکایە وەك لە بەڕێز بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڵکو تەنها دەخوازم بە کاك



حەمە سەعید حەسەن بڵێمەوە کە چەند کۆڵەوارە لە دنیای سیاسەتو پەیوەندی نەریتە دیپلۆماسییەکان، چونکە لەسەردانی کۆندۆ لیزا ڕایس بۆ لای سەرۆکی هەرێمو سازادنی کۆنگەری ڕۆژنامەنوسی لەگەڵیدا وای لێکدایەوە کە ئەمە نیشانەی بایەخی زیاتری ئەمەریکایە بۆ بارزانی، مادام خاتو کۆندۆ لیزا ڕایس کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ تاڵەبانیدا نەکرد، ئەگەر چی لەبەشەکانی دیکەی حەمەنامەدا وەڵامم دایەوە بۆیە ناخوازم لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەخوازم بیڵێم ئایا بۆچی سەرۆك بۆش لە ڕێگای تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقەوە کە هاوتای دیپلۆماسی خۆیەتی پیرۆز بایی لە بارزانی سەرکۆماری هەرێمی کوردستانە کرد، ئەی بۆ ئەمەیان کاکە حەمە چی دەڵێت؟

ئەگەر چی من لە ناخمی دڵمەوە دەخوازم سەرۆکی هەرێمەکەی ئێمە لەسەر گەورەترین ئاستی دیپلۆماسی پێشوازیو پشتیوانی لێبکرێو، ئەو هەڵوێستەی تاڵەبانیش بەرز بنرخێنم کە بە هەموو توانایەکەوە لە پشت دروست کردنی ئەو شوێنە شایستەیەیە، کە هەموو خەڵکی کوردستان دەخوازن سەرۆکەکەیان هەیبێت، سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسیش لە کۆشکی کۆماری لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا شکاندنی هەموو ئەو بەربەستانەیە لە عێراقەوەو کردنی ئەو سەرۆکایەتیەشە بە دیفاکتۆی کوردستان بەر لە داڕشتنو نوسینەوەی دەستووری عێراق، ئایا بۆچی کاك حەمە سەعید حەسەن ئەم ڕاستیانە بۆ مێژوو ناخاتە ناو جەلالی نامەو سەرکۆمارنامەکەی یان کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم؟ خۆ بەڕێز بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بە نوێنەرایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بۆ یەکەم جار لە پارلەمانی عێراقدا بە عەرەبی هاتە گۆ، ئەی بۆ کاك

حەمە سەعید حەسەن نقەی لێوە نەهات؟ ئەگەر چی ئەوە بۆمن گرنگ نەبووو کە بارزانی سەرۆکی هەرێمەکەی خۆمان یەکەمجار بەعەرەبیو دواتر بەکوردی وتاری خۆی خوێندەوە، بەقەد ناوەرۆکی وتارەکە کە لە دەنگی دلێرانەی خەڵکی کوردستان دەچوو لەزاری یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی خۆیانەوەو بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی پارلەمانی عێراقدا.

بۆ ئەوەی بەڵای تیرۆر لە وڵاتەکەمان دوور بخەینەوە، بۆئەوەی ڕێگە بگرین لەکارەستای دیکەی خوێناوی پێویستە ڕوناکبیرانمان بە دەنگێکی بەرزتر داوای زووتری یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم بکەین، یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە نەك بە ناوی یەکگرتنەوەوە کلاوێکی دیکە بخرێتە سەر خەڵکی کوردستانەوە، وەزارەتە گرنگەکان لە ناویشیاندا وەزارەتی ناخۆ، لە ژێر پەردەی دانانی وەزیرێکی هەرێمدا بۆی هەر بەدوو کەرتیو دوولەتی بمێنێتەوە، با کاك حەمە سەعید حەسەن سەرقافڵەی کارێکی لەو چەشنە بێت نەك شتی لاوەکیو تاکەکەسیو بریندارکەر، کە نەك هەر خێر بۆ کورد نادەنەوە، بەڵکو شەڕی کورد کوژەشی بۆ دینێتەوە بەردەرگا.



## حەمەنامەی ( ١٩ )

لەنێوەندی ئەدەبی و ڕوناکبیری ئێمەدا بەگشتی و، لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەتایبەتی، کەس بەقەد کاك حەمە سەعید حەسەن ئارەزووی خۆدەرخستن و ستایش کردنی خۆی نیە، هیچ ڕووناکبیر و شاعیرو نوسەرێکمان نەلەمێژووی کۆن و نەلەمێژووی تازەماندا بەقەد ئەو بەرێزە نازناوی سەیر و سەمەرەی دانە تاشیوە، کەس نەبووە بەقەد ئەو بۆ شکاندنی قەڵەم و، ڕێڕەوی بیرکردنەوەی جیای ڕکابەرەکانی ناوو ناتۆرەی بۆ بەرامبەرەکانی خۆی هەڵبەستبێ ، نوێترینیان و ڕەنگە بتوانین بڵێین سەمەرەترینیشیان خۆکردن بەشالوور و ئەوی دیکە کردنە بەتوتی.

لەنێو ئەدەبیاتی کوردی هەمیشە ئەو بەکوردی شانازی کردنە، نەك بەخۆ نازینەی حەزرەتی (نالی) م لەبەرچاوە، کەبەدەنگی بەرز بانگی شیعری کوردی داو، بەزمانی شیرینی کوردی فەرمووی(کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە خۆکردییە ، هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا)، حەزرەتی پیرۆزی نالی ئەگەرچی خاوەنی ناوبانگ و سەروەریەکی ئەوەندە مەزنو، سەرمایەیەکی ئەوەندە پیرۆزە ، کەڕەوابوو ، هەم خاوەنی بەخۆنازین و هەم جێگەی پێزانینی هەموو کوردبێت، کەچی ئەو زاتە نەهات بەرگری لەخۆی بکات و نازناوی زل و قەبە بەدواخۆی بخاتو سوکایەتیش بەبەرامبەرەکانی، ئەو زاتە تەنها فەرمووی(کوردی و عەرەبی و فارسی، هەرسێم بەدەفتەر گرتووە، نالی حاکمی سێ مووڵکە ، دیوانی هەیە )، نالی کە تائێستاش ئیمپراتۆری شیعری کوردییە، سەرەڕای ئەو هەموو ناهەقی و دژایەتی کردنە ناڕەوایەی لە سەردەمەکەی خۆیدا لەلایەن کۆلکە

شاعیرو خوێندەوارەکانی وابەستە بەزمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی دەرهەقی کرا، کەچی نەیەك ناتۆرەی بۆئەوان هەڵبەست و نەیەکجاریش ستایششی خودی خۆی کرد. کەچی کاك حەمە سەعید حەسەن وەك پەرێزی دیارە، نەلە شیعردا دەشێت ببێ بە حەزرەتی نالیو، نە لە بوارە ڕووناکبیریەکەشدا توانیوویەتی بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتیانەوە دوورلە ئامانج و دەسکەوت و بەرژەوەندی تاکە کەسیانەی خودی خۆی، ئەگەر تەنها جارێکیش بێت، بێتە مەیدانی نووسین و ڕووناکبیریەوە، کەچی لەسێ دێڕدا دوودێڕی ستایشە بۆ خودی خۆی و دێڕەکەی تریش بۆشکاندن و بەدواخستنی ناتۆرە، بۆئەوانی دیکە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش بالۆرەی شالور بوونیشمان بەسەردا لێ دەدا.

پێناسەکردنی هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی کورستان بەهەلومەرجێکی ناسك، خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی واقعیانەیە بۆخودی ئەو بارودۆخە بەفیعلی ناسکەی کوردستان، نەك پاساو، یان هەوڵێك بۆشاردنەوەی گەندەڵی و دزینی پارووی قوڕگ و پارەی گیرفانی خەڵك، ئەوە هەرگیز من نیم پارەی کاش و خەڵاتی چەور بمکات بەئەندامی گوێ لە مستی حیزب، ئەگەر چی شانازی دەکەم بەوەی ئەوەندەی لەدەستم هاتبێ ڕۆژێك درێغیم نەکردووە لەو ئەرکانەی کەوەکو ئەرکێکی ئەخلاقی ونیشتیمانی بەئەرکی خۆمم زانیوە، جا ئەو ئەرکانە چ لەناو شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەماندا بووبێ یان لەڕێگەی هەوڵە ڕۆشنبیریەکانی خودی خۆمەوە بووبێت ، ئایا بانگەشە بۆقوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پتەوکردنی پردی متمانەی نێوان پارتی و یەکێتی، نێوان بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی، بۆکورد گرنگترە یان نەك کای کۆنیش بەڵکو کای ڕزیو بەباکردن؟ ئەگەر ڕەچاوکردنی ئەم ئەرکە



ئەخلاقی و نیشتیمانیانە پێناسە بکرێت بە ئەندامی گۆێ لەمستی حیزبی و ، کای ڕزیو بەباکردن و دەهۆڵ کوتانیش بۆشەڕی ناوخۆ بەکاری نووسەرانی ئازاد ، دەبا من هەر ئەندامی گوێ لەمستی حیزب و ڤیروسیا کاکە حەمەش شالورو نوسەری ئازاد.

کە تاڵەبانی ئەوەندەی مرونەت کێشا لەپێناوی کوردایەتی، ئیدی نەك فاولێکی نەدا بەدەست ناحەزانی کوردو کاکە حەمەشەوە، بەڵکوو بە هاوکاری سەرۆکی هەرێمی خۆشمانەوە چەند گۆڵێکی زێڕینیان بۆ کورد تۆمارکرد، ئیدی دەبێ کاکە حەمە بەدوای دوعایەکدا بگەڕێ بۆئەوەی هەم هەندێ خەڵکی ساویلکە پێی بڵێن ئامین و هەم بەردەوامی ڕەزامەندی بەشێك لە دەسەڵاتی کوردی بۆخۆی بەمسۆگەرکراوی بهێڵێتەوە، دەبێت دوای تاڵەبانی گڕیشەی خوی لەدیارترین سەرکردە خاوێنەکانی نێو مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بئالێنێ، سەرکردەیەك کەزۆربەی کورد بەنمونەی خۆنەویستی و دەسپاکی و تێکۆشانی ناودەبەن، سەرکردەیەك کە مێژووی بۆ یەکێتیو کورد خوڵقاندووە، لە ڕۆژگارە هەرە سەختەکانداو نائومێدبوونی میللەتێکی گۆڕی بە جارێکی دیکە هەڵسانەوە، لەپەنای گاشەبەردێکی چیا سەر کەشەکانی کوردستانداو لەگەڵ تاڵەبانی، شیان بزاڤی ئازادیخوازی نوێی کورد بخووڵقێنن، بەوەی کە وەکو سەرکردەی شۆڕشەکە لەناو خاك و شۆڕشدا بمێننەوە، تا شەهید بوون یان بە ئاکام گەیاندنی شۆڕشی کورد و سەرئەنجام و بەئاکام گەیاندنی ئەو بەڵێنەش، کاکە حەمە گەمەیەك دەکات بەنووسین بەڵام نازانێت کەدەستی نوسینی ئەو گەمەیەی هەر لەسەرەتای یاریەکەوە لای بەرامبەرەکانی کەشف بووە.

شالور و تووتی ، نووسینی حەمە سەعید حەسەن ، سایتی دەنگەکان ، ژمارە ١٦ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٢٢.

# حەمەنامەی (٢٠)

دەست دانان لەسەربرینەکان بەمەبەستی سارێژکردنیان کارێکی مەعریفی و نیشتیمانی و ئەخلاقیشە، بەڵام ئایا دەست خستنە سەر ئەوبرینە بەسۆیانەی، کەهێشتا تك تك خوێنیان لێ دەتکێ، بۆمەبەستی کولانەوەیان وەکو ئەوەی کاك حەمە سەعید حەسەن دەیکات، شەرعیەتێکی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئەخلاقی و نیشتیمانی هەیە؟ چ جۆرە سەودا و مامەڵەیەکی مەعریفیانەیە لەگەڵ ڕەوتی ئەو ڕوداوانەی کە ئەمڕۆ پێویست دەکات بەوردی و، بەئەوپەڕی ئاگایی و نیەتی کوردستانیانەی ساغلەمەوە، مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت، هەموو جەولە بەردەوام و شوومەکانی شەڕی براکوژی، کارێکی نەك ئازایانەی مەعریفیانە نییەو شایانی خۆ پێوە بادان و سنگ دەرپەڕاندن نین، بەڵکو کارێکی تەواو ئەنتی مەعریفیانەیەو بە سەدو هەشتا پلەش پێچەوانەی ئەو پەیامە مەعریفی و نیشتمانی و مۆراڵیانەیە، کە مەعریفە دەبێت دیسکۆرسی هەماهەنگی وچاودێری خۆی لەقۆناغی ڕزگاری نیشتمانی دا لەسەر بنیات بنێ .

لەکوردستانێکی پاشکۆی عەقڵی باوکسالارانەی ڕۆژهەڵاتی و پاشکۆی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆجی و سەرخان و ژێرخانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، ئەوەندە دیاردەی دزێوو ئەنتی پێشکەوتن و نوێخوازی ومافی مرۆڤ هەیە، ڕووناکبیری کوردی دەستەوەستان نامێنی بۆ تیشك خستنە سەریان، دیاردە دزێوەکان هێندە کەم نین تا ڕۆشنبیرانی کورد بێن بەواقیعێکی خۆرئاواییانە مامەڵەی خۆیان



لەگەڵ دیاردەو کێماسیە سیاسیەکانی ئەمڕۆی وڵاتەکەماندا بکەن وەهەمان ئەو ڕۆڵە وازی بکەن کە گوتاری مەعریفی خۆرئاوا لەگەڵ دامودەزگا دەوڵەتیە مکوم و چەسپاوەکانی خۆیاندا دەیکەن. ئەمە ئەو پەڕی خۆ گێلکردنە یان ئەوپەری تێنگەیشتنە لەواقیعی سۆسیۆلۆجیو سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و هەرگیز ناتوانێ لەئیمڕۆدا جگە لەزیان هیچ بەرهەمێکی بەکەڵکی لێ شین ببێت .

ڕۆژانە دەیان ژن دەکەونە بەر ڕەحمەتی عەقڵی خێڵەکی و بەربەریانەی قانونە جەنگەڵیەکانی عەشیرەت کەلە پەنای بە ناو حیزبە مۆدێرن و علمانی و دیموکراتخوازەکانی کوردستانەوە خۆیان وەکوو کەڵەگا مەڵاس داوەو بەناوی پاراستنی شەرەف و شکۆمەندی پیاوانەوە، بەناوی پاراستنی نەریتە رزیوەکانی خێڵەوە نەك هەر ڕەشەکوژی ژنان بێمنەتانە بەردەوام دەکەن، بەڵکوو ئەوپەری سوکایاتی بە باوەڕ و هێڵی فکری حیزبەکانیان وهەموو بەها مۆراڵی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و مرۆڤایاتیش دەکەن، ئایا ئەم دیاردە دزێوانە بایی ئەوەندە گرنگ نین کە ببنە بنەمای کارکردن وگوتاری بەناو ڕۆشنبیریمان؟ ئایا ئەو تاوانە زەبەلاحە کۆمەڵایەتیانەی دەرهەق بەنیوەی کۆمەڵ و دایکی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگای کوردستان لەپەنای عەشیرەت حیزبەوە دەکرێن سەدان جار پێویستتر نین بۆ ئەوەی لەقاو بدرێن، وەك لەو فاولانەی سەرۆکێك یان سەرکردایەتی حیزبێك لەپەنای گەمەی سیاسییەوە وەکو مجامەلەیەکی سیاسیی لەگەڵ بەرامبەرەکانی دەیان کات؟ ئایا پێویستە دەست لەسەر کام برینانە دابنێین؟ ئایا ئەو برینانە سارێژ بکەین یان بەشێوازیکی دیکە بڵێم هەوڵ بدەین ئەو خوێن بەربوونە بەردەوامە بوەستێنین کە بێ پەروا لەڕێگەی ڕەشەکوژی

ژنانەوە خەریکە گیان لە ژیانی نیوەی کۆمەڵگایەکەمان دەستێنێ یان ئەو برینانە بکولێنینەوە کە لەرێگایەوە دوور نییە ئایندەمانی پێ بکوژین؟!.

ئەگەر شالورەکەی ماڵی خۆمان بەم شێوەیە گۆرانی بۆ خۆشکردنی ئاگری شەری براکوژی بچرێ، دەبێت گورگە بۆرەکانی هاوسێمان بەچ لورەلورێك، خۆیان بۆ کەلەپاچەکردنی ئایندەمان لەبۆسە نابێ، ئەگەر بەم هەموو تەنیایی و مەرگ و برینانەی جەستەی رووتەڵەی خۆمان و بەم نیشتمانە کەساسەمانەوە، بەو هەموو مێژووە خوێناوی و کارەسات و مەرگەساتانەمانەوە، رووی دەمی برایانە بکەینە ئەو قەڵەمانەی کە گەرەکیانە خەرمانی دەسکەوتەکانی میللەتەکەمان بەناوی ئازادی رادەربرینەوە، لەجەولەیەکی دیکەی شەری نەگریسی کوردکوژی دا بێباکانە گڕ تێ بەردەن، بە ئەوپەری راستگۆیی نیشتمانی و لەگفتوگۆیەکی ئازادانەی روناکبیرانەدا بەدەنگێکی بەرز پێیان بڵێین براینە تکایە لێرە بوەستن تکایە بەرژوەندی نیشتمانی و راستگۆیی پەیامی روناکبیریتان بخەنە سەرووی هەڵپەی ناوبانگێکی وەختی‌و، سەربەخۆبونتان بەپارەی مۆڵ و خەڵاتی چەور مەگۆرنەوە، ئایا ئەمە بەمەرامی دیزە بە دەرخۆنەکردنی کام تاوانانەیە، چ سوودمەند بوونێکی تاکە کەسی و کام دەسکەوتی حیزبی لەپشتە؟ راستی ئەو خۆرە پرشنگدارەیە نەبوختان دەتوانێ بەری بگرێت و نە ئەدەبی چەواشەش دەتوانێت لەدرەوشانەوەی بخات، گالیلۆی زانای مەزن و قوربانی راستی و هەق بێژی کە تاریکبیرو پیاوانی نەزانی و بیری خورافیەتی کلێسا، پەتەکەیان بەتاوانی راستی گوتن کردە ملی بەدەنگی بەرز گوتی: (مەرگی من هیچ لەراستی سورانەوەی زەوی کەم ناکاتەوە، زەوی هەر لەسورانەوە دایە).



## حەمەنامەی ( ٢١ )

لە دیدارێکماندا لەگەڵ بەرێز مام جەلال کە وەکو دەستەی نوسەرانی (گۆڤاری روانین) چووبوینە لای بەرێزیان لە بەهاری ساڵی ١٩٩٨، لە بەرامبەر ئەو شێوازە لیبراڵییەی کارکردنمان کە هەندێ بەرپرسی حیزبی پێی سەغڵەت ببوون، مام جەلال وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی کەوتە سەنگەری دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەمان‌و زۆر راشکاوانە هەموو جۆرە هاوکارییەکی خۆی پێ راگەیاندین‌و بەمەش ئەو هەوڵەی بەمەبەستی کەوی کردنی گۆڤارەکەمان خرا بووە کار شکستی هێنا ،چونکە لەلایەك بە هیممەتی مام جەلال گۆڤارەکەی ئێمە بووە خاوەن بودجەیەکی تایبەت‌و لە لایەکی دیکەشەوە هەموو جۆرە پێداویستیەکانی چاپەمەنیشی بۆ دابین کرا.

بۆ هەموو ئەو هاوکاریانە مام جەلال تەنها یەك تاکە مەرجی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە هەوڵبدەین هەمیشە سەربەخۆبوونی خۆمان بپارێزین هەمیشە رۆژنامەنووسی بەجەسارەت‌و راستگۆ بین‌و چاو لە هیچ کەم‌و کورتییەکی ئۆرگانە حیزبی‌و حکومییەکان بە تایبەت هی یەکێتیی نەپۆشین، لەم بارەیەوە گوتی: کام دیکتاتۆر هەیە لە دنیادا لاری لە ستایش‌و پێهەڵدانی خۆی بێ، هیچ دەسەڵاتێك نەبووە لە دنیادا حەزی لە ستایش‌و پیا هەڵگوتنی خۆی نەبووبێت، ئەمە هیچ گرنگییەکی نییە، پێوەری راستەقینە بۆ دیموکراسی بوونی دەسەڵات قبوڵ کردن‌و گوێگرتنە لە رەخنەی ئەوی دیکە یان قبوڵ کردنی رای جیاوازی ئەوی دیکەیە).

لەم سۆنگەیەوە دەتوانم بە کاک حەمە سەعید حەسەن بڵێم، مام جەلال لە کۆبوونەوەیەکی خۆیدا لەگەڵ چینو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، زۆر دژی ئەو چەپڵەو موجامەلانەیە کە لە دیدارو کۆبوونەوەکانی خۆیدا بەناچاری ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمە سەرچاوەکەی لە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکەوە هاتووە، لە پێزانینی ئەوانەوەیە بۆ تەمەنی ٥٦ ساڵەی خەباتو تێکۆشانی ئەو پیاوە کە بەڕاستی سەرۆکو دیپلۆماسو پێشمەرگەیەکی تێکۆشەرە، ئەگینا ئەوەی بۆ تەنها جارێك لەگەڵ مام جەلال دانیشتبێ تێدەگا کە مام جەلال چەندە سەرکردەیەکی خاکیو چەند پیاوێکی میهرەبانو ساکارە لە پەیوەندیو موجامەلەی ڕۆژانەدا، بەچەپڵە پێشوازی کردن لە مام جەلال پەیوەندی بەو دابو نەریتو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیو کلتورە ڕۆژهەڵاتییەوە هەیە کە کوردستانیش وەکوو هەرێمێك لە هەرێمەکانی ئەو ڕۆژهەڵاتە، لە سێبەری هەمان کلتورو پەیوەندی کۆمەڵایەتی دایە، شتێك نییە بە بڕیار یان بەحەزی مام جەلال دروست بووبێت.

(خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، یەکەم ژنە وێنەگری ڕووداوەکانی خەباتی شاخ) ئەو ژنە شۆڕشگێڕو میهرەبانو سادەو ساکارەی کە هەمیشە بەسەربازی ونی نێو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ناو دەبرێ، نموونەی ئەو ژنە خۆشەویستانەیە کە هەمیشە مۆم ئاسا لە سووتانی خۆیدا ڕووناکی بۆ ئەوانی دیکە بەخشیوە، ئەو شۆڕە ژنە بۆ شۆڕشو کوردایەتی، کامیرای مەردایەتی خستۆتە سەر شانو هەڵمەتو چالاکییەکانی پێشمەرگە، ژیانی سەختو دژواری ناو شۆڕش، سروشتی ژیانی کولەمەرگی گوندنشینەکانی کوردستانو مێژووی ڕووداوەکانی شۆڕشی کوردستانی لە سەختترینو



دژوارترین قۆناغەکانی شۆڕشدا بۆ کورد تۆمار کردووە، کە بەڕاستی ئەوە دەبێتە یەکەم هەوڵی جدی بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژووی شۆڕش لە مێژووی شۆڕشە بەردەوامەکانی کوردو کاری مێژوونوسانی کورد زۆر ئاسان دەکات لە نوسینەوە یان هەڵسەنگاندنی ڕووداو بەسەرهاتەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، کە دەنگی ڕەسەنو پێشەنگی پڕ لە جەسارەتی مێی تانهۆی شیعری کوردیە لە پێشەکی چاوپێکەوتنێکدا کە لەبەرنامەی ( لە هەر باخەی ژنێ) لەگەڵ خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، لەیادی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات دا لەگەڵی سازدا بوو، دواتریش هەمان چاو پێکەوتن لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٣٦٩٢ ی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٥/٦/٨ بڵاوکرایەوە، سەبارەت بە خۆنەویستی ئەو ژنە تێکۆشەرە یەك ڕاستی زۆر گرنگی درکاندووە، کە لێرەدا بە گرنگی دەزانم وەکو خۆی وەری بگرمو دواتر لەگەڵ ڕایەکی کاك حەمە سەعید حەسەن بەراوردی بکەم، جا با خوێنەری بەڕێزیش خۆی بڕیار لەسەر ویژدانی هەردوو ئەو شاعیرە بدات، خاتوو کەژاڵ ئەحمەد لە پێشەکی ئەو دیدارەدا نوسیویەتی (ئەگەرچی بیستبووم هەر دیدارێکی ڕۆژنامە نووسی ڕەت دەکاتەوە، بەڵام مانگی ٥ی ساڵی ١٩٩٧ داوام لێکرد بە بۆنەی یادی دامەزراندنی (ی.ن.ك)ەوە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ ئەنجام بدەم، لە وەڵامدا پێی وتم ئێستا نا بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو دیدارە دەکەین، وتیشی تا ئەو کاتەش ئەگەر دیدارێکم لە کوردستاندا کردو ڕۆژنامەنوسەکە تۆ نەبویت گلەییم لێبکە... خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بۆ پەیمانەکەی بە وەفا بوو، ئەوە بوو لە یادی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی (ی.ن.ك)دا وەك میوانی ژمارە شەشی لە هەر باخێ

...ژنێ، هەر وەك خاوەن ماڵیش لە ستۆدیۆی کوردسات ئامادە بوو، بەم جۆرەش توانیم یەکەم دیداری ڕۆژنامەنوسی لە کوردساتاندا لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین‌و خانمی یەکەمی عێراق ئەنجام بدەم)، کەواتە خاتوونێك، شێرە ژنێکی وەکو خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دوای زیاتر لە هەشت ساڵ چاوەڕوانی ئەوسا دیدارێکی ڕۆژنامەنوسی لەگەڵ ڕۆژنامەنوس‌و شاعیرێکی ناسراوی وەکو کەژاڵ ئەحمەد ئەنجامداوە، ژنێك ئەوەندە خۆنەویست‌و ئەوەندە خزمەتگوزار بێت، چۆن ڕەوایە کاك حەمە سەعید حەسەن بە ( شابانوو) ناوی ببات، شابانووی ئێرانی ڕەزا شای گەورە پاشای ملهوری ئێران‌و دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردو یەك لە داڕێژەرانی پیلانی ڕێکەوتننامەی جەزائیر کە هەرەسی شۆڕشی مەزنی ئەیلولی لێکەوتەوە، ناوبردنی یەکەم ژنە وێنەگری ڕووداوە سەختەکانی شۆڕش لە شاخ بە(شابانوو)، جگە لەوەی کاك حەمە سەعید حەسەن خۆی گوتەنی کارێکی قەڵەم وەشێنانەیە، جارێکی دیکەش ڕاستی ئەو دەستەواژەیەی کاکە حەمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە دەفەرموێ (دیکتاتۆریترین دەسەڵاتی کوردیم، لە دیموکراتیترین دەسەڵاتی داگیرکەران پێ باشترە).

هەموو خەڵات‌و پاداشتی دنیا ناتوانن یەك دێڕ لە مێژووی تەمەنی نوسینی نوسەران بسڕنەوە، هەر بۆیە نوسەر دەبێت زۆر بە ئاگایی‌و بە ئەوپەڕی قەناعەت‌و هۆشیاری خۆیەوە بنوسێت، نوسەر ئەگەر نوسینەکانیشی بە بروسکە یان لە ژێر گوشارو تەکلیفدا، یان مەرام‌و مەبەستی دەسکەوتی تاکە کەسی خۆی بنوسێ، ئەوەی کە ئەمڕۆ بە گەوهەر بە خوێنەرانی دەفرۆشێت، بێگومان سبەینێ دەبێت بە تۆزی بەرباد، ئەوەتا تەماشا بکەن ئەو شەکرەی کە دوێنێ کاکە حەمە دەربارەی یەکێك لە



سەرکردە دیارو ڕووناکبیرەکانی کورد، دەربارەی کاك نەوشیروان مستەفا سەرکردەی خاوێن‌و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە (شالوورو تووتی) دا دەیشکاند، تەنها پاش چەند ڕۆژێك لە پێناو ئاشتی نێو ماڵی کوردو پوچەڵ کردنەوەی هەموو ئەو باڵۆرانەی کە نەزان‌و ناحەزان لێی دەدەن، بەڕێزیان بە هەر دوو دەست، دەستی بەڕێز بارزانی یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانەکەی خۆمان دەگوشێ، کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتیی و پارتی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم‌و ئامادە بوونی کاك نەوشیروان، جگە لەوەی مژدەی هاو خەباتی‌و هاوپەیمانێتی زیندوی نێوانیانە، ئەو تۆمەتانەش دەکاتە بڵقی سەر ئاو کە پێی وایە سەرکردەیەکی ئاوا کوردپەروەری وەك کاك نەوشیروان بەشداری ئەو کۆبوونەوانە ناکات کە لە سێبەری ئاشتیدا بە ڕێوە دەچن، لێرەدا ڕەوایە بپرسین ئەرێ بە ڕاست کێیە چاوی بە ئاشتی نێو ماڵی کوردان‌و دەست لە ناو دەستی براکان هەڵ نایە؟

## حەمەنامەی ( ٢٢ )

ئەوەی نەتوانێ خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ هەلومەرجو قۆناغەکانی شۆڕشی کورد بکات، ئەوەی کەپێیوایە ئەرکی رەخنەگری کورد ئەرکێکی مەعریفی ڕووتو، نووسینو بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە وتارێکی لاوازو بازاڕییە بەزمانێکی توندڕەوی منداڵانە، بانەك خاوەنی کتێبێك، باخاوەنی سەدان کتێبی چەندبارە چاپکراویش بێت، بالەجیاتی خەڵاتی دەزگای ئاراس، باوەرگری خەڵاتی نۆبڵیش بێت، بانووسەرێکی ناسراویش نەبێت، بلا با نووسەرێکی ب ناڤ و دەنگی وەك هێژا (حەمەسەعید حەسەن) یش بێت، پێویستی زۆرو زەوەندی بە بەخۆداچوونەوەو رەخنە لەخۆگرتنو خۆناسینو ئەوانی دیکەش ناسینە، پێویستی بەبژارکردنێکی وردو، سەرەنجامیش پێویستی بەپلانو پڕۆژەی کارا هەیە هەم بۆ تێگەیشتن لەئەرکە زەوەندو قورسەکانی رەخنە، هەم بۆ خۆنیشاندان وەکو رەخنەگرێکی باڵادەستو دروستکەرو بێلایەن.

کاری رەخنەگران کارێکی مەعریفیو مۆڕاڵیشە، کارێکە لەهەناویدا پەیامێکی هۆشیارانەو ئازایانەو مرۆڤانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کارێکە لەدەستی دێت جوانیە شاراوەکان، مرواریە گرانبەهاکان لەقووڵاییەکانی دەق دەربهێنێو ڕێگەنەدات خوێنەری سادە وردە ماسیەکان بە گەوهەرو مرواریە شاراوەکان بکرن، رەخنە ئەگەر هەر بۆ رووخاندنو وێرانکردن بێت، ئەوا سەرچاوەکەی بێگومان لەرقو دەمارگیریو رەتکردنەوەی کوێرانەی ئەوانی



دیکەوە دەبێتو، بەدەر دەبێت لەخەسڵەتە هیومانیستیەکانو ناتوانێ هیچ ئیستاتیکایەکی رووناکبیریانە بەشوێن خۆیدا دروست بکات، ناتوانێ ئەو دابڕانە کاتیو شوێنیە لەگوتاری باودا بخوڵقێنێ، بۆ ئەوەی چانسی زیاتر بدات بەگۆڕانو،ئەگەرە پۆزەتیڤەکانی گەشەکردنیش بە بەردەوامیو بەئاواڵەییو کراوەیی بەجێبێڵێ.

لەو پێودانگەوە ئەو بۆ چوونەی کاك حەمە سەعید حەسەن جێگای حەپەسانو ئەسەفی رووناکبیرانەشە کەدەڵێ( رەخنەناگرم یان کە رەخنەم گرت رەخنەی وێرانکەر دەگرم). رەخنەی وێرانکەر هەمیشە ئەو رەخنەیە بووە، کە لەڕێگەی دەسەڵاتو، لەئەنجامی سازشو هاوپەیمانی مەعریفە لەگەڵیدا، لەپێناوی خزمەتکردنو پیرۆزکردنی دەسەڵات، لەژێر دنەدانو ڕێنماییو فەرمانەکانی دەسەڵات لەپێناوی چەپاندنی دیسکۆرسی رۆشنبیریدا، ئەو بێهێزیەی پێ بەهێزکراوە کەلەناو جەوهەری هێزی دەسەڵاتداراندا هەڕەشەی لەخودی ئەو دەسەڵاتە کردووە، کەتوانیویەتی رۆشنبیری چەواشە دروست بکاو رۆشنبیری وابەستە بەرهەم بهێنێ، رەخنەی وێرانکەر دژی ماناکانی مرۆڤدۆستیە و بەچەند سەرێکیش دەگاتەوە سەر کوشتنی ئیستاتیکای ئەدەبو هونەر، رەخنەی وێرانکەر دەلالەتی نەخۆشی خاوەنەکەیەتی، بینینی جوانیەکانی ژیانە بەدیدی عەبەسیەتو تێزی مەرگدۆستیەوە، هەوڵێکیشە بۆ باوکردنی هەمان خولیای وێرانکردن لەئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیو سەرەنجام لەباربردنی هەموو ئەو جوانیانەیە کە کۆمەڵگا لەمیانی بیرکردنەوەیەکی هیومانیستیانەدا بەرهەمی هێناون.

ئایا هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەیەکی تۆکمەی پردی متمانەی نێوان پارتیو یەکێتی ئەرکێکی هەنووکەییو چارەنووسساز نیە؟ ئایا ئەو رووناکبیرانەی باوەڕیان بەم مەسەلەیە هەیە، وەکو ئەرکێکی نیشتمانیو مۆراڵی مەعریفی، بانگەشەی بۆ دەکەن؟ ئایا بەکام پێوەری نیشتمانیو بەکام دیسپلینی مەعریفیو بەکام ویژدانی ئەدەبی رەوایە پێناسە بکرێت بە ئاو بەئاشی دەسەڵاتداراندا کردنو میللەت فریودان؟ ئەرێ بەراست کێیە وا تەمەنێکە ئاوی لەسەر حیسابی کورد بۆ ئاشی دەسەڵاتداران هەڵبەستووەو دەشخوازێت بۆ هەمیشە رێڕەوی ئەو ئاوەو راستیەکان بەرەو ئاقاری تەلاری نیوەی دەسەڵاتی کوردی بگوازێتەوە لەپێناوی خەڵاتو دەسکەوتو ناوبانگ پەیداکردندا؟ ئەوەی کەناتوانێ لەهەلومەرجی ناسکی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان تێبگات، ئەوەی کە پێیوایە رەخنە تەنها لەوێرانکردنو دزێوکردنو دیزە بەدەرخۆنەکردنی راستیەکان دایە بەڕاستی ئەوانە گەرەکیانە لەگەڵ خۆیاندا میللەتو خوێنەرانیش بەمەبەستو بەئەنقەست فریو بدەن، دەکرێ گومانمان هەبێ لەئاستی تێگەیشتنو رادەی رووناکبیریاندا، (ئێمە دەبێ بزانین ناکۆکی ئەم دوو حزبە دواجار بەسەر خوێنو ئێسقانی مرۆڤی کورددا دەڕواتو ئاشتیشیان بەبەهێزبوونی کورد، لەهەموو هاوکێشە سیاسیەکاندا تەواو دەبێت*).

* ئەم پەرەگرافەی ناو کەوانەکە لەچاوپێکەوتنێکی رووناکبیری گەورەی کورد کاک بەختیار عەلی وەرگیراوە کەلەلایەن کاک جەمال پیرە، سازدراوەو لەسایتی دەنگەکان ژمارە (١٦٦) رۆژی ٢٠٠٥/٦/٢٩ بڵاوکراوەتەوە.



ئەوەی خۆی بەرەخنەگر بزانێتو لەماناو میتۆدو ستراکتۆری رەخنەش گەیشتبێ، دەبێ لەهەموو کەس زیاتر باوەڕی بەرەخنەو رەخنە لەخۆگرتن هەبێت، باوەڕهێنان بەوەی کە رەخنە لەدەستی دێت کارە ناتەواوەکان تەواو بکاتو چانسی داهێنان زیاترو رادەی بەرزی ئەدەبیش بەرەو ژوورتر دەباتو کێماسیەکانی رووناکبیریمان دەخاتەوە بەردەم راڤەکردنێکی دیکەی مەعریفیانە، ناترسێ لەوەی تەمەنی ڕووناکبیری خۆی بخاتە بەردەم ریفۆرمێکی ڕیشەییو قووڵەوە، چونکە بە توندی رەخنە لەخۆگرتن بە قسەی ڕووت ناکرێت، پێویستی بەجەسارەتی رۆشنبیریو شەق هەڵدان لەدەسکەوتو بەرژەوەندی تایبەتیە ئەمەش عەقڵێکی مەعریفی باڵا دەخوازێت.

# حەمەنامەی ( ٢٣ )
# لە دۆڵی جافانەوە بۆ کۆشکی سپی

ئەگەر من بوومایە لە جیاتی نوسەری هێژا کاک حەمە سەعید حەسەن، ئەو ڕۆژە داوای لێبوردنم لە خوێنەران دەکرد کە سەرۆك تاڵەبانی بە ئەوپەڕی گەرمیو بە موجامەلەیەکی پڕ لە دۆستانەوە لە کۆشکی سپیو لەلایەن خودی سەرۆك بۆشەوە پێشوازی لێکراو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسی هاوبەشیشدا ئەو ستایشەی سەرۆك بۆش بۆ سەرۆك تاڵەبانی وەکو پەیامێك بۆ پشتیوانی ئەمریکا لە تاڵەبانیو خەڵکی کوردستان لێکدرایەوە، ئەگەر من بوومایە هەر ئەو ڕۆژە سەرکۆنەی ئەو لێکدانەوە سیاسیە نادروستانەی خۆمم دەکرد کە وەکو مراوری بە خوێنەرانم دەفرۆشتن، کاتێك ئەو بەڕێزە وەکو یەکە دەمڕاستی بواری سیاسەتو نەریتی دیپلۆماسی دەیفەرموو (مادام دیداری نێوان تاڵەبانیو خاتوو کۆندۆ لیزا ڕایس بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی کۆتایی نەهاتووە ئەمە مانای وایە سەرکۆمار جێگەی بایەخی ئەمریکیەکان نییە).

دانانان بە هەڵەو کەمو کوڕیەکاندا جەسارەتی ڕوناکبیریانە دەخوازێ، ئەوەی ئەو دانانە بە نەنگیو کەمی لێکدەداتەوەو شانازی بکات بەوەی کە لەیەك دێڕی نوسینی خۆی پاشگەز نابێتەوە با لەهەر پلەو مەقامێکی ڕوناکبیریشدا بێت، ناتوانێت بڵێت لە ژێر کاریگەری دیوەخاندا نیم کەلای وایە قسەی پیاوان یەکە.

تاڵەبانی دەچێتە سەر مەزاری نەمرانو زەنگی گۆڵێکی زێڕینیش بۆ کوردایەتی لە بارزانەوە لێدەدات، تاڵەبانی لە کۆشکی سپی، ئەو کۆشکەی



کەڕۆژانە ڕابەرایەتی کردنی سیاسەتی هەموو دنیای لێوە دەکرێت، بەزمانی شیرینی کوردی بەرسڤی پرسیارێکی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا دەداتەوە، تاڵەبانی لە شەستەمین کۆبونەوەی نەتەوە یەکگرتوەکانداو بەناوی کۆماری عێراقەوە بە زمانی شیرینی کوردی ئەزموونی سیاسیو دیموکراسی خەڵکی کوردستان بە نموونە دەهێنێتەوەو بە زمانێکی دیپلۆماسیانەی سەردەمیش بەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە دەڵێت کە کورد توانای بەڕێوەبردنی خۆی سەلماندو شایستەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیەتی بەدەستی خۆی، کەچی ئەو نوسەرە هێژایە جەسارەت ناکات هەر نەبێ لە پاڵ فاوڵەکانی تاڵەبانی دا گۆڵە زێڕینەکانیشی تۆمار بکات!.

تاڵەبانی ئەو سەرۆکەی لە دۆڵی جافانو ناوچەی مەرگەو خۆشناوەتیو خڕی ناوزەنگو زەڵێو چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوەو لەسەرکردەیەکی شۆڕشگێری شۆڕشی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان دەستی پێکردو بە ئەوپەڕی متمانەی دیپلۆماسیانەی خۆیەوە لەتەك سەرۆکی گەورەترین زلهێزی دنیاوە بەسەر فەرشە سوورەکانی کۆشکی سپیەوە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ناو کۆشکی سپیش بەو هەموو ستایشەی سەرۆك بۆشەوە خۆی بینیەوە، ئەو ڕاستیەی سەلماند کە خاوەنی تیۆرێکی سیاسیو ئەزمونێکی دەوڵەمەندی بواری سیاسیو دیپلۆماسیەتە، ئەگەر بۆ سەرۆك بۆش شەرەفێکی گەورە بێت لە کۆشکی سپی بە تەنیشت سەرۆك تاڵەبانیەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا وەستاوە، دەبێت بۆئێمەی کورد تاڵەبانی چ بگەیەنێت کە لە دۆڵی جافانەوە بۆ کۆشکی سپی ڕێبەرایەتی کردین؟!.

# حەمەنامەی( ٢٤ )

سەرکێشترین‌و یاخیترین نووسەر لەبەرامبەر دەسەڵاتی کوردیدا، ئەوەتا سانا کەوتە داوی دەسەڵاتەوەو پەردەی لەسەر هەموو ئەو گومانانە هەڵماڵی‌و لەدوا جاردا بۆ هەمووانی سەلماند کە ئەو نەك نوسەرێکی یاخی نییە لە ئاستی دەسەڵاتی کوردیدا، بەڵکو وەکو ئێمەمانان پێمان وابوو ڕاست دەرچوو یاخی بوونی ئەو بەفەرمانی بەشێکی ئەو دەسەڵاتە بوو لەبەشەکەی دیکەی ئەو دەسەڵاتە. هەر بۆیەش بوو دوای سڕکردنی ململانێ ناڕەواکانی نێوان ئەو دوو بەرەبابەی دەسەڵاتو، ڕێککەوتن لەسەر ئەو بەشە میراتەو دابەشکردنەوەی برایانەی موڵك‌و ماڵ‌و سامان‌و سەروەرییەکانی میللەتێك لە نێو ئەو دوو برایەدا بەرێکەوتن‌و تەوافوقی بریانەو، بەشکردنی میراتی میللەتە نەخۆشەکە ئیدی حەمەدۆکی یاخی‌و کوێخاو برا گەورەی ڕوناکبیری کوردی، بەبروسکەیەك ئاش بەتاڵی یاخی بوونی خۆی پێ ڕاگەیاندراو، بە داوەتێکی فەنی یاخی بوونی خۆی لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا بە خەڵات‌و پۆستی ئیداری نێو ئەو دەسەڵاتە تەسلیم کردەوەو جاری ئاش بوونەوەی گشتی لەگەڵ بەشەکەی دیکەی دەسەڵاتدا ڕاگەیاندو لەدەست پێشخەریەکەشی دا هەڵە بوونی خۆی بە دە پەنجە مۆر کرد، چونکە حەمەدۆك‌و برا گەورەی ڕوناکبیریمان خۆی گووتەنی (بێدەنگیش هەڵوێستە)، بەزمی شەوانی پایتەختیش پارەی مۆڵ‌و پۆستی ئیداری گەورەی پێویستە.



گرنگ نییە کە هەڵە دەکەین، گرنگ ئەوەیە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە بەسەرماندا تێنەپەڕێت، لەگەڵ بێ سەرو شوێن کردنی دکتۆر کەمال سەید قادر، کوردستان نێت لە داڕشتنی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەدا کەوتە هەڵەیەکی زەقەوە، ئەو هەڵەیە مایەی نیگەرانی من‌و زۆرێك لە هاوکارانی ئەو سایتە بەڕێزو بوێرە بوو، بەڵام چونکە کوردستان نێت خاوەنی پەیامێکی سەربەخۆی ڕوناکبیرانە بوو هەر زوو دەرکی بەو هەڵەیە کردوو نەك هەر مەردانە هەڵەکەی خۆی ڕاست کردەوەو کەوتەوە سەر سکەی پەیامی ڕاستگۆیانەو سەربەخۆیانەی خۆی، بەڵکو بووش بەیەك لە سەنگەرە بەهێزەکانی پارێزگاری‌و داکۆکی کردن لە دکتۆر کەمال سەید قادر، بەڵام چونکە کاك حەمە سەعید حەسەن سەربەخۆ نیەو بە بروسکە دەنوسێت هەر بە بروسکەش توانای دەربڕینی هەڵوێستێکی زەبونانە لە بەرامبەر دەسەڵات‌و خۆ بەزلزان لە بەرامبەر هاوکارە بێسەرو بێ شوێنکراوەکانی خۆی لە دوو ڕستەی بێ سودی وادا دەردەبڕێت کە مایەی شەرمەزاری‌و پەژارەیەکی قوڵی ڕوناکبیرانەیەو زەنگێکی ترسناکە کەلە پاشماوەکانی خۆبەدەستەوەدانی ڕوناکبیران بە دەسەڵات بەر گوێمان دەکەوێت‌و ئاماژەی مەترسیەکانی ئەو خۆبەدەستەوەدان‌و سازشکردنانەشمان ڕونتر دەخاتە پێش چاو.

لەچاو پێکەوتنێکدا کە ڕادیۆی (پاڵپشتی) ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/٥ بەتەلەفۆن لەگەڵیان سازدا، کاك حەمە سەعید حەسەن بە دوور لە نەریتی یاخیانەی چەند ساڵی سویدی ئەم جارەیان لە پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە، بە زمانی نوسەرێکی ئەوەندە کەوی‌و وابەستەی دەسەڵاتەوە، سوکایەتی بە دکتۆر کەماڵی سەید قادر و سایتە کوردییەکان‌و ژوورەکانی پاڵتۆك کرد، بە

جۆرێك كەئازاری بەشێك لەڕۆشنبیری كوردی دا، ئەو بەشەی كە خودی نوسەر تیایدا چەن ساڵێك بەئازادی شۆڕشی ناڕاستگۆیانەی خۆی تیادا هەڵگیرساندبوو بەمەش ڕەواجێكی باشی بۆ قەڵەمی یاخی بووی ئەوسایو دەستەمۆكراوی ئێستای پەیدا كردو ئەوەتا هەر بەهۆی كۆمپیتەرێكو دابەزاندنی فۆنتی كوردیەوە بوو لە سویدەوە وەكو ژنەڕاڵێكی بەزیوی ڕوناكبیریی لافو گەزاف لە پایتەختی هەرێمی كوردستاندا لێدەدات.

ئەوە جێگای سەرنجەو تا ڕادەیەكی زۆریش مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، بەتەنها ئەو هەڵوێستە زەبونە نییە كە كاك حەمە سەعید حەسەن لە ڕادیۆی پاڵپشتیدا دووبارەی كردەوە، كە داوای كرد بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەسۆزەوە لە دكتۆر كەمال بڕوانێت، بەڵكو ئەوەی مایەی سەرنجەو هەڵدەگرێ هەڵوەستەی لەسەر بكەین ئەوەیە كە ئەو بەڕێزە گەرەكەیەتی هەمووان بەچەشنی خۆی فریو بداتو لە ناوەرۆكی ئەو كارە قێزەونو نادیموكراسیانە كەم بكاتەوە كە بەرامبەر دكتۆر كەمال كراوە لەلایەن دەزگاكانی ئاسایشو پاراستنی پارتیەوە كە پرۆتستۆیەكی كوردستانی گەورەی بەتایبەتی لەلایەن نوسەرانو ڕۆشنبیرانی دەرەوەی هەرێمی كوردستانی لێكەوتەوە، پێم وایە دەنگ هەڵنەبڕینی نوسەرانی ناوخۆی كوردستان بەتایبەتی نوسەرانی هەولێر لەبەر ئەوە نییە كە پارتی دەخوازێت لە ڕێگەی كاك حەمە سەعید حەسەنەوە ڕای گشتی پێ چەواشە بكات گوایە ئەم مەسەلەی بێ سەرو شوێنكردنەی دكتۆر كەمال هیچ دەنگدانەوەیەكی لەلایەن نوسەرانو ڕۆشنبیرانی هەولێرەوە نییە، ئەگەر ئەم قسەیە ڕاستیەكی تێدا بێت ئەوەیە كە نوسەرانو ڕۆشنبیران بە گشتیو لە هەولێر بەتایبەتی خاوەنی ئەو فەزا ئازادە نین كە تیایدا بەئازادی بنوسنو



بەئازادی ڕای خۆیان بخەنە ڕوو، من لێرەدا بەداوای لێبوردنەوە لە نوسەرانی ناو وڵات، تێدەگەم كە ئەوان چۆن گیرۆدەی هەلومەرجێكی دژوار بوونەتەوە، تێدەگەم كە چۆن (نان لەگەرووی نەهەنگدایە)، تێدەگەم كە چۆن دامەزراوە ئەدەبیو ڕوناكبیرییەكان لەلایەن ئەو دوو زل حزبەی كوردستانەوە قۆرغ كراون، تێدەگەم چۆن پۆستە ئیدارییەكان لەلایەن كەسانی نەشیاوی ناو حزبەوە بەڕێوە دەبردرێن، دەنا كێ هەیە بڕوا بكات كە فڕاندنی مرۆڤێك جا كە ئەو مرۆڤە نوسەرو ڕۆشنبیرو یاساناسو مامۆستایەكی زانكۆش بێت مایەی بێدەنگی لێكردن، یان دەنگدانەوە نەبێت. تۆ بڵێی كاكە حەمە ڕاست بكات چارەنوسی مرۆڤێك لە كوردستان ئەوەندە كەم بایەخ بێت تەنانەت توێژی چاوكراوەی ڕوناكبیران لەئاست بێ سەرو شوێنكردنیدا قڕوقاپ بكەنو بێدەنگی هەڵبژێرن؟!

هەر لەو چاوپێكەتنەدا كاك حەمە سەعید حەسەن هێرشی زۆر ناڕەوای كردە سەر زۆربەی نوسەرە ئازادیخوازەكانی كورد لەدەرەوەی كوردستان، جارێكی دیكەش خۆی كردەوە بەكوێخاو دەمڕاستی ڕوناكبیرمانو ڕاستو چەپی خۆی كوێرانە وەشاندو ناسنامەی نوسەربوونی بەخشیەوەو لە بڕیارێكدا كە سەرچاوەكەیان ئیرەییو ترس لە توانای ئەوانی دیو دڵخوازی بوون یان چاو پێ هەڵنەهاتنو ڕق لێبونەوەی كوێرانەوە هەڵقوڵابوو لە دەروونی نوسەرێكی نەخۆشەوە كە بێ دوو دڵی نەیتوانی ڕقی خۆی لە سایتێكی وەك كوردستان نێتیش كە هەمیشە خۆی لەسەر تۆپی نوسەرەكانی بینیوەتەوە بشارێتەوە، كەچی سوكو سانا فەرمووی لە ٩٠٪ی ئەوانەی بۆ كوردستان نێت دەنوسن هیچیان نووسەر نین، بەمەش ناوبراو جارێك سوكایەتی بە زۆربەی هاوكارانی ئەو سایتە كوردییە ناسراوە كرد، جارێكی

دیکەش بەکاك عومەر فارسی بەڕێز کە وەك سەربازی ون ساڵانێکی دوورو درێژە بێ وچان خزمەتی وشەی ڕەسەنو ئاستی بەرەو پێشبردنی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەتایبەت لەبواری ئەلیکترۆنیدا دەکات، ئەوە جگەی لەوەی کە منیشو خوێنەران لەم ماوەیداو هەر لە سایتی کوردستان نێتدا شایەدی دەرکەوتنی چەند قەڵەمێکی بەتواناترو بەپێزترین لەقەڵەمەکەی کاك حەمە سەعید حەسەن،ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە نوسینو هەڵوێست دووانەی هەمیشەیین لە هەناوی مەعریفەدا.

من جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەمەوە نوسین بەقەد ئەوەی مەسەلەیەکی مەعریفیە پرۆسەیەکی مۆراڵیشە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو لەپاڵ پشتیوانی تەواوم بۆ دکتۆر کەمال نوسیشم بەڵام من لەگەڵ شێوازی دەربڕینو زمانی زبری نوسینەکانی نیم، بەڵام ئایا دەکرێت کاك حەمە سەعید حەسەن وەك ئێمە مانان بگرە زیاتریش دژی زمانی زبری نوسینەکانی دکتۆر کەمال بێت؟ لە کاتێکدا کاکە حەمە خودی خۆی دامەزرێنەری ئەم شێوازە ناشیرنەیە کە هەر خۆی بە جنێودان پێناسەی دەکات، ئەو دەمێکە بەو زمانە دەنوسێت هەق وابوو بەر لەهەموان ئەو پارێزگاری لە دکتۆر کەمال کردبوایە، ئایا کاکە حەمە بیری چووە کە ڕوو لەشێرکۆ بێکەسی لوتکەی تانهۆی شیعری کوردی دەینوسی (پۆل پۆل دەڕۆنو ڕەو دەکەن، پەنا بۆ ژێر چەمەکەی بەعس دەبەن) مەبەستی بوو لەگەرمەی شۆڕشو گیانبازی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو یەکێتیدا، بەشۆڕشێك نەك بەسەرۆك بنەماڵەیەك بڵێ (جاش) کەواتە تۆ بەر لە دکتۆر کەمال ئەو ئاوەت ڕشتوە، ئەگەر ئەمە تاوان بێت بڕیار بێت خەڵکی لەسەر دادگایی



بکرێت تۆ دەبیتە یەکەمین بەرپرسیار لەو بارەیەوە، بڕۆ چاوێك بە (پاشای عەرشی کەلاوەو، ساتیرە شیعرەکانتو جەلالی نامەو ئەو سەرکۆمارنامە)یەی کە من بە حەمەنامەکەم کردمە تۆزی بەربادو بڵقی سەر ئاو، بخشێنەوە، بزانە هەموو هەوڵی تۆ بۆ ئەوەنییە بە یەکێتییو سەرکردەکانی بڵێی ئێوە جاشایەتی نەك پێشمەرگایەتیتان کردووە، هەر لەو پێناوەشدا بەمامە ڕیشەی سیمبولی تێکۆشانی کورد دەڵێی پیاو کوژ!! ئایا خوێنەری بەڕێز ئەمە جنێو نییە کە حەمە سەعید حەسەن، تۆمەتی نێربازی دەداتە پاڵ سەرکردەو فەرماندەکانی یەکێتیی، تکایە سەرنجی ئەم دێڕە شیعرەی وەرگری بەڕێزی خەڵاتی ئاراس بدەن (تیپی تۆپخانە بەکارە، داستان لەسەر داستان تۆمار دەکەن، چەند دانەیەك لە هەڵۆکان لەناو جەرگەی شاری سەقز، مناڵ بە پشتێن سەر دەخەن) ئەرێ بەڕاست کێ خاوەنی فەرهەنگی جنێوو ئەم زمانە عارەیە کە بووەتە پەڵەی سەر تەلاری قەشەنگی ڕوناکبیریمان تا ئێستاش؟

## حەمەنامەی ( ٢٥ )

ئیرەیی جگە لەوەی نەخۆشیەکی ئاکارییە، بەڵام ئەگەر تووشی ئەهلی قەڵەم بوو نیشانەی وشك بوون یان هیچ پێنەمانە، نیشانەی نەدۆزینەوەی ئەو شارێگایانەیە کە نووسەران دەباتە دنیای جیاواز لە دنیای ئەوانی دی، کەدنیای داهێنانە.

ئەو دەمانەی لەکۆتایی هەشتاکانو سەرەتای نەوەدەکان، چەند جارێكو لەچەند چاوپێکەوتنێکی جیاواز جیاوازدا، بەتایبەت لەرۆژنامەو گۆڤارە عەرەبیەکاندا، لەوانەش گۆڤاری ئەلوەتەن، ئەو ڕایەی شێرکۆ بێکەسی لوتکەی شیعری کوردیم دەخوێندەوە، کە ئازایانەو بەدڵێکی گەورەو هەڵوێستێکی جوامێرانە یان دروستتر بڵێم شێرکۆیانەوە، باسی لە دەنگە شیعرییە ناسراوەکانی دوای ڕوانگە دەکرد، لەوەش زیاتر ئەوەی لە دڵەوە سەرسامی دەکردم و بگرە تاڕادەیەکیش لام وابوو شێرکۆ غەدری گەورە لە خۆی دەکات، ئەو ڕایەی بوو کە دەیگوت هەندێ دەنگی تازەی شیعری وا بەرێوەن کە بەڕاستی تەجاوزی ئێمەمانانی ڕێبەرانی قۆناغی ڕووانگەییەکانیان کردووە، دەیگوت ئەو دەنگانە لە زۆر ڕووەوە توانیویانە نێوانێك لە نێوان خۆیان و قۆناغ و دەنگە شیعرییەکانی پێش خۆیان دروست بکەن لە پێشەوەی ئەو دەنگانەش بەختیار عەلی ڕوناکبیرو دەنگی نوێی شیعری کوردییە.



ئەم هەڵوێستەی شێرکۆ نەك گەورەیی شێرکۆی گەورەتر کرد، بەڵکو وایکرد لە داننان بەو ڕاستیەدا لێبڕاوانەتر ئەسپی داهێنان و نوێبوونەوە تاو بدات و شێرکۆش هەر بە لوتکەیی بمێنێتەوە، وایکرد شێرکۆ تەلیسمەکانی نوێبوونەوەی شیعر بشکێنێ و بەمەش جارێکی دیکە لە پاڵ دەنگە تازەکانی دوای ڕوانگەش بە شێوازو تواناو بەهرەیەکی جاویدانیەوە هەر لوتکە بێت.

هێشتا ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان یان ڕاستتر بڵێم شاکاری دەگمەنی ئەدەبی کوردی، دوا بەرهەمی گەورەترین بیرمەندو ڕووناکبیری ئەم سەردەمەی کورد، کاك ( بەختیار عەلی )م نەخوێندبۆوە، کە ڕای شێرکۆ بێکەس و حەمە سەعید حەسەنم خوێندەوە لەسەر ئەم شاکارە بێ هاوتایە، بەڵام دوای ئەوە هەوڵمدا بەزوویی ئەو شاکارە پەیدا بکەم، بەراوردی ئەو ڕایەی کاك شێرکۆ بکەم کە دەڵێ ( کاتێك ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە لە ناخەوە بەخۆم گووت چانەبوو نەمردم و چانسی خوێندنەوەی ئەم شاکارە گەورەیەی ئەدەبی کوردیم هەبوو)، لەگەڵ ڕای کاك حەمە سەعید حەسەن دا کە دەڵێ( بەختیار عەلی قەڵەوترین کتێبی بەلاوازترین زمان نووسیوە).

دوای خوێندنەوەی ئەو شاکارە دەگمەنەی کاك بەختیار عەلی دوو جار تووشی شۆك بووم، جارێك گوتم خودایە ئەو پیاوە ئەم بەهرە گەورەیەی لەکوێ بوو؟ گوتم خودایە کورد بەم فیدرالییە دەڵەمەیەو بەو ئەزموونە کرچو کاڵەی دەوڵەتداریەوە ئەم عەقڵە گەورەیەی بۆچییە؟ بەم هەموو نەخوێندەوارو کوێرانەوە کورد چی لەم تاڤگە گەورەیەی ئەدەبو خۆرەتاوی مەعریفیە بکات؟ جارێکی دیکەش گوتم خودایە، قوباد گوتەنی،

(هیدایەتمان بدە هیدایەت*)، خودایە، ئیرەییمان لەناخدا بکوژە ئیرەیی، وابکە راستیمان خۆشبوێ نەك کورسی، ڕاستیمان خۆشبوێ نەك پایە، بە عەقڵی خۆمان بیربکەینەوە، بەچاوی خۆمان ببینین، بەگوێی خۆمان ببیستین، نەك بە عەقڵی ئەوانی دی، نەك بەچاوی بەرژەوەندی تایبەتی، نەك بەگوێچکەی ئاخنراو بە دۆلارەکانی گیرفان، گوتم خودایە هیدایەتمان بدە هیدایەت!.

دوای ئەوەی ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە، لەنێوان دوو گوماندام ناتوانم بەرامبەر ئەو پیاوەی خۆی بە حەمەدۆکی ڕووناکبیری کوردی دادەنێ بگەم بە یەقین، نازانم بەچ پێوانەو لۆژیکێك توانیویەتی بڵێ قەڵەوترین ڕۆمان بەلاوازترین زمان، جارێ ئەمە لاوازترین دەربڕینە بەکتێب بڵێی قەڵەو، دەربڕینی لەو چەشنە لەڕووی گراماتیکی زمانەوە هەڵەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا قەبارە ، قەبارەی مەزن، قەبارەی گەورە، یان کتێبێکی قەبە، یان قەبەترین کتێب بەکاردەهێنرێ، ڕاستە بەکارهێنانی دەستەواژەی قەڵەوترین کتێب، بۆ کەسێك کە خۆی بەمامۆستای زمانی کوردی دەزانێ، ناشێ زەڵلەی زمان بێت، بەقەد ئەوەی ئەوپەڕی شپرزەبوونی دەربڕینی نووسەرێك دەگەیەنێ لەبەرامبەر شاکارێکدا، کە ئەو نایەوێ، یان ئیرەییەکی ترسناك ڕێگەی پێنادا، شێرکۆ ئاسایانە جەسارەت بکا ئیعترافی لەبەرامبەردا بکاتو ستایشی داهێنانی ئەوانی دی بکات. گەنجێك کە تازە ئەم شاکارە

* (خودایە هیدایەتمان بدە هیدایەت)، دێڕێکی قەسیدەی( فیشەکی ڕەحمەت)ی شاعیری ناسراوو هەست ناسك حاکم قوبادی جەلیزادەیە، من لەکاتی خۆی و دوای بڵاوبوونەوەی نووسینێکم لەسەر نووسی لەلاپەڕەی ئەدەبی کوردستانی نوێ ساڵی ١٩٩٤ کە ئەوسا چیرۆکنووسی ناسراوی کورد کاك محەمەد موکری بەرپرسی بوو، کوردستانی نوێ لەهەولێر دەردەچوو.



گەورەیەی بەختیار عەلی خوێندبۆوە، زۆر بەتاسەوە باسی گەورەیی ئەو ڕۆمانەی بۆ دەکردم، منیش کە ڕای کاك حەمە سەعید حەسەنم  پێگوت دەربارەی ئەو رۆمانە زۆر بەسادەیی پێی گوتم: پەکوو، ئەو پیاوە چەند بێ ویژدانە!! منیش لەو کاتەوە شاری مۆسیقارە سپیەکانم خوێندۆتەوە، بەدوای تاکە رستەیەکی بێ فەلسەفە نەك لاوازدا دەگەڕێم نایدۆزمەوە، هەندێ جار دەڵێم ئەو کوڕە گەنجە بەراستی زۆر بەسادەیی پێکای، مەسەلەکە مەسەلەی ویژدانو ئیرەییشە، هەندێ جاریش گومان دەکەم ئەو هێژایە یەك دوو دێڕی ئەو شاکارەی خوێندبێتەوە، هەر بۆیەشە وا لینگەو قوچ تێیگەیشتووە.

ڕۆژان ڕۆژی دیکەی بەدوادا دێت، بەری راستی بە نووسینی چەواشەکارانە ناگیرێت، من دڵنیام (وەك چۆن بەزەبری شەقی زەمانە*)، عەولا بووەوە بە دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، ئاوەهاش راستیەکانی دیکەش دەبێت(داوای لێبوردنی) دیکەیان بەدوادا بێت، کوردستان خۆشە عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ، داوای لێبوردن هیچ نیە، گەر پارەو پایەی شیاوت دەسکەوێ.

* (بەزەبری شەقی زەمانە) دێڕێکی شیعری ئاشتبوونەوەی گشتی یە، هی کاك حەمەە سەعید حەسەن خۆیەتی، کە لەساڵی ١٩٨٩ لەرۆژنامەی ئاسۆی سەردەمی بەعس بڵاوی کردەوە، من پێشتر، لە ساڵی پار لە کوردستان نێت نووسێنێکم لەسەر نووسیوە.

# حەمەنامەی ( ٢٦ )

ئەگەر ئەو مافە بەخەڵکی دیکەش بدەیت کەوەڵامی ئەو پرسیارەت بدەنەوە کەدەڵێی (ئایا من ئاگر خۆشکەری شەڕی براکوژی بووم؟)، بێگومان من یەکێکم لەوانەی زۆرترین نوسینەکانتم خوێندۆتەوە، هەر بۆیە وەکو خوێنەرێکی نوسینەکانت ماف بەخۆم دەدەم، کە بە ئارامی وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوەو بە ڕاشکاوانەش پێت بڵێم، نەخێر تۆ نەبوویت شەڕی براکوژیت هەڵگیرساندووە، بەڵام وەك خۆر ڕۆشنە، قەڵەمەکەی تۆ نەك پشکی شێری لە خۆشکردنی ئەو شەڕە چەپەڵە بەرکەوتووە، بەڵکو تا نەهۆش بڕشتی قەڵەمەکەت لە کولاندنەوەی برینەکانو هاندانی چوونە سەنگەری برایەك لە دژی براکەی دیکەو، هەڵدانەوەی قەتماغەی ئەو برینە بەسوێو هێشتا سارێژنەبوانە دایە، ئەوە تۆ بووی، خۆت گوتەنی، لە خاڵەکانی پشکنین بە پێدانی کتێبی جەلالی نامەکەت، لە جیاتی پیشاندانی پاسپۆرتو ناسنامەکەت ڕەتدەبوویتو، بەو لاوە خۆین گەرمانەی ئەو خاڵی پشکنینانەت دەگووت، ئەمە هەر بەو دوژمنو برا خیانەتکارەی کە پێتان ناسێندراوە بناسن، دەستان لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگەکانتان بێتو نەکەونە ژێر گوشاری ئاشتبوونەوەی براکان، تۆ بووی ئەی نوسەری مەزن لەیەکەم سەردانتدا بۆ کوردستان لە دوای زیاتر هەشت ساڵ بێدەنگ بوونی چەکەکان، تۆ بەقەڵەمەکەت لە ڕێی نوسینە توندو هەڕاج کراوەکانتەوە، بۆ مەبەستی زیاتر شوێن کردنەوەی خۆتو نان کەوتنە ناو ڕۆنی قەڵەمەکەت،



بازگە بازگە، بە دوای خۆشکردنەوەی شەڕی براکوژیو دووبارە کولاندنەوەی برینەکانەوە بووی!

باشە گەلۆ چەوا چەند حەمە سەعید حەسەن هەیە؟ ئەوەتا یەکێکیان پاکانە دەکاتو دەڵێ (هەرگیز لەسەر هیچ نوسینێکم پاداشتم وەر نەگرتووە!) ئێمەش یەکێکی دیکە دەناسین لەسەر ئەو ساتیرانەی بۆ جۆشدانی ئاگری برا کوژی نوسینی، لە پاداشتی خۆ ساغکردنەوەی بۆ لایەنێك لە کتێبی جەلالی نامەدا، بووە خاوەنی خەڵاتی ئاراسو جارجارەش لە دوای ناوەکەی خۆی بەخۆڕانانێکی زۆرەوە دەنوسێت (وەرگری خەڵاتی ئاراس)!.

پاکانەو پاساوی بێهودە، متمانەی ڕۆشنبیر دەیان جار دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە پێمگوتیت، بۆ شکاندنی نەیارەکانی خۆت لە سویدەوە خۆت هاویشتە سەنگەری ڕۆژنامەی (ئاسۆ)ی ڕووسیای بەعسەوە، فەرمووتان دۆستێکم بێ پرسی من ئەو کارە ناماقوڵەی کردووە خەریك بوو بڕوا بە قسەکانت بهێنم، بەڵام دوای ئەوەی زانیم پێشوتر پێشینەی لەو چەشنەتان هەبووە، دیسان گومانێکی گەورەم لا دروست بوو، کاتێك زانیم ئەو کاتەی لە شاخ بوویت بەناوی خوازراوی (ڕێبین) نوسینێکت لەژێر ناونیشانی (مەرج نییە هەرچی بدرەوشێتەوە زێڕ بێت) بۆ گۆڤاری (نوسەری کورد) کە ئەویش ئەوێ ڕۆژێ لە بەغداو لە بندەستی بەعس دەردەچوو، لە دژی چیرۆکنوسو ڕۆژنامەنوسی ناودار بەڕێز مستەفا ساڵح کەریم، نوسیوە. من ناخوازم بەرسڤی من بدەیتەوە، نەکا ناوم بچێتە مێژووەوە، بەلام خۆ دەکرێت بە خوێنەرانی بەڕێز بێژی ئایا ئەو نوسینەش هەر دۆستێك بەبێ پرسی بەڕێزتان ناردوویەتی؟

سپڵەیی ڕەوشتێکی خراپە، من بەلامەوە سەیرە، چۆن توانیت لە کەسێکی وەك مهاباد قەرەداغی بکەویتە سەنگەرەوە، ئاخر هەر نەبوایە دەبوو ئەوەت لەبەر چاو بوایە کە ئەو بە قەڵەمە ناسراوە ژنانیەکەی خۆی ڤیروسیای کردو چاوپێکەوتنێکی بە مجامەلەیەکی پیاوانەی کەم وێنەوە لەگەڵدا کردی، من پێم وایە هەڵەی قەبەی ئەو قەڵەمە ژنانیەی خاتوو قەرەداخی، ئەو ستایشو پیا هەڵدانەی بەڕێزت بوو، ئەو بەو کارەی غەدری لە قەڵەکەی خۆی کردو لە موجامەلەیەکی بێتامدا بە ئەنقەست خۆی لەبەرامبەر تۆی نوسەرو قەڵەمی لە خۆ بایی پیاو، بچوك بچوك کردەوە!.

من دەزانم ڤینی تۆ لەیەکێتیی، تەنها لەداخی شێرکۆی لوتکەی هەرە بڵندی تا نهۆی شعری کوردییە، ئێستاش ئەو کارەی گۆڤاری (لڤین) کردوویەتی تۆش تۆمەتی بێلایەنی نەبوونت بەبێ بەڵگە بەسەردا سەپاندو لە دوو وشەی بە پێزیشدا فەرموتان (فازل عومەر ڕەشید، فڕی بەسەر توێژینەوی زانستیەوە نییە) ئەوە ئەوانیش سوتاوی هەمان ئەو کۆنە ڤینو داخ لە دڵیەی بەڕێزتانن لەبەرامبەر ئەو لوتکە بێ ڕکابەرەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

من گۆڤاری (لڤین)م نەبینیوە، ڕەوتو هێڵی گشتی ئەو گۆڤارەش نازانم بۆیە ناتوانم شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە بڵێم، بەڵام بۆ ئەو کارەیان دەستخۆشیان لێدەکەمو توانویانە بەجەسارەتەوە قسە لەسەر ڕاستیەکی تاڵی ڕوناکبیری کوردی بکەن. من پێم وایە وادەی قسە نەکردن لەسەر ڕاستیەکان، شاردنەوەو دیزە بەدەرخۆنە کردنیان، کارێکی ئەنتی مەعریفیو ئاکارییە، ئەگەر چی ناوی منیش لە ناو ئەو فایلە ڕەشەدا تۆمار کراوە، ئەگەر چی منیش قسەی خۆم هەیەو بە ئاسانیش دەتوانم پاکانە بکەم،



بەڵام، نایکەم، چونکە دەخوازم بەر لە هەموو شتێ، دان بە گوناهباری خۆمدا بنێم، بێگومان مەسەلەی گوناهباری لەمەسەلەیەکی لەو چەشنەدا، مەسەلەیەکی ڕێژەییە، من ئەگەر چی پێم وایە لە تێکەڵکردنی ناوەکاندا، ئەو مەسەلەی ڕێژەیی بوونە بەتەواوی شێواوەو گوناهباریەکە بەغەدر بەسەر هەمووواندا بە چونیەکی دابەش کراوە، بەڵام هەمدیسان پێموایە بەر لەوەی قسە لەسەر ئاستو ڕادەی زانستی ئەو کارە بکەین، بە کۆمەڵ پێویستیمان بەداوای لێبوردنێکی ڕوناکبیریانە لە میللەتەکەمان، لە دایكو خوشکی شەهیدان هەیە، هەر بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەرچی لەو شەڕە برا کوژیەشدا لە ڕیزی پێشەوەی زیان لێکەوتواندامو ئازیزترین کەسەکانی ناو خێزانەکەی خۆشم لەدەست داوە، بەڵام دیسان داوای لێبوردن، بۆ هەموومان، نەك پاکانەو پاساو، بە پێویست دەزانم.

بێگومان ڕۆشنبیرو نڤیسکارانی کورد لە ئاسمانەوە نەباریون. کە ئەوان بەشێکی ئەم کەڵچەرو کۆمەڵگا کوردیو ڕۆژهەڵاتییە بن کە پایە هەرە تۆکمەکانی توندوتیژی بەرهەم هێناوە، با نوخبەیەکی کەمێك جیاواز، یان هەندێ جار پێشەنگو چاوساغی ئەو کۆمەڵگایەش بن، بەڵام دیسان لە کۆی گشتی واقیعی ئەو کۆمەڵگایە بەدەر نین، کە بە پەرۆشەوە باوەشی بۆ جەنگو براکوژی لە ساتێك لە ساتەکاندا کردۆتەوە، لەو کۆمەڵگایە دواکەوتووەی چەشنی کۆمەڵگای کوردستان کە شوناسێکی مێگەلی بۆخۆی بەرجەستە کردووە، مەسەلەیەکی چاوەڕوانکراوەو جێگای شۆك نییە، کە نوخبەی ڕۆشنبیرانیش نەتوانن ڕۆڵی هێزی مەعریفی وازی بکەنو لە قەیرانێکی ئەخلاقیو مەعریفیداو لە ساتێك لە ساتە دژوارەکانی مێژوودا پەیامەکەی خۆیان بدۆڕێنن، کەواتە هەرچەندە با گوتنی ڕاستی لەو چەشنە بەئازاریش بێت، بەڵام گوتنی ئەرکێکی ئەخلاقیو نەتەوەییو

مەعریفییەو لەوانەشە، گوتنیشی بشێت کەمێك لە ئۆباڵە مێژووییەکەی سەر شانمان سوك بکات، بە پێچەوانەی هەوڵی پاساوی ناماقوڵو پاکانەی لاواز، کەلای ڕای گشتیو نەوەی نوێ پەرچەکرداری دیکەو لێکدانەوەی جیاوازی لەسەر دەکرێت، کە قەیرانی بێ متمانەیی لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکەدا، بە شێوەیەکی سامناك دروست دەکات.

# بەشی دووەم

# ڕەمزەکان ناخەینە دەریاوە



## ( ئەو سەرۆکەی کۆماری ترسی کردە کۆماری ئازادی )

ئـەو چوارشـەممەی کـە بـەڕێز مـام جـەلال تیایـدا لەلایـەن پەرلـەمانی عیراقەوە وەك سەرکۆمار بە زۆرینەی دەنـگ هەڵبـژێردرا، چوارشـەممەیەکی ئاسـایی نـەبوو، ئـەو ڕۆژە مـن چـەند کـارێکی وەرگێـڕانم هـەبوو کـە هاوسەرەکەم بە قوڵپی گریانەوە زەنگی بۆ مۆبایلەکەم لێداو پێی وتم: مـام جەلال مام جەلال، مام جەلال بوو بەسەرکۆمار.

ئـەو ڕۆژە کـە پـێم دەنایـە هـەر یـەکێك لـەو فەرمانگانـەی کـەکاری وەرگێڕانم لە کوردیەوە بۆ ئینگلیزیو لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی بۆ دەکردن، بەرلە هەموو شتێك پیرۆزبایی بوونی مام جەلالیان لێدەکردم. لەیەکێك لـەو فەرمانگانـــەو لـــە شارۆچـــکەی (ڕۆچـــدەیل) یـــەکێك لـــەو فەرمانبـــەرە بەرپرسانەی کە کاری وەرگێڕانم بۆ دەکرد زۆر بەگەرمی دەستی گوشیم و گوتی: چوارشـەممەی سـەرکۆماریتان بـاش، گـوتی ئـەمڕۆ لەمێـژوودا دەبێتـە چوارشەممەی کوردان، دەبێتە چوارشەممەی کۆماری عێراقێکی نوێ.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/١١ تاکە کوردێك بووم کە شەرەفی بانگهێشت کـردنم هـەبوو بۆ ئەو کۆبوونەوە فراوانەی کە سـەرۆوەزیرانی بـەریتانیا لـە شـاری(ئۆڵـدهام) لەگـەڵ ئەنـدامانو هـەوادارانی پـارتی کرێکـارانی بـەریتانیاو زۆربـەی زۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بەریتانیا کردی، لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەشێکی زۆر لـە سیاسـیە ناسـراوەکانی پـارتی لەیبـەر بەشـداربوون، ئـەو خانمـەی کـە کۆبوونەوەکەی بەڕێوەدەبرد دەرفەتی ئەوەی دامێ کە یەکێك بم لـەو چـەند

کەسەی کە راستەوخۆ بکەومە گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز تۆنی بلێر سەروەزیرانی بەریتانیا، دوای ئەوەی کەسسوپاسی بەڕێز تۆنی بلێرم کرد بۆ پشتیوانی کردنیان لەگەلانی عێراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی، گوتم ئەوە بۆ یەکەمین جارە دوای لکاندنی زۆرەملێیانەی کوردستان بەبەشە عەرەببیەکەی عێراقەوە دوای هەشتا ساڵ چەوساندنەوە کوردێك دەبێت بە سەرکۆمار، لەلایەن ئامادەبوانەوەبە چەپڵەڕێزانێکی گەرم بەخودی سەروەزیرانیشەوە پێشوازی لە سەرنجەکانم کرا، یەکێك لەڕیزی پێشەوە خۆیو هاوسەرەکەی لەتەنیشتمەوە دانیشتبوون پێی وتم بەڵام دەبێ تۆو هەموو کورد سوپاسگوزاری ئەوەبن کە شانسی هەبوونی سیاسەتمەدارێکی گەورەو ژیری وەکو تاڵەبانیتان هەیە، چونکە ئەگەر ئێوەی کورد تاڵەبانیتان نەبوایە ئەگەر ئەو سەرکردە لێوەشاوە مەزنەتان نەبوایە هەرگیز لەئێستای پڕ قەیرانی سیاسی عێراقدا نەتاندەتوانی باڵاترین پۆستی سەرۆکایەتی لە عێراق وەربگرن.

بوونی بەڕێز مام جەلال بەسەرکۆماری عێراق نەك هەر گۆڕانێکی ڕیشەیی قووڵە لەچۆنیەتی سیستمی فەرمانڕەوایی لەعێراقدا، بەڵکو پێدانەوەی ئیعتوبارە بە مێژووی کۆمارێك کە ڕەمزی مەرگو نابەرابەریو هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە بووە، چونکە بە بوونی سیاسەتمەدارێکی نیشتمانپەروەری دیموکراسیخوازی گەورەی خاوەن ناوبانگی نیشتمانیو ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەکو مام جەلال دەستەواژەکانی سەرکۆمارو کۆماری دەلالەت ومانایەکی نیشتیمانی نوێ لە خۆدەگرن لەسەرئاستی نیشتیمانی بە گشتی و کوردستانی بەتایبەتی، لەسەر ئاستی نیشتیمانی دەتوانم بڵێم ئیتر لێرەوە عێراقیەکان چیتر لەگۆڕینی شێوازی فەرمانڕەوایی لەپاشایەتیەوە بۆ کۆماری پەشیمان نابنو کوردستانیانیش چیتر سەرکۆمار بەمانای کوێخایەتی ناسیۆنالیستی نەتەوەی سەردەست تێناگەنو کۆماریش بە مانای



دۆزەخی لەناوبردنو سڕینەوەو سووتانی شوناسنامەی نەتەوایەتیان. بۆیە بەبوونی بەڕێز مام جەلال بەسەرکۆماری عێراق،کۆماری مەرگ لەدیدی هەموو ئازادیخوازانەوە گۆڕاوە بۆ کۆماری ئازادی.

# گەمە ناڕەواكانی حزبی كوردی!

بێگومان ناكرێت چاو لەو هەنگاوانە بپۆشین كە سەركردایەتی سیاسی خەڵكی كوردستان بە تایبەت سەركردایەتی یەكێتیی‌و پارتی هاویشتویانە لە پێناو ڕێكخستنەوەی زیاتری نێو ماڵی كوردیدا، بەڵام دیسانیش ناكرێت چاو لە سستی‌و خاوی ئەو هەنگاوانە بپۆشرێت كە سەركردایەتی هەردوو حیزب دەیانتوانی شێلگیرانەتر بیهاوێژن لە پێناوی پەلە كردن لە گرتنی ئەو درزو كەلەبەرانەی كە پێویست بوو لە وادەی دیاریكراوی خۆیاندا گیرا بونایە، بەتایبەت كە ڕۆشنە هاتنە ژوورەوەو دزە كردنێكی ئەوانی دیكە لەو دیوی ئاگایی كوردو سەركردایەتیە سیاسیەكەی نەك هەر زیان بە بەرژەوەندییەكانی ئەو دوو پارتە بەڵكو بەتەواوی بەرژەوەندیەكانی خەڵكی هەرێمەكەش دەگەیەنێت.

زۆرن ئەوانەی كە بە بەردەوامی بانگەوازی هەردوو پارتە باڵا دەستەكەی كوردستانیان كردووە بۆ زیاتر ڕێكخستنەوەی ئەوی بە نێو ماڵی كوردی ناوزەد كراوە، بێگومان ڕێكخستنەوەی نێو ماڵی كوردی پێویستی بە جەسارەتێكی مێژوویی گرنگی حزبی كوردی هەیە، جەسارەتێك كە حیزبی كوردی لەسەر دەستی یەكێتیی‌و پارتی بە ئاكامی بگەیەنێت، جەسارەتێك كە پێویست دەكات لەم هەل‌و مەرجەی ئێستای كوردستان‌و عێراق‌و ناوچەكەو دنیادا سەركردایەتی ئەو دوو پارتە كوردستانییە هەیان بێت بۆ ئەوەی،



ئەوەی كە ناوی بەرژەوەندی پارتایەتی تەسكە ئەگەر بۆ ماوەیەكی ڕاگوزەری‌و كاتی‌و تاكتیكەڵیش بێت سڕ (تجمید) بكرێت.

لە دوایین كۆبوونەوەی لوتكەیی نێوان بەڕێزان تاڵەبانی‌و بارزانیدا كە ڕۆژی سێی جونی ئەم ساڵ لە هاوینە هەورای دووكان بەڕێوە چوو، هەروەكو چاوەڕوان كرا هەردوو سەرۆك بە توندی دژی ئەو هاوبەندیە سیاسیە عێراقیەی كە ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٩ لە قاهیرە پێكهێنرا وەستانەوە، بەتایبەت كە ڕۆشنە ئەو هاوبەندیە سیاسییە لەسەر دەستی نەیارانی دەستووری عێراق بەتایبەت نەیارانی ئەو برگانەی كە بەلای كوردەوە چارەنوسسازن وەكو (مادەی ١٤٠ و نەوت‌و دیموكراسیی‌و فیدراڵی)،ڕێبەرایەتی دەكرێت.

لە ڕاستیدا ئەو هاوبەندە سیاسییە لە ناوەرۆكدا هەوڵێكی توركیاو دەوڵەتە عەرەبیەكانە بەتایبەت (میسرو عەرەبستانی سعودی‌و ئوردن) بۆ گەڕاندنەوەی عەرەبە سوننە مەزهەبەكانی عێراق، ئەو كەمایەتییە مەزهەبیە شۆڤێنیەی كە بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق فەرمانڕەوایی دەوڵەتی زۆردارانەی عێراقیان كردووە. هەتا وادەی ڕووخانی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر دەستی ئەمەریكاو هاوپەیمانە خۆرئاواییەكانی.

بەشداری یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لەو هاوبەندیە عێراقیەی كە لە قاهیرە ڕاگەیەندرا یەك لەو نیگەرانیانەی سەركرادایەتی خەڵكی سیاسی كوردستان بوو كە لەسەر زاری سەرۆك تاڵەبانی پەردەی لەسەر هەڵماڵدرا. بێگومان گازندەی سەركردایەتی سیاسی خەڵكی كوردستان لە یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان كە حیزبی هاوبەشە لە پەرلەمان‌و حكومەتی كوردستاندا، گلەیی‌و گازندەیەكی بە جێیە، بەتایبەت كە لای هەمووان ڕوونە ئەو هاوبەندە سیاسییەی كە لە قاهیرە پێكهێنراوە بۆ دژایەتی كوردو

شیعەیە، هاوپەیمانیەتێکە لە تاکتیك‌و ستراتیژی خۆیدا بۆ دژایەتی بەرژەوەندی‌و قازانجی زۆرینەی گەلانی عێراق لە سەروشیانەوە کوردستانی عێراق قورمیش کراوە، بەڵام ئایا کە بۆ یەکگرتووی ئیسلامی نەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان گەمەی سیاسی نادروست بکات‌و بچێتە هاوپەیمانێتیەکی لەو چەشنەوە کە بەلای خەڵکی کوردستان‌و سەرکردایەتییە سیاسیەکەیەوە حەرام‌و ناشەرعییە، ئایا بۆ یەکێتیی پارتیش کە گەورەترین سودمەندی ئەزمونی کوردستانی عێراقن نابێت لانیکەم ئەو حەرامی‌و ناشەرعیە هەبێت کە ئەوان بە جۆرێکی دیکەو لە ڕێگای گەمەی نادروستی پارتایەتی تەسکەوە ڕۆژانەو لەگەڵ یەکتری‌و خەڵکی کوردستانیش ئەنجامی دەدەن؟

ڕەنگە هەبێت بپرسێت بڵێت ئەرێ کامانەن ئەو گەمە حەرام‌و ناڕەوایانەی یەکێتی‌و پارتی لەگەڵ یەکتری لە لایەك‌و لەگەڵ خەڵکی کوردشتانیش لەلایەکی دیکەوە ئەنجامی دەدەن؟ بۆ ئەوەی بتوانین هەم وەڵامی پرسیاری ئەو بەڕیزانە بدەینەوە هەمیش هەمان گازندەی لە چەشنی لۆمەکەی یەکگرتوو ڕوو بەڕووی سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی هەرێمەکەی خۆمان بکەینەوە، دەبێت ڕاشکاوانە پەنجە لەسەر ئە کێماسیانە دابنێین کە تا نوسینی ئەم وتارەش لەسەر دەستی یەکێتیی‌و پارتی لەکەڵەکە بوونی بەردەوام دان.

گریمان چاومان لە مێژووی فەرمانڕەوایی یەکێتیی‌و پارتی پۆشی تا دەگاتە دوای ڕووخانی بەعس‌و لە دوای ئەو مێژووەوە کەوتینە لێکدانەوەی ئەکاونت (حسابات)ی ئەوان، خۆ ئەگەر لە دوای ئەو ڕێکەوتەشەوە تەنها فاوڵە سیاسیەکانی ئەو دوو پارتە زاڵە لەگەڵ یەکتری‌و خەڵکی کوردستانیش



ئەژمار بکەین، هێشتا کۆی بەشێکی بچوکی ئەو گازندانەی بەر ئەوان دەکەوێت چەندان جار قەبەتر دەبێت لەو گازندانەی کە ڕوو بەڕووی پارتە ئیسلامیی‌و علمانیە کوردستانیەکانی دیکەی ئەم هەرێمە دەبنەوە بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیشەوە، چۆن؟

بێگومان لەدوای ڕووخانی بەعسەوە ناوچەکە بەردەوام بەرەو ڕووی گۆڕانکاری بەردەوامی خێرا دەبێتەوە بە کوردستانی خۆمانیشەوە، بەڵام ئەگەر بێین لەدەرەوەی دەست‌و دەم‌و چاوەکانی حزبەوە لە شەقامی کوردی بپرسین ئایا ئەوەی بە دەسەڵاتی کوردی ناسراوە لە کوێی ئەو گۆڕانکاریانەوە بووە کە هەتا ئێستا بە شێوەیەکی دینامیکی ڕوودەدەن، بێگومان وەڵامە گەلێکمان دەست دەکەوێت کە جێگەی نیگەرانی نیشتمانی ڕەوای هەموو تاکێکی هۆشیاری ئەم هەرێمەیە! وەڵامە گەلێك کە لە دواجاردا هەمووومان لەبەردەم بەرپرسیارێتیەکی مێژووی گرنگ ڕادەگرێ! ڕەنگە لەوەش خراپتر هەندێ لە ڕوناکبیرو تێکۆشەرە بەئاگاکانی ئەم میللەتە بە هی یەکێتیی‌و پارتیشەوە توشی شۆك‌و بێ ئومێدی‌و ڕەشبینی بکات، ڕەشبینی‌و نائومێدیەك کە ڕەنگە پەیوەندیەکی قوڵی بە ئایندەی ئەم میللەتەو ئاسایشی نەتەوایەتی کوردەوە هەبێت!.

دەکرێت لێرەدا لەسەرکردایەتی باڵادەستی ئەم هەرێمە کە لەهەمان کاتدا سەرکردایەتی بالادەستی دوو پارتە کوردستانیە زاڵەکەش بپرسین، ئەرێ ئەوەی ئێوە لەنێو ماڵی کوردیدا پەیڕەوی دەکەن جۆرێکی دیکەی هەمان ئەو گەمە حەرامە نیە کە ئێوە بەدەنگی بەرز سەرزەنشتی پارتێکی بەباکگراوندو بەفەلسەفە ئیسلامی وەکو یەکگرتووی پێدەکەن؟ ئایا بەردەوامبوون لەسەر بە لەتلەت مانەوەی گرنگترین وەزارەت‌و

دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان لە چەشنی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەو دارایی لەپێناوی مانەوەی ئەو لەشکرە حزبیەی خۆتان لەو دامەزراوە گرنگانەی هەرێمدا مایەی لۆمەیەکی نیشتمانی جدی خەڵکی ئەو هەرێمە نیە لێتان؟ ئایا ئەو سیاسەتەی ئێوە لە کەرکوکدا گرتووتانەتە بەر، سیاسەتێك کە تەنها سێرەی بەرژەوەندی پارتایەتی تەسکتان پێ لە پۆستە ئیداریەکانی کەرکوك گرتووەو بەدوای سیاسەتی دابەشکردنی برایانەی ئەو پۆستە ئیداریانەی ئەو شارە بێ نازەوەن لەنێوانی خۆتاندا، خەوشێك نیە کە ڕووبەڕووی لۆمەیەکی کوردستانی ببنەوە لەسەری؟ ئەمە لەکاتێکدا کە تەواوی خەڵکی ئەو هەرێمە دڵیان لەسەر دەستیانە بەرامبەر چارەنووسی ئەو شارە کە لەراستیدا نەك هەر چارەنووسی شارێکە، بەڵکو چارەنووسی هەرێمەکەو ئاسایشی هەرێمەکەیشی پێوە بەندە!!

یەکگرتوو بەچوونە ناو ئەو هاوبەندیە گوماناویەوە، جگە لەوەی جارێ گەمەیەکی ناڕەوای دا، کەوتە داوی هەڵەیەکی سیاسی زەقیشەوە، هەڵەیەك کە ئەو راستیە تاڵە بۆ ئێمە دوبارە دەکاتەوە کە حزبی کوردی لە ئەوپەڕی چەپیەوە تا ئەو پەڕی راست، لەئەوپەڕی علمانیەوە تا ئەوپەڕی سەلەفی لەپێناوی بەرژوەندی تەسکی حزبایەتی خۆیدا دەست بەهەموو کونێکدا دەکات!.



## ( ڕەشەکوژی ژنان لەدیوەخانێکی زلتردا !! )

لەراستیدا بەهەڵەدا دەچین کەلامان وابێت ئەوەی کە بەڕەشەکوژی یان تیرۆری کیژانو ژنانی کورد ناودەبرێت ئەوا تەنها لەساڵی پارەوە لەپەرەسەندندا بێت، چونکە لەراستیدا ئەم تاوانە قێزەونە لەکۆمەڵگەی باوکسالاری کوردیدا، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. مێژوویەکە کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت لەکوردستانی عێراق توانیویەتی ژمارەی پێناسەیی بشکێنێ!.

وا دەرکەوتنی زیاتربوونی یان پەرەسەندنی ئەم کارە قێزەونە لەوانەیە تەنها پەیوەندی بە زیادبوونی هەبوونی هۆکارەکانی تۆمارکردنو پیشاندانو دەرخستنو چاودێریکردنی ئەو تیرۆرە مێژووییەوە هەبێت کە کۆمەڵگەی باوکسالاری ئێمە لەشێوەی جەنگێکی بەردەوامی درێژخایەنی پشت ئەستوور بەئاینو نەریتو کەلـچەر لەدژی ژنان، نیوەی بنەڕەتی کۆمەڵگەکەمان بەرپێی کردووە.

لەراستیدا مێژوویەکی دوورو درێژە (دوعا)کانی کۆمەڵگەی زۆرداری ئێمە بەو شێوازە دڕندانەیە زیندەبەچاڵو ڕەشەکوژ دەکرێن، بەڵام لەکوێرە گوندێکدا، لەدۆڵو گردو بەیارو گۆمو زەلکاوێکدا کە تەنها خوداو ئەستێرەو گەلەگورگو ڕەوە باڵندەی گۆشتخۆرو چەقۆو چەك و گاشەبەرد بەسەر سەرەوە بوون، ئەو رۆژانە دنیا لەژێر سێبەری گلۆبالیزمدا نەبوو بەگوندێکی بچووك، ئەو رۆژانە تەتەرو قاسیدو هەواڵنێرەکان تەنها کۆتری

نامەبەر بوون، ئەو کۆترە نامەبەرانەی کە بەر لەوەی پێڕابگەن پەیامەکانیان بگەیەنن لە گۆڵەکانی پیاوەتیماندا دەگیران و بەدیاری دەهاتنەوە دیوەخانەکانمان، ئەو ڕۆژانە مۆبایل و سەتەلایت و مەسنجەر و ئینتەرنێت لەکوێ بوو؟!

هەموو ئەو شتانە کە بەڕووکار وادەردەکەون سەنگەرێك بن بۆ بەرگری لە ژنان لەناوەرۆکدا نەك وانیە بەڵکو هەموو ئەو شوێنانە سەرزەمینێکی دیکەی هەڵخەڵەتێنەرن کە تیایاندا بەنوێژی نیوەڕۆ ژن کەوی دەکرێتەوە. تیایاندا ژن بەغەدرە مێژووییەکەی ئاین و کەڵچەردادەپۆشرێتەوە! بێگومان بەو شتانەشەوە کەناویان ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و خانمانە!!

حزبی کوردی بەبێ جیاوازی لەئەوپەڕی علمانیەوە تا ئەوپەڕی سەلەفی بۆ ژنان لەم کۆمەڵگەی ئێمەدا لەدواجاردا هیچ نیە جگە لە دیوەخانێکی گەورەتر، دیوەخانێك کەلەجێی خودانی هۆزو میرو بەگ و بەگلەرەکان، مام و کاك و ئەفەندیە چاکەت و قات و بۆینباغ لەبەرەکانن کەلەجیاتی سەری سەروەری جاران، ئێستا لە پشتی مێزەکان و لەسەر کورسیەکی بەڕواڵەت هاوچەرخدا دانیشتوون! بێکومان هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی نوێنەرایەتی ژنانەوە قوت بوونە زادەی عەقڵ و بەرژەوەندی ئەو دیوەخانە مۆدێرن و زلترانەی حزبن، هەربۆیەشە دەنگی ئەوان لەراستیدا دەنگ نین و دەنگدانەوەن، دەنگدانەوەی ئەو دەنگانەن کە لەو دیوەخانە مۆدێرنانەی بەناو حزبەوە بە بەردەوامی ئاڕاستە دەکرێن!.

کە حزبی کوردی هەتا ئێستاش هیچ نەبێت جگە لەدیوەخانێکی مۆدێرنی زلتر لەدیوەخانە ترادیشنەڵەکەی جاران و ئەگەر بڕیاریش بێت



لەدوا جاردا حزب باوکی هەموومان بێت و تەنها ئەویش بۆی هەبێت فەرمان بدات و کۆمەڵگاش ئەوپەڕی دەستەمۆو گوێ لەمشتی حزب بێت، هاتنە ئاخاوتنی بابایەکی نووسەر بەکەڵکی چی دێت؟ کە قەڵەم لە دیوەخانی حزبی کوردیدا تەنها مافی گوێگرتنی هەبێت چۆن داوای هاتنە گۆی لێدەکرێت؟ ئەگەرچی تاك و تەراش لەوانەیە هاتبنە گۆو سەردەقشکێنیان کردبێ، وەك ئەوەی هەنووکە شێرکۆ بێکەس لەکتێبی(ملوانکە)دا دەیکات، یان کوڕی گەرمیانی نیشتمانی ئێمە عوسمانی حاجی مەحمود دەیکات کاتێك کە شێرکۆ گوتەنی دەمانچەیەکی فەرماندەی حزب کچە ملوانکەی خۆی بەغەدرێکی کەڵەگەتەوە تیرۆر دەکات(*)!!.

*http:www.sbeiy.com/news/newsDetailMain.aspx?d= 1990

## کوردستانی عێراق‌و تێگەیشتن لە پرنسیپەکانی دراوسێیەتی !

لــەدوای راپەڕینــەوەو دروســت لــەدوای کۆڕەوەکــەی بــەهاری ١٩٩١ دیفاکتۆبوونی کوردستانی عێراق بەسەر خودی کوردو دەوڵەتانی ناوچەکەو دنیاشدا سەپا، دیفاکتۆیەك کەلەهەمان کاتدا وەکو دەسپێکی گۆڕانێکی تازەو گرنگ لـەخودی ئەو ناوچەیەدا کە تائێستاش بـەئاڵۆزترین‌و پڕکێشەترین ناوچەی سەرگۆی ئەم زەمینەیە دادەنرێت کە ئـەویش ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاستە.

کورد کەهەمیشە لەرێگەی بزاوتە سیاسیەکەیەوە بـەدوای هێنانـەدی ئـەو خەونە گـەورە نەتەوەییـەوە بووە کەلەپـەیمانی سیڤەردا وەکو رێگەچارەی کێــشەی کــورد لەناوچـــەکەدا لەسەردەســـتی هاوپەیمانـــە خۆرئاواییـــە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی یەکەم باسی لێوەکرابوو، ئەگەرچـی تـەنها دوای چەند ساڵێك لەو مێژووەوە لەپێناوی قازانجی خودی ئـەو دەوڵەتانـەو بـەبێ پرسی گـەلانی ناوچـەکە لەسەروشیانەوە کورد لەچـەند پـەیمانێکی دیکەی شوومدا کە بەپەیمانی( لۆزان)و(سایکس بیکۆ) ناسراون نەخشەیەکی سیاســی نــوێ بــەبالای ناوچــەکە هەڵکێــشرا، نەخــشەیەك کــە ئــەویش دیفاکتۆیەکی دیکەی تازەی بەسەر گەلانی ناوچەکەدا سەپاند.

بێگومــان کردنــی بەشــێکی گــەورەی کوردســتانی عێــراق بەناوچــەی (دژەفڕین) یان ناوچەی ئارام‌و بوونی هێزێکی نێودەوڵەتی بناوی( چەکوشی ئامــــادە)وە بـــەپێی بڕیــــاری(٦٨٨) ی ئەنجومـــەنی ئاسایـــشی نەتـــەوە



یەکگرتووەکان‌و دواترهاوکاریکردن‌و هاندانی سەرکردایەتی سیاسی خـەڵکی کوردســتانی عێــراق بــۆ هەڵبــژاردنی پەرلــەمان‌و حکومــەتی ناوچــەیی لــە کوردســتانی عێــراق، گـۆڕانی ڕیـشەیی قـووڵی بەسـەر بزووتنـەوەی سیاسـی خــەڵکی کوردســتانی عێراقــدا هێنــا، گۆڕانێــك کــە تــەواوی هەرێمەکــەی بەخەڵك‌و سەرکردایەتیە سیاسیەکەیەوە لەبەردەم بەرپرسیاریەتێکی تازەی مێژوویی‌و گرنگ ڕاگرت. رووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیاریەتێکی لەو چەشنە بـۆ کـوردو جوولانــەوە رزگاریخوازیەکــەی ئــەزموونێکی تــازەو ســەرەتای شێوازێکی تەواو جیاوازی رەخساوی ژێر چەترو چاودێری نێودەوڵـەتی بـوو چونکە بـۆ یەکـەمین جار بـوو دەرفـەتێکی لـەو چەشـنە بـە کـورد بـدرێت، دەرفەتێك کە بواری ئەوەی بۆ کـورد رەخـساند تـا کودەتایـەکی سـپی بەسـەر شێوازی خەباتەکەیـدا بهێنێت، کودەتایـەك شۆڕشـی شـاخەکانی بـە خـەباتی مەدەنیانـەی شەقامی شارەکان سپاردو خەڵکی هەرێمەکەش بۆ یەکەمین جار توانیـان بــەدەر لــە گوشـاری بەرژەوەنـدی زلهێزەکـانی ناوچـەکەو خۆرئـاوا کێشەکەیان بەکۆمـەڵگای مـۆدێرن‌و دیموکراتخـوازو لیبرالیـستەکانی خۆرئـاوا لەرێگەی دیالۆگێکی هێواشی بەردەوامەوە بگەیەنن.

ناسـاندنی بەشـێکی زۆری سـەرزەمین‌و ئاسمـانی کوردسـتانی عێـراق بـە (ناوچەی ئارام) بەبڕیارێکی نێودەوڵەتی سەپاندنی ئیرادەیـەکی نێودەوڵـەتی بەهێزی وابوو کەوەکو دیفاکتۆ دەبوو مامەڵەی لەگـەڵ بکرێت، دیفاکتۆیـەك کە رژێمێکی ملهوڕو دیکتـاتۆری وەکو رژێمە زۆردارەکەی سـەدام حوسـێنی ناچارکرد بەناچاری بەشێوازێك لە شێوازەکان دانی پێدا بنێت یـان روونـتر بڵێین بەناچاری قوڕوقاپی لەبەرامبـەردا بکات. لەسـەر ئاستی ناوچەکەش تورکــــەکان وەکــــو بــــەهێزترین دەوڵــــەتی هــــەرێمی ناچــــاربوون

لەپەرلەمانەکەیانەوە بەبەردەوامی(بەڵێ) بۆ مانەوەی ئەو هێزانە رابگەیەنن کە بۆ پاراستنی خەڵك‌و خاکی ئەو هەرێمە لەوێبوون کە ئەوان هەر لەساتەوەختە بەراییەکانەوە ترس‌و نیگەرانی خۆیان بەرامبەر بەردەوام بوونی ئەو ناوچە ئارامە هەبوو کە دیاربوو قەڵمڕەوی دەسەڵاتێکی کوردی تێدا بۆ ئەبەد چەکەرە دەکات.

چەکەرەکردن‌و رۆنان‌و دواتر گەشەکردن‌و مانەوەی ئەو هەرێمە کە بۆ یەکەمین جاربوو لەدوای چەندان ئەزموونی شکست خواردووی دیکە، مشتومڕی شوێن گرتنی کوردی لەدەسەڵاتداریێتی ناوچەکەدا هێنایە گۆڕێ، مشتومڕێك کە هەتا ئەم ساتەوەختەش بەردەوامی هەیە، مشتومڕێك کە دەخوازێت بەدوای پرسیارەگەلێکدا بگەڕێت تا لێیەوە شوناس‌و پێناسەی ئەوەی بەدەسەڵاتی کوردی ناسراوە چنگ بکەوێت، شوناس‌و پێناسەسەك کەجێگەی نیگەرانی هەمووانە بەکوردیشەوە. بۆ کورد جێگەی نیگەرانیە کە بۆی رۆشن نیە ئایا ئەو قەڵەمڕەوە کوردیە دەتوانێت لانیکەم کۆتایی بە کێشەی ناسنامەی کوردستانی بوونی تەواوی سەرزەمینی کوردستانی عێراق بهێنێت؟ سەرزەمینێك کە مێژوویەکە کورد لەپێناوی ناسنامە کوردستانیەکەیدا قوربانی دەدات؟

ترسی خەڵکی ئەم هەرێمەی کوردستان ترسێکی رەوایە، ترسێکە سەرچاوەکەی لەدانپیادانانی کوردەوەیە بە دیفاکتۆی کوردستانی عێراق، دیفاکتۆیەك کەلەسەرەتای لەدایکبوونیەوە زیندووترین سەرزەمینی هەرێمەکەی لەخودی هەرێمەکە دابڕیوە. سەرزەمینێك کە هەمیشە کڵپەکەی ناوەرۆکی جۆشدانی شۆڕشە بەردەوامەکانی کوردستان بووە. چونکە لەراستیدا دابڕینی ئەو سەرزەمینە زیندووە بەمانای گەمارۆدان‌و



لغاوکردنی دەسەڵاتداریێتی خەڵکی کوردستانی عێراقە، گەمارۆدانێك کە دەسەڵاتی کوردی وەکو بێ دەسەڵاترین وبێ هەژموونترین دەسەڵاتی ناوچەی خۆرهەڵات بە خۆرهەڵاتی ناوەندی ئێستاو گەورەکەی داهاتووشەوە دەهێڵێتەوە.

دیفاکتۆبوونی کوردستانی عێراق بۆ کوردو مامەڵە کردن‌و تێگەیشتنی خودی کوردیش لەگەڵ ئەو دیفاکتۆیەدا وەکو خۆی، جۆرێك لە دڵەڕاوکێی بۆ کورد بەتایبەت بۆ پارتە سیاسیەکانی لە نێو پارتە سیاسیەکانیشدا بەتایبەت بۆ دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستانی عێراق هێنایە ئاراوە، لێرەوە ئیدی قسە کردن لەسەر کێشەی کورد جارێکی دیکە دەچێتە قاڵبێکی داسەپاوەوە، قالبێك کە سەرکردایەتی کوردستانی عێراق ناچاری دانان بە دیفاکتۆی دابەشکردنی کوردستان بەسەر دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا دەکات بەجۆرێك ئەو سنورانەی کە تا دوێنێ لای پارتە سیاسیەکانی ئەو هەرێمە سنورە گەلێکی دەستکردو نارەوا بوون، سنورە گەلێك بوون مایەی لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەو تەفروتونا کردن‌و تێکدان بوون ئەوا ئیمڕۆ لەبەر خاتری ئەوەی ناوی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراقە هەمان ئەو پارتە سیاسیانە ناچار دەبن کۆتایی بە گەمەیەك بهێنن کە بەهۆیانەوە ملیۆنان هەواداو لایەنگرو ئەندامیان لەدەوری خۆیان کۆکردۆتەوەو دان بنێن بە بوونی دیفاکتۆیەکی تاڵدا کە ئەویش سنورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستاندا کە سەر بە دەوڵەتە ناوچەییەکانی وەکو تورکیاو ئێران‌و سوریا دابەش کراون.

ئەگەر چی دیفاکتۆیەکی تاڵە بەڵام هەموو ئاماژە کوردستانی‌و ناوچەیی‌و نێو دەوڵەتییەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە خەون بینین بە

ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی مەزن لە ئێستاو ئایندەیەکی نزیکدا مەسەلەیەکی ریالیتی نییە مەسەلەیەك نییە لە توانی کوردو سەرکردە سیاسیەکاندا بێت لانی کەم لە ڕۆژگاری نزیکی ئێستادا، بێگومان خودی ئەو تێگەیشتنەشە کە لایەنگری سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی بەلای چارەی عێراقیانەی کێشەی کوردستانی عێراق بردووە. ئەگەرچی خودی ئەم سەرکردایەتیە لە پێناوی هێشتنەوەی خەڵك بەدەوری خۆیدا جەسارەت ناکات دیفاکتۆ بوونی ئەم ڕێگە چارەیە بەتەواوەتی لای خەڵکی هەرێمەکە ئاشکرا بکاتو ناچاری مانۆڕو تاکتیکی بەردەوامەو هەندێ جاریش ناچارە بەهەردوو باڵە کوردستانیو عێراقیەکە مەلە بکات وەك ئەوەی کە هێشتا پارتی دیموکراتی کوردستان دەیکات کە لەلایەك سەرۆکایەتی هەرێمەکە لە سنوری کوردستانی عێراق دەکاتو لەلایەکی دیکەش بە شێوەیەکی ڕاگوزەری و لەسەر بنەمایەکی ئەبستراکتی عاتفیانە قسە لەسەر سەربەخۆییو دەوڵەتی کوردستانی مەزن دەکات.

گەشە پێدانی ئەزموونی کوردستانی عێراق قایمکردنی پایەکانی دەسەڵاتی کوردیە لە ناوچەکەدا. بێگومان بوونی دەسەڵاتێکی کوردی ئەگەر چی ئەو دەسەڵاتە شوناسێکی هەرێمی یان کوردستانی عێراقیانەشی هەبێت شان بەشانی دەسەڵاتی گەلانی سەردەستەی ناوچەکە لەو ناوچەیەدا، ئەوا چوونە پێشی بەرچاوی کێشەی کورد دەگەیەنێ، چونکە بێگومان بوونی دەسەڵاتێکی کوردی، دیفاکتۆی دانپێدانانی ئەوانی دیکە بە خودی ئەو دەسەڵاتە کوردیە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. ئەمە جگە لەوەی لە هەناوی هەر دەسەڵاتێکدا دوانەی بەرژەوەندی، بەرژەوەندی خودی ئەو دەسەڵاتەو ئەوانی دیکەشی بەدوادا دێتو لەدوا جاریشدا لە پێناوی سازدانی ئەو



بەرژەوەندیانە دیالۆگی بەردەوامو بەرهەم هێن دێنە ئاراوە. بێگومان هاتنە ئارای دیالۆگ ئەو ڕێگە چارە گونجاوەیە کە بەهۆی گەشەکردنی دیموکراسی جیهانیو گوتارەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنو سیکۆلاری خۆرئاواوە پشتیوانی بەهێزی لێدەکرێت.

لە ئێستادا ئەرکی هەنوکەیی سەرۆکایەتی سیاسی کوردستانی عێراقە کە بەدوای دانپێدانانی دراوسێکانیەوە بێت. پێویستە کاری جدی بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەدەوڵەتەکانی ناوچەکەوە بەتایبەت بە تورکیاو ئێران زیاتر ڕێکبخرێتەوە. پێویستە سەرکردایەتی سیاسسی کوردستانی عێراق ژیرانەتر لەجاران مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا بکات، پێویستە پەیوەندیەکی ئاشکراو ڕەوا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بنیات بنێ، پەیوەندیەك بێت کەتوانای هاوسەنگ کردنو نزیك کردنەوەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی ئەو هەرێمەو ئەوانەی دیکەی هەبێت. بێگومان بۆ بەئاکام گەیاندنی پەیوەندی ڕاستو دروستی لەو چەشنە پێویستیمان بەزمانێکی دیپلۆماسی ئارامی دوور لەهاشوهوش هەیە. زمانێك کە ئەوانی دیکە تووشی تەنگاوبوونو پەرچەکرداری کوێرانە نەکات لەبەرامبەرماندا. یبێگومان پەرچەکرداری ئەوانی دیکە جگە لەوەی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق دەخاتە مەترسی نەخواستراودا، لەهەمان کاتدا گوتاری دیالۆگی نێوان خەڵکی کوردستانو عێراقو ئەوانی دیکەی دۆست پەك دەخات. لێرەدا بێگومان بوونی یەك نوێنەرایەتی بەهێزو کارامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو دەوڵەتانە ڕۆڵی ژیاریو کاریگەری وازی دەکات لەپیادەکردنی ئەو زمانە دیپلۆماسیە ئارامو کاریگەرەی پێشووتر ئاماژەمان پێدا.

بەسەر پێکەوتنی قەوارەی سیاسی کوردستانی عێراقو هەوڵدان بۆ دانپێدانانێکی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی کارێکی ئێجگار پێویستە چونکە تەنها لەڕێگەی شەرعیەتدان بەدەسەڵاتی کوردی لەکوردستانی عێراقو سەقامگیربوونی ئەو هەرێمە لەڕووی سیاسی‌و ئابووریەوە خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەتوانن سوودمەند بن لەدەسکەوتەکانی ئەو هەرێمە ئازادە، بێگومان لەبوونی ئارامیەکی تەواو رەخساوو چەسپاودا خەڵکی ئەو هەرێمە بەسەرکردایەتیە سیاسیەکەشیەوە دەپرژێنە سەر لاکردنەوەو دەسگرۆیی‌و هاوکاری خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان. راستە کورد هەڵبژاردنی ئەنجامداوە ئەوسا حکومەتو پەرلەمانی کوردستانی هێناوەتە ئارا، بەڵام بۆ هەر دەسەڵاتێکی سیاسی لەپاڵ شەرعیەتە نێوخۆییەکەدا، هاوکاری‌و پەسندکردنی خودی ئەو دەسەڵاتە لەلایەن دراوسێکانیەوە کارێکی ژیانی‌و ئێجگار گرنگە.

تورکیا کە یەك لەدراوسێکانی کوردستانی عێراقە دەتوانێ رۆڵی بەهەردوو شێوازی ئەرێنی‌و نەرێنی هەبێت لەهەمبەر ئەو دەسەڵاتە کوردیەی کە خەڵکی کوردستان بنیاتیان ناوە، رۆشنە لەبوونی بۆچوونی نەرێنی تورکیا لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی عێراق، خەڵکی ئەم هەرێمە لەپلەی یەکەمدا زەرەرمەند دەبن چونکە هەتا ئێستاش تورکیا دەروازەیەکی سەرەکی‌و ئاسمانی‌و زەمینی خەڵکی کوردستانە بۆ جیهانی دەرەوە، ئەمە جگە لەوەی لەرووی سەربازیشەوە تورکیا ئەندامی ناتۆیەو خاوەنی هێزێکی سەربازی بەراورد نەکراوە لەگەڵ کوردستانی عێراقدا کە هەتا ئێستاش هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگەی نیە بۆ پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆی. لەم پێودانگەوە پێویستە دەسەڵاتی کوردی لەکوردستانی



عێراق ژیرانەتر لەجاران‌و بەزمانێکی کراوەی ئارامی دیبلۆماسی تەکان بەپەیوەندیە ناوچەییەکانی خۆی بدات بێگومان پەیوەندیەك لەچوارچێوەی دەستوورو لەرێگای کەناڵە شەرعیەکانی هەرێمەوە( سەرۆکایەتی هەرێم‌و حکومەت‌و پەرلەمان) بێت نەك لەرێگای نوێنەرایەتی پارتە سیاسیەکانی هەرێمەوە کە هەتا ئێستاش پەیوەندیەکی نارۆشن‌و نادروستیان لەگەڵ دەوڵەتانی هاوسێی کوردستان هەیە پەیوەندیەك کە ناوی پەیوەندی کوردستانی عێراق بێت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە نەك پەیوەندی ژێر بەژێری پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق بێت بەدەزگا هەواڵگری‌و نهێنی‌و گوماناویەکانی ئەو وڵاتانەوە.

ئەزموونی کوردستانی عێراق چەندە پێویستی بە دانپێدانانی نێو دەوڵەتی هەیە ئەوەندەش پێویستی بە دان پێدانانی دەوڵەتە ناوچەییە هاوسێکانی هەیە، بە دەستهێنانی ئەو دان پێدانانە ترس‌و نیگەرانیەکانی ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر کورد تا رادەیەك کەم دەکاتەوە هەر وەك چۆن یارمەتیدەریش دەبێت لە چارەی ئاشتیانەی کێشەی ئاڵۆزکاوی قەندیل، چونکە ئێمە بە بنیادنانی پەیوەندی دراوسێیانەی باش دەتوانین چاوساغی ئەو قەتاری ئاشتیە بین کە بەرەو دیاربەکر بەرێکەوتووە نەك بە دەستخستنە ناو خودی دیاربەکرەوە.

# قورمیش کردنی دیموکراسی هەرێم

دیموکراسی بە بانگەشەیەکی فریودەرانەی حیزب بنیاد نانرێت. لەدوای ڕاپەڕینەوەی حیزبی کوردی پاشکۆی دیموکراسی تەنها بۆ ماکیاژی دەسەڵاتی خۆی بە ئەزمونی باشوری کوردستانەوە خست. هەرئەوەندەش نا، بەڵکو لەو دیوی بانگەشەی دیموکراسیەوە هەمیشە پرۆسەیەکی ئەنتی دیموکراسی بەبەردەوامی بوونی هەبووە، پرۆسەیەك کە تیادا هەمیشە حیزبی کوردی لە پەنای پیرۆزترین گەمەی دیموکراسیەوە کە (هەڵبژاردن) بووە خودی پرۆسە دیموکراسییەکەی خەساندووە. ئاخر ئەگەر حیزبی کوردی لە نێو ژیانی ڕێکخراوەی خۆیدا لە ڕێگەی هەڵبژاردن لە ئۆرگانە حیزبیەکانیدا بە شێوەیەکی تاکتیکەڵی هەڵبژاردنی بۆ خەساندنو چەپاندنی خودی ئەو پرۆسەیە خواست بێت، چۆن چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت جەسارەتی بەئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیەی هەبێ؟!

بۆ بنیادنانی دیموکراسی لەهەر کۆمەڵگایکدا، دەبێت خودی ئەو کۆمەڵگایە بوار بدات بۆ ئەوەی لە هەناویدا وەکو دیفاکتۆیەکی مێژوویی میدیای ئازاد لە دایك بێت، بێگومان میدیای ئازاد تەنها بریتی نییە لە میدیایەك کە لەو دیوی دەرگاو پەنجەرە تەقلیدییەکانی دەسەڵاتەوە خۆی ڕادەگەیەنێ. چونکە دەکەوینە هەڵەیەکی زەقەوە کە لامان وابێت ئەوەی لەو دیوی دیوارو سێبەرەکانی حیزب یان دەسەڵاتی کوردی بانگەشەی بۆ ئازاد بوونی پەیکەرو پەیوەندی خۆی کرد ئەوە میدیای ئازادە. پەیوەندییەکی



قوڵ لە نێوان ئازادیو دیموکراسیدا هەیە ئەگەرچی لە بنەڕەتو تێگەیشتندا هەردوو زاراوەکە پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەداخەوە هەتا ئێستاش نە میدیای کوردی نە دەسەڵاتی کوردیش توانیویانە جیاوازییەکانی ئەو دوو چەمکە لە یەکدی جیا بکەنەوە، چونکە ئەگەر دەسەڵاتێکی شۆڕشگێرانەی تەقلیدی بتوانێت ئازادی بەرهەم بهێنێت (بێگومان لێرەدا مەبەست لە ئازادی بە شێوازو تێگەیشتنە کۆمەڵیە نیشتمانیەکەیە کە زۆر جار بەشێوازی ڕزگاری نیشتمانی دەردەکەوێت نەك ئازادی تاکە کەسی) هەرگیز لە دەستی نایا چەمکەکانی ئازادی بۆ ناخی یەك بەیەکی تاکەکان شۆڕ بکاتەوە، چونکە ئازادیو مافی تاکە کەسەکان لە بنەڕەتدا ئەرکێکی گرنگ لە ئەرکەرکەکانی دیموکراسیە دەشێت لە هەناوی خودی ئازادیدا، کاتێك کە ئازادی وەکو پرۆسەیەکی نیشتمانی پیرۆز دەردەکەوێت مافی تاکەکان یان ئازادی تەواوی تاکەکان لە دواجاردا ببێتە قوربانی ئەو پرۆسە پیرۆزکراوەی کە بە ئازادی یان ڕزگاری نیشتمانی ناوزەد کراوە، کتو مت وەك ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە.

بێگومان چاوەڕێکراوە کە تاکی کوردی لەسایەی هەلو مەرجێکی لەو چەشنەی ئێستای کوردستاندا توشی جۆرێك لە قەیرانو بێ سەروبەری ببێتەوە. توشی پەیوەندییەکی ناوازە ببێت لەگەڵ دەسەڵاتە کوردییەکەی خۆیدا، ئەو دەسەڵاتەی کە هەر خۆی بەرهەم هێنیەتی چونکە لەلایەك هەمیشە ناچارە گۆش بکرێت بە پڕوپاگەندەی ئەو ئازادییەی کە حیزبی کوردی شانازی بە بانگەشە کردنیەوە دەکاتو لەلایەکی دیکەشەوە هەر هەمان ئەو دەسەڵاتەیە کە ناچاری ملکەچ کردنی دەکات بۆ بەرژەوەندییەکی زاڵ کە بەرژەوەندی تەسکی حیزبی کوردییە.

ئەگەر ئازادی تاکەکانی کورد لە هەرێمی کوردستاندا لە دواجاردا ملکەچی ئەو بەرژەوەندییە زاڵو باوە بێت کە حیزبی کوردی لەدوای ڕاپەڕینەوە ئامادەی هەموو جەنگانێك بووە لە پێناویدا، کە حیزبی کوردی لە پێناویدا لە هیچ نەسڵەمیوەتەوە، ئەوا بەدڵناییەوە بۆ قەدەرێکی دورتر دەبێت هەموومان چاوەڕێ بین کە قوربانی گەمەیەکی نەخواستراوی بێزراوی ترسناك بین، گەمەیەك کە بە شەکراوی ئازادیو دیموکراسییەکی ڕووکەش گەرەکیەتی نەوە دوای نەوە بمانخنکێنێت! گەرەکیەتی ئازادیمان دەستەمۆ بکاتو بۆ هەمیشە نەستمان بە کوردی بوونی خۆیەوە گرێ بدات!

ڕاستە ئازادی ئەمڕۆی هەرێم بە ڕووبارێکی خوێنی شەهیدانو تێکۆشانی بەردەوامی میللەتێك هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئەمە هەرگیز نەیتوانی ڕێگر بێت لەوەی کە ملی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی هەمان هەرێم لە چەقۆی بەرژەوەندییە کوێرەکانی حیزب بکاتەوە!. لێرەدا قسەمان بەتایبەت لەسەر یەکێتیی نیشتمانییە، یەکێتی کە هەمیشە خۆی بە باڵی پێشکەوتووخوازی نێو بزاڤی بزووتنەوەی کورد پێناسە کردووە ئەوا لەدوای ڕاپەڕینەوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو نەك هەر ئاراستەی قەتاری کاروانەکەی خۆی بەرەو ئاقارە تەقلیدییەکە وەرچەرخاندووە بەڵکو بەشێوەیەکی ترسناکیش جڵەوی خودی ئەو بەرەو تەقلید بوونو وەرچەرخانە کەوتۆتە ژێر ڕەحمەتی گوتارێکی هەلپەرستانەو میزاجیانەی بەرپرسو سەرکردە ناوچەییە تەقلیدیە یەکێتیی کوژاوەکانی نێو یەکێتییەوە. ئەگەرچی لەوەرچەرخاندنی یەکێتیی یەو ئاقارە تەقلیدیو باوەدا کۆی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی لە بچوکترین ئۆرگانیەوە تا باڵاترین ئۆرگان بەرپرسیارە بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نییە کە نابێت ڕاستی



ڕێژەیی بوونی ڕادەی تێوەگلانی ئۆرگانە جیاجیاو بچوكو باڵاکانی نێو یەکێتییو پشکە بەشیان لەم پرۆسە سیاسیە نێگەتیڤە لەبەرچاو نەگرین!

ڕاگرتنی درامای (ئاریا) لەوانەیە نوێترین نموونەی بەرچاوی ئەو خولانەوەی یەکێتی بێت لە دەوری ئەو گوتارە تەقلیدیو پاشڤەرۆیەدا کە خەریکە بەتەواوی ناسنامەی مۆدێرن بوونی یەکێتی دەخاتە ژێر پرسیارەوەو هەوڵەکانیشی بۆ نوێ بوونەوەو ڕیفۆرم پەك دەخات. بێگومان لە ڕاگرتنی (درامای ئاریا) ئەگەرچی (کوردسات) ئۆباڵەکەشی خستۆتە ئەستۆی خۆی، بەڵام من پێم وایە بەر لە کوردساتو ستافی بەڕێوەبردنی ئەو کەناڵە ئاسمانیە دەبێت یەکێتییو دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی ڕوو بەڕووی لۆمەیەکی نیشتمانی ببنەوە. ڕاستە کوردسات بە ڕواڵەت سەربەخۆیە بەڵام لە ناوەڕۆکدا سەربەخۆبوونی ئەو کەناڵە لە مشتی یەکێتییو دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیدایە.

ئەگەر میللەتێك لەپشت بەردەوام کردنی ئازادی هەرێمی کوردستانەوە بێت ئەوا ڕەوتی دیموکراسی هەرێم بە قورمیشەو قورمیشیش لە مشتی حیزب دایە! خۆزگە (دادە هێرۆ) ڤیروسیای کردبوایەو ناخی دڵی خۆی بۆ هەمووان هەڵڕاشتایە ئاخر بەڕاستی ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم، ژنێك کە کامیرای لە جیاتی کورەکانی لەشاخ لە باوەش کردبێتو لێوان لێو بێت لە عەشقی زومی کامیرا چۆن دڵی دێت زومی کامیرای ئەوانی دیکە بشکێنێت؟! ئەی حیزب، تکایە بێدەنگبە، با ژنێك بەرائەتی ناخی دڵی خۆیمان بۆ هەڵبڕێژێ بەر لەوەی یاخی بوونی سیامەند ببێتە دیفاکتۆی بەردەمی هەموومان!!

# گەڕانەوەی سەرۆك.... گەڕانەوەی دڵنیایی

ئەگەر چی تێکچوونی باری تەندروستی سەرۆك تاڵەباتی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو هەموو ئەوانەی بە تەنگ گەشەکردنی دیموکراسین لە عێراقو ناوچەکە مایەی دڵەڕاوکێو نیگەرانییەکی زۆر بوو ئەگەر چی ئەم پرسە بۆ هەمووان تەنها ڕووکارێکی نەرێنیو گرفتێکی نیشتمانی نیشان دەدا بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕووکارێکی ئەرێنی هەبوو کە لەبەر قوڵی نیگەرانییە نیشتمانییەکەمان نەمان بینی، ئەویش جیهانی بوونی کەسایەتی سەرۆك تاڵەبانی بوو.

بەداخەوە ڕۆژگارە هەڵو مەرجە کوردستانیو ناوچەییو نێودەوڵەتییەکان ئەوەندە ئەستەمو دژوار بوون بواریان بۆ ئەوە نەڕەخساند تا لە ئاوێنەی ڕاستییە مێژووییەکانی خەباتی خۆمانەوە شرۆڤەی گەورەییو ژیریو بە ئەزمونی کەسایەتییەکی دەگمەنو تاقانەی وەکو سەرۆك تاڵەبانی بکەین، هەربۆیە لە پڕ بێ ئەوەی بیرکردنەوەی خۆمان پێ کۆ بکرێتەوە هەواڵی نەخۆش کەوتنەکەی وەکو بوومەلەرزەیەکی بە هێز ئاگاییو هۆشو شکۆمەندی کوردشتانیشمان دەهەژێنێ!

نزای بەردەوامی دایکی شەهیدانو چاوەڕوانی میللەتێك بەردەوام بەرەو عەمان بوو، ئەوێ بۆ هەمووان ئایندەیەکی بەردەوامی پڕ لە میهرو ڕووناهی بوو، ئەوێ بۆ هەمووان مەملەکەتی گەڕانەوەی دڵنیاییو پەخش بوونەوەی تیشکی خۆری ئارامی بوو، ئەوێ بۆ هەمووان چارەنوس بوو چارەنووس!



جەنابی سەرۆك بەخێرهاتییەوە بۆ ئێرەی نیشتمانی نیو سەدە لە تێکۆشانی خۆت، بۆ ئێرەی بوونەوە بەسەر قەتاری کاروانێك کە لە چیاکانەوە هەتا نهۆ بەرەو ئایندەو ئاوەدانی بەرەو تەناهی بەبەردەوامی ڕێدەکا. جەنابی سەرۆك تۆ هاتییەوەو ئێمەش فەڕشی سورمان بۆ ئارامیو ئایندەمان ڕاخست، تۆ هاتییەوەو ئێمەش بەرائەتو ئەوینی دڵی گەورەی دایکی شەهیدانمان بەسەر گوڵە نێرگزەکانی ئەم بەهارەی ئێرەی وڵاتی ڕاپەڕینمان بەشیەوە! تۆ هاتییەوەو ئەی جەنابی سەرۆك خەڵکیش کەرنەڤاڵی ئەوینی خۆی خولقاند، تۆ هاتییەوەو خەڵکی ئێمە حیکمەتی خۆشەویستی نێوان خۆیانو سەرۆکێکی دلۆڤانیان نوسیەوە!

بەخێر هاتییەوە جەنابی سەرۆك، ئێمە مشتێکمان نەبوو ئایندەمانی تیادا هەڵبگرین مشتی ئەمینیو پڕ میهری تۆ نەبێت، ئێمە گیرفانێکمان نەبوو چارەنووسمان بەهەتاو بگەیەنێ، سەری پڕ خەونی تۆ نەبێت، دڵێکمان نەبوو بۆ کوردایەتی پڕی بکەین لە بەرامەی ئازدای، دڵی گەورەو بێگەردی تۆ نەبێت. بەخێربێیتەوە جەنابی سەرۆك کەرنەڤاڵی خەڵکت باش، چاوی نیشتمانمان ڕوون.

# ئاسایشی پایتەخی هەرێم لە مشتی ( پاراستن )دا

لەدوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ پارتی پایتەختی هەرێمی بە دەزگای پارستنەکەی خۆی سپاردووە، هەمیشە لەو شارەدا لەو ساتە وەختە بەدواوە هەتا ئیمرۆ کادیرە باڵا دەستەکانی ئەو دەزگایەی پارتی کلیلی فەرمانڕەوایی‌و ئارامی ئەو شارەو دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆیان بە خودی وەزارەتی ناوخۆشەوە لەباخەڵدا بووە، دوای ئەو هەموو کارە تیرۆرستیانەی لەم شارەدا قەومان بە بەڵگەوە دەرکەوت گرەوی پارتی لەسەر پاراستن گرەوێکی دۆڕاوە، گرەوێکە لەسایەیدا جگە لەوەی پارتی باشترین کادیرە سەرکردەکانی خۆی لە چەشنی (فەرەنسۆ هەریری‌و سامی عبدالرحمن‌و شەوکەت شێخ یەزدین) ی لە دەستدا، کە بۆ پارتی قەرەبوو کردنەویان لە ئەمڕۆدا نەك کارێکی ئاسان نییە بەڵکو مەحاڵیشە، وا خەریکە ناوبانگی ئاسایشی پایتەختی هەرێمیش بەتەواوەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

پارتی کە لە ئیمرۆدا سەرۆکایەتی هەرێمەکەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی لەدەست گرتووە، ڕەوا نییە کە بیر لەدەست کەوتنی زیاتری حیزبی بۆ خۆی بکاتەوە بە تایبەت کە ئەو دەسکەوتانەی لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانی کوردو هەرێمەکەی دەبن. پارتی کە لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتی هەرێمەکەدا بێت نابێت بیر لەوە بکاتەوە کە هەتا قیامەت دەبێت کادرەکانی پارستنی حیزبەکەی تەواوی پۆستە گرنگەکان پایتەختی هەرێمەکە قۆرخ بکەن، نابێت هەر بەچاوی براوەی شەڕی براکوژی تەماشای



بەڕێوە بردنی هەرێمەکەو دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بەتایبەت لە پایتەختی هەرێمی کوردستان.

پارتی کە پڕو پاگەندەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات نابێت لە ئەرزی واقیعدا ئەوەندە بەدوای دەسکەوتی حیزبایەتی تەسکەوە عەودالْ بێت. نابێت ڕازی بێت لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم دوای یەك ساڵ لە یەکگرتنەوەی بەڕواڵەتی حکومەتی هەرێم هەر لە دەستی دوو حیزبە زاڵەکەی هەرێمدا قۆرغ بکرێن، نابێت هێشتا هەر لە بۆسەدا بێت بۆ ئەوەی زیاتر کادرە حیزبییەکانی خۆی بخزێنێتە ناو دام‌و دەزگا حکومییەکانی هەرێم، نابێت هەر بەدوای سیاسەتی فیفتی بە فیفتییەوە بێت لەگەڵ یەکێتیدا لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا ئەو ناوچانەی کە هێشتا نەگەڕێندراونەتەوە سەر سنوری هەرێمی کوردستان.

هێشتا خەڵکی کوردستان نە پەرژان شەکراوی میوانداری سەرۆکی هەرێمەکەی خۆیان لە پەرلەمانی ئەوروپادا بخۆنەوە، هێشتا خەڵکی ئەو هەرێمە خێر لەخۆ نەدیوە بەتەواویی مۆمی یەك ساڵەی تەمەنی یەکگرتنەوە بە ڕواڵەتییەکەی حکومەتە گەندەڵەکەی هەرێمەکەی خۆیانیان دانەگیرساند، کە جارێکی دیکە تیرۆرستان خەواڵوویی دەزگاکانی ئاسایش‌و کەم ئەزمونی کوڕانی جەربەزەی پاراستن‌و پارتیان بە هەل زانی‌و لەبەرە بەیانی ٩ ی ئایاردا کارەساتێکی دیکەیان لە پایتەختی بە حساب ئەمین‌و ئارام‌و پڕ تەناهی هەرێمدا بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێنا.

قەومانی ئەو کارەساتە خوێناویانەی پایتەختی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی دەستەوستان بوونی کادرەکانی ئاسایش‌و پارستنی پارتی دەگەیەنێت لەبەرامبەر هەبوونی پلانێکی سکیوریتی تۆکمە کە بتوانێت ئاسایشی

پایتەختی هەرێمی کوردستان لەدەستی ڕەشی تیرۆریستان بپارێزێت. لەهەمان کاتدا مافی ئەو شانازیەش پوچەڵ دەکاتەوە کە کورد بە ئاسایشی هەرێمەکەی خۆیەوە دەکات، لەوەش بێ ماناتر ئەوەیە کە ئێمە لە کاتێکدا بەرگری لەماڵەکانی خۆمان بکەین کە چی لەبەر قاپی ماڵەکانی ئەوانی دیکەدا ئێشکگری دەکەین. ئێمە لە ناوەڕاستو خواروو لە بەغدا بەداوی تیرۆرستاندا دەگەڕێین کەچی ئەوان لە ماڵەکانی خۆماندا لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆماندا ڕووبە ڕوومان دەبنەوە. ئەمە سکاندالێکی دیکەی حکومەتی هەرێمە لەسەر دەستی کوڕانی پارتیو پاراستندا، سکاندالێك کە هەرێمەکەو خەڵکی هەرێمەکە دەبێت باجەکەی بدات چونکە ئەوەی کە ئێمە پێمان وابوو لەو هەرێمەدا بنیاتمان ناوە ئاسایش بوو، ئەوە ئەویشمان چوو!!.



## کاك نەوشیروان گۆرباتچۆفی نێو یەکێتیی!

کە یەکێتی بڕیاریدا ڕەمزەکانی بخاتە دەریاوە ئیدی پیرۆزی ئەم یەکێتییە لە کوێدایە؟ ئەو کاتەی یەکێتی بەدەستی سەرکردارییەتییەکی نەشیاوو بنکەیەکی ڕێکخستنی نەخوێندەواری نا ڕێکخراوی گردکراوە لە حەوشەیەکی بەریندا بە لاڕێدا دەبردرێت، باهەر جێگەی پەژارەیەکی کوردستانی قوڵیش بێت، لەناخی ناخمەوە دەخوازم نەك ببێت بە دوو پارچەوە بەڵکو دەخوازم وەکو هەنار ببێتە بەسەدان دەنکەوە!

بەشێکی گرنگ لە نهێنیو سەرکەوتنی یەکێتی لەو پەیمانە مۆراڵیو سیاسیەوە سەرچاوەی گرت کە لەپەنای گاشە بەردێکی زلەوە مام جەلالو کاك نەشیراون  بەیەکتریو بە یەکێتییو بە کوردیاندا. ئەوانەی لە دوای ڕاپەڕینەوە لە هەوڵی بەتاڵ کردنەوەی ئەو کەنتراکتە مۆراڵیو ئایدۆلۆجیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەی نێوان ئەو دوو ڕێبەرەی نێو یەکێتی بوون، ئەو سەرکردە ناوچەییە بێ فکرو نەخوێندەوارانە بوون کە بە لابای تەکەتولاتو ماستاوچێتیدا گەیشتنە ئەو پۆستانەی کە گەلێك لە قەبارەی تێکۆشانو توانای بیرکردنەوەی ئەوان گەورەترن!

هێشتا خەباتی گەلی کورد لەخوار دامێنی هەورازەکەیە. هێشتا یەکێتی بۆ قەدەرێکی دوورتر پێویستی بە پاراستنی ڕەمزەکانی نێویەتی، ئەوانەی ئەو ڕاستیە تێناگەن یان نایانەوێت ئەوڕاستیە بدرکێنن، ئەوانەن کەلە پێناوی پۆست و دەسکەوتە مادیەکانی خۆیاندا، دەخوازن یەکێتیی

بەهەورازو هەڵدێرێکی هەزار بەهەزاردا بەرەو خوارەوە گلۆر بکەنەوە، ئەوانەن کە دەخوازن لەمەرگی یەکێتیدا زۆرترین میراتیان بەربکەوێت!

ئەگەر مێژوو خۆی دوبارە بکاتەوە، دەبێت یەکێتیی لەم دووبارە بوونەوەیدا مێژوویەکی دیکە بخوڵقێنێت نەك چاوەڕێی قەدەر بکات! کاك نەوشیروان دەکرێت گۆرباتچۆفی نێو یەکێتیی نیشتمانیی بێتو پیرۆسترۆیکایەکەشی سەری خۆی نەخوات.

ئەوەی دەتوانێ ئەم واقیعە تاڵە بەزوویی‌و بەقازانجی یەکێتی بگۆڕێت بەدەنگ هاتنی کۆی گشتی یەکێتیی نیشتمانییە بەسەرکردایەتی‌و جەماوەرەکەیەوە لە ئاست دەست لە کارکێشانەوەی کاك نەوشیرواندا، بەدەنگەوە هاتنێك کە کاك نەوشیراون ناچاری پاشگەز بوونەوەی لەو بڕیارە کتوپڕو یەکێتیی هەژێنە بکات.

بێگومان ئەو بەدەنگەوە هاتنە گشتییە دەتوانێت زیاتری ئاسەواری تەکەتولاتە نەرێنیەکانی نێو یەکێتیی بسڕێتەوە، دەتوانێت زیاتر پردی ڕووخاوی متمانەی نێوان هەر سێ تەکەتولاتەکەی نێو یەکێتی بنیاد بنێتەوە، بێگومان لێرەدا کاك کۆسرەت وەك‌و سیمبولی بەرگری یەکێتیی‌و هێرۆخان وەکو یەکەم دایکی میهرەبانی یەکێتیی، دەبێت ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی ئەو کۆدەنگی‌و هاتنەدەنگیە بۆ پاشگەزکردنەوەی کاك نەوشیروان وازی بکەن. دەبێت کاك نەوشیراون لە ڕێگەی ئەوانەوە پەیامی خۆشەویستی جەماوەرو پەیمانی بەیەکەوە کارکردنی هەتا سەری نێوان خۆی تاڵەبانی پێ بگاتەوە.

ڕفیق حەریری بەمەرگی خۆی بۆ هەموو لوبنانی و ڕۆژهەڵاتییەکانی سەلماند سەرپەرشتی کردنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن‌و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی



لەو دیوی دەسەڵات‌و دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا، بە کوردستانی خۆشمانەوە، لە دوا جاردا جگە لە پەژارەیەکی نیشتمانی هیچی دیکەی لێ شین نابێت!

# بارزانی لەنێوان دروشمو پراکتیکدا

ئایا بارزانی بەتەنیا دەتوانێ لەم بارودۆخەدا رێبەرایەتی دروستبوونی گوتارێکی نەتەوەیی تەنانەت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عیراق بکات؟ ئایا هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستانو عێراقو ناوچەکەو دنیاش بەجۆرێك نیە کە وابکات هاوسەنگی بالانسە کوردستانیەکە لەدەست بارزانیو پارتە بالادەستەکەشی بەدەر بێت؟. بەڵێ، بەپێچەوانەی دوێنێوە، ئەوەی ئیمڕۆ تەحەکوم بەسەر بالانسی هێز لەکوردستاندا دەکات ئەو هەلومەرجە نوێیە کوردستانی و عێراقیو ناوچەییو جیهانییە کە لەدوای رووخانی بەعسەوە هاتۆتە ئاراوە، هەلومەرجێك کە نەك چەندان جار لەگەمە سیاسیەکانی بارزانیو پارتەکەی زلترە بەڵکو زۆر لە هی هەردوو ئەو دوو حزبە بالادەستە کوردستانیەش بەدەرە کە لەدوای راپەڕینەوە مۆنۆپۆڵی دەسەلاتی کوردیان بەشێوەیەکی رەها کردووە.

ئەوەی سەرەداوێك لەسیاسەت سەر وەدەر بکات تێدەگات سیاسەتی ئەمڕۆی دنیا بەشێوەیەکی تەوافوقی دەڕوات بەڕێوە؛ بەشێوەیەك دیموکراسی بەبێ لەیەکدی گەیشتنو لەیەکدی حاڵیبوون خەریکە دەبێتە چەمکێکی ناتەواو لەرێگەی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە ناوخۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتیەکاندا، بەمانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین سیاسەتی تەوافوقی رێگەی لە بنبەست گەیشتنی دیموکراسی گرت وەکو چەمکێکی



سیاسیو کۆمەڵایەتیو مۆراڵیو لەچارەکردنی گرفتە نێوخۆییو نێودەوڵەتیەکانی گەلانو دەوڵەتانی دنیا.

لێرەوەو لەگۆشە نیگای ئەو راستیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دەمەوێت قسە لەسەر یەك راستی بکەین، ئەگەرچی ئەو راستیە وەك خۆریش رۆشن بێت بەلام دیسان بۆ هەموو ئەوانەی لەشەوەزەنگی ئایدۆلۆژیای تاکە پارتو تاکە سەرکردەدا دەژینو ناتوانین تیشکی خۆری ئەو راستیە ببینن، رەنگە باسکردنی بەکەڵك بێت.

بێگومان قسەکردن لەسەر ئەو راستیە کارێکی پێویستو بەکەڵك دەبێت بەتایبەت دوای ئەوەی کە هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی بەرێز بارزانی لەسەر مەسەلەی کەرکوكو قسەکردن لەسەربەخۆیی کوردستان کارکردنێکی سیاسیانەی وردی لەپشت بوو، کارکردنێك کە لەوەتەرو باکگراوندی هەستی نیشتمانی هەموومانی دا. ئەگەرچی ئەو لەو وەتەردانە لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە بەگوێرەی باکگراوندی سیاسیو رۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان جیاواز بووە. جیاوازبووە لەرادەی مانەوەی خودی ئەو کاریگەریەش چونکە دەشێت هەموومان لەساتێکدا لەژێر هەمان کاریگەری وتارەکەی بارزانیدا بووبین، یان هەموومان بەبێ جیاوازی ئینتیمای سیاسیو ئایدۆلۆژیمانەوە خۆمان لەسەنگەری بارزانیدا بینیبێتەوە وەکو سەرۆکی هەرێمەکەی خۆمان بەلام دوای ئەوەی کە سۆز رێگە بۆ لۆجیكو بیرکردنەوەو عەقڵمان چۆڵ دەکات، ئاساییە ئەو لەسەنگەردا بوونە راڤەیەکی عەقلانی بۆ بکرێو لەسەنگەردابوونێکی عەقڵیو فکریو نەتەوایەتی بێت نەك لەسەنگەردابوونێکی پڕ لە عاتیفەی هەڕەمەکیانەو لەدواجاردا بمانباتەوە سەر بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی. لە دواجاردا

لەهەوادارێکی چەمکەکانی ئازادی نیشتمانیو رزگاری نەتەوایەتیەوە بمانکاتەوە بە زوڕناژەنێکی رەزاقورسی حزبێك.

حزبی کوردی لەدوای راپەڕینەوە بەڕادەیەکی ترسناك دەستی خستۆتە ناو هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا، حزبی کوردی بەشێوەیەکی رەهاو ناتەندروست تێکەڵاوی هەموو ژیانی کۆمەڵگای کوردستان بووە بەرادەیەك جیاکردنەوەی حزبو پەرلەمان، حزبو حکومەت، حزبو دادوەری، حزبو بازاڕ، حزبو ئازادی، حزبو سەروەری، حزبو نان،حزبو دین، حزبو مەعریفە، حزبو راگەیاندنی ئازاد، حزبو ئایدۆلۆژیاو فەلسەفە، حزب و گەل، حزبو پیرۆزی، حزبو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەیەکتری جیاناکرێنەوە. ئەوە حزبە لەجیاتی هەموان بیردەکاتەوە، لەجیاتی هەموومان بڕیار دەدات، خێرو شەڕ دەبەشێتەوە، ئەوە حزبە دەموچاوو دەستو پەنجەکانی حزبە ئاشتیو هەموو ژیانی ئەم کۆمەڵگایەی بەتوندی خستۆتە مشتی بچوكو قرچۆکی خۆیەوە. ئەم لەمشتدا بوونە تا رادەیەکە کە قسەکردن لە جیاکردنەوەی حزبو هەموو کایەکانی کۆمەڵگای کوردی بووەتە پرسێکی تەواو ئەستەمو دژوار. پرسی جیاکردنەوەی حزب لەهەموو کایەکانی ژیاریو مەعریفیو علمانیو مۆراڵیو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان پرسێکی تاقانەو دەگمەنە، پرسێکە لەو ناوچەیە وەکو شوناسێکی تایبەت بەدەسەڵاتی کوردی خۆی ناساندووە.

ئەگەر حزبی کوردیو بەم شێوە رەهاو ناتەندروستە تێکەڵاوی هەموو کایەکانی کۆمەڵگای کوردستان بوو بێت، ئەگەر حزبی کوردی شەرعیەت بەخۆی بدات هەموو مینبەرەکانی دەسەڵاتی کوردی بۆ خۆی قۆرخ بکات،



بێگومان ئاساییە لە دواجاردا قسەکانی سەرۆکی هەرێمیش لە پۆزیشنی سەرۆکی حزبدا چڕ بکرێنەوە، بێگومان ئاساییە حزب رێگە نەدات ئیمتیازی دەسکەوتەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ تەواوی هەرێمەکە بڕوات، بێگومان ئاساییە حزب مینبەری سەرۆکایەتی وڵات بۆ بانگەشەی حزبایەتی تەسك قۆرخ بکات، چونکە لەچاوی حزبو ئەندامەکانیەوە هەموو شتەکان لەدواجاردا میراتی حەڵاڵی حزبن. لێرەوە سەیر نیە کە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم کە لەمینبەری بەرزترین دەسەڵاتی میللەتەوە دەکرێن، گوتارەکانی سەرۆکی هەرێم کە لە ئیرادەی خەڵکەوە هەڵدەقوڵێن، بەفەرمانی حزب وەکو دەسکەوتو پاداشتی سیاسی بۆ حزب بگەڕێندرێنەوە. لێرەدا رەوایە بپرسین ئایا بارزانی لەمینبەری حزبەوە یان سەرۆکایەتی هەرێمەوەیە جەسارەت دەکات قسە لەکەرکوكو سەربەخۆیی کوردستان و رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان بکات؟ رەوایە بپرسین ئایا ئەمە ئیرادەی خەڵکە یان ئیرادەی حزب بوو وای لە بارزانی کرد لەپێناوی پاراستنی کوردستاندا پەنجەی هەڕەشەی جدی لەسەر ئەوانی دیکە راوەشێنێ؟

ئەز وای دەبینم ئیرادەی حزبی کوردی ئەو ئیرادە شلۆقو زەبوونەیە کە دوای راپەڕین ئاڵای بەعسی بەخواستی خۆی هێنایە نێو پەرلەمانەوە، ئەو ئیرادە لەرزۆکەیە کەپەنای بۆ خیانەتی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ بردو پەلکێشی هێزی داگیرکەرانی بۆ هەولێرو کۆیەو دۆڵی سماقوڵیو بناری قەندیل کرد. ئیرادەی حزبی کوردی ئەو ئیرادە زەبوونەیە کە شەڕی براکوژی بەرهەمهێناو لەدوای راپەڕینیشەوە جەسارەتی کرد بەچەك رووبەڕووی خەڵكو نەوەکانی دوای راپەڕین ببێتەوە.

چ هەڵەیەکی کوشندەیە ئەگەر هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بێت بارزانی لە سەرۆکی هەرێمەوە بکرێتە سەرۆکی پارتی! ئەم هەڵە کوشندەی پارتییەکان لە حاڵەتێکدایە کە هەتا هێستاش بارزانی نەیتوانیوە تەجاوزی سنوری دروشمبازیو مەیدانی قسەی ڕووی بکات، هێشتا بارزانی نەیتوانیوە ئەو ماڵە ڕێك بخاتەوە کە خۆی سەرۆکایەتی دەکات، نەیتوانیوە لە ماڵەدا بەیەك چاو سەیری نەوەکان بکات هێشتا لەسەردەمی سەرۆکایەتییەکەی بەڕێزیاندایە دوو وەزارەتی نێوخۆی هەیە دوو وەزارەتی پێشمەرگەی هەیە، هێشتا بەبەرچاوی بەڕێزیانەوە هەموو داهاتی هەرێمەکە بە شێوەیەکی سەمەرە دەچێتەوە گیرفانی هەردوو پارتە زاڵەکەی هەرێم کە یەکیان پارتەکەی خۆیەتیو، هێشتا بەڕێزیان نەیتوانیوە سنورێك بۆ هاتنە ناوەوەی ئەو سوپاو لەشکرە گەندەڵە بگرێت کە حکومەتو دامەزراوەکانی ئیداری هەرێمی داوەشاندووە، هێشتا بارزانی نەیتوانیوە لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا تەجاوزی عەقڵی دیوەخان بکات، هێشتا نانو ئازادی لە گیرفانی حیزبدایە، سوکایەتی بە ئیرادەی دروست کردنی کۆمەڵگای مۆدێرنو مەدەنی شاڵاوی کپکردنی دەنگی دلێرانەی نوسەرانو ڕوناکبیرانی ئازادی خواز لەپەرسەندنی بەردەوامیدایە، هێشتا فەیڤەرایەتی حیزب تاکە پێوەرو سیڤی تاکەکانە لەتەواوی پۆستە ئیداریو حکومیو ئەکادیمیو مەدەنییەکانی ئەو هەرێمەی بەڕێزیان سەرۆکایەتی دەکات هێشتا زۆرینەی خەڵکی هەرێم موچە خۆرو چاو لەدەستی حکومەتی بەغدان!!

سەرۆکایەتی هەرێم سەرۆکایەتییەکی تەوافوقی نێوان پارتیو یەکێتییە، جێگری بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا کاك کۆسرەتە کە لەدوای تاڵەبانی بەهێزترین سەرکردەی یەکێتییە. بەو پێیە بەشێکی



دەسکەوتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمو بەشێکیش لە ئەركو بەرپرسیارێتییەکانی ئەو سەرۆکایەتییە بەر یەکێتیی دەکەوێت، کەوا بوو یەکێتیش دەتوانێت بەشێك لەو دەسکەوتانی بە میراتو تاپۆی خۆی بزانێت، بێگومان لە دۆخێکی لەو چەشنەشدا دوور نییە جارێکی دیکەش مەسەلەکە بە ئاقاری چەلەحانێی فیفتی بە فیفتیدا بڕواتەوە لێرەشەوە ڕەوایەتی سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتە یاساکانی ئەو دامەزراوە نیشتمانییەمان جارێکی دیکە دەکرێنەوە بە قوربانی سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی، جارێکی دیکە گوتارە سازشکەرو زەبوونەکانی حیزب ڕێگا بە خۆی دەدات جێگەی گوتاری یەکگرتووی سیاسی کوردی بگرێتەوە، ڕۆشنیشە هاتنە ژووری دەوڵەتە ناوچەییەکان لە ڕێگەی گوتاری ڕاڕاو هەلپەرستی حیزبی کوردییەوە چەند کارێکی چاوەڕوان کراوە!!

پاشەکشێی کورد لە گوتاری سیاسی خۆی بۆ گوتاری تەقلیدو ڕاڕاو زەبوونی حیزبی، یاری کردنە بە ئاگر، مەلە کردنی کوردە بە پێچەوانەی دەریای گۆڕانکارییەکان. ئاماژەی بەرایی ئیفلیج بوونی بەرزترین دامەزراوەی نیشتمانیمانە لەبەرامبەر هەیمەنەتی گوتاری حیزبماندا بەمەش سەردەمی سەرۆکایەتی بارزانی سەردەمی سوڕانەوە دەبێت بە دەوری بازنەی دروشمی بریقەدا، سەردەمێك دەبێت کە دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت کە سەرۆك لەبەر خاتری هەندێك ئیعتیباراتو دەسکەوت بۆ پارتەکەی تەنها بە شێوەیەکی تاکتیکی قسەی لەسەر سەربەخۆیی کورد کردووە، چونکە لە ڕاستیدا قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی وا پێویستی بە پڕۆژەیەك هەیە، پرۆژەیەك کە لە هەناویدا فاکتەرە کوردستانیو دەرەکییەکان بە شێوەیەکی وورد کاریان لەسەر بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە سەربەخۆیی خەونی هەمووانە بەڵام من وای دەبینم نە بارزانی نە هەرێمەکەش لە ئیمڕۆدا توانای ئەو ئامادە باشیەیان نییە کە بشێت ئەو خەونەمان بگۆڕن بۆ واقیع.



## ئەگەر سەردەمی هەڕەشە بەسەرچوو بێت !

هەمیشە لەلێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا ئەوە بۆ ئەوانی دیکە دووپات دەکەینەوە کە(سەردەمی هەڕەشە بەسەرچووە، زمانی هەڕەشە لەکەس قبووڵ ناکەین). بێگومان ئەو لێدوانانەی بەڕێز بارزانی لەخوێندنەوەی هەلومەرجە جیهانیەکەوە سەرچاوە دەگرن کە لەسەر دەستی ئەوروپاو بەڕێبەرایەتی ئەمریکا هاتوونەتە گۆڕێ، هەلومەرجێك کەلەلایەك زمانی دیالۆگو یەکتری قبوولکردنی کردووە بە دیفاکتۆی زەبروزەنگو شەڕو توندو تیژی، لەلایەکی دیکەشەوە هەر هەمان هەلومەرجەکە داوای گۆڕینی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرۆژهەڵاتی گەورە دەکا، رۆژهەڵاتێکی گەورەی وا کە رێگە لەدروستبوونی زلهێزە ناوچەییەکان بگرێتو لەدواجاردا لەرێگەی زالکردنی خواستی دیموکراسیەوە زلهێزە ناوچەییەکان بەسەر دەوڵەتی ناوچەی بچووکی ئارامو بێهێزدا دابەش بکات. بێگومان تێگەیشتنی بەڕێز بارزانی لەو دۆخە جیهانیە تێگەیشتنێکی دروستە، بەڵام پرسیارەکە لێرەوە دەست پێدەکات، ئەگەر زمانی هەڕەشە بۆ ئەوانی دیکەی نەیار بەکورد، بەسەرچووبێت، ئایا بۆ ئێمەی کوردی خاوەن هەرێمێکی بچکۆلەی بێهێز دووجار بەسەرنەچووە؟ ئایا ئەوی دیکە، بۆ نمونە دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەیی وەکو تورکیا هەڕەشە لە ئێمەی کوردیخاوەن حکومەتێکی هەرێمی تا رادەیەك یەك نەگرتوو قبووڵ دەکات؟ خوێنەری بەڕێز لەکاتی نوسوینی ئەم وتارەدا

سوپای تورك بە پشتیوانی جاش لەناوچەكانی بامەڕنی، ئامێدی، كانی ماسی سنووری هەرێمی كوردستانیان بەزاندووە لە فڕۆكەخانەی بامەڕنی نزیكەی (٥٥) دەبابەو (٢٣٠٠) جندرمە بەمەبەستی سنوور بەزاندن مۆڵ دراون.

لەڕووی لۆجیكو بەپێی هەلومەرجە كوردستانیو ناوچەییو جیهانیەكەش لە ئەمڕۆدا هەم هەرێمەكەی ئێمە پێویستی بە ئارامیەكی جێگیرەو هەم خەڵكی هەرێمەكەش بەدەست جەنگە درێژخایەنەكانی رژێمە یەك لەدوای یەكەكانو پاشماوەی ئەو جەنگە كوردستان وێرانكەرانەشەوە شەكەتو شپرزەنو پێوستیان بە پشوودانێكی ماوە درێژ هەیە. لێرەدا بێگومان هێنانەدی ئەو پێداویستیە هەنووكەییانەی هەرێمەكەو خەڵكەكەی، پەیوەستن بەو سیاسەتە ئەقلانییانەیەی كە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان پێویستە پەیڕەوی بكات، سیاسەتێكی ئەقلانی نەتەوەیی باڵا كە هەرگیز لەلایەن بەرژەوەندی پارتایەتی تەسكەوە بواری ختووكەدانێكی ئەبستراكتیانەی نەبێت! ئەوەی كە لەوانەیە هەرێمەكەو عێراقو ناوچەكەش بەرەو گەڕانەوە بۆ زمانی هەڕەشە، كە زمانێكی نەخوازراوی ئەوروپیو ئەمریكیشە بەرێت، مەسەلەی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقە. ئەو مادەیە چەند بۆ كورد مەسەلەیەكی ژیانیو چارەنووسسازە، ئەوەندەش بۆ ئەوانی دیكە مایەی بایەخو تێڕوانینی زەوەندی حساب لەسەر كراوە. ماوەی ١٤٠ لەدەستی دێت مافی چارەی خۆنووسینی گەلی كورد بكاتە دیفاكتۆیەكی عێراقیو ناوچەییو جیهانی وەك چۆن بەجێبەجێ نەكردنیشی لەدەستی دێ رووی دەسكەوتەكانی كورد لەكۆتایی هەورازەكەوە بەرەو لێژی گلۆر بكاتەوە! بەپێی ئاژانسی ئاكی ئیتالی حكومەتی عێراق بودجەی گەڕانەوەی كوردە دەركراوەكانی كەركوكو عەرەبە هاوردەكان



لەبودجەی ساڵی داهاتوو واتە ساڵی ٢٠٠٨ دەدات، نەك وەك بڕیاربوو كە دەبوو لەبودجەی ٢٠٠٧ دا بیدات، ئەمەش مانای وایە حكومەتی عێراقی هەم خواستی دواخستنی مادەی ١٤٠ دەكاتو هەم پلانی بۆ ئەو دواخستنەش هەیە، هەروەكو چۆن بەپێی هەواڵێكی( رۆژنامەی حورپەتی توركی) دكتۆر بەرهەم ساڵح جێگری سەروەزیرانی عێراق پێشبینی ئەم دوا خستنەی كردووە. ئەمە جگە لەوەی كە سەركردایەتی سیاسی خەڵكی كوردستان ئاگاداری ئەوەیە كە لەسەردانی هەردوو جێگرانی سەرۆك كۆماری عێراق (تارق هاشمیو عادل عەبدولەهدی) بۆ توركیا ئەوان بەڵێنیان بەحكومەتی توركیادا كەكار بكەن بۆ دواخستنی مادەی ١٤٠ هەروەكو چۆن هەمان داوا رووبەڕووی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كرایەوە لەكاتی سەردانیدا بۆ هەریەك لە عەرەبستانی سعودیو ئوردن. لێرەدا ئەگەر دواخستنی مادەی ١٤٠ پەیوەست بێت بە پارەوە ئایا كورد ناتوانێت ئەم گرفتە چارە بكات بەرلەوەی پێویستی بەهەڕەشەكردن لەئەوانی دیكە هەبێت یان رووبەڕووی هەڕەشەی ئەوانی دیكە بێتەوە؟.

بێگومان پیادەكردن یان رووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەلایەن هەرێمەوە پێویستی بەو بودجەیە زیاترە كە پێویستە بۆ ئاساییكردنەوەی بارودۆخی كەركوكو ئەو ناوچە كوردییانەی كە كێشەیان لەسەرە دابین بكرێت، ئەمە لەكاتێكدا لەدوای ئازادكردنی عێراقەوە بودجەی هەرێمی كوردستان نزیكەی (٧) ملیار دۆلار بووە! ئایا سەركردایەتی هەرێمی كوردستان چەندی لەو بودجەیە بۆ كەركوكو مادەی ١٤٠ تەرخانكردووە؟ ئایا هەرێمی كوردستان لەتوانایدا نیە لەو ٧ ملیار دۆلارە بەشێكی كێشەی كەركوك چارە بكات بەتایبەت كە هەزاران لەو خێزانە عەرەبە هاوردانە

چاوەڕێی قەرەبوویەکی مادینو ئامادەن بێ گرفت کەرکوك جێبهێڵنو بگەڕێوە بۆ شوێنەکانی خۆیان لەناوەڕاستو باشور؟

بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەگەر بڕیار بێت سەردەمی هەڕەشە بۆ ئەوانی دیکە بەسەرچوبێت ئەوا بێگومان بۆ ئێمەی خەڵکی هەرێم و ئێوەی سەرۆکی هەرێمەکەشمان هەمدیسان دیسان بەسەرچووە! ئێوە گەف لە نەیارانی دەرەکی دەکەن ولە پشتی نەیارانی نێوخۆی ئەزمونەکەمان دەوەستن، بەڕێزتان سەرنج بدەن چۆن بەبەرچاوی بەڕێزتان و هەموو خەڵکی هەرێمەکەمانەوە لەشکری گەندەڵکاران قوتی خەڵکی کوردستان بە تاڵان دەبەن و هەڕەشە لە ئەزمونەکەمان دەکەن، سەرنج بدەن چۆن گەندەڵکاران کە لانیکەم نیوەیان سەربە پارتەکەی بەڕێزتانن ٧ ملیار دۆلاری بودجەی هەرێمیان دیزە بە دەرخۆنەکرد!.

جەنابی سەرۆك، میللەت ماندووە، ولاتیش گەندەڵگیر، گیرفانەکانی حکومەتەکەشمان خاڵی، بەڕێزیشتان دەزانن زمانو سەردەمی هەڕەشە بەسەرچووە، کەواتە ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، ئێوەی بەڕێز بەرگی نوێتان پیرۆزو لەگەڵ ئێمەشدا دروود لەگیانی پاکی کوردستانی بوونی کەرکوك و دەستەخوشکە بێنازەکانی!!.



## زۆرینەکانی عێراق کێن؟...

عێراق وەکو دەستەواژەی دەوڵەتێکی سیاسی سەربەخۆ دەستەواژەو پێکهاتەیەکی تازەیەو تەمەنی لە ٨٣ ساڵ تێپەڕ ناکات، ئەم دەوڵەتە لەپێناوی بەرژەوەندیە بالاو جۆربەجۆرەکانی ئەوسای ئینگلیز بەشێوەیەکی زۆرەملێیانەو دوور لە خواستو ویستی گەلانی عێراق دروست بووە، عێراق لە ڕووی پێکهاتەی خاکی نیشتمانەوە بریتیە لە عێراقی عەرەبیو عێراقی کوردی، عێراقی عەرەبی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، عێراقی کوردیش بێگومان خاکەکەی بەشێکە لە نیشتمانی گەورەی کورد کە کوردستانەو کوردیش کە بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو بەشە خاکە بەزۆر لکاوەی کوردستان بەعێراقی عەرەبیەوە پێکدێنێ بەشێکە لەنەتەوەی کورد، بەو پێیە کورد لە کوردستانەکەی خۆیدا زۆرینەو عەرەبیش بە سوننەو شیعەوە لە بەشە عەرەبیەکەی عێراقدا زۆرینەن، عەرەب لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە خۆیان لەم ڕاستیە مێژوویانە نەبان کردووەو لەماوەی ٨٣ ساڵی ڕابردوودا نەك هەر هەموو حوکمی عێراقیان تاپۆی خۆیان کردبوو، بەڵکو کوردیان کردە گەورەترین نەتەوەی قوربانی لەم سەردەمە دیموکراتو مۆدێرنە پێشکەوتووەی ئەمڕۆ.

کاتێك باس لە زۆرینەو کەمینە دەکرێ دەبێ هەموان لەو ڕاستیانە حاڵی بکەین کە کورد لە نیشتمانەکەی خۆیدا زۆرینەیەو لە داڕشتنەوەی دەسەڵاتەکانیشدا بۆ عێراقی ئەمڕۆ دەبێ هەر ئەو ڕاستیانە بکرێنە بنەما

دەستووریەکانو کوردو عەرەب بەپێی پەیماننامەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو کلتووری هاوچەرخ شێوەی ژیانو پەیوەندیەکانیان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەسەر بنەمایەکی شایستەی شارستانیانە دابڕێژنەوە، بەمەش دەکرێ ئەو عێراقە کە لەماوەی ٨٣ ساڵی بەزۆر داتاشرانیداجگە لە شەڕو ماڵوێرانیو کارەسات هیچی تری بۆ گەلانی عێراق نەگەیاندووە، دەکرێ بکرێتە نمونەیەك لە بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی هەموو نەتەوەو مەزهەبو رەگەزە لەیەك جیاوازەکان و لەئەنجامی گەشەکردنی دیموکراتیشدا لەئایندەیەکی نزیکدا هەموو گەلانی عێراق باوەڕ بهێنن بە جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە، بەمەش دواجار کۆتایی دێ بە مەسەلەی زۆرینەو کەمینەو، کۆتایی دێ بە بەیەکەوەلکانی زۆرەملێیانە، یەکگرتنی ئارەزوومەندانەو هەمووومان دەگەڕێینەوە بۆ ئەسڵی خۆمان.



## کەی قۆناغی دوای مریشکە ڕەشە دەست پێدەکات؟

مەسەلەی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی کوردستان چەند ساڵێك لەمەوبەر گەیشبووە قۆناغی مریشکە ڕەشەو ڕاگەیاندنە هاشو هوشچییەکانی هەردوو زل حیزبەکەش بەهاریان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ساویلکەو بە پەرۆشی کوردستان زیاتر لە چۆکانیش هێنا بوو، بەڕادەیەك زۆرێك لە کۆمەڵانی خەڵك پێیان وابوو ئەم مەسەلەیە هاکا لە دیدارێکی لوتکەییدا بوو بە نوقڵانەی ئەوان بۆ ئەمان، بەڵام مخابن خەریکە مریشکە ڕەشەی ئاشتی، لەپڕوچکان پڕوچکانی، نێوان دووکانو سەری ڕەشدا، لەگەڵ خۆیدا خەونی ئەو یەکگرتنەوەش بۆ هەتایە مردار دەکاتەوە.

بەر لەوەی ئەو دیدارە بێ تامو بێ ئەنجامو بێخێرە بێرەی هاوینە هەواری سەڵاحەدین یان ئەوەی بە دیداری لوتکەیی ناسراوە لە ٣ / ١ / ٢٠٠٦ بە ئەنجام بگات، وەکوو زۆربەی جاران هەوڵمدا بزانم دیداری لوتکەیی نێوان هەردوو سەرۆك مریشکە ڕەشەی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی کوردستان بەرەو کوێ دەبات! هەر بۆیە هەوڵمدا پەیوندی بەسەرچاوەیەکی نزیکو بەئاگا لەو کۆبوونەوانە بکەم، ئەو سەرچاوەیە پێی وتم جارێ پێدەچێ خودی مریشکە ڕەشەکەی خۆمان لێ وون بووبێ، بۆیە چاوەڕێ مەبە بەدیداری لوتکەیی ئەم جارە نەك بشێ قۆناغی مریشکە ڕەشە ببڕێ. بەڵکو جارێ وا دەردەکەوێ ئێمە گیرۆدەی تەڵەکەیەکی عێراقچیانەی نێوان شیعەو

سوننە بووبینو هەر لەو عەقڵەدا بین کە کچی خۆمان بکەینەوە بە قوربانی کوڕی خەڵکی!

هاوینە هەواری سەلاحەدین لەبری ئەوە لە ئەمڕۆدا ببێتە مەڵبەندی مشتو مڕی کوردستانیان بۆ تێپەڕاندنی ئەو بارووددۆخە ئەستەمو پڕ لەشەرمو شورەییەی کە حکومەتی کوردستان هەر بە دوولەت بوویی هێشتۆتەوە، کەچی بۆتە هاوینە هەواری عێراقچێتیەتێکی بێمانا، نابێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە ڕاگەیاندنی پارتەکەی خۆی بەسەرۆکی کوردستانیشی ناو دەبات بیری بچێت، کە بەڕێزیان لەبەرامبەر گەورەترین بەرپرسیارێتی مێژوویی دایە، هەموو مەسەلەکانی کوردستان بەباری پۆزەتیڤو نێگەتیڤدا لە پلەی یەکەمدا بۆ بەڕێزیان دەگەڕێتەوە بە حوکمی بەرپرسیارێتیەکەی، دەبێت سەرۆکی هەرێم بیر لەیەکخستنی هەرێمەکەی خۆی بکاتەوە، دەبێت ڕۆڵی سەرکردایەتی خۆی لەم مەسەلە چارەنوس سازەی کوردستاندا وازی بکات بە پلەی یەکەم، ئەوجار قەیدی نەدەکرد، ئەگەر ڕۆڵی میانگریشی بگێڕایە لە نێوان عەرەبی سوننەو شیعەدا، بۆ سەرۆکی هەرێمەکەی ئێمە، هەر بەڕاستی مخابنە ئەگەر شتی گرنگتر لە یەکگرتنی هەرێمە دوو لەتبووەکەی خۆیو، فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی خۆی بە پێی ئەو واقیعە جوگرافیو مێژووییە نەتەوەییەی کە هەیەتی هەبێت.



## تیرۆرو فەلسەفەی وێرانکردنو سڕینەوەی ئەوانی دی

تیرۆر خاوەن ناسنامەیەکی عەرەبی ئیسلامیە، لەدوای ئەوەی عەرەب فەرمانڕەوایەتی خۆی بەسەر ئیمپراتۆریەتی پانوپۆڕی ئیسلامی لەدەست دەرهات لەڕێگەی عەشیرەتێکی تورکی بچووکەوە کە پێشتر لەناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ئەنادۆڵ کشابوونو بە عوسمانیەکان ناسرابوون، عوسمانیەکان کە بەزوویی توانیان لەڕێگەی پەلامارلادانو بەکارهێنانی هێزەوە واقیعی خۆیان لە خێڵێکی بچووکەوە بگۆڕن بۆ قەوارەیەکی خاوەن نفوزو ببنە خاوەن قەڵەمڕەویەکی بەرینتر لەوەی کە خۆشیان چاوەڕێیان دەکردو سەرەنجامیش توانیان جڵەوی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی وەربگرن کە دەمێك بوو مایەی مشتومڕو ململانێو ناکۆکیو جەنگو پێکهەڵپڕژان بوو لە نێوان عەرەبو ڕۆمو عەجەم دا.

عەرەبەکان هەر لەساتەوەختە بەراییەکانی ئەم دۆڕاندنە مێژووییەدا هەستیان بەمەترسی ئەم ئاڵوگۆڕە گەورەو چارەنووسسازەی دەسەڵات کردو نەیانتوانی ئەم ئاڵوگۆڕە گەورەیە کە بەقازانجی ناوبانگی نەتەوەیی ئەوان نەبوو هەتاسەر قبووڵ بکەن، هەربۆیە بەزوویی بەرهەڵستکاری خۆیان بەدوو ڕێگاو بە دوو شێوازی بیرکردنەوەی تەواو لەیەکتری جیاواز ڕاگەیاند، کە یەکیان بریتی بوو لە بزووتنەوەی کۆنخوازەکان کەلەم نووسینەدا زیاتر تیشکی دەخەمە سەرو زیاتر مەبەستی منە لەم نووسینەدا، شێوازی دووەمی بەرهەڵستکاری عەرەبەکان بزووتنەوەیەکی عەرەبی نەتەوەیی بوو کە خۆی

بە نوێخواز لە قەڵەم دەدا ئەگەرچی بەدرێژایی مێژووی خۆی هەتا ئەمڕۆش ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیوە خۆی لە جەوهەری بیرکردنەوەی کۆنخوازەکان بەتەواوەتی جیا بکاتەوەو دابڕانێکی پۆزەتیڤانە دروست بکات.

کۆنخوازەکان دژایەتی خۆیان بۆ ئەم ئاڵوگۆڕەی دەسەڵات نەشاردەوە، بەزوویی کەوتنەخۆ بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە تازەیەی عوسمانیەکان خوڵقاندبوویان بگۆڕن‌و جارێکی تر ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بەناسنامە عەرەبیەکەیەوە بگەڕێننەوە، بەدرێژایی تەمەنی چوارسەد ساڵەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەم بزووتنەوە کۆنخوازیە کە تەنها ناکۆکی‌و جیاوازی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەر ناسنامە عەرەبیەکەی بووە کەچەندان یاخیبوون‌و هەڵگەڕانەوەو رووبەڕووبوونەوەی خوێناوی خوڵقاندووەو بەردەوامیش هەوڵی داوە ئەو بزووتنەوەیە بە دیسکۆرسی جیهادی خۆی پتەو بکاو ڕەوایەتی خۆشی بکاتە ئەرکێکی ئیسلامی‌و ئیلاهی رەهاو تا دواجار لەسەر دەستی رێبەرە توندڕەوەکانی ئیخوان موسلیمینی وەکو حەسەن بەناو سەید قوتب بەشێوەیەکی توندو تیژترو بە فەلسەفەی تیرۆریستی‌و خۆی وەکو تیرۆر ناساندو ئەمڕۆش لەسەر دەستی رێکخراوی ئەلقاعیدە ئەو تیرۆرە خۆی وەکو بزووتنەوەی جیهانی کە بەتیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناسراوە دەرخستووە.

ئەوەی کە وەکو جیاوازی ڕیشەیی‌و قووڵ لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا هەستی پێدەکرێت ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر داخوازیەکانی ئەو بزووتنەوە کۆنخوازیەدا هاتووە، چونکە ئەگەر جاران ئەو بزووتنەوەیە لە ساتەوەختە بەراییەکانی سەرهەڵدانیەوە خەونی بەگەڕاندنەوەی ناسنامە عەرەبیەکەی ئیسلامەوە بینیبێ‌و ئامانجی فەرمانڕەوایێتی خودی عەرەب بووبێت بەسەر



شارستانێتی ئیسلامیدا، ئەوا ئەو بزووتنەوە تیرۆریستیەی ئەمڕۆ رێکخراوی ئەلقاعیدە سەرۆکایەتی دەکات ئەم ئامانج‌و داخوازیانەی نیەو سنووری هەڵسووڕان‌و کارە تیرۆریستیەکانیشی بە تەنها لە قەڵەمڕەوو شارستانێتی ئیسلامیدا دەرناکەوێ، بەڵکو بەشێوەیەکی دڕندانە جەنگی لەگەڵ شارستانیەتەکانی دیکەشدا بەرپاکردووە ئەمە جگە لە پەلاماردانی دڕندانەی بەشێك لە شارستانێتی ئیسلامی لەرێگەی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بوونی هەموو ئەوانەی لەناو ئەم شارستانێتەشدا لەدەرەوەی  ئەم رێکخراوە تیرۆریستیە خۆیان ئەژمار دەکەن، کەواتە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ترسناکی ئەم بزووتنەوە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیە بکەین بەوەی کە نەباوەڕی بە دیالۆگ یان دانوسان هەیە، چونکە جەنگەکەی بۆ ئەوە نیە شتێك بدات بۆ ئەوەی شتێکی دیکە بستێنێ، هەر بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو بزووتنەوە تیرۆریستیە هەرگیز نەدەکرێت پێی بگوترێت بەرهەڵستکارو نەلەخانەی بەرگریکاریشدایە، بەرهەڵستکار نیە چونکە نەبڕوای بەدانوسان هەیەو نە مەرج‌و داخوازی دیاریکراویشی هەیە تا بەرامبەرەکەی بۆی بسەلمێنێ، بەرگریکاریش نیە چونکە سنوورو شوێنی هەڵسوڕانی ناوچەیەکی دیاریکراو نیە.

تیرۆر بزووتنەوەیەکە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی نموونەی نەبووە، راستە مرۆڤایەتی بەربەریەت‌و نازیزم‌و فاشیەتی بەرهەمهێناوە، بەڵام تیرۆر لەسەر دەستی ئیخوانەکانی میسرو بەعسیەکانی عێراق‌و ڕێبەرەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە توانی ئەودیوی بەربەریەت‌و نازیزم‌و فاشیەت بخوڵقێنێ کە بەڕاستی پێشێلی هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان بکات بە

ئەندازەیەك ئاشتی جیهانی بخاتە مەترسیەوەو پەنایەك بۆ ئارامیو ئاسوودەیی نەهێڵێتەوەو تەڕو وشك پێكەوە بسووتێنێ.

لەكوردستاندا تیرۆر هەر بەناسنامە عەرەبیو بەعسیەكەی هەبوو هەتا راپەڕین، بەداخەوە ئەگەرچی راپەڕین بۆ ئێمە دەروازەی ئازادی نەتەوەییمان بوو لەگەڵ خۆیدا دەرگای چەندان دیاردەی جوانو نیشتمانی هێنا بەڵام بەداخەوە هەر ئەو راپەڕینەش بوو دەرفەتی بە تیرۆردا كە بەجامانەو شەڕواڵی كوردیەوە بێتە نێو ماڵەكانمانەوەو وەكو ئیسلامی سیاسی بۆ یەكەمین جار بەشێوەی هێز خۆی بناسێنێو هەڕەشەی جدیش بێت لەسەر چارەنووسی كورد لەو ماڵەی كە بەخوێنو فرمێسكو ئارەقەو شەونخونی میللەتێك تازە بەتازە بنیاتمان نابوو، بەداخەوە شەڕی كوردكوژە لەكوردستان زیاتر چانسی گەشەكردنو ژیانی تیرۆری رەخساندو زیاتر دەرگای ئەو ماڵەی بۆ خستە سەر پشت، ئێستاش لە كوردستان دیاردەی دوو ئیدارەیی زەمینەی باشتر بۆ گەشەكردنی تیرۆر دەرەخسێنێ، تیرۆر لەنێو ماڵەكانماندا جگە لەوەی هەڕەشە لە هەموو بەها نیشتمانیو نەتەوەییو كۆمەڵایەتیو مۆڕاڵیەكانیشمان دەكات وەكو لە دانپیانانەكەی گروپە تیرۆریستیەكەی شێخ زانا بۆ هەموو تاكێكی ئەم كوردستانە روون بووەوە، ئامانجی كوشتنی نەتەوەیەكو وێرانكردنی نیشتمانەكەشمانە لەكوردستاندا، بۆیە لێرەوە دەسی دەسی كردن بە هەوڵی یەكگرتنەوەی ئیرادەو ئیدارەی دوو لەتی كوردیەوە، ئیدی كەس ناتوانێ بڵێ خیانەتی نیشتمانی نیە، مەترسی تیرۆر لە كوردستان مەترسیەكی یەكجار ترسناكە، بەئاسانی لەدەستی دێت گوتاری سیاسیمان بن كۆڵ بكات، بۆ ئەوەی لە كوردستان



تیرۆر ڕیشەكێش بكەین پێویستیمان بە دیسكۆرسێكی مۆدێرنو عەقڵانیو نەتەوەیی هەیە.

## ببورە«دوعا»گیان

## ئێمە شەرەفمان لەتۆی نیشتیمان خۆشتردەوێ!!

(ئەو کاتانەی روسوریەکەم، بەسەر دەستی مێردەکەم و کۆمەڵێك پیرێژنەوە،دەگەڕێنن کۆڵان کۆڵان

یەزدان

تۆ بڵێی لەشەرمانا نەبم بەپارچەیەك گریان!

من شەرەفی مێردەکەمم

بەڵام ئەوشەرەفی من نیە

من لەپەراسوی چەپم

من شەیتانم ! )

(کەژاڵ ئەحمەد)

دوعا تەنها کچە کوردێکی یەزیدی عاشق نەبوو، دوعا نیشتیمانێك بوو لە ئەوین بۆیە کوشتمان، ببورە دوعا گیان ئێمە کوردین خەڵکی وڵاتی پیاوەتی و شەرەف وناموسین، ئێمە دڵرەقترین بەندەی خوداین ، ئێمە هەمیشە لەناخماندا جەهالەتێك کلپەدەکات ، جەهالەتێك کە لە سێکوچکەی ناموس و خوێن و تۆڵەوە هاتوە،ببورە کوردستان ئەگەر لەمەرگی (دوعا)دا جەسارەت بکەم وبڵێم کە ناتوانم وەکوو (محەمەد ماغوت)بم، بڵێم من جووتە پێڵاوەکەشم بەتۆمەوە دەبەستێتەوە، ئاخرمن لەئاست مەرگی دوعادا



دووجار شەرمەزارم، جارێك وەکو کوردێك، جارێکی دیکەش وەکو پیاوێکی رۆژهەڵاتی .

ببورە، دوعا بێمرادی هەمووان، ئێمە خیانەتمان لەنیشتمان و ئازادی خۆشتردەوێ بۆیە وا بەڕقێکی ئەستوری پیاوانەی کوردانەوە هەنجن بەهەنجنمان کردی، ببورە، ئێمە دەمێکە دڕەندەی گۆشتخوری دارستانێکی ئەم وارەین و نێچیرەکانیشمان ئێوەی خوشكو دایكو ژنە،بۆیە ئاوا نامەردانە لەخوێنی کچێنی خۆتدا خنکاندمانی.

ببورە، تۆ تەنیا شەهیدی دەستی غەدری ئێمەی پیاو نیت، ئێمە دەمێکە جاڕمانداوە کوردایەتی لە پیاوەتیمانەوە هاتووە، ئێمە لێکدانەوەیەکی پیاوانەمان هەیە بۆ کوردایەتیو کوردپەروەری، ئێمە کوردپەروەرێکی خائینین ئەگەرنا خۆتۆش کورد بووی، ئێمە کەتۆمان زیندە بەچاڵ کرد دەمانزانی خیانەت لە کوردپەروەریمان دەکەین، دەمانزانی جارێکی دیکەش بە غەدرێکی کەڵەگەتەوە ئازاری شۆرش و ڕاپەرین و وڵاتماندا!!

ببورە ئێمە هەر لەگەڵ یەکەم ساتەوەختی ڕاپەرینەوە بەخەتێکی درشت لەسەر کوردستانمان نوسی، نە سەرۆکی هەرێم و، نەسەرۆکی پەرلەمان و، نەسەرۆکی حکومەت و نەوەزیری داد و مافیش لە کوشتنی ژنان بەتۆمەتی پاراستنی شەرەف و ناموس بەرپرسیار نین، ژنان خۆیان بەرپرسیارن لەدروست بوونیان وەکو ژن!! ئێمە لەهەرێمێکدا دەژین کە شەرەفمان لەتۆی نیشتیمانمان خۆشتردەوێ!!

# سیاسەتی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی سێنترالی عێراق
# لە بریمەرەوە بۆ بیکەر – هاملتن

ئەمریکا بە گۆڕینی ژەنەڕاڵ جەی گارنەر بە پۆڵ بریمەر لە سیاسەتە ستراتیژیەکەی خۆی سەبارەت بە عێراق و ناوچەکە بە شێوازێکی زیرەکانە دەستی کرد بە جۆرێك لە پاشەکشە، ئەگەر نەشڵێین بە پاشەگەزبوونەوە دانانی پۆل بریمەر بە حاکمی عێراق و دواتر دەرکەوتنی سیما سەرەکیەکانی سیاسەت و تێڕوانینەکانی ئەو پیاوە سەبارەت بە عێراق ،دەبوو لە کات و ساتی خۆیدا بۆ کورد مایەی نیگەرانی و هەڵوەستە لەسەر کردن بوونایە ،کەچی دەبینین چونکە هێشتاش عەقڵی سیاسی کوردی عەقڵێکە بە چەمك و پێوانە مۆڕاڵیەکانی دیوەخان کار دەکات ، نەك هەڵوەستەی نەکرد ، نەك دەستەیەکی ئەکادیمی و پسپۆڕی پێك نەهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەو سیاسەتی پاشەکشەیەی ئەمریکا لە بنیاتنانی دیموکراسی و دەوڵەتێکی فیدڕاڵی لە عێراقدا ،بەڵکوو هەردوو پارتە سەرکیەکەی کورد کەوتنە کێبەر کێی ئەوەی کامیان زیاتر بە کیژۆڵە نازدارەکانی کورد گوڵبارانی ئەو حاکمە تازەیەی ئەمریکا بکەن .

پێموایە بەرێز نێوشیروان مستەفا ئەمین یەکەمین سەرکردەی کورد بوو کە هەستی بەم نیازو مەرامانەی ئەمریکا کرد، ئەو مەرامە سیاسیە شاراوانەی کە ئەمریکا دەیویست لە ڕێگای حاکمێکی وەکوو برێمەری پسپۆڕ لە بواری کاری هەواڵگریەوە بە شێوەیەکی وەستایانە بێئەوەی لەسەر



ئەمریکا بکەون بە خشکەیی جێبەجێ بکرێن. بیگومان برێمەر زیرەکانە هەوڵیدا ئەو مەرامە سیاسیانەی ئەمریکا بۆ لە نوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی ناوەندی بخاتە چوارچێوەیەکی یاسایی و پشتیوانی عێراقیشی بۆ مسۆگەر بکات، ئەوە بوو ئەوسا یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق لەقۆناغی گواستنەوەدا لەلایەن تاڵەبانی کە ئەوسا سەرۆکایەتی یەك مانگی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراقی لە ئەستۆدا بوو هاتە واژۆ کردن. پوختەی بیرۆکەی ئەمریکا لەو یاسایەدا سەرەتایەکە بۆ خۆدزینەوە لەو دیموکراسیەت و دەوڵەتە فیدڕاڵیەی کە کورد و شیعە دەیانخواست، هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو کە بەرێز نێوشیروان مستەفا ئەمین وەکو کەسایەتی دووەمی ئەوسای یەکێتیی بانگەوازی یاخی بوونی مەدەنی و بەرگری ئاشتیانەی کرد لە پێناوی سەرنەگرتنی ئەو مەرامانەی ئەمریکا کە لەگەڵ بەرژەوەندیە باڵاکانی خەڵکی کوردستاندا نایەنەوە ، ئەو بانگەوازەی کاك نێوشیروان دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی کوردستانی و عێراقی و ئەمریکیش لێ کەوتەوە. لەسەر ئاستی کوردستانی بەرێز مەسعود بارزانی هێنایە دەنگ لە ئاستی کەموکوڕیەکانی یاسا کاتیەکەی بەڕێوەبردنی عێراقو لەسەر ئاستی ئەمریکاش پۆڵ برێمەر بە زمانی هەڕەشە هاتە ئاخاوتن گوتی ( ڕێگای پشێوی نادەین لە عێراقدا و ئەم پشێویە لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت و ئەو کەسە لەهەر ئەتنیك و لە ئاستی هەر بەرپرسیارێتیەکدا بێت ) .

بێگومان ئەمریکا هەر زوو توانی دەست بەسەر نارەزایەتیەکانی کورددا بگرێت ئەویش بە بەخشینی کۆمەکێکی دوو ملیار دۆلاری بۆ هەر یەك لە یەکێتیی و پارتی. ئەمە جگە لەوەی کە ئەمریکا رازی بوو کێشەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان لە نێوان یەکێتیی و پارتی و بە تایبەت تاڵەبانی و بارزانی بە کۆتایی بهێنێت، ئەو کێشەیەی کە وەکو مۆتەکەی سەر سینگی

دەستکەوتەکانی کورد وابوو، ئەوە بوو دواتر تاڵەبانی پۆستی سەرکۆماری عێراقی وەرگرت و بارزانیش پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەمەش کورد کەوتە بەسەربردنی هەنی موونی خۆی .

بە هۆی ئەوەی لە کوردستان نەك ڕای گشتی و شەقامی کوردی لە خانەی نەبوون دایە بەڵکو من پێموایە زۆر جار لەنێو خودی ئەو حیزبە کوردیە باڵادەستانەشدا ئەوەی بە ڕای گشتی نێو خودی ئەو حیزبیانەش ناسراوە بوونی نیە هەر بۆیە دوای ئەوەی کێشەی میرات و دەسەڵاتی نێوان تاڵەبانی و بارزانی بە کۆتایی هات یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێن دوای ئەوەی ئەمریکا بە بەخشینی ناسناوی سەرۆك بە تاڵەبانی و بارزانی و داوەت کردن و بەرەسمی پێشوازی کردنیشیان لە لایەن سەرۆك بوشەوە لە کۆشکی سپی توانی کورد بخاتە هەنی موونی خۆیەوە چونکە لە لایەك تەبایی نێوان تاڵەبانی و بارزانی بۆ کوردستان نیشانەی دوور کەوتنەوەیان بوو لە ئاگری شەڕی براکوژی. لە لایەکی دیکەشەوە گەیشتنی دوو سەرکردەی کورد بە دوو هەرە پۆستەی شکۆدارو باڵاکانی عێراق و کوردستان و زیاتر ڕای گشتی کوردستانی دایە دەست خۆش خەیاڵی و ڕۆمانسیەتی ئەو هەنی موونەوە. ئەوەی شەقامی کوردی لە هەنی موونی خۆی بە ئاگا هێنایەوە ڕاپۆرتی گروپی لێکۆڵینەوەی عێراق بوو کە بەراپۆرتی بێکەر- هاملتن ناوی دەرکردووە، بێگومان ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتەو هەموو خاڵەکانیشی بریتین لە دووبارە دەست پێکردنەوەی ئەو سیاسەتانەی ئەمریکا هەر لەگەڵ ناردنی برێمەردا بوون بە هەناردەی سیاسی ئەمریکا بۆ عێراق و کوردستان، ئەو سیاسەتی هەناردەیەی کە ئەمریکا دەخوازێت تەنها بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیە باڵاکانی خۆیدا ساغیان بکاتەوە. ڕاپۆرتەکەی بێکەر- هاملتن ئەگەر لای یەکێتیی و پارتی نیشانەی نەبوونی پابەند نەبوونی ئەمریکا بێت بە چەمکی هاوپەیمانێتی ستراتیژی نێوان ئەوان و ئەمریکا بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستانیش، یەك راستی زیاتر ڕۆشن دەکات کە نەك کێشەی کورد



لە دەستێکی ئەمین دا نیە، بەڵکو لە سایەی سیاسەتی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی سێنتڕاڵی لە عێراق، کوردستان بە خەڵك و خاك و کێشەکەیەوە لە لێواری ئاشبەتاڵێکی دیکە دایە!!

## کوردسات ئازاری ڕانیە و ڕا پەڕین دەدات

هەرلە یەکەمین سالرۆژی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ٥ ی ئازاری ١٩٩١ وە، ئەو ڕاپەڕینەی کە لەڕانیەی مەکۆی بەرخودان و دەروازەی ڕاپەڕینەوە کڵپەی سەندو هەموو کوردستانی گرتەوە، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی لە ڕێگەی کەناڵە مەرکەزیەکانی خۆیەوە (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و کوردستانی نوێ و لەم دوو ساڵەی دوایشدا کوردسات) خەریکی دیزە بەدەرخۆنەکردنی یەك ڕاستی مێژوویی گرنگن کە ئەویش دەسپێکی ڕۆژی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ٥ ئازارە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی بەچ مەرامێك و بۆچی بەم شێوەیە بەگژ پرشنگدارترین ڕۆژی مێژوویی دوور و نزیکی نوێی گەلەکەماندا دەچنەوە لە کاتێکدا ڕاپەڕین لەسەر دەستی باشترین کوڕانی یەکێتیی لەو دە ڤەرە بە هاوکاری خەڵك و لایەنە سیاسیەکانی دیکە بەتایبەتی شیوعیەکان بەئاکام گەیشتووە؟ یەکێتیی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتیی بۆچی هەموو ساڵێك جەژنی یادەوەری ڕاپەڕین لەخەڵکی ڕانیە و دەڤەری راپەرین تاڵ دەکەن؟ ئایا لەبیریان چۆتەوە چۆن پڕ بەگەرووی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان دەیانشیڕاند (کە کوردستان بەعس قڕ بوو .....بێجگە لە ئێزگەی دەنگی من کێی تر لە ناو ڕانیە دا بووە؟) یەکێتیی و هەموو پارتە کوردستانیەکانی دیکەش هەتا ئێستا قەرزدارو و خەجالەتی ڕانیەو ڕاپەڕینن، ئەگەر ڕانیەو



خەڵکی ئەم دەڤەرە نەبوونایە، ئاسان نەبوو وەرزی ڕاپەڕین پەڵەی سەرکەوتنی دابوایە و ئازادیەکەش ئاوا هەموو کوردستانی لەتروسکەی سەرکەوتن هەڵکێشابوایە! ئەرێ بەڕاست کێن ئەوانەی بەری ڕەنجی ڕاپەڕینیان خوارد؟ کێن ئەوانەی هەتا ئێستاش بەئومێدی هاتنەدی خەونەکانی دوای ڕاپەڕینن؟ ڕانیەو خەڵکی ئەو دەروازە بێنازە دەبێ هەموو ساڵێك خۆیان بۆ خەنەبەندانێ ئامادەبکەن کە شارەکەیانی تێدا بکەن بە بووکی ڕازاوەی ڕاپەڕین، کەچی ئەفسوس نەك تارای سپیو سەوزی ئاوەدانی ناخرێتە سەر بووکی بێنازی ڕاپەڕین مێژووی پرشنگداری ئەو شارەش خەریکە زیندە بەچاڵ دەکرێت .

یەکێتیی و ڕاگەیاندنەکەی بەتایبەت کەناڵی ئاسمانیی کوردسات لەبەر ئەم دوو هۆیانەی خوارەوە دەخوازن دیزە بەدەرخۆنەی دەسپێکی ڕاپەڕین بکەن :-

١-یەکێتیی لە دیدێکی مەرکەزیەوە سەیری ڕاپەڕین دەکات، یەکێتیی لە ئەقلیەتی شارنشینی و گوند نشینیەوە دەخوازێ ڕۆڵەکان بەسەر کاراکتەرەکاندا دابەش بکات بەم لێکدانەوەیە بێت دەبێت ڕاپەڕین لەشارەوە بۆ گوندەکان بگوازێتەوە نەك وەك ئەوەی ڕانیەییەکان کردیان، لەدیدی یەکێتیەوە ڕانیە گوندە، هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە ڕانیە نابێت بە پارێزگا، بوونە پارێزگای ڕانیە (هەر وەکو بەڵێن درابوو ) دەبێت هەر وەکو خەون و بەڵێن لە یادەوەری ڕانیەییەکان و خەڵکی ئەو دەڤەرەدا بمێنێتەوە .

٢-یەکێتیی کە هەتا ئێستا باڵا دەستە لەو شارەو کەمترین خزمەتگوزاری پێشکەش بەو شارە کردووە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەڵکی نەپڕژێنە سەر بەرزکردنەوەی داخوازیەکانیانو بۆ ئەوەی سەرنجی توڕەبوونو

نیگەرانیەکانی خەڵکی ئەوشارە بەلا ڕێدا ببرێت هەموو ساڵێك لەرێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیەوە بە وتارێکی چەواشەکارانە تەڵقینی شایی ڕاپەڕینی ئەو شارە دەکات، بەداخەوە ئەمساڵ کوردسات ئەم ڕۆڵەی وازی کرد ڤیروسیای لەوە کرد کە (کوردسات دەنگی هەمووانە .....کوردسات ڕەنگی هەمووانە).

بۆ ڕانیە و خەڵکی ئەو دەڤەرە جێگەی گومان و پرسیارە کە بۆچی یەکێتیی بەم جۆرە ئازاری ڕاپەڕین دەدات و (کوردسات)یش ئەمساڵ بڕیارِ دەدات دەرگا لەسەر شارێك دابخات !!

# کودەتای سپی ناو یەکێتیی

یەك لە جیاوازیەکانی یەکێتیی لەگەڵ سەرجەم پارتە کوردستانیەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان ئەوە بووە، کە هاوکات لەگەڵ دامەزراندن و دروستبوونی خۆی، قەدەری ڕێبەرایەتی کردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستانیشی کەوتۆتە ئەستۆ، شۆڕشێك، کەهەمیشە لەگەڵ خۆیدا یەکێتیی داگیرساند بوو بۆ ئامانجە کوردستانیەکانی خۆی و، بورکانێکی گۆڕانکاری بەردەوامی واشی لەناو خودی یەکێتیی دا خوڵقاند بوو، کە بەردەوام لە نوێ بوونەوەو گۆڕانکاریە بەردەوام و ڕێکخراوەییەکەی خۆیدا بژی و، نەهێڵێت یەکێتیی توشی قەیران و دۆگمابوونی فکری و سیاسی بێت و، نێوان لە نێوان یەکێتی و خەڵك، یەکێتیی و شۆڕش ، یەکێتیی و هەلومەرجە خودی و بابەتیەکاندا دروست بێ، هەر ئەمەش وایکرد یەکێتی لەڕێکخراوێکی بچوکەوە ببێتە هێزیکی سەرەکی فەرمانڕەوا ، هێزێك کەتوانی شانازی ڕۆنان و چەسپاندنی یەکەمین پایەکانی دەسەڵاتی کوردی بەربکەوێ، کەئەویش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو .

لەدوای شەڕی براکوژی و دوولەت بوونی حکومەتی هەرێمەوە، ئەوەی کەلەناو یەکێتیی بەسانایی تێبینی دەکرا، ئیفلیج بوونی خودی ئەو شۆڕشە بوو کە جڵەوی یەکێتیی بۆ نوێ بوونەی بەردەوام ڕادەکیشا و لەوەش زیاتر



ببووە ناسنامەی ناسینەوەو جیاکردنەوەی یەکێتیی لەئەوانی دیکە، دیارە هۆکارەکانی پەککەوتنی داینەمۆی شۆڕشەکەو نوێ بوونەوەی ناو یەکێتیی زۆرن. لێرەدا ناکرێ ئاماژەی ورد بەهەموویان بدەین بەڵام دەکرێت بڵێین لەگرنگترین هۆکارەکان بریتی بوون لە : گەشەکردنی بێ ئامانی گیانی تەکەتولاتی ناو خودی یەکێتیی و خۆ گێل کردنی سەرکردایەتیەکەی لەدیاردە نامۆکانی گەندەڵی ناو حزب و حکومەت و نەبوونی پلانێکی گونجاو بۆ هەلومەرجە کوردستانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی .

بۆ ڕێگرتن لە پەککەوتنی گیانی شۆڕش و گۆڕان و نوێ بوونەوە لە ناو یەکێتیی ، پڕۆژەی زۆر خراونە ڕوو، بەڵام با خاوەنی پڕۆژەکان بمان بەخشن کەپێیان بڵێین ئێوە لەتەگبیرکەری شەوان دەچن کە خاتو خانزادی میری سۆران بە قوربانی خۆیان دەکات. پێدەچێ ڕوداوی سوتاندنی مۆنەمێنتی هەڵەبجە جگە لەدیوە نێگەتیڤەکەی ڕووی پۆزەتیڤیشی بەدوای خۆیدا خوڵقاندبێ، دیوێکی پۆزەتیڤی وا کە سەرلەبەری یەکێتیی بۆ بوژاندنەوەی ئەو شۆڕشە حەتمیە ئامادە کردبێت، شۆڕشێك کەماف و ئازادی بۆ تاکی کوردی دابین بکات و ئاسەوارەکانی توندوتیژی نەهێڵت کەماوەیەکە سەرەتاکانی ئەو دیاردە ترسناکە سەری هەڵداوە و لە هەژدەمین ساڵیادی یادەوەری کیمیاوی کردنی شاری هەڵەبجەش بەخێرایی تر پەرەی سەند .

یەك لە شانازیەکانی یەکێتیی دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی سەر و ماڵی هاوڵاتیان بووە ، هەروەکو چۆن تاکە جیاوازی نێوان دوو ئیدارەکەی کوردستان وەزارەتی ناوخۆ بووە و لە سلێمانی کەمی کاری تیرۆریستی و ، نەبوونی تۆقاندنی هاوڵاتیان لەسەر دەستی باندو گروپە مافیاکانی وەکو

شێخ زانا، لەسایەی هەوڵی بەردەوامی ئەو وەزارەتە بووە و بەتایبەت کە لە لەئێستادا تێکۆشەرێکی خاوێن و دەگمەنی ناو یەکێتیی و، گەرمیانیەکی کەسوکار ئەنفالکراوی وەکو کاك عوسمانی حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆیە ، ئەوەندەی منیش ئاگادارم ئێستا وەزارەتی ناوخۆ سەرگەرمی دروستکردنی هێزێکی تایبەتی ئاسایشی خوێندەوار و بە ئەزموون و بێ چەکە، کە گرەنتی دوو پات نەبوونەوەی تەقەکردن و ڕوو بەڕووبوونەوەی خەڵکە بەزەبری چەك ڕێگاش خۆش دەکات کە گێرەشێوێنەکانی هەر ڕاپەڕین و خۆ پێشاندانێکی جەماوەری بە ئاسانی بناسرێنەوە دواتر بەئاسانی ڕوو بە ڕووی دادگا بکرێنەوە و تەڕو وشك بەیەکەوە نەسووتێن .

لە دوای ئەو ڕووداوەی هەڵەبجەوە کودەتایەکی سپی لەناو یەکێتیی ، کودەتایەك پێدەچێت گیانی گۆڕانکاری لەناو یەکێتیی جۆش بدات و، ڕیفۆڕم بکاتە دیفاکتۆی بەردەم سەرکردایەتیەکەی، ئەمەش یەکێتیی لە قەیرانێکی کوشندە ڕزگاردەکاتو، دەبێتە داینەمۆیەکێش بۆ حکومەتی یەکگرتوی کوردستان، چونکە وەزارەتی ناوخۆ بەر یەکێتیی کەوتوە، یەکێتییش لەهەمان وەزارەت بەهەمان وەزیر و بەرنامە مۆدێرنەکەیەوە هاوبەشی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دەکات، بەمەش گرفتی ئەمنی لەکوردستان تا ڕادەیەکی زۆر باش چاوەڕێ دەکرێت چارە بکرێ، بەتایبەت کەیەك لە گرفتە گەورەکانی ئیدارەی هەولێر گرفتی ئەمنی بووە.



## هەڵبژاردن وچارەنووسی کوردستان

کوردستان بەهەڵبژاردنی پەرلەمانە هەرێمیەکەی خۆی لەئایاری ساڵی(١٩٩٢)دا ناوو ناوبانگێکی باشی پەیداکرد حوکمڕانی کوردی لەخەون و خولیاوە کرد بەئەمری واقیع، جیاوازیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و دەوروبەردا بەزەقی دەرکەوتن، بەڵام مخابن هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ بواری گەشەکردنی دیموکراسیانەی ئەم ئەزموونە تاقانەیەی ناوچەکەی یەکجار تەسك کردەووەو لەدوا جاریشدا کردی بەدوو کەرتەوە.

ئێستا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٢ ساڵ بەسەر ئەم هەڵبژاردنەداو ئەو هەموو گۆڕانە گەورەو گرنگانەی بەسەر عێراق و ناوچەکەو بگرە جیهانیشدا هاتوون، ئەگەرچی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان بۆکوردو ئەزمونەکەی کارێکی هەنووکەیی و گرنگە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئایندەی هەموو کوردە، ئایندەی کوردستانە لەسەر نەخشەی عێراقی نوێ. من وای دەبینم لە ئەمڕۆدا بۆ کورد گرنگ نییە یەکێتیی یان پارتی هەڵبژاردنی ئەم جارە دەباتەوە، چونکە ئەوە مەسەلەی دووەمە، مەسەلەی یەکەم و هەرە گرنگ بەدەستهێنانی مافی چارنووسە، ئەو مافەی ڕووبارێك لەخوێن و ئارەقەو فرمێسکمان لەپێناویدا ڕشتووە.

لە ئەمڕۆدا کورد لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکبوون و یەکگرتن و یەك گوتاری سیاسی هەیە، پێویست دەکات هەموومان بەتایبەت حیزبە کوردستانیەکان بەرژەوەندیەکانیان بخەنە ئەولاوەو، هەموو قورسایی سیاسی

و ئابووری و سەربازی خۆیان بخەنە خزمەت مەسەلەی ڕەوای میللەتەکەمان و بەپێی یاساو لەدەستووردا مافە نەتەوایەتیەکانی بۆ مسۆگەر بکەن‌و سنوری کوردستان‌و شارە تەعریب کراوەکان چارەنووسیان بە قازانجی مەسەلەی کورد یەکلایی بکرێتەوە، کورد پشکەبەشی سیاسی خۆی لە عێراقدا مسۆگەر بکات و ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوك بە حکومەتی عێراقی بسەلمێنێ.

کورد هەڵبژاردنێکی دەوێ کەکورد تیایدا براوە بێت نەك پارتی یان یەکێتیی، چونکە کورد دەبێت لەگەڵ عەرەب دا مەسەلەکانی خۆی یەکلایی بکاتەوە لەعێراق دا، دەبێت یەکێتیی و پارتی لەپێشدا شەڕ لەسەر بەشی کورد و چارەنووسی کورد بکەن، نەك لەسەر پشکەبەشی خۆیان لەنێو ماڵی دووکەرتبووی کورد دا، زۆرم بەلاوە سەیرە هێشتاش عەقڵی پاوانخوازی زاڵبێت بەسەر بیرکردنەوەی پارتێکی کوردیداو لەم زرووف و هەلومەرجە ناسك‌وچارەنووسسازەدا وای لێبکات داوای لەسەدا ٥٥ برا گەورانەی خۆی بکات لەو کوردەی هیشتا سفر لەسەدای وەرگرتبێت لەعێراقدا.

کاتی بڵاوکردنەوە ٢٠٠٦/٣١/١٢



# کاك کۆسرەت سیمبولی بەرەنگاری و نمونەی سەروەزیرانێکی خزمەتگوزار

کاك کۆسرەت ئەو پیاوە بەهیممەتەیە کەهەمیشەو بۆ هەتا دەبێتە بەشێکی هەرە پرشنگدار لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا، پیاوێك کەلەسەختترین قۆناغەکانی میللەتەکەماندا بەجوامێری خۆی بووەتە ئەو ناوە خۆشەویستەی کە گەورەو بچووك کردوویانەتە وێردی سەر زاریان، ئاخر بەڕاستی ناهەقیان نییە، چونکە کاك کۆسرەت تاکە سەروەزیرانێکە لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەچەند سەد مەتری شەڕی تانك و دەبابەکانی ڕژێمی بەعس‌وحکومەتی تورکی کردبێ بۆحکومەتی خەڵکی کوردستانەکەی خۆی، سەروەزیرانێك لەبەرزترین پلەو مەقامی حکومەتدا، بە ئەوپەڕی ڕاستگۆیی‌و نییەتی دروستی شۆڕشگێڕانەوە بەعەشقەوە لەپێناوی مەسەلەی میللەتەکەیدا بەدەیان جار باوەشی بۆ مەرگ کردۆتەوە.

پەلاماردانی کاك کۆسرەت پەلاماردانی بەشێك لەمێژووی هەرە پرشنگداری گەلەکەمانە، پەلاماردانی مێژووی پرشنگداری میللەتەکەشمان کارێکی مەحاڵەو لەتوانای هاشوهوشی چەند جاش قەڵەمێکی دەروون نەخۆشدا نییە، کەهەمیشە بەسەر کوردایەتیدا دەرشێنەوە، لێرەدا من ناخوازم وەڵامی ئەو بوختان‌و درۆ شاخدارانە بدەمەوە کەلەم ماوەیەداو بەفیتی موخابەراتی دەوڵەتە داگیرکەرو کۆنەخوازەکانی ناوچەکە بۆ کاك

کۆسرەتی پیاوی ڕۆژی تەنگانەو لێقەومانی میللەتەکەمان وەکو قەوانی سواو لێدەدرێنەوە، بەمەبەستی تێکدانی ئاشتی گەرم و گوڕی نێومالّی کورد، چونکە ڕۆشنە پیاوێك جگەرگۆشەکانی خۆی کردبێتە قوربانی ئازادی و ئایندەی ئارامی میللەتەکەی‌و هەمیشەش گیانی لەسەر دەستی بووبێ لەپێناوی دواڕۆژێکی پڕشنگدارتر بۆ کوردستانە ستەمدیدەکەی، نەك لەپشت کارێکی دڕندانەی وەکو قەسابخانەکەی زاخۆی دەلالدا نابێ، بەڵکو بێگومان یەکەم دەستی پۆلاّیینی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کارە چەپەلاّنەش دەبێ، بەلاّم ئایا چی لەپشت هاشوهوشی قەلّەمەکانی تابوری پێنجەمەوە خۆی حەشارداوە؟ بۆ لەئێستادا کاکی کاکان، کۆسرەتی کێوی ورەو پەنای میللەتێك کراوە بەئامانج؟

بێگومان شەمشەمە کوێرەکانی شەڕو ئاشووب چاویان لەبەر خۆری ئاشتی نێو مالّی کوردان‌و دەست لەناو دەستنانی براکان هەلّنایە، ئەوانەی سەری گەنجەکانی زاخۆو کوردستان سەردەبڕن ئەوانەن دەیانەوێ سەری ئازادی هەموو کورد سەربڕن، بۆیە لێرەدا وەکو ڕۆژنامەنووسێك پێشنیارێك دەخەمە بەردەم هەردوو هاوکارانم ئازاد جوندیانی‌و سەرۆ قادر کەلەبەیاننامەیەکی هاوبەشداو بەناوی ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبەوە بەرپەرچی هاشوهوشی قەلّەمەکانی تابوری پێنجەم بدەنەوەو بەمەش زیاتر دیواری متمانەو برایەتی براکان پتەوتر دەبێ‌و، گیانی شەهیدانی زاخۆی دەلالی هەمووشمان بۆ هەمیشە ئاسودە.



## دەسەلاّتی یاسا، یان یاسای دەسەلاّت

لە کوردستان پیادەکردن‌و سەروەریکردنی یاسا یەکێکە لە دروشمە بەتالّەکان‌و لە دروشمی ئازادی‌و یەکسانی نێوان ژن‌و پیاو دەچێت، ئاخر لە کوردستان تەواوی پیاوان باوەڕیان بە ئازادی ژنان‌و مافە ڕەواکانی ژنان هەیە بەلاّم بە قسە، بەتایبەت ئەو پیاوانەی دروستکەری دەسەلاّتی پیرۆزو ڕەهای پارتە سیاسیەکانن، ئەدی ئەوە نییە دەسەلاّتی یاساش هەمان چانسی پاراستنی مافەکانی ژنانی هەیە، ئەدی ئەوە نییە پیاوانی سالارو سەرداری پارتە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەت سەرۆك‌و سکرتێرو ئەندامانی ئەو مەکتەبانەی کە بۆ سەپاندنی سیاسەتی دلّخوازی خۆیان بە بڕیار دانراون لەگەمەی باسکردن‌و دروستکردنی دەولّەتی بەناو یاسادا دیسان هەر بە دروشم‌و قسەی ڕووت لەسەنگەری هەرە پێشەوەدان!!.

ئەوە مەسەلەیەکی چاوەڕوانکراوە دەسەلاّت هەولّ بدات پیرۆزی خۆی لە ڕێگەی دەزگاو دامەزراوە ئاشکراو شاراوەکانی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێ، بەلاّم ئەوەی قوڕەکە لە ڕەشایی خەلّك خەستتر دەکاتەوە، ئەوەیە کە ڕۆشنبیران لەئاستی چاوەڕوانکرادا نەبن‌و، سووك‌و سانا بکەونە خزمەتی دەسەلاّتەوە، یان لەیەکتری بە شێوەیەکی ناڕەوا بچنە سەنگەرەوە، لە هەردوو حالّەتەکەشدا دۆڕاو کۆمەلاّنی خەلّك‌و دیسکۆرسی ڕۆشنبیرییەو براوەش دەسەلاّت، ئەوەتا لە کوردستاندا لە جیاتی ئەوەی بکارین یاسا بکەینە هێزی پشتیوانی دیسکۆرسی ڕوناکبیریمان، بە پێچەوانەوە یاسا بۆتە

هێزێکی دیکەی لە کون کردنی خۆمانو گوتاری لاوازو پچڕپچڕو بێ ناسنامەی ڕوناکبیریشمان.

یاسا ئەو کاتە سەروەرە کە بە هێزی یاسایی خۆییو بە پێی چەمکە نێودەوڵەتییەکان پیادەکرێ، نەك بەپێی ئارەزوو و خواستی دەسەڵاتداران، چونکە ئەگەر یاسا بەپێی بەرژەوەندیەکانو ویستو مەرامەکانی دەسەڵات دژ بەبێ دەسەڵاتان بەکار هات، ئەوا بێگومان ڕەوایەتی خۆی لە دەست دەدەات .

هەرگیز ناتوانم ڕێزی ئەو یاسایە بگرم کە لە سلێمانیەوە پێم دەڵێ (پۆست لەبەرامبەر ئەوەیە کە تۆش هەمان بیرکردنەوەو هەمان بۆچوونو هەمان هەڵوێستی منی باوکی پیرۆزی کوردایەتیت هەبێ)، هەروەکو چۆن ناتوانم بێدەنگ بم، یان حورمەتی ئەو یاسایە نەشکێنم کە لە هەولێرەوە وەکو هەویری دەستی دەسڵاتداران وایە، یاسایەك دڵخوازانی پێ دەبەخشنو دڵخوازانی پێ خەڵات دەکەنو نەیارانیشی پێ بێ سەروشوێن، یان لە کونجی زیندانە تاریکەکانی میلیتاریەتو پارتی پارتانیان دەکەن، ئەوەتا هەر دوێنێ بەبەرچاوی هەموومانەوە بەپێی دەسەڵاتێکی یاسای حورمەتی دادگای هەولێر شکێنراو ئەمڕۆش بە پێی هەمان یاسای پیرۆزکراوی حزب دکتۆر کەمال سەید قادر بێ سەروشوێن دەکرێت.

بێ سەروشوێنکردنی بەڕێز دکتۆر کەمال سەید قادر جگە لەوەی کە سووکایەتی کردنە بە بالۆرەی چواردە ساڵی دیموکراتی بوونی ئەزمونی حوکمڕانی کوردستانەوە، لەهەمان کاتدا ئاماژەی گەمارۆدانی زیاتری ئازادی ڕادەربڕینو، سنوردارکردنی دەنگو نوسینو بۆچوونی جیاوازە، چونکە نوسەری ناوبراو نوسینی نوسیوە، ئەگەر چی من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ



شێوازی نوسینەکانی دکتۆر کەمالی بەڕێزدا نەبووم، بەڵام دەکرا نوسین بە نوسین یان لە چوارچێوەی یاسادا وەڵامی بدرابوایەوە، نەك بە گرتنی قەرەقوشیانە، یان بێ سەروشوێنکردن.

ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردوم ئەوەیە، کە کێشەی دکتۆر کەمالو بێ سەروشوێنکردنی ئەو بەڕێزە زیاتر دوو کەرت بوونی ڕوناکبیریمانی لێ بکەوێتەوە، بەقەد ئەوەی هانمان بدات بۆ یەکگرتنو یەکخستنی دیسکۆرسی ڕۆشنبیریمان، ئەوەتا لە جیاتی ئەوەی هەردوو سایتی بەڕێزی کوردستان نێتو کوردستان پۆست ئەو مەسەلەیە بکەن بەهەوێنی تەباییو هەوڵ بدەن لە ڕێگەی نوسەرانی هاوکاریانەوە پشتیوانی زیاترو گوشاری ڕاستە قینەترو جدی تر بخەنە سەر دەسەڵاتدارانو، داوای ئازادی دەست بەجێی دکتۆر کەمال بکەنو داوا بکەن ئەو کێشەیە ڕێڕەوی یاسایی خۆی وەربگرێتو، پەیامی ڕاشکاوانە ئاڕاستەی بەرپرسیارانی ئیدارەی هەولێرو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانو مەکتەبی سیاسی هەردوو زل حزبی کوردستان بکەن، بەداخەوە سورن لەسەر گواستنەوەی شەڕە پەڕۆ، یان ناوو ناتۆرە بۆ یەکتری دروستکردن. کوردستان نێتو کوردستان پۆست دوو ماڵی چراخانو ئازادی نوسەرانی کوردن، فەزای بەرینی ئازادی ئەوان ترسی خستۆتە دڵی پاشاگەردانیو بێ یاساییو ڕۆتینو ژیانی پڕ گەندەڵی سیاسیو ئابووری کوردستان، بۆیە دەڵێم براینە، تکایە لەئاستی پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامەگەریو ڕوناکبیریماندابن، ئێوە خاوەنی پەیامی پیرۆزی نوسینو پەیڤی سەربەزو ئازادن، هەق نییە لەوەهمی ناشیرین کردنی یەکدیدا بژینو تفەنگ بەتاریکیەوە بنێین، دەبا پەیامی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادرو هەموو نوسەرانی کوردستان، بەیەکەوە کۆمان بکاتەوە.

## ( دەنگوباس )ی پارتیو ( هەواڵەکان )ی یەکێتیی !

ئەگەر پارتیو یەکێتی وەکو دوو حزبی لەیەکدی جیاواز سەیر بکەین، دەبینین، جیاوازییەکانی نێوانیان، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینو بوونیان بە دوو حزبی باڵا دەستو فەرمانڕەوا لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆژ بەڕۆژ کاڵتر دەبنەوە، بە ڕادەیەك ئەو جیاوازیانەی کە لەساڵانی دامەزراندنی یەکێتییەوە هەتا ڕاپەڕین لە نێوان خۆیو پارتیدا ببوونە ناسنامەو شوناسو سەرخانی ئایدۆلۆجیی سیاسیو لە یەکتری جیا دەکردنەوە، لە دوای ئەو مێژووەوە ئیدی بەو چەشنە تۆخەی جاران نەمان.

بێگومان ئەو کاتەی هەوڵی دروستکردنی جیاوازی لای پارتە سیاسیەکان بەهۆی گوتارە فەلسەفە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگاتە بنبەستو ئەو پارتانە ناتوانن جیهانبینی جیاوازی خۆیان بە شێوەی جیاواز لە یەکتری بخەنە ڕوو، پەیوەندییەکانی ئەو پارتانە بە ناوخۆی خۆیانو ئەندامەکانیانو پارتە ڕکابەرو هاوپەیمانەکانیانو دواجار بە کۆمەڵانی خەڵکیشەوە توشی قەیران دەبێت، دیارترینی ئەو قەیرانانەش قەیرانی ناسنامەیە.

ئەگەر سەرنجێکی خێرای ئەو هەوڵانەی پارتیو یەکێتیی بدەین، کاتێك کە هەوڵ دەدەن باس لە ناسنامەی جیاوازی خۆیانو شوناسی سیاسیو ئایدۆبۆجیو دواجار تەواوی سەرخانە سیاسیە جیاوازییەکەی خۆیان بکەن، دەبینین ئەو دوو پارتە بۆ دەرخستنی ئەو سەرخانە سیاسیە جیاوازیەیان



ناچارن پەنا بەرن بۆ ڕابردووی دوور، ئەو مێژوویەی بەر لە ڕاپەڕین، ئەو دوو پارتە خولڤاندوویانە، چونکە لە دوای ڕاپەڕینەوە پرۆسەی دروستکردنی جیاوازی بە ڕادەیەکی زەقو ترسناك لای ئەو دوو پارتە کز بووە، کز بوونێك کە لەیەك چوونێکی ترسناکی وای بەرهەم هێناوە کە بارودۆخێکی شازو دەگمەنی لە مێژووی سیاسی کوردستانو ناوچەکەش دروستکردووە، بارودۆخێکی شازی وا کە ئەو دوو پارتە لە یەك کاتدا هەر خۆیان فەرمانڕەواو هەر خۆشیان ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتەکەی خۆیان بن. قۆرخکردنو وازی کردنی ئەو دوو ڕۆڵە لە یەك کاتدا، زەقترین کیماسی سیاسی ئەمڕۆی دەسەڵاتی کوردییە، لەوەش زیاتر لەوانەیە ئەم بارودۆخە لە ناوچەکەدا تەنها شوناسو ناسنامەیەکی کوردی هەبێت!

لە هەلومەرجی لەو چەشنەدا کە هەر هەوڵێکی پارتە سیاسییەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جیاوازیانە بەم شێوەیە تووشی پووکانەوە دەبێت، پارتە سیاسییەکان پەنا بۆ دروستکردنی جیاوازی زۆر ڕووکەش دەبەن، بۆ پێدانی مۆركو مۆراڵی حزبیانە بە شتەکان، بەمانایەکی دیکە جیاوازییەکان لە (ناو)دا دەردەکەون نەك لە (ناوەرۆك)دا، وەکو ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی خوێندکارانی هەیەو پارتی قوتابیان، ئەویان ژنانی هەیەو ئەمیان ئافرەتان، ئەویان (هەواڵەکان)ی هەیەو ئەمیشیان (دەنگوباس)...هتد.

کاتێکیش جیاوازییەکان بە عەقڵیەتێکی ئێجگار تەسکی حزبیانە لە ناویشدا نەك لە ناوەرۆکدا دەردەکەون، قورەکە زیاتر خەست دەبێتەوەو ناوەکانیش مانای ڕاستەقینەی خۆیان نادەن بە دەستەوە، چونکە ڕیتمێکی حزبیو ناقۆڵا بە ڕێوەیان دەبات. ماوەیەك بوو هەواڵەکانی مام جەلال وەکو سەرۆك کۆمار لە دەنگوباسەکانی هەر دوو کەناڵە ئاسمانییەکەی پارتی

(کوردستان تیڤی‌و زاگرۆس) پێش هەواڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەخوێندرانەوە، بەڵام ئەم شێوە کارکردنە چەن هەفتەیەکی نەخایاندو هەردوو کەناڵەکە لە چەشنی بولبولە کەوی کراوەکان چوونەوە قەفەسی پارتایەتی تەسك و، ئەمجارەیان هەواڵە گەرمو یەکەم جارەکانی سەرکۆمار نەك کەوتنە دوای هەواڵەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە، بەڵکو کەوتنەدوای هەواڵەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە. لەو لاشەوە (کوردسات)ە حەیاتەکە، نەریتی دێرینی خۆی بەزاندو هەواڵەکانی سەرۆکی حکومەتی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆیدا کردە هەواڵی دوای هەواڵەکانی سەرۆکی پەرلەمان.

تکایە نیگەران مەبن کە پێتان بڵێین: سڵاو لە عەقڵی حزبایەتی تەسکتان، ئەی بەڕێوەبەران‌و ئامادەکارانی هەواڵەکان‌و دەنگوباس لە هەرسێ خراپترین کەناڵە کوردی‌و ئاسمانییە خراپەکانی جیهان، بەڕاستی سەلماندتان کە ناو پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە نییە!!.



## دەستوورێکی ڕیشدار

دەستوور، کە دایکی هەموو یاساکان‌و پێناسەو ناسنامەی هەر دەوڵەت‌و وڵاتێکیش بێت، ئەوا دەستووری کوردستان بۆ خەڵکی ئەم هەرێمە دوو جار گرنگی خۆی هەیە، لەلایەك ئەو دەستوورە دەبێتە یەکەمین دەستووری ئەو هەرێمەو لەلایەکی دیکەش ئەو دەستوورە دەتوانێت وێنەی دامەزراوە حکومی‌و سیاسی‌و یاسایی‌و کەڵچەرییەکانی کۆمەڵانی کوردستان بۆ ڕای گشتی لەناوچەکەو دنیادا بەرجەستە بکات.

دەبێت لە داڕشتنی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هەمووان ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن، ئیرادەیەك، کە لە هەموو خولی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی کوردستاندا بەدەنگدان بۆ پارتە عەلمانییەکانی کوردستان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بەرجەستە بووە. بێگومان دەستوورێکی عەلمانی‌و مۆدێرن دەتوانێت دەستەبەری مافی تێکڕای تاکەکانی کوردستان بێت. فەرمانڕەوایی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان‌و ژیانی پڕ لە تەناهی کۆمەڵگاکانیان لە سێبەری دەستوورە مەدەنیەکانیاندا کە تیایدا دین‌و دەوڵەت بەتەواوی لە یەکتری هاوێرکراون، دەشێت نموونەیەکی دروستی سەلماندنی ئەو ڕاستییەی سەرەوە بێت.

ئەگەرچی کۆمەڵی ئیسلامی کە لەژێر ڕەحمەتی هەڵمەتە ڕۆکێتیە دەریاییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر بارەگاکانی (جوندلئیسلام) لە ناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامان بەناچاری‌و پەلە پڕۆزێ، نێوانی لە نێوانی خۆیی

تیرۆردا کێشا، بەڵام نابێت ئەو ڕاستیە نادیدە بگرن کە چۆن دواتر توانیان سوود لە ئەزمونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان وەربگرن‌و چەند کورسیەکی پەرلەمانی کورستانیش بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، بە واتایەکی دیکە دەبێ کۆمەڵی ئیسلامی لە هەمووان زیاتر بایەخی دامەزراوە دیموکرسیی‌و عەلمانییەکانی کوردستان بزانێت، چونکە ئەوان بوون لە سێبەری ئەو دامەزراوە مەدەنیانەدا لە دوای زەبرە کوشندەکانی ئەمەریکاو هێزی پێشمەرگە بۆ سەر مۆڵگەکانی تیرۆریزم، بەسوود وەرگرتن لەو کەشە دیموکراسیەی علمانیەکانی کورد ڕەخساندویانە، توانیان نەك هێڵێك بۆ نێوانی خۆیان‌و هێزی تیرۆریزم بکێشن بەڵکو بوونە خاوەن چەند کورسیەکی پەرلەمانیش لە کوردستان‌و عێراقدا.

ئایا کۆمەڵی ئیسلامی کە ئێستا نەیتوانیەوە وەڵامێکی دروست‌و لۆژیکی ئەو سکاندالە مۆراڵی‌و سیاسی‌و ئایدۆلۆجیە بداتەوە،کە بەهۆی ئەو دیکیۆمێنتەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارە(٢٩١) بڵاوی کردەوەو پەردەی لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵمالی کە ئەمیرەکەیان (مەلا علی باپیر) سیخوریی بەسەر برا موسڵمان‌و هاوبیرە سیاسییەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامییەوە کردووە بۆ ڕژێمی بەعس، بە چ ڕوویەك دەتوانن گۆبەند بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان بنێنەوە؟ ئایا هەڕەشەی زانا ڕۆستی کە دەڵێ (ئەوان شکایەت لەسەر دەستووری پێشنیارکراوی هەرێمی کوردستان لە دادگای فیدراڵی لە بەغدا تۆمار دەکەن ئەگەر بێتو خاڵی( ٧ )گۆڕانکاری ڕیشەیی تێدا نەکرێت کە ئەویش کردنی ئیسلامە بەسەرچاوەی سەرەکی بۆ یاساو تەشریع لە کوردستاندا، بە بیانوی ئەوەی کە نابێت دەستووری کوردستان



پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت)[*] ناچێتە خانەی جۆرێکی دیکەی دژایەتییەکانی ئەوان بۆ ئەزمونی دیموکراسی کوردستان؟ ئایا زانا ڕۆستی دەزانێت ئەو ئاخاوتنەی ئەو دژایەتی یەکپارچەیی‌و سەلامەتی خاکی هەرێمی کوردستان دەکات کە ئەو وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان سوێندی بۆ خواردووە؟.

بێگومان ئەگەر کۆمەڵی ئیسلامی لەسیاسەتی ناچارکران بە کرانەوەی خۆی، بەئەستەم توانیبێتی کۆمەڵێك دەسکەوتی سیاسی بەدەست بهێنێت، ئەوا بەپاشگەزبوونەوەی لەو سیاسەتە، دەشێت بەئاسانی ئەو دەسکەوتانە لەدەست بداتەوە بەتایبەت کەلایان ڕۆشنە خەڵکی کوردستان خوازیاری دەستوورێکی علمانین نەك ڕیشدار.

* بڕوانە (دەنگی سەربەخۆ) ئاژانس‌و نوچێنی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٢١.

## کارەبای کوردستان‌و باری تەعالا !

دۆستێکم کە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا وەك وەرگێڕ کاردەکات، گوتی ئەفسەرێکی ئەمەریکی پێی گوتم (هەتا زستان‌و هاوینی وڵاتەکەتانم نەبینی، هەرگیز تێنەدەگەیشتم ئێوە بۆ وا زوو هەڵدەچن‌و بۆ وا زوو لەپڕ میهرەبان دەبنەوە! بەڵام کەبینیم لێرە، زستانان بەفر تا ئەژنۆ دەبارێ‌و هاوینانیش پلەی گەرما تا پەنجا هەر منەتی تێدا نیە، ئەوسا حاڵی بووم، ئەو میزاج‌و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەتان لەبن سەری سروشتی ئەو خاکە ئەفسووناویەیە کە پێی دەڵێن کوردستان).

دەمێکە زستانان خەمی سوتەمەنی کۆڕی دانیشتن‌و شەوانی میوانداریە گەرمەکانی ئەو وڵاتەی سارد کردۆتەوە، هاوینانیش خەمی ئاوی ساردو پەیدا کردنی بەفرو شنەی هەوایەکی فێنك، نێو ماڵ‌و ئەندامانی خێزانی لە هەمووان کردۆتە دۆزەخ. فەرمانڕەوایەتی کردن بەسەر ڕەعیەتی ڕووت‌و ڕەجاڵدا، هیچ حیکمەتێکی تێدا نیە. حیکمەت لە لە جۆری ئەو خزمەت‌و خزمەتگوزاریانەدایە، کە شاو میرو سەرۆك‌و فەرمانڕەواکان، پێشکەشی میللەتی ڕەش‌و ڕووتی بندەستی دەکەن.

پازدە ساڵە میللەت لەسەر دەریایەك نەوتی ڕەشی ژێر خاکەکەی دەژی‌و زستانان لە ترسی شۆرشی سپی‌و درێژخایەنی بەفر لەسەر زەمینی ئەو دەریا ڕەشە چەق چەقەی پێکەوتووە، پازدە ساڵە میللەتێکی پێنج ملێونی چاویان لەکەرەمی خوڕە خوڕی دەریاچەی دووکان‌و دەربەندیخانە تا



لێیانەوە شنەی شەماڵێکی کوێستان‌و چۆڕێك ئاوی سارد ئەم هاوینەیان کەمێك فێنك بکاتەوە.

پازدە ساڵە ئەم میللەتە هەر شەوو ڕۆژ دەژمێرن‌و کۆرپەی ساواشیان هەراش کرد، کەچی ئەوەتا باری سەرشانیان ڕۆژ بەڕۆژ قورستر دەبێ‌و خەمی سەرماو سۆڵەی زستانان‌و خەمی گەرمای هاوینانیش، هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە!.

عەیب نییە نەهەڵکەندنی بیرو نەدروستکردنی ئەو پاڵاوگە مەزن‌و ستراتیژیانەش بەو توانا مادی‌و مرۆییەی کوردستان بەتەنێ دەستەبەر دەبێ، پێویستە حکومەتی کوردستان جدیتر بەدوای دروستکردنی متمانەو دڵنیایی کۆمپانیا دەرەکیە ناسراوەکاندا بگەڕێ بۆ ئەوەی ئەم پرۆژانە وەکو پرۆژەی وەبەرهێنانی گەورە لێرە بینات بنێن‌و خەمی بەرهەمهێنانی سوتەمەنی بەیەکجاری لای خەڵکی ئەم وڵاتە بنڕ بکەن. پێداویستی خەڵکی کوردستان بەسەرچاوەکانی ووزە بەتایبەتی کارەبا، نابێت تا سەر لەژێر ڕەحمەتی ملیمەکانی باران‌و بەفر بارین دا بێت، نابێت پێنج ملیۆن کورد تەنها پشت بە خوڕەی ئاوی تۆڕباینە ژەنگاویەکانی دووکان‌و دەربەندیخان ببەستن‌و نابێت هەتا سەر ئەو پرۆژانەشە لەسەر دینی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەدەستی کەرتی گشتی میری دا بن‌و دەسەڵاتی کوردیش لافی کەرتی تایبەت لێبدات.

بۆ بنبڕکردنی گرفتی کارەبا دەبێ پرۆژەی کارەبای هەرێمی کوردستان بەکەرتی تایبەت بسپێردرێت، لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا، سەرچاوەکانی ووزە بە ئەلیکتریکیشەوە لەدەستی زەنگینی کەرتی تایبەتدان، لە ڕاستیدا ئەرکی حکومەت نییە ئەو پرۆژانە لە ئەستۆ بگرێ‌و ووزە بۆ

هاوڵاتیان دەستەبەر بکات، بەقەد ئەوەی لەسەر حکومەتە ئەو گرێبەستانە لەگەڵ کۆمپانیا ئەهلیەکاندا گرێ بدات.

ئەگەر وڵاتێکی وەك بریتانیا بە نموونە وەربگرین، کە سەرکەوتنێکی گەورەی لە بورای پێشکەشکردنی خزمەتگوارییەکان بۆ هاوڵاتییەکانی خۆی بەدەست هێناوە، دەبینین ئەو پرۆژانە لە دەستی چەند کۆمپانیایەکی نیشتمانی ڕکابەری یەکتریدان وەکو کۆمپانیاکانی (بریتش گازو پاوەرجانو ئیێن پاوەر... هتد). کە هەمووان بەپێی سیستمی بازاڕی ئازادو کەرتی تایبەت کاردەکەنو کەستەمەر (مشتەری) بۆ خۆیان پەیدا دەکەن، هەموو سەرچاوەکانی ووزە پەیوەندیان بە گیرفانو کارتی بانکی هاوڵاتیانەوە هەیە، نە هاوڵاتی دەتوانێت بێمنەت بێت لە بەکارهێنانیانو نەکۆمپانیاکانی دابینکردنی ووزەش ترسی بڕانیان هەیە، هاوڵاتی ناچارە بە گوێرەی لانی کەمی پێویستی ماڵەکەی ووزە بەکاربهێنێت، چونکە ئەوەی بەکاری دەهێنێت گۆترەکاری نییەو میتەرێك کە بەعەقڵێکی کۆمپیتەری کار دەکات نهێنی بەکارهێنانەکە بۆ کۆمپانیاکە دەگوازێتەوە، بۆیە لەدواجاردا نەهاوڵاتی ئامادەیە گیرفانو کارتی بانکەکەی توشی نەزیف بوون بکاتو نە کۆمپانیاکانی دابینکردنی ووزەش ناچاری بانگەوازی کەمردنەوەی بەکارهێنانی ووزەن بۆ هاوڵاتیانو لە دواجاریشدا کەسیان گلەیی لەکەس نییە.

ئەگەر بەرپرسە حزب پێداوەکانی کوردستانیش لەگەڵ خەڵکە ڕەشو ڕووتەکەی کوردستاندا لە هەموو دەقەیەکدا لەماڵەکانیاندا بیستیان هاوار بکرێ، کارەبا کوژایەوە... کارەبا هاتەوە، ئەوسا پێدەچێ ئەو مەسەلەیە مشورێکی جدی لێبخورێو وەك خەمێکی نیشتمانی سەیری بکرێت.



دەگێڕنەوە جارێکیان، لە گوندێکدا بۆ چەند ڕۆژێك بوو، بەفر لەسەر یەك دەباریو خۆشکردنەوەی نەبوو، ئاغای گوند ڕێی ڕاوو شکارو چوونە دەرو سەیرو سەفای نەما، هەر بۆیە ئاغا هەموو خەڵکی ئاوایی لە دیوەخانەکەی خۆیدا کۆکردەوەو بە دەنگێکی بەرز بە کوێخای گوندی گوت:

- کوێخا، بڕۆ سەربان بەباری تەعالا بڵێ ئاغا دەڵێ لێی بێمنەتم، با شەڕی منو ئەو بێت، چەندی دەبارێنێ دەبا بیبارێنێ، ڕۆنە بەچەند دیزە هەمە، گەنمە بە عەنباری گەورە گەورە هەمە، دارو قەڵاشکەریم تا بنمیچی ژووران هەڵچنیون، کوێخا بەباری تەعالا بڵێ شەڕی منو ئەوە.

-کوێخا کە سەرکەوتە سەربان بینی چ بەفرێکی ئەستور کەوتوەو بینی کە چ سەرماو سۆڵەو بەفرێکی دیکە بەرێوەیە، کوێخا دەیزانی لە ماڵی ئەوو هەموو خەڵکی ئاوایدا، نە ڕۆنی شیوێکو نە چەند ڕبە گەنمێکو نەدارو قەڵاشکەری یەك دوو شەوی ئەم زستانە تەڕو تووشە هەیە، هەناسەیکی ساردی هەڵکێشاو لەسەربان هاتە خوار.

- ئاغا هاواری لە کوێخا کردو ڕووی لە خەڵکی ئاوایی کردو گوتی کوێخا بەباری تەعالات گوت؟

-کوێخا گوتی بەڵێ جەنابی ئاغا، پێم گوت، باری تەعالا، فەرموی: سڵاوو ڕێزم هەیە بۆ جەنابی ئاغاو پێی بڵێ من دەسەڵاتی ئەوم نیە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێکم مابێ بۆ کوێخاو خەڵکی ئاواییم ماوەو ئەوەیان لێ بەسەرەوە ناچێ!

پێدەچێ خەڵکی کوردستانو بەرپرسە دەست ڕۆیشتوەکانی حزبو حکومەتی کوردی دەردی کوێخاو خەڵكو ئاغای ئەو گوندەیان بێت، بەڵام لەمەسەلەی کارەباو لەبەردەم لرفە لرفو قرچە قرچو گەرمای هاوینێکی بێ ئاماندا!.

# هەڵبژاردن .. تاكتیكی خەساندنی ستراتیژی ریفۆرمی نێو یەكێتیی !

ئەگەرچی هێستا زووە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەگەرەكانی سەركەوتنی ئەم پڕۆژەیەی یەكێتیی بۆ ڕیفۆرمی نێو خۆی ڕایگەیاندووە، بەڵام چونكە پڕۆژەی ئەو ڕیفۆرمە دەبێتە بەرهەمی كودەتا سپییەكەی كەدەمێكە لەلایەن بەهێزترین ڕێبەرانی عەقڵە سیاسیەكەی نێو یەكێتیی وزۆرترین كادیرە فكرییەكانیەوە، نەخشەی بۆ كێشراوە، بۆیە قسەكردن لەسەر ئەگەرو گرفتەكانی بەردەم ئەو پڕۆژەیە لە ناوەڕۆكدا كارێكی پێویست و بەجێیە، بەڵام بە مەرجێك، قسەكردن لەسەر ئەو ئەگەرانە نەبێتە فالگرتنەوەی سیاسی نەیارانە یان چۆكدادان لە بەردەم گرفتەكانی بەردەم ئەو پڕژەیە. من لەم بابەتەمدا هەوڵدەدەم بەشێوەیەكی واقیعی خۆم لە دوانەی فالگرتنەوەو دەستەوسان بوون لەبەردەم گرفتەكانی بەردەم ئەم پڕۆژەیە لابدەم.

بۆ پێكانی ئەم ئامانجەش، هەوڵدەدەم قسە لەسەر یەك لایەنی كاریگەری ئەو پڕۆژەیە بكەم، كەلە ڕاستیدا سەركردایەتی یەكێتیی كردوویەتیە كرۆكی پڕۆژە ڕیفۆرمەكانی ناو خۆی، ئەویش هەڵبژاردنە.

لە نێو هەر حزبێكی سیاسی مۆدێرندا، هەڵبژاردن وەكو گەمەیەكی سیاسیانەو كاریگەریش لە ژیانی ڕێكخراوەیی ناو حزب سەیر دەكرێت، هەر



بۆیە بۆ پارێزگاری لە ڕەوتی ساغلەمی ژیانی ڕێكخراوەیی نێو هەر حزبێكی سیاسی، هەڵبژاردن دەكرێتە هۆكارێكی گرنگو چەكی كاریگەریش بۆ بەردەوامكردنی گیانی گۆڕانكاریو نوێبوونەوە لە ژیانی سیاسیو ڕێكخراوەیی نێو حزبدا، ئالێرەدا پرسیارێكی بەجێ یەخەمان پێدەگرێت، ئەویش ئەوەیە ئەگەر بەو تێگەیشتنو لێكدانەوەی سەرەوەمان بێت، كەواتە ئەوەی یەكێتیی ئەم جارە دەستی داوەتێو بۆ ڕیفۆرمی ژیانی ڕێكخراوەیی خۆی پەنای بۆ بردووە، كارێكی دروستەو لەگەڵ تایتڵی سەرەكی ئەم بابەتەمان نایەتەوە؟

بۆ وەڵام دانەوەو پرسیارێكی لەو چەشنە، دەبێت هەموومان خۆمان لەبەردەم دەرەنجامی وەڵامی پرسیارێكی پێشوەختتر لەوەی سەرەوە بدۆزینەوە، ئەویش پەیوەندی دیالیكتیكی نێوان دیموكراسیو هەڵبژاردن لەلایەكو هەڵبژاردنو خودی زەمینەی ئەو هەڵبژاردنەیە كە دەبێت حزب بۆ ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنەی ڕەخساندبێت.

دیموكراسی حزب ئەگەر بە واتا هەرە سادەو گشتییەكەی دەستاودەست كردنی دەسەڵاتو بەرپرسیارێتی نێوان تەواوی ئۆرگانەكانی حزب بێت لە نێوان ئەندامانی حزبدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، كەواتە شەرعیەتو ساغلەمی ئەو دیموكراسی بوونەی نێو حزب لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی نێو حزبەوە سەرچاوە دەگرێتو دەناسرێتەوە.

هەڵبژاردن بەر لەوەی هۆكاری بەرنامەیەكی ڕووكەش یان هۆكاری پڕوپاگەندەو ماكیاژی چەواشەكارانەی حزب بێت بۆ چۆنیەتی پیشاندانی ئیدارەدانی ژیانی سیاسییو ڕێكخراوەیی بە خەڵكو ئەندامو هەوادارانیشی، پرۆسەیەكی دیموكراسیو سیاسیو ئیداریو مۆراڵیە لە كەڵچەری فیكرییو

سایسیی‌و مێژوویی حزبەوە سەرچاوە دەگرێت، کەڵچەرێك کە ناسنامەو شوناسی ئایدۆلۆجی تایبەت‌و ستراکتۆرو بونیادێکی ڕێکخراوەیی‌و سیاسی‌و جیاواز لەوانی دیکە بە حزب دەبەخشێت.

بەڵام کە هێشتا حزبی کوردی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشەوە لەو ئاستەدا نییە کە جەسارەتی گۆڕان‌و دەستاودەست کردنی دەسەڵات بۆ نێو ژیانی ڕێکخراوەیی خۆی بکاتە حەتمی، کەهێشتا حزبی کوردی بە یەکێتییشەوە، کە بەنموونەی مۆدێرنی حزبی کوردی ناسراوە، ئەویش نەیتوانیوە بە تەواوی پەراوێزی گوتاری زاڵی عەشیرەت‌و هەیمەنەی خێڵ بکات، کە ناتوانێت بژاری بیرکردنەوەی خێڵەکیانەی ئەندامەکانی خۆی بکات، کاتێك کە دەبینێت ئەو بیرانە خەریکە دەبنە بیری زاڵ‌و باو لە نێو گوتارە سیاسیەکەیدا، ئەوا ئەوەی کە ناوی هەڵبژاردن‌و ڕیفۆرمەو یەکێتیی دەیەوێت بیکات‌و زۆرینەی کادیرەکانیشی ئومێدیان لەسەر هەڵچنیوە ئەوا دەبێتە سیحرو بەتاڵ دەبێتەوە. بۆچی؟

هەڵبژاردن پێویستی بە ڕەخساندنی زەمینەی لەبار هەیە بۆ ئەوەی پەیامە دروستەکەی خۆی ون نەکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت وەکو جەوهەری پیادەکردنی دیموکراسی لە نێو ژیانی ڕێکخراوەیی‌و سیاسی حزبدا دەرکەوێت.

ئایا یەکێتیی توانیویەتی لەو سی‌و یەك ساڵەی تەمەنی خۆیدا بەگشتی‌و پازدە ساڵەی تەمەنی دوای ڕاپەڕینەوە بەتایبەتی ئەو زەمینە لەبارە بڕەخسێنێت؟ ئایا توانیویەتی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانی نێو ئۆرگانەکانی ڕێکخستنیدا هەلی هاوبەش‌و چونیەکی هەڵبژاردن بۆ هەموو کادیرەکانی نێو پۆل‌و کەرت‌و کۆمیتەو مەڵبەندو مەکتەبەکانی خۆی دابین بکات؟ ئایا



ئەگەر ڕاستە ئەم هەلە چونیەکە بۆ هەمووان ڕەخساوە، بۆچی ئەو هەڵبژاردنانەی پێشوتری یەکێتیی نەیاتوانیوە ئەو هەڵاوسانی کادیرو گرفتی چۆنایەتی خودی ئەو کادیرانە چارە بکەن؟ خۆ ئەمە یەکەمین هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی نێو یەکێتیی نییە، خۆ ئەگەر هەڵبژاردن لەسەر ئاستی سەرکردایەتی زۆر لە ماوەکانی خۆی تێپەڕاندبێت، ئەوا ئەو هەڵبژاردنانەی لە خوار سەرکردایەتییەوە ئەگەر بە شێوی ساڵانەی بەردەوامیش نەبووبن، خۆ بەچەند ساڵ جارێك یەکێتیی ئەم بالۆرەی نوێ بوونەوەو چاکسازی‌و پاکسازی‌و هەڵبژاردنەی لێداوەو جێبەجێشکراوە. ئەی کەواتە گرفتە گەورەکە، ئەوەی بووەتە ماکی قەیرانەکانی ناو یەکێتیی‌و ئەو هەموو دەردو نەخۆشیانەی لێکەوتۆتەوە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

من پێموایە گرفتەکە لەنەبوونی ئەو زەمینە لەبارەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، چونکە بوونی زەمینەی لەبار بۆ هەڵبژاردن تەنها ئەوە نیە، کە لەپەیڕەوی نێوخۆی یەکێتییدا هاتووە کە هەموو ئەندامێکی یەکێتی مافی دەنگدان‌و خۆپاڵاوتن‌و هەڵبژاردنی هەیە، یان بەبڕیاردانی کتوپڕو بێ بەرنامەو بێ زەمینە بۆ هەڵبژاردن، هەڵبژاردن پێویستی بەکارکردنێکی جدیتر لەوەی ئێستای مەکتەبی ڕێکخستن‌و مەکتەبی سیاسی هەیە، پێویستی بەکەمکردنەوەی ئەو ئاسەوارە نەرێییانەوە هەیە، کە ساڵانێکی زۆرە تەکەتولاتەکانی نێو یەکێتیی بەسەر یەکێتی‌و ژیانی ڕێکخراوەیی نێو یەکێتییەوە بەجێیان هێشتووە، پێویستی بەکۆتایی هێنانی ئەو قۆرخکردنە ترسناك‌و بەردەوامەی خودی ئەو زەمینەیە هەیە کە ساڵانێکی زۆرە چەند تەکەتولاتێکی نێو یەکێتیی بۆ هەوادارانی تەکەتولەکانی خۆیان قۆرخ کردووە، بەجۆرێك خەڵکی

گەجەروگوجەری وا خۆی خزاندۆتە ئۆرگانە جۆربەجۆرەکانی یەکێتیەوە، نە ڕۆژێك بۆ یەکێتیی تێکۆشاونو نەساتێکیش دڵیان بەکوردو ئایندەی کوردستان سووتاوە، لەبەرامبەریشدا ژمارەیەکی زۆر لەکادیرە خوێندەوارو فکرییە هەڵسوڕاوەکانی نێو یەکێتیی هەمیشە خراونە پەراوێزەوە، چونکە لەگەڵ ڕەوە نەکەوتوونو نەبوونەتە حەشاماتی بێ مستەوای یەك لەتەکەتولەکانی نێو یەکێتییو، بەناچاری کونجی قەناعەتو ماڵەوەیان هەڵبژاردووە.

یەکێتیی لەئێستادا لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەو کادیرە نوخبەو فەرامۆشکراوانە هەیە، کەسەری بەرزیان بۆ وەرگرتنی پۆستو بەرپرسیاریەتیەکانی ژێر ڕەحمەتی هیچ تەکەتولاتێك نەوی نەکردووە، کە رابردووی پاکی خۆیانو ناوبانگی بەرزی یەکێتییان بەدەسکەوتی مادیو تاکەکەسی نەگۆڕیوەتەوە، کە متمانەی نێوان خۆیانو خەڵکیان لەدەست نەداوە، یەکێتی بۆ سەرخستنی ریفۆرمی نێوخۆی بەر لەهەموو شتێك پێویستی بەقسەکردنێکی جدی هەیە لەسەر چۆنیەتی رەوایەتی بەخشین بەتەکەتولاتەکانی نێوی، بۆ ئەوەی تەکەتولاتەکانی نێو یەکێتیی دەستبەرداری شێوازی کارکردنی نیمچە نهێنیو فوڵ ناشەرعیەکانی خۆیان بن، کە لەرۆژی لەدایکبوونی یەکێتییەوە لەگەڵ یەکێتییو لەسەر یەکێتییش دەژین.

لەقۆناغی ئاشکراو ڕەواو ڕێکخراوی ژیانی تەکەتولاتی نێو یەکێتیی، دەکرێت پەیمانێکی ئایدۆلۆجیو ڕێکخراوەییو کۆمەڵایەتیو سیاسیو مۆراڵی لەنێوان قوتبو جەمسەرو تەکەتولاتەکانی نێو یەکێتیی بەرهەم بێت، پەیمانێك، ژیانی دیموکراسی نێو حزبو پرۆسیسی هەڵبژاردن بەتەواوەتی لەبار بکات. بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو پەیمانە حزبیو



مۆراڵیەی نێو یەکێتیی، کە لەدەسەڵاتو ئەرکی سەرکردایەتیەکەیەتی نەك ئۆرگانە بندەستو بێ دەسەڵاتەکانی خوارەوە، هەر قسەکردنێك لەسەر ریفۆرمو هەر پڕۆژەیەکیش بۆ هەڵبژاردن نەك لەدەستی نایە یەکێتیی بخاتە سەر شارێگەی نوێبوونەوەو گۆڕان، بەڵکو هەموو ئەو پڕۆژانەو دوا رێگەچارەی یەکێتییش کە هەڵبژاردنە بێ شك دەبێتە تاکتیکی خەساندنی ستراتیژی ریفۆرمی نێو یەکێتیی!!.

# کوردو کۆشکی سپی

پێدەچی پەیوەندیەکانی کوردو کۆشکی سپی، لەنەخشەی ڕێگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا زیاتر بەرەو پێش بچن، پێدەچی بەرژەوەنی هاوبەشی هەردولا لەو پلان و هەنگاوانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو نەخشەی ڕێگایە پێویستن، پێویستی هاوسەنگ بوونی ئەم هاوپەیمانێتیەی کە لەڕووی لۆجیکی سیاسیەوە ناهاوسەنگە، بەئاقاری هێنانەدی بەرژەوەندی هەردوولا هاوسەنگ بکاتو، کوردیش لەودڵە ڕاوکێیە ڕەوایەی کە لەئەزموونە تاڵەکانی مێژووی ئەم پەیوەندیانەو لە سەردەمانی جەنگی ساردەوە سەرچاوەیان گرتووە، ڕزگار بکات، کە کارەساتی هەرەسهێنانی شۆڕشی نەتەوەیی ١٩٧٥ ی لێکەوتەوەو کوردی لەئاسۆی ئایندەی ئەو پەیوەندیانە تەواو نائومێد کرد، هەتا دوای کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١، کە ئاسۆی پەیوەندیەکی تازە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لە قۆناغێکی تازەی جیهانی کە قۆناغی دوای جەنگی ساردو باڵادەست بوونی خۆرئاوایە بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، ئەم پەیوەندیانەی بردە قۆناغێکی دیکە لە بووژاندنەوەی متمانە بەیەکتری و ڕاکێشانەوەی سەرنجی کورد بەلای گرنگیو بایەخی کۆشکی سپی لە دیاریکردنی چارەنوسی بزاڤی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا.

ئەو کاتەی خاتوو ئۆلبرایت بوو بە جەمسەری هەرە بەهێزی بە یەکەوە بەستنەوەی پردی ڕووخاوی نێوان دوو زلحزبەکەی کوردستان و بە



بەرچاوی هەموو دنیاوە چەپڵەی بۆ دەست خستنە ناو دەستی هەردوو سەرکردەی کورد، تاڵەبانی و بارزانی لێدا، ئاماژەی ڕۆڵی تازەو گرنگی ئەمەریکاشی بەرامبەر بە کورد لەگەڵ خۆیدا بەڕوونتری هێنا، ئەگەرچی بەداخەوە هەتا ساتەوەختەکانی ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کوردو سەرکردایەتیە سیاسیەکەی لەناو جوغزی گەمەی ئیقلیمیدا سەرلێشێواوانە نەیانتوانی لە گرنگی پەیامە تازەکەی کۆشکی سپی حاڵی ببن کە لە ڕێگەی خاتوو ئۆلبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەو کۆشکەوە بەبێ تەمومژ نیشان درابوو.

ڕووخانی بەعس بۆ کورد ڕووداوێکی گەورەو گرنگو ڕاچڵەکێنەریش بوو، توانی نوقتە بۆ ئەو گەمە دۆڕاوانە دابنێ کە دوو زلحزبەکەی کوردستانی یەخسیری خۆی کردبوو، کوردی لە لێواری هەڵدێرێکی مەترسیدا خستبووە پەلەقاژەیەکی بێهودەوە، توانی جارێکی دیکە چانسی یەکگرتنی گوتاری خێڵەکان، بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتی شار لە ڕێگەی یەکگرتنی گوتاری دوو زلحزبەکەی کوردستانەوە، باڵا دەستانە دەربخاتەوە و ڕەوتی گەشەکردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بەرەو ئاقاری گەشەکردنێکی ساغلەم لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتوریشەوە ببات.

کۆشکی سپی زۆر بەوردی چاودێری گەشەکردنی ئەم پرۆسەی گەشەکردنو یەکگرتنی گوتاری دوو زلحزبەکەی کوردستان دەکات، کە لەناوەڕۆکدا لەگوتاری خێڵەکانی ئەوروپای سەدەی هەژدەیەم دەچێت کەتوانیان بەهۆی یەکگرتنیانەوە دەوڵەتی شارو دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆرئاوادا پێ دروست بکەن. ئەوەتا لەدوای رووخانی دەوڵەتی ئاسنینی تەمەن هەشتا ساڵەی عێراق، ئەو گوتارە یەکگرتووەی کورد بەپاڵپشتی

کۆشکی سپی دەبێتە یەک لەگوتارە زاڵەکانی دوای لەنوێ دروستکردنەوەی ئەم دەوڵەتەو بەمەش دوای مێژوویەکی دوورو درێژ کورد دەتوانێ ببێتەوە یەک لەنەتەوە فەرمانڕەواکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا.

پێشوازی گەرمو گوڕی سەرۆک بوشو کاربەدەستە باڵاکانی کۆشکی سپی لە تاڵەبانی، وەکو یەکەم کوردی سەرۆک کۆماری ئەو کۆمارە لەنوێ بنیات نراوە، ئەگەر مانای دووپاتکردنەوەی ئەو گۆڕانە گەورەیە بێ کەبەسەر مێژووی ئەو کۆمارەدا هاتووەو کوردی لە هاوڵاتی پلە دووو سێشەوە کردە هاوبەشی راستەقینە تیایدا، ئەوا دەکری بگوترێ داوەتکردنی بارزانی یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو کۆشکەو پێشوازی چاوەڕوانکراو لە بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن خودی سەرۆک بوشەوە، مانای تێپەڕاندنی قۆناغێکی گرنگی ژیانی سیاسییە لەکوردستانو دەسپێکی قۆناغێکی گرنگتریشە لە مێژووی ژیانی سیاسی ئەم دەڤەرەو وەرچەرخانێکی مێژووییو سیاسی دەگمەنیشە کە دەکرێ بە وردیو بەعەقڵێکی سیاسیو کراوەو کاراوە کاری لەگەڵدا بکەین.



## لەقەندیلەوە ئەنقەرە ناهەژێ
## قسەکردن لە ڕاستیەکی تاڵ

رەنگە هەموومان هاوڕا بین لەسەر ئەو راستیەی، کە ئەگەر گۆڕانکاریە گەورەو خێراو ناوچەییو نێودەوڵەتیەکانیش نەبوونایە، شۆڕشی کورد، لەکوردستانی عێراق نەیدەتوانی ئەو گۆڕانە گەورانە بەتەنها بخوڵقێنێو ئەم بەرو دەستکەوتانەش بدات، کە هەموومان بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی هەڵوێستو تێڕوانینو خوێندنەوەمان بۆ ئەو دەسکەوتانە، بەشێوەیەکی گشتی بە دەسکەوتی سیاسیو نەتەوەیی گرنگیان بۆ کورد لەقەڵەم دەدەین، لێرەدا دەخوازم بڵێم هەلومەرجە ناوچەییو نێودەوڵەتیەکان هەمیشە رۆڵی سەرەکیو بنەڕەتیان وازی کردووە، هەمیشە قەدەری شۆڕشو راپەڕینەکانی کوردیان لە مشتدا بووە، پێموانیە لێرەدا ناچار بم بە سەلماندنی ئەو راستیە تاڵانە بۆ خوێنەر، یا پێویستیم بەهێنانەوەی نمونە بێت، ئەمە راستیە تاڵە سەپاوەکانن بەسەر مێژووی ئێمەدا.

بوونی شۆڕش لەهەر پارچەیەک لەپارچەکانی کوردستان، مەرجی بنەڕەتیە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسیو نەتەوەییو رۆشنبیریو کەڵچەریەکانی کورد، بەڵام چۆنیەتی بەڕێوەبردنو ڕەنگڕێژکردنی تاکتیکو ستراتیژی ئەو شۆڕشەو پێدانی شوناسێکی هاوچەرخانە، کە بتوانێ بەردەوامی بدات بەگیانی ریفۆرمو گۆڕانو هەمیشە شۆڕش لەناو ئەو

شۆڕشەدا بکاتە پێداویستیەکی فەرامۆش نەکراو، مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگەو دەبێ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەمیشە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەگەرچی بەداخەوە هەتا ئێستا شۆڕشی کورد خاوەنی سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی بەهێز نیە، هەربۆیە کە باس لەسەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەکەم، مەبەستم سەرکردایەتی هەرێمیە لەهەر پارچەیەك لەپارچەکانی کوردستاندا.

بێگومان ئەزموونی شۆڕشی خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراقدا، دەکرێت سەرمایەیەکی بەکەڵك بێت بۆ شۆڕشی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، لێرەدا من نامەوێت بڵێم پارتە سیاسیە ڕێبەرەکانی شۆڕشی کورد لەپارچەکانی دیکەی کوردستاندا کۆپی سیاسەتی پارتە سەرەکیەکانی کوردستانی عێراق بن، یان نامەوێت بڵێم لەپڕ ئەزموونی ڕێبەرانی شۆڕشی کوردستانی عێراقیەوەیە، کە هەموو ئەو دەسکەوتە سیاسیانە لەو هەرێمەدا بەدەست هاتوون، چونکە هەر لەبەرایی ئەم وتارەدا من ڕۆڵی دەرەکیم نەك فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو بەسەرەکیو بنەڕەتیشم ئەژماردووە، بەڵام ئەزموونی دۆستایەتیو تێگەیشتنو خۆگونجاندن لەگۆڕانە سیاسیە بەردەوامەکانی ناوچەکەو دنیاش، کە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بنیاتی ناوە، ئەزموونێکی بەکەڵکەو دەکرێ لەو دیوی بەرژەوەندیە ئایدۆلۆژیو حزبیەکانەوە سەیری بکرێ، دەکرێ بخرێنە خزمەت هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕش لەپارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەگشتیو کوردستانی بندەستی تورکیا ،(باکوری کوردستان) بەتایبەتی.

ڕەنگە ڕاستیەکی ئێجگار تاڵ، یان مایەی قبووڵ نەکردن بێت کە بڵێم شۆڕشی کورد لەسەر دەستی سیاسەتی داخراوی ئێستای سەرکردایەتی پارتی



کرێکارانی کوردستانەوە، تووشی شکستێکی سیاسی گەورە بووە، من باس لە شکستە سەربازیەکە ناکەم، چونکە پێموانیە بە شکستی سەربازی شۆڕشی کورد لەباکوری کوردستان لە پاشەکشە بدات، بەقەد ئەوەی پێموایە شکستی سیاسی مەترسیدارەو بەئاسانی پارسەنگ ناکرێتەوە، ئەگەرچی پارتی کرێکارانی کوردستان هەتا نهۆ ڕێبەری بێ ڕکابەری شۆڕشی کوردە لەباکوری کوردستان، ئەگەرچی توانیویەتی پشتیوانیەکی ناوخۆیی لەسەر ئاستی باکوری کوردستان بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام بەداخەوە، لەگەڵ ئەو ڕاستیانەشدا، مادامەکی ناوبانگی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەسەر ئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتی، ناوبانگێکی باش نیە، مادام لەسەر ئاستی سیاسی زلهێزە باڵادەستەکانی خۆرئاوا بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، پشتیوانی لە سیاسەتی ئەو پارتە ناکرێت، بەداخەوە کە بتوانین بڵێین کەواتە ئەوەی شۆڕشی کورد لەسەر دەستی ئەو پارتە لەو بەشەی کوردستاندا دەیکات ئاسنی سارد کوتانە.

بە کورتو کرمانجی شۆڕشی کورد لەباکوری کوردستان دەبێ بیر لە ئەڵتەرنانیڤێکی دیکە بکاتەوە، بۆ بیرکردنەوە لە ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی دیکە، پێویستە کۆدەنگیەکی کوردستانی هەبێ، بەپشتیوانی خودی پارتی کرێکارانی کوردستانیشەوە، بۆ ئەو کۆدەنگیو بیرکردنەوە لەو ئەڵتەرناتیڤە سیاسییە، ئەڵتەرناتیڤێك، بشێ کۆتایی بەو زەمەنی بێدەنگ بوونە بهێنێ، کە بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان، بە قۆستنەوەی ناوبانگی خراپی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، توانیویانە درێژەی پێبدەنو تا ڕادەیەکیش ڕای گشتی خەڵکیش لە خۆرئاوای مەڵبەندی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی، لەو بێدەنگیەیان ڕازی بکەن.

کەواتە ئەرکی هەنووکەیی‌و چارەنووسساز بۆ ئەو بەشەی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد، ئەگەرچی ئەرکێکی ئێجگار قورسە، ئەگەرچی پێویستی بە جەسارەتێکی سیاسی کەم وێنە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو راستیانەشدا جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانە لەئیرادەی شۆڕشی میللەتێك بەدەر نیە، شۆڕشی میللەتی ئێمە لەو بەشەی کوردستاندا لەبەردەم دووڕیان دایەو رێگەی سێیەمی لەبەردەمدا نیە، چونکە ئەوەتا بەبەرچاوی هەموانەوە، بە بیانووی لێدانی مۆڵگە سەربازیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە گەلەکۆمەیەکی ناوچەیی لەسەر کوردو دەسکەوتەکانی کوردستانی عێراق دەکرێت‌و تەنها یەك چاونووقاندنی ئەمریکا بەسە بۆ سەرگرتنی ئەو گەلەکۆمەکیە ناوچەییە بەهێزەو رێگرتن لە گەشەکردنی دەسکەوتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق، هەر بۆیە بۆ رێگرتن لەو هەڕەشە هاوبەشانە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی عێراق، نابێت کەناری دوورەپەرێزی بگرێت‌و رێگەچارە سسیاسیەکانی خۆی بۆ دۆستە خۆرئاواییەکانی بەرێبەرایەتی ئەمریکا نەخاتە بەرچاو، نابێت بەردەوامی بەو بێدەنگیە بدات، کە پێیوایە بەم بێدەنگیە دەتوانێت خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە بەردەوامەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ئەزموونە هەرێمیەکەی خۆی لا دەدات، بەتایبەت لەم هەلومەرجە سیاسییە یارمەتیدەرەی کە عێراقی پێدا گوزەر دەکات، ئەو هەلومەرجەی کوردی گەیاندۆتە هەرەمی سەرەوەی دەسەلآت لە عیراق‌و لەسەر ئاستی عێراق‌و کۆمەڵی نێودەوڵەتیش، دانانێکی رەسمی‌و دەستووری هەیە بەرەوایەتی ئەزموون‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، هەر وەك چۆن پێویستیشە سەرکردایەتی شۆڕشی باکوری کوردستان لە پێشەوەیاندا پارتی



کرێکارانی کوردستان، لەو هەموو گۆڕانە گەورەو خێراییانە بەئاگا بێتەوەو تەپوتۆزی ئایدۆلۆژی کەتوندو تیژی بەرهەم دەهێنێ، لەخۆی بتەکێنێ‌و، بە شوناس‌و بەرگێکی نوێوە بێتەوە مەیدانی خەباتێکی مۆدێرنی دیموکراسیانەی مەدەنیانەی هاوچەرخ، چونکە ئەگەرچی راستیەکی تاڵیش بێت، بەڵام وادەی گوتنی هاتووە، کە لە قەندیلەوە ئەنقەرە ناهەژێ.

## بەیەکەوە هەڵکردنی یەکێتی‌و پارتی لە تاکتیکەوە بۆ ستراتیژ!

بە هاتنە مەیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو رێکخراوێکی سیاسی‌و ئایدۆلۆجی جیاواز لەپارتی دیموکراتی کوردستان، شێوازو چەمەکەکانی حزبایەتی لە کوردستاندا گۆڕانکارییەکی چەندایەتی‌و چۆنایەتیشی بەسەردا هات. گۆڕانێکی چەندایەتی بوو چونکە لەساتی لە دایکبوونی یەکێتییەوە، ئیتر پارتی دیموکراتی کوردستان، تاقانە پارتی کوردستانی سەر گۆڕەپانە سیاسیەکەی کوردستان نەما. ڕاستە پێشتر پارتی‌و حزبی شیوعی بەیەکەوە لە گۆڕەپانەکە بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی حزبی شیوعی ناسنامەیەکی عێراقیانەی هەبوو، لەبەرئەوەی حزبی شیوعی‌و خەباتەکەی لەسەر مەسەلە چینایەتییەکانی نێو عێراق چڕ کرا بوونەوە، هەر بۆیە حزبی شیوعی ئەگەر بەڕواڵەتیش هەندێ جار هەوڵی دابێ، لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی کوردستان وەکو پارتێکی جیاواز، لە رێگەی رێکخستنەکانی خۆیەوە لە هەرێمی کوردستان دەربکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەرکەوتنە زیاتر لە ڕواڵەتی کارکردنێکی ڕۆتینیانەی سیاسی ئەو پارتەدا نەك لە فەلسەفەو گوتارە سیاسییەکەیدا بەبەردەوامی ڕەنگی داوەتەوە هەر بۆیە ئەو پارتە هەرگیز نەیتوانیوە وەکو پارتی ڕکابەری

پارتی لە خەباتی نەتەوایەتیو ڕزگاری نیشتمانیدا لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بناسرێو لەناو گۆڕەپانە کوردستانیەکە دەربکەوێت.

دروستبوونی یەکێتیی گۆڕانێکی چۆنایەتیش بوو چونکە یەکێتیی بەدیدێکی جیاواز لە دیدو دیوە تەقلیدییەکەی واقیعی حزبی کوردی خۆی ناساند، ئەوەش بەوەی هەم نوخبەیەکی ڕۆشنبیر بە باگڕاوندێکی کۆمەڵایەتیو فەلسەفی جیاواز سەرکردایەتی یەکێتییان پێکهێناو، هەم یەکێتییش وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی، بۆ نوێنەرایەتی ڕەنجدەرانی بیرو بازووی کوردستان خۆی ساغکردەوە.

دیارە دروستکردنی واقیعێکی تازەی لەو چەشنەو چەسپاندنی واقیعەکەش کارێکی سانا نەبوو، چونکە بێگومان بەرەنگاربوونەوەی ئەم واقیعە تازەیە، بەپێی خوێندنەوەی هەلومەرجو پەیوەندییە سیاسیو فکریو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی کوردستانو عێراقو ناوچەکە مەسەلەیەکی تاڕادەیەك پێشبینی کراو بوو. لێرەدا من دەخوازم قسە لەسەر دروست بوونی بەرهەڵستی ئەم ڕەوتو ڕەوشە، لەسەر ئاستە کوردستانیەکە، بەتایبەتی لای پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم، دوای ئەوەی کە ٣١ ساڵ بەسەر ئەو ڕەوشەدا تێپەڕیوەو یەکێتییو پارتی پێوەندییەکانیان لە ئێستادا لە ڕەوشو قۆناغێکی تەواو جیاوازدایە.

ئەگەر تەماشای کاردانەوەی پارتی بکەین لەبەرامبەر دروستبوونی یەکێتییدا، دەبینین ئەو کاردانەوەیە لە کاردانەوەیەکی پۆزەتیف نەبوو، کاردانەوەیەك بووە بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی ئەو بارودۆخە نوێیە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوسەردەمە حزبی کوردی لە قۆناغێکی ئێجگار لاوازی تێگەیشتندا بوو لەچەمكو تێگەیشتنو



ڕوانینەکانیدا بۆ مامەڵە کردن لەسەر مەسەلەی ژیانی حزبایەتیو هەڵسوڕانی سیاسیو ڕێکخراوەیی لە کوردستاندا. بێگومان ئەم بارودۆخەش پەیوەندی دیالیکتیکیو مێژوویی بە ئاستی گەشەکردنی هەمە لایەنەی ئەوسای کۆمەڵگای کوردستانەوە هەبوو، لەتەواوی بوارەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگایەدا. هەر بۆیە دەبینین بەریەککەوتنی ئەو دوو پارتە بە یەککەوتنێکی توندوتیژی خوێناوی بووەو کارەساتو نەهامەتیو دژواری زۆری بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا هێناوە، کە بێگومان شەڕی براکوژیو دواتر دابەش کردنی دەسەڵات بەسەر دوو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی سیاسیدا لە زەقترین نموونەی ئەم بەر یەککەوتنە ترسناكو خوێناوەنە بوون کە لەبەر ئەنجامی ئەو بەریەککەوتنانە کەوتنەوە.

لەسەردەمی ئاشبوونەوەی گشتیو دروستکردنی بەرەی کوردستانی دواتریش لە دوای ڕاپەڕینو هەڵبژاردنو پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا مێژووی بەر لە ڕووخانی بەعسیش، پەیوەندییەکانی یەکێتیو پارتی هەڵکشانو داکشانی بەردەوامی بە خۆیەوە بینیوە. بە جۆرێك زۆرینەی خەڵکی ڕەشبینو نا ئومێد بوون لە هەڵکشانی جۆری ئەو پەیوەندیانە، بە ئاقارە ئەرێنیو دیوە پۆزەتیفەکەیدا، چونکە ئەوەی بە ئاسایی دەتوانرا لای خەڵکە ئاساییەکەی کوردستانیش سەرنجی لێبدرێ، ئەو ڕاستیە بوو کە دیدی سەرکردایەتی هەردوو حزب بۆ یەکتری دیدێکی تاکتیکیو هەر بۆ تێپەڕاندنی قۆناغە سەختو مەترسیدارەکانی سەر ئاسایشی ژیانی سیاسی هەر دوو حزبەکە بووە، پەیوەندیەك بووە لەسەر بنەمای تاکتیکی سیاسیو تێپەڕاندنی ڕۆژو دەستەبەرکردنی هەلێکی دیکەی زاڵ بوونیان بووە بەسەر یەکتریدا. لای هەردوو حزب ئەم تاکتیکە

بۆ دابینکردنی کەشێکی لەباری کوردستانیو عێراقیو ناوچەیی بووە لەبەردەم خودی خۆیاندا، کەشێك کە تیایدا جارێکی دیکە بتوانن بە شێوازێکی دیکە هەیمەنەتی خۆیان بەسەر یەکتریدا بسەپێننو هەر لەوێشدا نوقتە بۆ ئەو پەیوەندیانەو تاکتیکی بەیەکەوە هەڵکردنو کارکردنو خۆگونجاندنە دابنێن، کە لەژێر گوشاری بەرژەوەندیە کوردستانیو ناوچەییەکانی هەردوو حزبدا بە شێوەیەکی تاکتیکیو کورت خایەن، نەخشەیان بۆ دەکێشرا، بێگومان ئەمە وێڕای فشارو گوشارە بەردەوامەکانی هێزە خۆرئاواییەکان بە ڕێبەرایەتی ئەمەریکا بۆ سەر هەردوو لایەن.

لەدوای ڕووخانی بەعسەوە سیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردنو کارکردن لای هەردوو حزب، لە بەیەکەوە هەڵکردنێکی تاکتیکیانەوە بەرەو دروستبوونی پەیوەندیەکی ستراتیژیو ستراتیژی بەیەکەوە هەڵکردن دەڕوات، گومانەکانیان لەبەرامبەر یەکدیدا ڕوو لە ڕەوینەوەنو ئەوەی بە پردی متمانەو بە گیانی تەبایی ناوزەد کراوە لە هەڵکشانێکی بەردەوام دایە، بەتایبەت لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هەردوو حزبدا.

ڕازی بوونی یەکێتیی بەسەرۆکایەتی بەڕێز مەسعود بارزانی لە هەرێمی کوردستانو دواتر ناوهێنانی بەڕێز بارزانی بە (سەرۆك بارزانی) لەلایەن خودی بەڕێز مام جەلالو سەرکردە دەست ڕۆیشتووەکانی ناو یەکێتیی وەکو بەڕێزان نەوشیروان مستەفا ئەمینو کاك کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، نیشانەی گۆڕانی جۆری ئەو پەیوەندیانەو خودی ئەو سیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردنی تاکتیکیانەیە، بەرەو پەیوەندیەکی ستراتیژیو خوڵقاندنی ستراتیژی بەیەکەوە هەڵکردنێکی مۆدێرن لای یەکێتیی.



بێگومان ئەم گۆڕانەو سەرەتاکانی ئەو گۆڕانە لە ڕووی سیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردندا، بە هەمان شێوەش دەتوانرێت لای پارتی هەستی پێبکرێت. بێگومان ئەمەش لە ڕازی بوونی بەڕێز بارزانیو پارتەکەیەوەیە بەسەرۆکایەتی بەڕێز تاڵەبانی لە عێراقداو پشتیوانی کردنی جدیانەش لە تاڵەبانی وەکو سەرکۆماری عێراق ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام پێم وایە نوقتەی گرنگ لە وەرچەرخانی ئەم سیاسەتەی پارتیو هەوڵی جدیان بۆ گۆڕینی سیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردن لەگەڵ یەکێتییو گۆڕینی تاکتیکی بەیەکەوە هەڵکردن بۆ ستراتیژی پێکەوە ژیان بە شێوە سیاسیو ساغلەمەکەی، لەدان پیانانی ڕاستگۆیانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیەوە دەست پێدەکات، کاتێك لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی کادرە ئەساسیەکانی هەردوو حزبدا گوتی (یەکێتیی کۆمەڵە خەڵکێکی خەباتگێڕ بوون بۆ بەگژدا هاتنەوەی واقیعی شکستی دوای ساڵی ١٩٧٥ هاتنە مەیدان، نەك بۆ لەناوبردنی پارتی). بەمەش بەڕێزیان توانی ڕاشکاوانە کۆتایی بە یۆتۆپیای ئەو گومانانە بهێنێ کە دەیگوت یەکێتیی بۆ لەناوبردنی پارتی دروست بووە، مێژوویەك بوو وەك دیوارێکی سایکۆلۆجی، بەربەست بوو لەبەردەم پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتییو پارتی. بێگومان دەتوانین ڕووخانی ئەو دیوارە بەربەستە سایکۆلۆجیە زیاتر هەست پێبکەین کاتێك سەرنجی وتەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمو بروسکەی پیرۆز بایەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەین، کە بە بۆنەوەی بوونی کاك کۆسرەت بە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئاڕاستەی بەڕێزیان کراوە، کە لە ناوەرۆکدا دەکرێت بە سەرەتای جدی بۆ جاڕدانی ئەو پەیامە سەیری بکەین، کە ئێمە بەستراتیژی بەیەکەوە هەڵکردنێکی ستراتیژیانەی پێناسە دەکەین.

پرسیارێك كه ڕەنگە لێرەدا بێتە پێش، ئەوەیە كە ئایا یەكێتییو پارتی چۆن دەتوانن ئەو سیاسەتی تاكتیكی بەیەكەوە هەڵكردنەی كە مێژوویەكە لەگەڵ یەكتریدا پەیڕەوی دەكەنو ئەندامەكانیشی لەسەر گۆش دەكەن، بە شێوەیەكی تۆكمەو چەسپاو، لەسەراپای ستراكتۆری ئۆرگانە حزبیەكانیاندا بیگۆڕن بە ستراتیژی بەیەكەوە هەڵكردن؟ بیگومان ئەوە كارێك نییە لەشەوو ڕۆژێكدا بێتەدی، پرسیارێكی ئێجگار گرنگو جدییە دەبێت لای سەركردایەتی هەردوولا بەهەند هەڵبگیرێ، بۆ ئەوەی ڕێ لە بوونەوەی بەخوری ڕیسەكە بگرن!



# لیستی هاوبەش

به ئیمزا كردنی ئەو ڕێككەوتنە دروستو چارەنوسسازەی كە (تاڵەبانیو بارزانی) پێشەنگی بوون، كێشەی كورد نەك هەر چەند هەنگاوێكی باش بەرەو پێشەوە ملی نا، بەڵكو ئەو ڕاستیەشی سەلماند كە سەركردایەتی سیاسی كورد بەتایبەتی تاڵەبانیو بارزانی لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیەشدان كە ئەمڕۆ لە ناسكترین هەلو مەرجی سیاسیماندا ئەوان لە ئەستۆیان گرتووە، بە پێچەوانەی ڕای هەندێك لە نوخبە ڕوناكبیریمان. من نامەوێت لێرەدا توانج لەو ڕایانە بدەم كە خۆشم لە هەندێ بوارو جاردا بەشێك بووم لێی، چونكە هەر چۆنێك نوسرابنو وترابن، مەسەلەكە لە پەرۆشی بۆ بەرژەوەندیەكانی كوردەوە سەرچاوەی گرتووە كە هەریەكەمان دەیەوێت بەگوێرەی توانای خۆی بەشداری بكات لەبەرەو پێشچوونو بەئاكام گەیاندنیاندا، وەلێ ئەوەی لێرەدا دەخوازم ئاماژەی پێبدەم وێڕای ستایش كردنی ئەو ڕۆڵە نیشتمانیو پیرۆزەی كە بارزانیو تاڵەبانی وازیان كردو كوردی لەسەر لێواری ترسو هەڵدێرانەوە بەرەو لوتكەی یەكبوونو گەیشتن بە ئامانجەكان ئاڕاستە كردو خەمو ڕەشبینی لە ئایندەی میللەتێكدا گۆڕی بەخەونو گەشبینیو، گوتاری حزبیو پەرشو بڵاوی سیاسیمانی گۆڕی بۆ گوتارێكی بەهێزو كاراو یەكگرتووی نەتەوەییو نیشتمانی باڵا كە داخوازی سیاسیو هەنوكەیی قۆناغەكەیە.

دەمەوێت لێرەدا بڵێم ئەركی هەموومانە بە نوخبەی ڕوناكبیرانی ئۆپۆزیسیۆنیشەوە كە بەشدارو هاوكاری جدی بین لە بە ئاكام گەیاندنی پەیامەكەی تاڵەبانیو بارزانیدا، بەشداربوون نە بەمانای پاشكۆ بوونو نە بەمانای دژبوونی نییە، چونكە بەداخەوە هەندێ لە ڕوناكبیرانمان بەشداری بە مانای پاشكۆ بوونو هەندێكیشیان بە مانای ئەوپەڕی دژبوونی لێكدەدنەوە، بەداخەوە هەمان واقیعیش بەشێكی بیركردنەوەی ئۆرگانە جیاجیاكانی پارتیو یەكێتیی داپۆشیوە، كە پڕ بەدڵ دەخوازم ئەم هەنگاوە ژیرانەیەی تاڵەبانیو بارزانی سەرەتای بیركردنەوەیەكی نوێو پێداچوونەوەیەكی جدیتر بێت بە گوتاری سیاسی كوردی داو ببێتە سەرەتای هەوڵەكانی گۆڕینی ئەو گوتارە سیاسیەش بە گوتارێكی نەتەوەیی باڵا، كە بتوانێت لە ئاستی داخوازیە نەتەوەییەكەماندا بێت.



# ڕەمزەكان ناخەینە دەریاوە
# وەڵامێك بۆ كاك كۆسرەت

ماوەیەك بەر لەئێستا كە نووسیم كودەتای سپی ناو یەكێتیی بەڕێوەیە، دڵنیابووم كە پێشبینیەكەم دێتەدی، ئاخر یەكێتیی وەكو بەری دەستی خۆم دەناسم، یەكێك لە خاسیەتە جیاكەرەوەكانی یەكێتیی لەساتەوەختە بەراییەكانی درووستبوونیەوە، بوونی خەسڵەتی نوێبوونەوەو جەسارەتی ئاوڕدانەوە لەڕابردوو و بە ئومێدەوە تەماشاكردنی ئایندە بووە، كە نووسییشم یەكێتیی ناتوانێ بەتەنها لەسەر ڕابردوو بژی، گەرەكم بوو بڵێم ئایندەیەك چاوەڕێی یەكێتیی دەكات، ئایندەیەك ناخوازێ یەكێتیی بەچەپكە گوڵێكی سووری ڕابردووەوە بەرەو پیری بچێت، ئایندەیەك گەرەكیەتی بە دوو دەست تۆقە لەگەڵ یەكێتیی بكات، بەدەستێك چەپكە گوڵەسوورە شاخاویەكەو بەدەستەكەی دیكەش باقە نێرگزەكانی دوای ڕاپەڕین.

من پێموانیە گرفتەكانی ناو یەكێتیی بچووكن، بەڵام ئەوەی كە پێیوابێت یەكێتیی بەو دەردانەیەوە سەردەنێتەوەو تەمەنی یەكێتیی چەند مانگێكی دیكەیە، جگە لەوەی خۆش خەیاڵە، لەو ڕاستیە مێژووییانەش حاڵی نەبووە كە یەكێتیی تیایدا لەدایك بووە، كە یەكێتیی تیایدا شۆڕشێكی

بەرهەمدارو بەدەسکەوتی تیادا لەکڵپە داوە، کە یەکێتیی تیایدا مێژووی خوڵقاندووەو هەمیشەش بەدوای بەردەوامبوونی ئەو مێژووەوەو بەرەو پیری ئایندە بەئاگاوە خەمی میللەتێکی بۆ دیاریکردنی چارەنووس لەهەناویدا جۆش دەدات.

تەکەتولاتی ناو یەکێتیی دیاردەیەکی نامۆو نوێ نیە، لەسروشتی دروستبوونی یەکێتییدا زەمینەیەك هەیە کەوایکردووە دەرفەتی تەکەتول کردنو بوونی تەکەتولاتە لەیەکتری جیاوازەکان بەسەر ژیانی سیاسی ئەم ڕێکخراوەدا ببێ بەدیفاکتۆ، بۆ حزبێکی سیاسی مۆدێرن مەسەلەی تەکەتولات مەسەلەیەکی ئەوەندە ترسناك نییە، مەسەلەیەك نییە مەرگی ڕێکخراوەکەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبێت، بەڵام دەکرێ گومان، یان پرسیار لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو تەکەتولاتانەو، ئامانجەکانیان، ڕەوایەتیان، وادەو هەلومەرجی سەرهەڵدانیان، ئاڕاستەو خواستەکانیان بکەین.

هەر لەناو یەکێتیی خۆی، ئایا بوونی تەکەتولاتی ئایدۆلۆژی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان، مایەی گەشەکردنی بەردەوامی ناو یەکێتیی نەبوون تا دوای ڕاپەڕینو یەکەمین کۆنگرەی گشتی؟ ئەمە لەسەر ئاستی کوردستانو یەکێتیی. لەسەر ئاستی دەرەوەش، پارتی کرێکارانی بەریتانیا، بەهۆی ئەو دوو تەکەتولەی ناویەوە بوو توانیان بۆ یەکەمجار لەمێژووی سیاسیاندا، سێ خولی پەرلەمانیو حوکمڕانی لەسەر یەك بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، تەکەتولاتەکانی ناو ئەو حزبە خاوەنی دوو تێڕوانینی تەواو لەیەکتر جیاوازن بۆ سیاسەتە ناوخۆییو ئەوروپیو هەتا پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش، لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەشدا پارتی کرێکارانی



بەریتانیا توانی ئەو واقیعی تەکەتولاتەی ناوی بەگەمەی دیموکراسی ناو حزب ناوبنێو دەنگدەرانی بەریتانیا ڕازیبکات کە بەرەو پێشچوونی بەریتانیا لەدەستی ئەوان دایە.

گرفتەکانی ناو یەکێتیی بێ چارەسەر نین، مادام ئیعترافێکی گشتی هەیە لەسەر ئاستی یەکێتیی بەو گرفتانە، کەواتە لەسەرەوەی هەڕەمەکەوە هەتا خوارەوە کۆدەنگیەك هەیە بە ئاقاری گۆڕانو نوێبوونەوە، گۆڕانێك هەموو تەکەتولاتە جیاوازەکانی ناو یەکێتیی یەکخستووە، گۆڕانێك هەموو تەکەتولاتەکانی ناو یەکێتیی وا لێکردووە پرسیار لەسەر ڕەوایەتی خۆیان، لە زەمینەکانی دروست بوونو مانەو نەمانەوەی خۆیان، لەسەر چۆنێتی تێگەیشتنو تێڕوانینی خودی ئەو تەکەتولاتانەو کاریگەریان لەسەر ئایندەو گەشەکردنی یەکێتیی بکەن بە حەتمی، کەواتە ئەگەر تەکەتولاتەکانی ناو یەکێتیی ڕەگێکی ڕیشەییو قووڵیشیان هەبێو هەمیشەش زەمینەی مانەوەو مانیان هەبێ لە ناو یەکێتیدا، بەڵام کۆدەنگیەك هەیە کە هەموو ئەو تەکەتولاتانە دەکاتەوە یەك، ئەویش چۆنێتی ڕەوایەتی بەخشینە بە ژیانی تەکەتولات لەناو یەکێتیدا، ڕەوایەتییەك یەکێتیی لەسەر تەکەتولاتەکانی بۆ ئایندە تاو بدات، نەك تەکەتولاتەکان ڕێ لە ئایندەخوازیی یەکێتیی بگرنو بیانەوێ لەسەری بژین.

دوای کۆمەڵێك پرۆژە بۆ چاکسازی ناو یەکێتی، من نووسیم ئەو پرۆژانە هی تەگبیرکەری شەوانن، نەك هی خەمخۆرانی ڕۆژ، چونکە بەتەنها دەستنیشانکردنی دەردو گرفتەکان بوون، لەهەموو ئەوانەش سەیرتر بەشێکی زۆر لەخاوەنی پرۆژەکانی چاکسازی ناو یەکێتیی، هەر خۆیان پشکی شێریان هەبووەو پشکی شێریشیان هەیە لەو دروستبوونو

بەردەوامکردنەی بەڵاو خۆرکەکانی ناو یەکێتیی، یەکێتیی چ وەك حزب چ وەك حکومەت دوای ئەو پرۆژەو پرۆژەکاریانەی ناو یەکێتیی، یەك لەوانەی بەجەسارەتەوە توانی کۆتایی بە زەمەنی دەستنیشانکردنی گرفتەکانی ناو یەکێتیی بهێنێ‌و نوقتە بخاتە سەر حەرف‌و ببێتە ڕێبەری کودەتای سپی ناو یەکێتیی، کاك کۆسرەت بوو، کاك کۆسرەت توانی بێ ترس ئەو چارەسەرانە بڵێ کە هەموو خاوەن پرۆژەکانی ناو یەکێتیی یان دەستەوستان بوون لەبەرامبەریدا یان جەسارەتیان نەکردووە باسی بکەن، باسکردن لەو چارەسەرانە لەلایەن کاك کۆسرەت-ەوە، دەلالەتی ئەوەیە دیسان ئەو سیمبولەی ناو یەکێتیی، ئامادەیە بۆ یەکێتیی، بۆ ئایندەی ژیانی سیاسی میللەتەکەی بەگژ مەحاڵ‌و مەترسیە گەورەکاندا بچێتەوە، ئەو سیمبولەی لەدۆڵی سماقوڵی مێژوویەکی تۆمارکرد، کاتێك وەکو یەکەم سەرۆك وەزیران لەمێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەچەند سەد مەتری بەرەنگاربوونەوەدا شەڕی مان‌و نەمانی لەگەڵ دەبابەو فڕۆکەکانی تورك کرد، ئەو کاتە ئەو پیاوە ئامادەی گیان بەخشین بوو، بۆ ئەو حکومەتەی کەخۆی سەرۆکایەتی دەکرد، ئەوەتا ئێستاش دوای ئەوەی تەکەتولاتێکی ناڕەوا، ناوبانگ‌و ئایندەی دەخاتە شەڕێکی خۆکوژییەوە، ئامادەیە ژیانی سیاسی خۆی بکاتە قوربانی لەپێناوی پرۆژەکانی ریفۆرم لەناو یەکێتیی دا.

یەکێتیی لە ئێستادا ناتوانێت بەتەنها لەسەر توانای گەنجان بژی‌و جاڕی مەرگی ڕەمزەکانی بدات، بۆ ڕیفۆرمی نێو یەکێتیی دوانەی لاوان‌و ئەزمون‌و مێژووی ڕمزەکانی ناو یەکێتیی بەیەکەوە پێویستیەکی حەتمی سەرکەوتنی گیانی ریفۆرمخوازی ناو یەکێتیین، بۆیە ئەگەر چی پێشنیاری دەست لەکارکێشانەوەی سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ ڕێگە چۆڵکردن بۆ



دەستەیەك لە لە کادیرە هەڵسوڕاوەکانی ناو یەکێتیی، لە جەوهەردا بڕیارێکی ئازایانەی دەگمەنە، بەڵام بۆ ئەمڕۆی خەباتی سەختی کوردو یەکێتیی کارێکی خۆکوژیە، چونکە ڕاستە یەکێتیی پێویستی بە گۆڕینی ئەو سەرو عەقڵە کلاسیکە سیاسیە چەق بەستووە هەیە، بەڵام مانەوەی ڕەمزو جەمسەرە سەرەکیەکانی ناو یەکێتیی لە ئەمڕۆدا بەقەد ئەو گۆڕانە گرنگی بۆ گەشەکردنی یەکێتیی هەیە لەم هەلومەرجە ناسك‌و دژوارو هەستیارەدا.

ڕەمزەکانی ناو یەکێتیی، کە کاك کۆسرەت خۆی یەکێکیانە، بەڕۆیشتنیان، مێژوویەك لەگەڵ خۆیان دەبەن، مێژوویەك کە بۆ قەدەرێکی درێژتر بۆ یەکێتیی، پێویست دەکات یەکێتی وەك شوناسی خۆی، لە پێناو مانەوەو گەشەکردنیدا، بەشێکی جیانەکراوە بن لێی، کەواتە ببورە کاك کۆسرەت، ڕەمزەکان ناخەینە دەریاوە.

# کەرکوک سەفەری هاتو نەهاتی کورد

هەمووان لەسەر ئەوە کۆکین کەچارەی کێشەی کورد لەکوردستانی عیراق بەندە بەچارەنووسی کێشەی کەرکوکەوە، کەرکوک هەمیشە خاڵی هەرە ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانو هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بووە. لەدانوستاندنی یەکێتییو بەعسدا لەساڵی ١٩٨٤ کەرکوك کۆتایی بەو دانوستاندنە هێنا دوای ئەوەی بەعس لەژێر گوشاری تورکیادا نەیتوانی بەگەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق رازی بێت.

لەدوای ڕاپەڕینەوە هەمیشە یەکێتییو پارتی شەڕیان بەهەوادارانی خۆیان کردووە لەسەر ئەوەی کەرکوك دڵ یان قودسی کوردستان بێت، بەداخەوە تا هەنووکەش کارکردن بۆکەرکوك هەر لەنێوان ختوکەدانی عاتیفەی خەڵكو دروشمبازی پارتە کوردیەکاندا ماوەتەوە. هۆکار زۆرن بۆ یەکلانەکردنەوەی ئەم پرسە گرنگو چارەنووسسازە، هۆکارەکان هەندێکیان ناوخۆیینو هەندێکیشیان دەرەکی، لێرەدا دەخوازم زیاتر قسەمان لەسەر هۆکارە ناوخۆییەکانی چارەسەرنەکردنی ئەم کێشە گڕگرتووە بێت.

لەدوای ڕاپەڕینەوە تەنها لەبواری قسەکردندا مەسەلەی کەرکوك باسی لێوەکراوە، بێگومان لەسەروبەندی هەر هەڵبژاردنو ململانێیەکی حزبی لەکوردستاندا ئەم قسە لەسەرکردنە هەتا ڕادەی موزایەدەو دروشمبازی بێ مانا تاوی سەندووە، بەڕادەیەك لایەنگری هەریەك لەدووپارتە سەرەکیەکە مەسەلەی گەڕاندنەوە یان ڕزگارکردنی ئەوشارەیان دەهێنایە ئەژنۆ. لەدوای



ڕزگارکردنی عیراقەوە جارێکی دیکە مەسەلەی گەڕاندنەوەی کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان بۆتەوە بابەتی هەرە گەرمی ڕۆژ لەکوردستاندا، بەتایبەت کەدوای ڕوخاندنی بەعس کورد بەئومێدی شەراکەتی راستەقینە شانی دایەوە بەر ئەو پایە لەرزۆکانەی کە دەوڵەتی زۆردارانەی عیراقیان لەسەر ڕۆنراوە.

بێگومان شەراکەتی راستەقینە ناکرێت بوونی هەبێ بەبێ رێکەوتنی لایەنەکانی شەراکەت لەسەر پشکە بەشی شەراکەتیان، لەم دیدگایەوە شەراکەتی کوردو عەرەب لەعیراقدا شەراکەتێکی بێ بنەماو لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانە نابێت ئەگەر هەردوو نەتەوەی سەرەکی عیراق بەپێی رێککەوتنێکی مێژوویی گرنگ جۆری ئەو شەراکەتیەیان دابەش نەکەن یان بەشێوەیەکی شەفاف دان نەنێن بەپشکە بەشی یەکدیدا. بەتایبەت بۆکورد گرنگە کەنیشتمانەکەی بەپێی راستیە مێژووییو جوگرافیەکان وەکو خاکی کوردان بەیەکپارچەیی دانی پێدابنرێت لەلایەن عەرەبەکانی عیراقەوە. لەوانەیە لەدوای ڕووخانی بەعسەوە کەرکوکیەکان زیاتر تووشی نائومێدی هاتبن سەبارەت بەچارەنووسی شارەکەیان. بەتایبەت کە ئەوانو شارەکەیان لەنێوان دۆزەخی بەعیراقی بوونو گەڕاندنەوە بۆ باوەشی هەرێم هەمیشە قوربانیەکی کەم وێنەن.

ئەگەرچی قوربانی بوونی کەرکوكو کەرکوکیەکان مەسەلەیەکی لەمێژینەیە بەڵام ئەوەی ئەوانی واڵێکردووە کەهەمیشە شانازی بکەنو بەقوربانی بوونی خۆیانو شارەکەیانەوە ئەو پاڵپشتیە کوردستانیە فراوانە بووە لێیان چونکە هەتا دوای رزگاری عیراق هەمیشە ئەوانو هەموو خەڵکی کوردستان لەیەقینی ئەوەدا ژیاون کەهیچ پارتێکی کوردستانی نییە سڵ لەشەهیدبوون بکاتەوە لەپێناوی گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆباوەشی کوردستانی دایك. بەڵام مخابن دەرکەوت کەمەسەلەی رزگارکردنی کەرکوك

لەم قەیرانە زەوەندانەی ئێستاو ڕابردووی لەلای حزبی کوردی مەسەلەیەکی تاکتیکەڵی بووە، دەرکەوت قسەکردنی هەموو پارتە کوردستانیەکان بەتایبەت هی دوو پارتە زاڵەکەی ئەمڕۆی هەرێم هیچ نەبووە جگە لەهەراسانکردنی یەکدی لەمەیدانی موزایەدەو دروشمبازیدا، مەیدانێك کەلای خەڵکی کوردستان چیتر جێگەی پشتیوانیو لای کەرکوکیەکانیش چیتر جێگەی ئومێد نابێت.

لەدوای ڕزگارکردنی عیراقەوە دەیان کارتی گوشار هەبوون کەدەکرا لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی عیراقەوە بێ یان بەباجی زۆرکەم بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر بەکارهاتبوان، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەوکارتانە بەسانایی بەدەستی خۆمان پوچەڵکرانەوە. لەسەرووبەندی ڕزگارکردنی عیراقدا خەتی سور بۆ نەچوونە ناو کەرکوکەوە لەسەربنەمای ناکۆکیەکانی نێوان یەکێتیو پارتی بووە لەوشارەدا چونکە هەمیشە کەرکوك وەکو نفوزی یەکێتی ناسراوە بێگومان بۆپارتی ئەستەم بوو قبووڵی گۆڕانی ئەو باڵانسە کوردستانیە بکات کەبەهۆی شەڕی براکوژیەوە سەپا بوو یەکێتیش چونکە خۆی بەخاوەنی کەرکوك زانیوە کەمتر ئامادەیی هەبوو سیاسەتی فیفتی بەفیفتی لەگەڵ پارتیدا لەسەر ئەوشارە قبووڵ بکات. هەربۆیە بینیمان هەر کە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی چووە ناو کەرکوکەوە گوشارەکانی پارتی هیچی لەگوشارەکانی تورکیاو ئەمریکاو هێزە عیراقیەکانی دیکە کەمتر نەبوو لەپاشەکشە پێکردنی هێزەکانی یەکێتیی لەوشارەدا.

لەپاشەکشە پێکردنی هێزی پێشمەرگە لەکەرکوکدا، کەرکوکیەکان زەرەرمەندی یەکەم بوون، چونکە هەر لەگەڵ ساتەوەختی پاشەکشەکردنی ئەو هێزانەدا عەرەبی هاوردە دڵنیابوو لەوەی کەدەتوانێ بەبێ دوودڵی پێ لەسەر مانەوەی هەمیشەیی دابگرێت. تیرۆرستان لەجیاتی بەعس توانیان



درێژە بەسیاسەتی تەعریبو تۆقاندنو مردنی زیاتر بدەن. لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا ململانێی نێوان یەکێتیو پارتی لەسەر پۆستە ئیداریەکانی ئەو شارە بەشێوەیەکی ترسناك پێهەڵا چوو.

ئێستا خەمی هەرە گەورەی کەرکوکیەکان ئاسایشی شارەکەیانە کەهەمیشە بەبەرچاوی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە شەلاڵی خوێن دەکرێن، ئاسایشی کەرکوك مەسەلەیەکی مەحاڵ نیە، یەکێتیو پارتی دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر پشتیوانی کەرکوکیەکانو ئیدارەی ئەوشارە بکەن لەئیدارەکردنی شارەکەیانو پاراستنی ئاسایشی شلۆقاوی کەرکوك، پاراستنی ئاسایشی کەرکوك هەرگیز لەتوانای حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەرنیە بەتایبەت کەئاسایشی ئەو شارە بەشێوەیەکی ستراتیژی پەیوەستە بەناردنی هێزی پێشمەرگەو هاوکاری ئابووریەوە. بێگومان هەرێمی کوردستان خاوەنی هێزی یەدەکی پێشمەرگەی ئەوتۆیە کەبتوانێت ئاسایشی کەرکوك دابین بکات. ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کەرکوك بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایش بۆ ئەوشارە بەرێکەوتن لەگەڵ حکوومەتی عیراقو ئەمریکیەکان کارێکی هەنوکەیی ئێجگار گرنگو بەسوودە. ناردنی هێزی پێشمەرگەو دابینکردنی خەرجیەکانی ئەو هێزانە ئەگەر لەسەر حسابی گیرفانی خەڵکی هەرێمەکەش بێت مەسەلەیەکی نیشتمانی پیرۆزە ئەگەرچی توانا ئابوریەکانی هەرێم ئەگەر گەندەڵی لێگەڕێت زۆر لەپێداویستیە هەنوکەییەکانی ئەو هێزانە بۆ کەرکوك زیاترە.

کەرکوکیەکان بەتەنیا جێناهێڵین، ئایندەی پڕ لەئارامی ئەم هەرێمەو ئاشتی نێومالی کوردان لەبردنەوەی شەڕی چارەنوسسازی کەرکوك دایە. ئەگەر ئەمە پەیامی کاك کۆسرەت بووبێت لەگەرمەی لێقەومانێکی گەورەی ئەوشارەدا، تۆبڵێی چوونی کاك کۆسرەت سەرەتای پەیامێکی دیکەی یەکگرتووی سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان بێت؟ چونکە کاك

کۆسرەت جگە لەوەی سیمبولی بەرەنگاری کوردە لەڕووی یاساییشەوە جێگری تاڵەبانیو بارزانیشە، من پێم وایە کاک کۆسرەت ئەو مشتە ئەمینەیە کەدەکرێ تاڵەبانیو بارزانی بێ دوو دڵی ئایندەی ئارامی کەرکوکی پێ بسپێرن.



## لەیادی ٣١ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی دا قسەیەك لەسەر سەر قەتاری کاروانەکەی

بەپێچەوانەی ئێستاوە، یەکێتیی هەتا ڕاپەڕین کەمترین گەردی پێوەیە، یەکێتیی هەتا پێش ئەو مێژووە، هێزێکی ڕادیکاڵی سیاسی خاوەن سەروەری زەوەندە، هێزێکە وەکو شوناسی باڵی کوردایەتی پێشکەوتووخواز ناسراوە، خاوەنی هەستاندنەوەی کوردایەتی دوای نسکۆی( ١٩٧٥ ) ە، هێزێکە لەناو هەناویدا بیری پیرۆزی(کوردستانی بوون) لەسەر دەستی ڕەنجدەرانی بیرو بازوو بۆ یەکەمین جار ئاوێتەی شۆڕشی کوردستان کراوە، هێزێك بووە مۆدێرن، فرە مینبەر، لانەو سەکۆی بیرکردنەوەی ئازادو ڕوانینی نوێ، پێشمەرگەکانی ئازا، گیانباز، کوردپەروەر، ئەندامانی خۆڕاگر، دەستو داوێن پاك، نهێنی پارێز، سەرکردەکانی، خاکی ، خوێندەوار ، خاڵە شیهابو ئارام ئاسا بۆ مردن لەریزی هەرە پێشەوەی هەڤاڵەکانیاندا، ئەمانە بەشێکی بچووکی جیاوازیەکانی یەکێتیی بوون لەگەڵ ئەوانی دیکە هەتا دەگاتە سەرەتاکانی فەرمانڕەوایی لەسەردەمی بەرەی کوردستانیدا، گرفتەکە لەو مێژووەوە دەست پێدەکات، لەو وەختەدا کەئیدی تەنها یەکێتیی هێزێکی رادیکاڵی سیاسی نییەو لەو مێژووەوە یەکێتیی لەیەك کاتدا هەوڵدەدات ئەو سیماو خەسڵەتە جیاوازانەی خۆی وەکو هێزە مۆدێرنە رادیکاڵە سیاسییەکە بپارێزێو لەهەمان کاتیشدا خۆی لەگەڵ واقیعە سیاسییە تازەکە بگونجێنێ، کە بەرپرسیارێتیەکانی ئەوی بەرینتر کردووە، وایکردووە شوناسی فەرمانڕەوایەتیشی بێتە سەر، بێ ئەوەی یەکێتیی توانیبێتی لە چەمکە

رادیكالیەكەی دوور كەوتبێتەوەو خۆی بۆ ئیدارەدانی ئەو دوانەی رادیكاڵیو فەرمانڕەوایەتیە ئامادە كردبێ، دوانەی بەرپرسیارێتیەك كە لەبەرەبەیانی ٥ ی ئازاری ١٩٩١ – ەكەوە هەتا ئێستا رووبەڕووی یەكێتیی بوونەتەوەو سیماو خەسڵەتو شوناسێكی گۆڕاوی تا ئەندازەیەك جیاواز لە شوناسە شاخاویەكەی، بە یەكێتیی بەخشیوە، ئەمە وایكردووە لەنێوان هەوادارانی ئەم دوو شوناسە جیاوازەی یەكێتیی ناتەباییەكە سەر هەڵبدات، ناتەباییەك، كە سەرەنجامی نەبوونی زەمینەیەكی لەبار بۆ دیالۆگو بەیەكەوە سازانی نێوان ئەوسەرو عەقڵە كلاسیكیەی كە ٣١ ساڵە یەكێتیی بەڕێوە دەبات، لەگەڵ ئەو نەوە هوشیارو پەراوێزكراوەی كە ئێستا دەخوازێ زیاتر گوێی لێبگیرێو وادەی هاوبەشی كردنی هاتووە لە نوێكردنەوەو بەڕێوەبردنی ئەوسەرو عەقڵە سیاسییەی لەسەردەمی ئەودا یەكێتیی بەڕێوە دەبات، راستە جیاوازیەكانی نێوان ئەو دوو نەوەیە سەرخانێكی فكری لە پشت نییە تا هەنووكە، بەڵام نابێ ئەو راستیە فەرامۆش بكەین كەلە هەناوی قەیرانی نائایدیۆلۆژیشدا ئەگەری لەدایكبوونی قەیرانی فكریو سیاسی هەیە، ئەمە لەحاڵەتێكدا بۆ یەكێتیی ئاوێزانكردنی ئەو دوو شوناسەو بەیەكەوە كاركردنو هەڵكردنی نەوەكانیش پێكەوە كارێكی ئێجگار گرنگە نەك هەوڵی پەراوێزكردنی یەكیان بۆ ئەوی دیكەیان، بە لەبەرچاوگرتنی سیمای لەیەكدی جیاوازی ئەو دوو شوناسانە، بەلەبەرچاوگرتنی دژواریەكانی بە ئاكام گەیاندنی ئەو ئاوێتەكردنەو دواجار یەك ئاڕاستەكردنیشیان بۆ تاودانو بەدیهێنانی ئایندەیەكی گەشەدارترو باشتر بۆ یەكێتیی.



سەر قەتارەكانی نێو یەكێتیی هەتا ئەمڕۆ زۆربەیان هەر هەمان ئەو سەر قەتارانەن كە خاوەن شانازی دامەزراندنی یەكێتییو هەڵگیرساندنو بەردەوامی كردنی شۆڕشە سەختەكەشی بوون تا دەگاتە ئەم كابینەیەی ئێستای حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەوە هەر ئەوانەن تەواوی پۆستە گرنگەكانی نێو یەكێتییان بۆ خۆیان قۆرخكردووە، جا ئەو پۆستانە چ پۆستی ئۆرگانە جیاجیاكانی نێو خودە حزب بووبن یان پۆستەكانی ناو حكومەتی هەرێم بووبن. لێرەوەیە كە نەوەیەك هەیە هەست دەكات وادەی رەخساندنی هەلو دەرفەتەكانی هاتووە، نەوەیەك كە ئیدی هیچی پێ شەرم نییە كە تەمەن بواری نەداوە شانازی خەباتی سەختی شاخی بەربكەوێ، نەوەیەك كە چیتر ناچێتە ژێرباری ئەو( منەتەی) كەبەردەوام بەسەریدا دەكرێ، ئەو منەتەی كە هەستێكی وای لای ئەو نەوەیە دروست كردووە كە پێیوایە هەر لەو منەتەوەیە جۆرێك لەناوچوونێكی لە رەخساندنی هەلو دەرفەتەكاندا، بۆ ئەو لێ كەوتۆتەوە، ئەو منەتەی كە دەڵێ ( ئێمە بووین شۆڕشمان كرد، ئێمە بووین شەقمان لەبەرد هەڵدا، لەنیوە شەوە ئەنگوستەچاوەكاندا، ئێوە لەكوێ بوون، ئێوە هێشتا لەدایكیش نەبووبوون).

لێرەشەوە نەوەی نوێ دەخوازێ قسە لەسەر قۆناغی دووەمی یەكێتییو شۆڕشەكەی بكرێ، كە ئەو بەجۆرێك لەجۆرەكان ئامادەییو بەشداری تیایدا هەبووەو لە راپەڕینەوە دەست پێدەكات، ئەو پێیوایە، ئەگەرچی ئەو نەوەیەی كەخاوەنی شانازی خەباتی قۆناغی یەكەمی شۆڕشو یەكێتییە، كە قۆناغی پێش راپەڕینە، بەڵام ئەوە هەر ئەویشە هەر هەمان ئەو نەوە رێبەرو باوكەشە كە لەدوای راپەڕینەوە بووەتە ماكی گرفتەكانی نێو یەكێتیی، ئەو گرفتانەی نەوەی نوێ پێیوایە بە هیچ شێوەیەك گرفتی

سیاسیو ئایدیۆلۆژی نەبوونو نین، بەقەد ئەوەی گرفتی گەندەڵیو بەهەدەردانی دەسکەوتو داهاتەکانو کاڵکردنەوەی سەروەریەکانی خودی ئەو مێژووەی یەکێتیی بوون.

ئەگەر ململانێکانی نێو یەکێتیی تا پێش کۆنگرەی گشتی جۆرێك ناسنامەی فکریو سیاسیان بەخۆوە بینیبێت بەهۆی بوونی باڵە جیاوازەکانی نێو یەکێتییەوە ئەوا لەو ساتە وەختە بەدواوە، هەموو جۆرەکانی ململانێ لەهەڵپەی تاکە کەسیدا دەرکەوتوون، هەڵپەکان بۆ قۆرخکردنی پلەو پایە حزبیو ئیداریەکانی ناو یەکێتی بوون، هەمیشەش ئەو پلەوپایانە بۆ دەسکەوتو قازانجی تاکە کەسی، یان بۆ قازانجی ئەندامانی خێزانی ئەو تاکە کەسانەیە، یان بۆ بەرژەوەندی گروپە بچووکەکانی نێو تەکەتولاتەکانیانو هەڤاڵ بەندەکانایان بوون لەم پێوەدانگەی سەرەوەیە، کە نەوەی دوای ڕاپەڕینی نێو یەکێتی پێی وایە بەم سیاسەتو بەرنامەیەی ئێستای یەکێتی، نەك وەك ئەو هێزە ڕێبەرەی شۆڕشی نوێو ڕاپەرینی خەڵکی کوردستانو پارێزەرو گەشە پێدەری دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەرینە ناتوانێت بمێنێتەوە، بەڵکو وا خەریکە وردە وردە بێ ئەوی یەکێتی هەست خۆرك سیاسیە مەترسیدارە بکات، یەکێتی لەو هێزە پێشەنگەی شۆڕش و ڕاپەڕینەوە، دەبێتە هێزێکی فەرمانڕەوای سەرکوتکەری ڕاپەرینو بە هەڵدێرو لاڕێدابەری خودی ئەو شۆڕشەی، هەر یەکێتی خۆی ڕێبەرایەتی کردووە لەسەختڕین ساتە وەختە مێژوویەکانی ئەم میللەتەدا. پێدەچێت سەرانی سیاسی ناو یەکێتی، بۆچونێکی هەڵەو ترسناك گەمارۆی بیرکردنەوەیانی دابێت! بۆیە پێیان وایە یەکێتی بۆ قەدەرێکی درێژتر بۆی دەلوێ لەسەر سەروەریە زەوەندەکانی ڕابردووی



خۆی بژی، هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە لە دوای ڕاپەڕینەوە تاڵەبانیو گوتەنی ( یەکێتی تەوەزەلانە لەسەر چەپکەی گوڵی ڕابوردوی خۆی خەوی لێکەوتووە). بابشزانین، لە مێژوودا ژیان لەسەر ڕابردوو بۆ پارتە تەقلیدیو خێڵەکیو کلاسیکیەکان لواوەو بە قازانجیشیان شکابێتەوە، بەلام خۆ یەکێتی پارتێکی خێڵەکی تەقلیدی نییە، تابۆی بلوێ بەتەنها لەسەر ڕابردوو بژی، بۆیە بۆ هێزێکی وەکو یەکێتی کە خۆی بەنوێ خواز نمایشو ئەندامو هەوادارانیشی بە باوەڕبوون بە گۆڕان گەشەسەندن پڕ کردبێ، نەك ئەستەمە ژیانو مانەوەو گەشەکردن لەسەر ڕابردوو مەیسەر ببێت بەڵکو هەرگیز سەرنجامەکەی لەو دۆخە نا لەبارو ئاڵۆزە باشتر نابێت کە لە ئێستادا یەکێتی لەبەرچاوی خۆییو خەڵکەوە تیایدا دەژی.

بە یادەوەری ٣١ ساڵەی دامەزراندی یەکێتی، ساڵی ئازادکردنی هەموو ئەو پرسیارانە بێت کە لەبەر خاتری زۆر ئیعتباراتی نا مەعقول لە ناخی زۆرینەی هەوادارو ئەندامانو دۆستانی یەکێتیو خەڵکی کوردستانیشدا هەتا ئێستا دیل کراون، بەدوای ٣١ ساڵی خەباتی سەختی یەکێتی، با هەر بیر لەستایشو پیاهەڵدانو هەڵپەرکێو یادەوەری تەقلیدی نەکەینەوە، با نوقتە بخەینە سەر کێماسیەکان، با هەموو شتەکان بە ڕاگوزەری بەزاکیرەی لاواز یەکێتی نەسپێرین، با بپرسین، بۆچی ئەوەی هەرگیز نەدەبوو ڕوویدا بووایە لە هەشتەمەین ساڵیادی یادەوەری کارەساتی هەڵەبجەی شەهیدا ڕویدا با بپرسین ئەوەی لە هەڵبجەدا ڕوویدا دەرەنجامی فەرامۆشکردنی ئەو داخوازییە بەرینیە جەماوەریانە نەبوو کە پێشتر یەکێتی لەشارەکانی ڕانیەو کۆیەو کفریو کەلارو دوکان ڕووبەڕووی ببۆوە و یەکێتی نەك نەیتوانی بە سنگێکی فراوانەوە ڕووبەڕووی چارەسەرکردنیان ببێتەوە،

بەڵکو کەوتە پاساو هێنانەوەیەکی بێماناو پەلاماردانی هەڵسوڕاوانی ئەو بزوتنەوەیە کە زۆرینەیان لە ئەندامە خوێندەوارو گەنجە هەڵسوڕاوەکانی ناو ڕێکخستنو ڕێکخراوە پیشەییەکانی ناو خودی یەکێتی بوون؟ با بپرسین ئایا خۆ نەبانکردنی یەکێتی لەو گەندەڵیە ئیدارییەی کە بەشێکی زۆری زادە ئەو پاشاگەردانیو خۆ پڕکردنەیە کە دەستەچێتیو تەکەتولاتی ناڕەوای نێو سەرکرداەیتییەکەی بەرهەم هێناوە داوی ٣١ ساڵ لە خەباتو قوربانیدانی کەم وێنە یەکێتی بەرەو کوێ دەبات؟

دوای ٣١ ساڵی تەمەنی درێژی یەکێتی ئیدی کاتی هاتووە، لەوە سڵ نەکەینەوە کە بڵێین یەکێتی دەبێت بەجدی بە خۆیدا بچێتەوە، داننان بە گەندەڵیو باسکردن لە نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو سەلماندنو دوپات کردنەوەی گازندەو گلەییەکانی خەڵکی ناتوانێت تا سەر دڵی خەڵکی لە یەکێتیی ڕازی بکات، هەروەکو چۆن ڕابردووی پڕ لە سەروەری یەکێتیش ناتوانێت ڕێگر بێت لە دامرکاندنەوەی ئەو ڕقەی لە ناخی گەنجانی تازە پێگەیشتووی کوردستاندا سەر هەڵدەدات کاتێك سەربڕینی هیواو خولیکانی خۆیان لەچاوی ئەو گەندەڵیو ڕۆتینیە ترسناكو بەردەوامەی نێو ئیدارەی وڵاتیاندا دەدۆزنەوە.

ڕووشانی ناوبانگی سیاسی بۆ حزبێکی سیاسی کارەساتەو بە ئاسانی ناتوانرێت شوێنەکەی بزر بکرێت، بێگومان ئەو باجەی یەکێتی لە بێمنەت بوون لە خەڵك دەیدات زۆر گەورەترە لەوەی کە هەتا کوردستانیەکانی دیکەی یەکێتی دەیدەن، ئەمەش پەیوەندی بەسروشتی پێکهاتەو دروستبوونی یەکێتیەوە هەیە، بێمنەت بوونی یەکێتی لە خەڵك سەرەنجام یەکێتی لە هێزی پێشەنگی شۆرشو ڕاپەرینەوە دەکات بە هێزێکی سەرکوتکەری بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی دەست کەوتەکانی ئەو



شۆرشو ڕاپەڕینە، بۆیە بۆ ڕێگە گرتن لەبەردەم ئەو ئەگەرە نێگەتیڤانەی چاوەڕێی یەکێتی دەکەن، من پێموایە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە دوای ٣١ ساڵ لەکاروانی بەرەو ئایندەی یەکێتی شانبەشانی ڕەمزەکانی ناو یەکێتیو ئەزمونی دەوڵەمەندیان، گەنجان، ڕێبەرانی تازەگەری نێو یەکێتی، بە توانای بێشومارو عەقڵو بەهرەو ڕوانینی نوێیانەوە لە دەستەی سەرقەتاری ئەو کاروانەی یەکێتیدا جێبگرن.

# كاك نێوشیروان و سیاسەتی بایكۆت كردن !!

كاك نێوشیروان نێویكی دیاری باڵی بزووتنەوەی كوردایەتی پێشكەوتووخوازە. لەڕووی پراكتیكیو پایەی سیاسیشەوە كەسی دووەمو یەك لە سێ سەركردە دیارەكانی نێو یەكێتییە. یەك لەو سەركردانەی شۆڕشی نوێی گەلی كوردستانە، كە هێشتاش بەتوندی بەرگری لە نەریتێكی مۆڕاڵیانەو سیاسیانەی خودی ئەو شۆڕشە دەكا، كە(دەستو دەمو داوێن پاكییە)، ئەو نەریتە رۆژهەڵاتیەی توانی پەرجووی بەرەنگاری كورد لە سەختترین قۆناغی خەباتی ئەو گەلەدا، هەتا بەئاكام گەیاندنی شۆڕش بخولقێنێ.

كاك نێوشیروان خاوەنی سیاسەتی راشكاوانەو ڕەخنەگرانەی نێو یەكێتییە، بێگومان ئەگەر سەردەمانێكو بەتایبەت لەسێبەری شاخو شۆڕشدا سیاسەتی لەو چەشنە زیاتر چانسی بەجەماوەری بوونی كاك نێوشیروان پێ هەڵا بردبێ، ئەوا دوای ئەوەی پێشمەرگایەتی هاتە سەر جادەی قیرو كۆشكە بڵندەكانی شارەوەو لەنێو ڕێكخستنەكانیشیدا تەكەتولاتی بێ فكر، بوو بە دیفاكتۆی قۆناغی دوای ڕاپەڕینو ئەوەی نێوی پرینسیپو دسپلینی كاری ڕێكخراوەییە لەنێو پەیكەرو پەیوەندی یەكێتیی لەبەر یەكتری هەڵوەشا، ڕۆشنە سووربوون لەسەر سیاسەتی لەو چەشنە لە زەمینەو هەلومەرجو



ژینەگەیەكی تەواو جیاوازدا پێشبینی كراوە، كە پێچەوانە ببێتەوە، بەتایبەت كە بەرژەوەندی تاكە كەسی بە جیاوازی دەسەڵاتو هێز لە خودی كەسەكاندا، جێگەی باوەڕو ئایدیۆلۆژیا دەگرێتەوە یان خۆی بەسەر پیرۆزیەكانی دەستكەوتە حزبیو نیشتمانیەكاندا دەسەپێنێ!.

لەدوای راپەڕینو بەتایبەت لەدوای ئەوەی یەكێتیی وەكو هێزێكی كاریگەری سەردەمی فەرمانڕەوایی بەری كوردستانی پشكی شێری بەردەكەوێت لە بەهەدەردانی سامانی میللەتو گەندەڵكردنی ئەوەی بەدەسەڵاتی كوردی ناسراوە، كاك نێوشیروان پەنای بۆ سیاسەتی بایكۆتكردنی حزبەكەی خۆی بردووە. مێژووی بایكۆتكردنەكانی كاك نێوشیروان لەبەرامبەر یەكێتییدا بۆ ئەو كاتە دەگەڕێتەوە كە هەندێ لەوانی پێشتر ئەندامی یەكێتیی شۆڕشگێڕان بوون گوێیان بەو هێڵە سوورە مۆڕاڵیانەی نێو یەكێتیی نەداو كەوتنە فەرهودكردنو تاڵانی،بەنێوی كۆكردنەوەی گومرگو داهات بۆ یەكێتیی، بێگومان لە واقیعێكی لەو چەشنەدا ئاساسییە خەڵك پەنا بۆ ڕێبەرە پاكو ڕاستگۆكانی شۆڕش بەرێت، بەڵام كاتێك خەڵكی پەرچەكرداری ڕێبەرەكانی بەبایكۆتكردنێكی كتوپڕ پێدەگات، تووشی نائومێدیو جۆرێك لە ئاشبەتاڵی فیكریش دەبن .

ئایا سیاسەتی بایكۆتكردنی یەكێتییو پەنابردن بۆ ( زەڵێو شێنێ)، لەسەردەمی پاشاگەردانی و بێ سەروبەری بەرەی كوردستانیدا دەستی سەركردە ناوچەییە گەندەڵەكانی نێو یەكێتیی زیاتر واڵا نەكرد؟ ئایا پەنا بردن بۆ (زەڵێو شێنێ ) توانی سەرنجی ئەو حەشاماتەی یەكێتیی رابكێشێت كە بەحوكمی راپەڕین لەحەوشەی یەكێتییدا بەهەرەمەكی گرد كرابوونەوە؟ بێگومان نەخێر.

کەواتە ئەو سیاسەتی بایکۆتکردنەی کاك نێوشیروان بە پچڕ پچڕی بۆ ماوەی (١٥) ساڵە بەنیەتی چاکسازیو پاکسازی لەنێو یەکێتیی پەیڕەوی دەکات، سیاسەتێکی پراکتیکەڵو کارا نەبووە، سیاسەتێك بووە هەمیشە بەزمانی گوتاری ڕیفۆرمخوازی نێو یەکێتیی کەوتۆتەوە، چونکە باجی بایکۆتکردنەکان بۆ یەکێتیی هەمیشە بریتی بووە لە هاتنەپێشی کەسانێك کە ڕەنگە لەخەونیشدا ئەو چەشنە کەسانە بەخەیاڵیاندا نەهاتبێ پۆزیشنی گرنگی لەو چەشنە لەنێو یەکێتیی بۆ خۆیان داگیربکەن.

کاك نێوشیروان کە بڕیار وابوو تا بەئاکام گەیاندنی ڕیفۆرمی نێو یەکێتیی ڕێبەرایەتی ئەم بزووتنەوە ژیارییە بکات، کەچی ئەوەتا دوای دەرکەوتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی، دیسان بەڕێزیان پەنای بردەوە بۆ هەمان سیاسەتی بایکۆتکردن. سیاسەتی بایکۆتکردنی ئەمجارەی کاك نێوشیروان جگە لەوەی سەری ڕیفۆرمی نێو یەکێتیی دەخوات، ڕەنگە زەنگێکیش بێت لەدواجاردا بە هەمووان بڵێت کاك نێوشیروان ئەو گۆدۆیە نیە، کە مێژوویەکە یەکێتیی لەچاوەڕوانی هاتنی دایە!!.



# لە پێناوی ڕیفۆرم لەمەکتەبە باڵادەستەکانی نێو یەکێتییدا

ڕەنگە لەگەڵ باسکردنی ریفۆرمی نێو یەکێتیی یەکسەر خوێنەر بیری بەلای یەك لەتەکەتولاتەکانی نێو یەکێتییدا بچێت، بەتایبەت دوای ئەوەی ناوەرۆکی ریفۆرم لە هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکانی نێو یەکێتییدا، لەلایەن گروپی ئەنتی ریفۆرمەوە ماناو پێناسەو لێکدانەوەی دیکەی بۆ کرا ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێك لە هەڵسووڕاوە باڵادەستەکانی نێو بانگەوازی ریفۆرم هەر لەسەرەتاوە ریفۆرمیان بۆ مەبەستی تەسکی تاقمچێتی و بگرە دەسکەوتی لاوەکیو تاکە کەسیش وەرسووڕاند، ئەمە جگە لەوەی کە ڕێبەرانی ریفۆرمی نێو یەکێتیی هەر یەکەیان بەقەبارەی ئەو کوچکەیەی لە سێکوچکەی ریفۆرمدا هەیانبوو لێپرسراوێتی بەشێك لەو کێماسیە زەقو یەکێتیی کوژەیان بەردەکەوێت، کە دواجار دەبوو خودی بزووتنەوەی ریفۆرم لە ڕیشەوە هەڵیانکێشێ، بەڵام با خوێنەر بەئاگا بێت لەوەی کە مەبەست لە ریفۆرم لەو گوتارەی ئێمەدا، قسەکردنە لەسەر چۆنیەتی ڕیزکردنی حزبیانەی ڕیزەکانی نێو یەکێتیی و بە ئاکام گەیاندنی ئەو ئامانجانەی کە لە گوتاری نوێ بوونەوەی یەکێتییدا دەمێکە بە پچڕپچڕی قسەی لەسەر دەکرێت. قسەی ئێمە لەسەر ریفۆرم لەچاوی تەکەتولێکی دیاریکراوی نێو یەکێتییەوە نییە.

بۆ بە ئاکام گەیاندنی ریفۆرم لەنێو یەکێتییو ڕێگرتن لە بەلاڕێدابردنی ئەو بزووتنەوە ژیانیو ژیارییە بۆ یەکێتییو کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی

بەردەم بەروپێشچوونیشی، بەر لەهەموو شتێك یەكێتیی پێویستی بە بالأنس كردنەوە هەیە، بێگومان لێرەدا مەبەستمان لە بالأنس كردن چۆنیەتی رێكخستنی دەسەڵاتەكانە، ئەو دەسەڵاتانەی كە لە پۆلەكانی نێو رێكخستنەوە  دەست پێدەكات و لەهەرە مەكتەبە باڵاكەی نێو یەكێتییشدا كۆتایی دێت كە مەكتەبی سیاسییە.

بێگومان تێكچوونی شیرازەی دەسەڵات، لە پۆلەكانی رێكخستنەوە تا دەگاتە مەكتەبی سیاسی، پەیوەندی بە قۆرخكردنو بەكارهێنانی خراپو ئەو رۆڵە نێگەتیڤانەوە هەیە كە مەكتەبە باڵادەستو ژیاریەكانی یەكێتیی لەنێو خودی یەكێتییدا وازی دەكەن. هەڵبژاردنەكانی ئەمجارەش ئەم راستیەیان زیاتر رۆشن كردو ئەو كێماسیە مۆراڵیو سیاسییە زەقانەی ئەمجارەش لەو هەڵبژاردنانەی یەكێتیی كەوتنەوە، جێگەی هەڵوێستەكردنی جدین، چ لەسەر ئاستی یەكێتیی وەكو حزب، چ لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان وەكو مەسەلەیەكی نیشتمانی، هەڵوێستەیەك كە لەدەستی بێت ئەو پاشاگەردانیو قەیرانە مۆراڵیو فیكریەی نێو یەكێتیی بەجۆرێك تاوبدات كە كەمترین پاشماوەی نێگەتیڤ بەدوای خۆیدا بەسەر یەكێتییدا جێبهێڵێ، بێگومان هەر پاشماوەیەكی نێگەتیڤ لە نێو یەكێتیی كاریگەریو مەترسی جدیشی دەبێت بۆ سەر كۆمەڵگای كوردەواری، بەو پێیەی كە یەكێتیی بەم حاڵەی ئێستاشیەوە كاریگەری زەوەندو گرنگو بەرچاوی هەیە بەسەر كۆمەڵگای كوردستانەوە.

پێموایە دەسەڵاتەكانی سكرتێری گشتی یەكێتیی،  دەسەڵاتێكی ترسناكو رەها نین، ئەگەر لە چاوی كۆمەڵگای رۆژهەڵاتو كوردستانی خۆشمانەوە لێیان بڕوانین، ئەگەر بە خوێندنەوەو پێوانكاریەكانی پارتە



سیاسیەكانی رۆژهەڵات لە ئەوپەڕی چەپیانەوە تا ئەوپەڕی ڕاست، یان لە ئەوپەڕی سەلەفیەوە تا ئەوپەڕی علمانی و مۆدێرنیانەوە كاری بەراوردكاریان بۆ بكەین، با لێرەدا كەس تێنەگات نوسەری ئەم بابەتە لەگەڵ بە سۆشیال دیموكراتكردنی یەكێتیدا نییەو لایەنگری (سۆشیال عەشایری)یە، بەڵكو مەسەلەكە پەیوەستە بە خوێندنەوەو تێگەیشتنێكی واقیعیانەی حزبی كوردیو كۆمەڵگای كوردستانو دواجار گەشەكردنی دیموكراسی لە ناوچەكە بەگشتی.

من پێم وایە كە یەك لەو شتانەی رێبەرانی ریفۆرم تیایدا كەوتنە هەڵەی زەقەوە، زەقكردنەوەی قسە كردن لەسەر دەسەڵاتەكانی سكرتێری گشتی بوو. یەكێتی لە ئەمڕۆی بارودۆخی كوردستانو ناوچەكە پێویستی بە سكرتێرێكی خاوەن دەسەڵات هەیە، سكرتێرێكی دەست ڕۆیشتوی لە چەشنی ئەمەی ئەمڕۆ، ئایا كام حزبی سیاسی هەیە لە كوردستانو عێراقو ناوچەكەدا، دەسەڵاتی سەرۆك یان سكرتێرەكەی لە پۆزەشنە مرادیفەكەی لە نێو یەكێتیی كەمتر بێت؟ ئەمە لە حاڵەتێكدا سكرتێرەكەی یەكێتیی لە هەمان كاتدا لە عێراقدا كەتا ئێستاش هەرێمی كوردستان بەشێكە لێی، باڵاترین پۆستی  سیادی ئەو وڵاتەی لە دەستدایە، كە ئەمە جارێكی دیكە دەست ڕۆیشتنی  لەنێو یەكێتیدا دەكاتە دیفاكتۆ، ئەمە جگە لەو پشتیوانیە بەرینەی خودی سكرتێری یەكێتی هەیەتی لەسەر ئاستی جیهانو خۆرئاوا بە ئەمریكاشەوە!!.

لێرەدا دەمەوێت بڵێم جێگەی پرسیارێكی ڕەوایە كە بپرسین بۆچی لەیەكەمین هەنگاوی ریفۆرمدا قسە لەسەر دەسەڵاتی سكرتێری گشتی كرا؟ ئایا بۆ پیشاندانی جەسارەتی سیاسی ڕێبەرە سێقۆڵیەكەی ریفۆرم بوو؟ یان

بۆ ختوکەدانی ڕای گشتی کوردستان‌و ناوچەکە بوو تا وا پیشان بدرێت کە یەکێتی هێزێکی دیموکراتی خوازی تاقانەی جیاوازی دەگمەنە لە کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکە؟ ئەگەر مەسەلەکە یەکەمیان بووبێت‌و لە دیدی ستراتیژی لەسەرەوەی هەرەمەکەوە خوارەوەی هەرەمەکە دەگۆڕین. ئەوە هەڵبژاردن دەستکورتی‌و کورت بینی ئەو ستراتیژەی سەلماند، خۆ ئەگەر مەسەلەکەش دووەمیان بێت‌و مامەڵەیەکی تاکتیکالانە بێت تا لەڕێیەوە ناڕەزایەتییەکانی نێو یەکێتی پێ کەم بکرێتەوە، ئەوا هەمدیسان، هەڵبژاردنەکە توانی ئەو ستراتیژە کارایە بێت سەری ئەو سیاسەتە تاکتیکالایە بخوات‌و قەیرانەکانی نێو یەکێتی زیاتر قوڵ بکاتەوەو باجی سیاسی‌و مۆراڵی‌و مادی بێشوماریش لە یەکێتیی بستێنێت.

بۆ ریفۆرمی نێو یەکێتیی پێویستیمان بە قسە کردنی جدی لەسەر مەکتەبە گرنگەکانی یەکێتیی هەیە، ئەو مەکتەبانەی خاوەن دەسەڵاتی بێشوماری نێو یەکێتیین، ئەو مەکتەبانەی کە دەتوانن هەر جارەی تای تەکەتولاتی نێو یەکێتی بەلایەکدا بخەن، ئەو مەکتەبانەی کە پرۆسەی خەساندن‌و چەپاندنی کادیرە فکری‌و سیاسی‌و خوێندەوارەکانی نێو یەکێنی بە جۆرێکی ترسناک‌و بەردەوام تیایاندا بەڕێوە دەچێت. ئەو مەکتەبانەی بوون بە ئەندام‌و کارگێڕ تیایاندا بۆ میزاج‌و دەسەڵاتی بەرپرسە نەگۆڕە تەقلیدەکانیان تاپۆ کراوە، ئەو بەرپرسانەی لە باکگراوندی تاکە کەسی‌و فەیفەرایەتی تەکەتول بازییەوە نەک لە باکگراوندی حزبی‌و فکری‌و نیشتمانی کەسەکانەوە ئەندامانی مەکتەبەکانیان دیاری دەکەن. ئەو مەکتەبانە پێویستیان بە ریفۆرمی ڕیشەیی قوڵە، ئەو مەکتەبانە پێویستیان بەشێوازی گۆڕانی لەسەرەوەی هەڕەمەکەوە بۆ خوارەوە هەیە، بە گۆڕینی



ئەو سەرە کلاسیکی‌و مشەخۆرانە خۆری نوێ بوونەوەی یەکێتی لە دەم کەلەوە سەر دەردێنن، پرۆسەی دەستەمۆ کردنی کادیرە فکری‌و خوێندەوارەکانی نێو یەکێتیی کۆتایی دێت.

تا ڕاپەڕین کۆمەڵەی ڕەنجدەران گەورەترین تەکەتولی سیاسی‌و ڕێکخراوەییە نێو یەکێتی بوو، کەچی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی (ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان)و بلاوکراوەکانی (ڕێبازی نوێ)و (ئەل شەرارە) بۆ هەموو یەکێتی بوون‌و بەلای کۆمەڵەدا دایان دەشکاند!! تا ڕاپەڕین زۆرترین ئەندامە کاراکانی ڕێکخراوە دیموکراتی‌و پیشەییەکانی وەکو (یەکێتی مامۆستایان‌و خوێندکاران‌و نوسەران‌و ژنان) لە کادیرانی کۆمەڵە بووەو کاری پیشەیی‌و ڕێکخراوەیی خۆیان لە نێو تەپو تۆزی ئایدۆلۆژیاو ململانێی نێو باڵەکانی یەکێتیدا بزر نەکرد، تا ڕاپەڕین زۆرترین کادیرەکانی ڕێکخستن‌و پێشمەرگایەتی سەر بە باڵی کۆمەڵە بوون کەچی لە پێناوی پاراستنی یەکێتیدا بەلای تەکەتولی هاوبیرەکانی خۆیاندا باری یەکێتیان لاسەنگ نەکرد.

کاتێك لەهەڵبژاردنی نێو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا ئەو مەکتەبانە لە ڕێگەی لیپرسراوە تەقلیدیەکانیانەوە دەبن بە بەشێك لە تەکەتولێکی دیاریکراو و لێپرسراوە مۆنۆپۆلکارەکانیش نان‌و پیاز بەناوبانگی زێڕینی سکرتێری یەکێتییەوە دەخۆن‌و دەخوازن بە نێوی (خەتی گشتی) یەوە ئەو مەکتەبە گرنگانەی یەکێتی بۆ هەتایە بکەن بە میرات بۆ خۆیان، دەبێت دەنگی ڕیفۆرم بیانگاتێ چونکە ئەو مەکتەبە بالایانەی یەکێتی کاتێك بێلایەنی خۆیان لەدەست دەدەن، هاوسەنگی ڕێکخراوەیی‌و ستراتیژی یەکێتی نێو یەکێتییش تێك دەدەن.

تێکچوونی باڵانسی یەکێتیی، لۆژیکی ماتماتیکیانەی یەکێتیی دەگۆڕێ، سەرەنجام یەکێتیی بەسەر ئەوانی دیکەدا دابەش دەکات قەدەرو چارەنوسی دەخوازێت یەکێتیی بۆ ماوەیەکی درێژتر ئەو ژمارەیە بێت تەنها بەسەر خۆیدا دابەش ببێت، بۆ ئەوەی ئەم باڵانسە فیزیکیو هاوکێشە ماتماتیکیەکەی یەکێتیی تێك نەچێو لۆژیکی سیاسی یەکێتییش بە ئاقاری نوێبوونەوەو گەشە پێدانی گوتارە سیاسیەکەی مل بنێ، دەبێ ڕایەکی گشتی لە نێو یەکێتییدا بەرپا بکەین، ڕایەکی گشتی بەهێزی وا کە سەرکردایەتیەکانی ناچار بکات دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە وادەی گۆڕانو ریفۆرمی ئەو مەکتەبە گرنگانەی نێو یەکێتی هاتووە، وادەی گۆڕانی ئەو مەکتەبانە لەسەر دەستی نەوەیەکی نوێی بەئاگا. بێگومان گۆڕانێکی لەم چەشنە بێ هاوکاری ڕەمزە ناسراوەکانی نێو یەکێتی کارێکی دژوارەو وە هاتنە دیشی ئەستەمە.

## لەیادی ٥ی ئازاردا
## رانیە دەروازەی را پەڕین یان
## شارێك پشتاو لەخزمەتگوزاری؟

ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو لەمێژووی بزاڤی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، گواستنەوەی شۆڕشی درێژخایەنی شاخەکانی خەڵکی کوردستان بوو بۆ شەقامی شارەکانی کوردستان، سەرەتای دەسپێکێکی تازە بوو هەم لەخودی ئەو شۆڕشە تا ئەو سات بە ئاکام نەگەیشتووەو هەم سەرەتای دەرکەوتنی ئاسۆیەکی پشتیوانی بەرینتر بوو لەداخوازیە ڕەواکانی شۆڕشی کورد چ لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو چ لەئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتیش. ئەو رۆژە بوو کە دەنگی زوڵاڵی شۆڕشی کورد بەستەڵەکی بێدەنگی لەچیاکانی کوردستانەوە شکاندو لەرێگای میدیاکانی جیهانەوە گەیشتە یەك بەیەکی ماڵەکانی دەوڵەتانی خۆرئاوای خۆنەبانکردوو لەکێشەی ڕەوای بەشێك لەخەڵکی کوردستان.

راپەڕین ئەگەرچی لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە بەرنامەیەکی بۆ دارێژرابوو کە لەڕاستیدا خاوەنی ئەسڵی ئەو بەرنامەیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو کە ئەوسا بەهێزترین باڵی نێو ئەو بەرەیە بوو. بەڵام وەکوو دەرکەوت ئەو بەرنامەیە بەرنامەیەکی کرچو کاڵو بێ ستراتیژ بوو چونکە تەنها جەختی لەسەر پلانێکی پێشمەرگانەو راپەڕینێکی جەماوەریانە کردبوەوە بۆ رزگاری شارەکانو راماڵینی دەسەڵاتی بەعس داگیرکەر



لەکوردستاندا، هەر بۆیە دوای بە ئاکام گەیشتنی ئەو پلانە سەربازیو میللییە ئیدی سەرکردایەتی ئەو بەرەیەو خودی یەکێتی نیشتمانیش دەستەوستانو بوونو نەیانتوانی هەنگاوەکانی دوای رزگارکردنی کوردستان بە شێوەیەکی دروستو ساغلەمانەو بە ئاراستەی هێنانەدی ستراتیژێك بهاوێن هەر بۆیە بەرزگارکردنی کەرکوك کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیوو پێشمەرگەی هێزی رزگارکەرو تاکە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی راپەڕیوو کەوتنە گێژاوی تاڵانیو بێسەروبەریەکی بێ مانا. چونکە بەرنامەی دوای رزگارکرن نەبوو چونکە ستراتیژی بەرگریکرن لەبەرنامەی بەرەی کوردستانیدا نەبوو. هەر بۆیە مانگی هەنگوینی ئازادی کوردستان بە تایبەتی هی کەرکوك زۆر تەمەن کورت بوو، ئەگەرچی دواتر کۆڕەوێکی بێ بەرنامە، بەرنامەی پاراستنی کوردستانی لەلایەن هێزە خۆرئاوایەکانەوە بۆ کورد لێ کەوتەوە.

قسەکردن لەسەر ڕاپەڕین کاری گوتارێکی راگوزەری نییە، بەڵکو پێوستی بەلێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی دووردوێژو زانستیانە هەیە، پێویستی بە کاتو هەلو دەرفەتی گونجاو هەیە هەر بۆیە لێرەوە دەچمەوە سەر یەکەمین رۆژی ئەو راپەڕینەو یەکەمین شاری دەروازەی ئەو راپەڕینە کە ئامانجو مەبەستی ئەو نوسینەیە.

رانیە کە بڕیاریدا دەروازەی ئەو راپەڕینە بێت تەنها کێوەڕ دەزانێ خاوەنی چ خەونو خولیایەك بوو، قوولەی سازگارو دلگیر دەزانێ کە تۆڵەی چ رقێکی پیرۆز لەناخی شەهید عەلی نەبیو بەکر چاوشیندا ببوونە بورکانو چەخماخەو پڕشکی راپەڕین لەرانیەو دواتریش هەموو کوردستان. رانیە ئەو مێژووە پڕ بوو لەخەون، خەونی کوردستانیانەی پیرۆز، خەونێك

رانیە تیایدا دەبوو بەیەکەم بووکی بەهاری ئەو ڕاپەڕینەو هەموو ساڵێك گوڵی سوری چەندین دەسکەوتی خزمەتگوزاری دەخرێتە گەردنی، ڕانیە دەبێـە پارێزگایـەك‌و بـۆ هەمیـشە وەك سـەرتۆپی دەسـکەوتەکانی ڕاپـەڕین وەکـوو گەردانەیـەکی ئـاڵتون هەمیـشە بـە گـەردنی بـەرزی کیوەڕەشـەوە دەبریـسکێتەوە، بـەڵام ئەفـسوس ئـەو دەروازە پـیرۆزە کـرا بـە گـەورەترین مەیـدانی جـەنگی براگـوژی، کـرا بـە مەڵبەنـدی تاقیکردنـەوەی گەنـدەڵی‌و ناوچـەی گیرفـان پڕکـردن‌و شـەڕی درێژخایـەنی تەکـەتولاتی نـاو یـەکێتی نیـشتیمانی‌و سـەرەنجامیش ئێـستا ڕانیـە دوور لـە بەڵێنـە خۆشـەکانی مـام جەلال‌و کاك کۆسرەت کە لەیادەوەری ساڵە بەرایەکانی یادکردنـەوەی ٥ ی ئازار بەرامبەر بە دەشامەتی ئەو شارە دەیانداو دەیانگوت رانیە دەکەین بە پارێزگا. بـەڵام ئەفسوس ئێستا رانیـە نـەك پاریزگا نییـە بـەڵکوو شارێکی تـەواو بێنـازە، ڕانیـە شـوکر لەسایەی دەسـەڵاتی نـورانی یـەکێتی دا شـارێکی تەواو خامۆش‌و وێرانەیە، کـەمترین دەسـتی خزمـەتگوزاری بـۆ درێـژ کـراوە، ڕانیە لە ٥ ی ئازاری ١٩٩١ وە لەو کاتـەوە بـوو بـە دەروازەی ڕاپـەڕین، شـارێکە هـەر بەڕاسـتی پـشتاوکراوە لـە خزمـەتگوزاری کـە سـبەیەش ئیـدارەکانی سـلێمانی‌و هـەولێریش یەکدەگرنـەوەو پـارتی دەبێتـە حـوکمڕانی هـەموو کوردستان بێگومانم حاڵی ئەو شارە بە دووجار خراپتر دەبێ چونکە پـارتی ئەو شارە بە نفوزی یەکێتی دەزانێ‌و خەڵکی ئەو شـارە دەبێ بـاجی یـەکێتی بوونەکەشیان بدەن.

# یەکێتی لەڕێبەرایەتی کردنی ڕاپەڕینەوە بۆ سەرکوتکردنی

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لەناو یەکێتیدا بەجەسارەتێکی سیاسیەوەو بەئەوپەڕی ڕاستگۆییەوە دان بەو ڕاستییەدا بنرێت کەبەم سیاسەتو بەرنامەیەی ئێستای یەکێتی، یەکێتی نەك وەکو ئەو هێزە ڕێبەرەی شۆڕشی نوێو ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانو پارێزەرو گەشەپێدەری دەستکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە ناتوانێ بمێنێتەوە بەڵکو واخەریکە وردە وردە بێئەوەی یەکێتی هەست بەو خۆرکە سیاسیە مەترسیدارەبکات یەکێتی لەوهێزە پێشەنگەی شۆڕشو ڕاپەڕینەوە دەبێتە هێزێکی فەرمانڕەوای سەرکوتکەری ڕاپەڕینو بەهەڵدێرو لاڕێ دابەری خودی ئەو شۆڕشەش؟!

پارتی کە هەتائێستاش لەسەر سەروەرییەکانی شۆڕشی ئەیلولو بارزانی ڕێبەری ئەو شۆڕشە دەژیو توانیویشیەتی بەلەسەر ئەومێژوو ڕابردوو ژیانە هەم بەهاوتاو هەم بەرکەبەری هەرە سەرەکی یەکێتی بمێنێتەوە، پێدەچێ سەرانی سیاسی ناو یەکێتیش پێیان وابێ کەئەوانیش دەتوانن پارتی ئاسا لەسەر سەروەرییە زەوەندەکانی یەکێتی بژین، هەربۆیە لەدوای ڕاپەڕینەوە تاڵەبانی گوتەنی یەکێتی تەوەزەلانە لەسەر چەپکە گوڵی ڕابردووی خۆی خەوی لێکەوتووە! ژیان لەسەر ڕابردوو ئەگەر بۆپارتێکی تەقلیدیو دیموکرات خێڵەکی وەکوو پارتی لوابێو بەقازانجیشی شکابێتەوە



ئەوا بۆهێزێکی وەکوو یەکێتی کەخۆی بەنوێخواز نمایشو ئەندامو هەوادارانیشی بەباوەڕبوون بەگۆڕانو گەشەسەندن پڕکردبێ نەك ئەستەمە مەیسەربێ، بەڵکو هەرگیز سەرەنجامەکەی لەودۆخە نالەبارو ئاڵۆزە باشترنابێ کەلەئێستادا یەکێتی بەرچاوی خۆیو خەڵکەوە تیایدا دەژی.

خۆنەبان کردن لەوشەپۆلە بەرفراوانە جەماوەرییەی کەیەکێتی وەکو حزبو حکومەت ڕوو بەڕووی بووەتەوەو سەرەنجامیش هەوڵدان بۆ بەزەبری هێز وەڵامدانەوەی ئەو بزوتنەوە سیاسیو کۆمەڵایەتیەی کە هەر لەناو خودی یەکێتی خۆیو لەو شارانەش کە بەنفوز جەماوەری یەکێتی ناسراون سەری هەڵداوە، سەرەتای قەیرانێکی کوشندەو مەترسیدارەو لەدەستی دێ پاشەکشە بەیەکێتی لەلایەكو شاباڵی بزووتنەوەی سیاسیو نوێخوازی لەناو بزوتنەوەی کوردایەتی لەلایەکەی دیکەوە بکات.

ئەوەی ئەمڕۆ لەهەڵەبجەی شەهیدو لەهەژدەمینساڵیادی یادەوەری کارەساتی ئەو شارە شەهیدەدا ڕوویدا، بێگومان دەرەنجامی فەرامۆشکردنی ئەو داخوازییە بەرینیە جەماوەریانە بوو کەپێشتر یەکێتی لەشارەکانی ڕانیەو کەلارو دووکان ڕووبەڕووی ببوەوەو، نەك نەیتوانی بەسنگێکی فراوانەوە ڕووبەڕووی چارەسەرکردنیان ببێتەوە، بەڵکو کەوتە پاساو هێنانەنەوەیەکی بێمانـاو پەلاماردانی هەڵسوڕاوانی ئەو بزوتنەوەیە کەزۆرینەیان لەئەندامە خوێندەوارو گەنجە هەڵسوڕاوەکانی ناو ڕێکخستنو ڕێکخراوە پیشەیەکانی ناو خودی یەکێتی بوون. خۆنەبانکردنی یەکێتی لەوگەندەڵییە ئیداریەی کەبەشێکی زۆری زادەی ئەو پاشاگەردانیو خۆپڕکردنەیە کە دەستەچێتیو تەکەتولاتی ناڕەوای نێو سەرکردایەتیەکەی بەرهەمی هێناوە، بێگومان هەر چاوەڕێ دەکرێ ڕووداوی ترسناكو دیاردەی

توندوتیژیو ئابڕوبەری وەك ئەوەکەی هەژدەهەمین ساڵیادی یادەوەری کارەساتەکەی هەڵەبجەو شارە بێنازو پشتاو لەخزمەتگوزارییەکانی دیکەی کوردستانی لێبکەوێتەوە!

یەکێتی دەبێ بەجدی بەخۆیدابچێتەوە، داننان بەگەندەڵیو باسکردن لەنەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو سەلماندنو دووپاتکردنەوەی گازەندەو گلەییەکانی خەڵکی ناتوانێ تاسەر دڵی خەڵکی لەیەکێتی ڕازی بکات، هەروەکو چۆن ڕابردووی پڕ لەسەروەری یەکێتیش ناتوانێ ڕێگربێت لەدامرکاندنەوەی ئەو ڕقەی لەناخی گەنجانی تازە پێگەیشتووی کوردستاندا سەر هەڵدەدات کە سەربڕینی هیواو خولیاکانی خۆیانی لەچاوی ئەو گەندەڵیو ڕۆتینەیە ترسناكو بەردەوامەی ئیدارەی کوردستاندا دەدۆزێتەوە.

مەسەلەیەکی دیکەی ئەو ڕووداوەی هەڵەبجە کە ئابڕووی سیاسی کوردستانی خستە ژێر پرسیارەوەو مایەی نیگەرانیەکی ڕەواشە، درێژەکێشانی جەنگی ساردی نێوان پارتیو یەکێتییە یە لەسەر مەرجەعیەتو دەسەڵات، بەتایبەت کەیەکێتی دەخوازێت هەڵەبجەو مۆنۆمیای شەهیدانی هەڵەبجە بکاتە ڕەمزی قوربانیدانو بەرخودانی گەلی کورد، کە لەڕاستی دا یەکێتی هەڵەبجە بەبەشێك لەمێژووی خوێناوی خۆی دادەنێو پارتیش لەولاوە دەخوازێت گڵکۆی بارزانی بکاتە ئەو کارێزمایە کە بێگومان پارتیش بارزانی بەتاکە سەرمایەی حزبی خۆی دەزانێ، ڕۆشنیشە هەردوو پارتیش دەخوازن لەوسۆنگەیەوە دەسکەوتو نفوزی سیاسی زیاتر بۆخۆیان بچننەوە. ئەم هەوڵەی یەکێتی بۆ بەسیمبوول کردنی هەڵەبجە بەرلەوەی هیچ دەسکەوتی سیاسی بۆیەکێتی لێبکەوێتەوە زیانی بەناوبانگی



یەکێتی گەیاند، چونکە پارتی توانی ئەو هاوپەیمانێتیەی لەسەردەمی شەڕی گەرمی براکوژیدا لەگەڵ ئیسلامییەکانی کوردستان لەدژی یەکێتی دروستی کردبوو ببوژێنێتەوەو ئەو بۆشاییەش بقۆزێتەوە کە کەوتۆتە نێوان یەکێتیو خەڵکی لەو شارە لەئەنجامی کەمی خزمەتگوزاریو فرامۆشکردنیان. یەکێتیو حکومەتەکەی یەکێتی دەبوو زووتر بەدەنگ داخوازییە ڕەواکانی ئەو شارەوە بچونایە، چونکە قەرەبووی زیانەکانو زامەکانی هەڵەبجەو خەڵکەکەی دەکرا کەمێك بەپرۆژەی خزمەتگوزاریو خزمەت کردنی خەڵکی زامداری ئەو شارە شەهیدە قەرەبوو بکرێتەوە، بەڵام ڕووشانی ناوبانگی سیاسی بۆ حزبێکی سیاسی کارەساتەو بەئاسانی ناتوانرێت شوێنەکەی بزربکرێت! بێگومان ئەو باجەی یەکێتی لەبێمنەت بوون لەخەڵك دەیدات زۆر گەورەترە لەوەی بۆنموونە پارتی دەیدات، ئەمەش پەیوەندی بەسروشتو پێکهاتەو دروست بوونی یەکێتییەوە هەیە، چونکە بێمنەت بوونی یەکێتی لەخەڵك سەرەنجام یەکێتی لەهێزی پێشەنگی ڕاپەڕینەوە دەکات بەهێزێکی سەرکوتکەری یەربەست لەبەردەم گەشەکردنی دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە.

# بەشی سێیەم

# یۆتۆپیای بەناو نووسەرانی ئازاد



## ( کام ئیعتوباری سیاسیو کام ئازادی رادەربڕین.. کاک ئازاد؟ )

دوای گوشارو فشارێکی زۆر لەلایەن رووناکبیران و نوسەرانی ئازادیخوازو هەڵسوڕاوانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ، دوای بەرزبونەوەی دەنگی ناڕەزایی لەلایەن حکومەتی ئەمەریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەگرتووەکان و دەیان ڕێکخراوی مەدەنی لەسەرتاسەری دنیادا، ئەوسا یەکێتیی نیشتمانیی بەوتارێك کەلەلایەن بەڕێز کاك ئازاد جوندیانی بەپرسی یەکەمی دەزگای ناوەندی راگەیاندنەوە، بەدرەنگ وەختێکی زۆرەوە ئەو قڕو قاپو بێدەنگیە چاوەڕوانکراوەی لەکوردستانی نوێی ژمارە(٣٩٠٨) بەخشکۆڵی شکاند، کە لەمەڕ کێشەی نووسەر دکتۆر کەمال سەید قادر لەنێوان زۆرینەی رووناکبیرانی کوردو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە سەریهەڵداوە.

وتارەکەی جوندیانی بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ بێ گوناهکردنی یەکێتیی، بەقەد ئەوەی پاساوێکە بۆ ئەو خۆکرکردنو کەمتەرخەمیەی کە نەدەبوو یەکێتیی بینواندبایە، لەمەسەلەیەکی وا هەستیاردا، بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەریە نێگەتیڤانەی کە لەوانەیە لەدەرەنجامی ئەو تەنگژەیەدا بکەونەوەو، پردی متمانەی نێوان یەکێتییو رووناکبیرانی کورد بەشێوەیەکی ترسناك لاواز بکات، یان راستتر بڵێین هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەو دەرخستنو بەرگری کردنێکی سیاسیانەی ئەو دۆخە سیاسیەی کەیەکێتیی تووشی هاتووە، دوای ئەو هەوڵە سستو هێواشانەی هەردوو پارتە زاڵەکەی کوردستان بەتایبەتی یەکێتیی، بێهودانە

دەیانهاوێژن بۆ دروستکردنەوەی پردی متمانەو ڕێکخستنەوەی گوتاری ڕاڕاو پەرش‌و بڵاوی سیاسی کوردی، کە لەئێستا نکوڵی ناکرێت بەراستی بۆ کورد مەسەلەیەکی ژیانی‌و چارەنووسسازە.

نووسین‌و لێدوانەکانی جوندیانی بەزمانێکی سیاسیانەی ئارام‌و لەسەرخۆ ئاراستە کراون، بەرادەیەك ئەو بارودۆخە هەستیارەی لەبەرچاو گرتووە کە هەنووکە پەیوەندیەکانی ئەو دووپارتە زاڵەی کوردستانی پێدا گوزەر دەکەن، بەرادەیەك لە لێدوان‌و ڕای نەك یەك لەو دوو پارتە زاڵە ناچێت، بەڵکو لەڕای پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی بچووك‌و سنووردارکراوو گەمارۆدراو لەلایەن پارتێکی زاڵی تەقلیدی دەچێت، کە پێش وەخت مەوداو سنووری قسەو هەڵسووڕانی بڕێندرابێتەوە، کەچی عاجباتیەکە لەوەدایە ڕاگەیاندنەکەی پارتی‌و کەسی یەکەمی ڕاگەیاندنی ئەو پارتەش کاك سەرۆ قادر کە پارتەکەی بەنوێنەری دیموکراسیخوازانی کوردستان‌و عێراقیش دەزانێت، بەپەلەو زۆر پشوو کورتانە کەوتنەوە مەسەلەی( سیرو پیازەکە) لەگەڵ یەکێتیی دا، بەراستی جێگای سەرسوڕمانەکە پیاوێکی ڕۆشنبیری وەکو سەرۆ قادر پێی وابێ کە دەبێ یەکێتیی هەمان بیرکردنەوەی پارتی هەبێ، دەبێ یەکێتیی بەچاوی پارتی سەیری ئەو مەسەلانە بکات کە لەکوردستاندا دەگوزەرێن، مادامەکی یەکێتیی‌و پارتی لە قۆناغی دروستکردنەوەی متمانەدان،ئەمانە جۆرە پاساوێکن بۆ هەرچی زیاتر کوشتنی ڕاو بیرکردنەوەی جیاواز، بۆ لەقاودان‌و سڕکردنی ئەگەرەکانی زیاتر بالاکردنی ئەو جیاوازیە سروشتیانەی کە کۆمەڵگا لەئەنجامی گەشەکردنی دیموکراسیدا بەسروشتی بەرهەمیان دێنێ.

سەیرە دوای پازدە ساڵ هێشتا پارتی دیموکرات بە عەقڵی هەڕەشەو نیشاندانی بێچووە گورگەکانی شەڕی براکوژی‌و پسانی پردی متمانە مامەڵە لە تەك پارتە هاو پەیمان‌و هاوچارەنوسەکەی میللەتەکەی خۆی کە



یەکێتییە بکات، سەیرە دوو پارتی هاوشان‌و برابەشی یەکتری لە دەسەڵاتدا یەکیان بچوکترین‌و سادەترین مافی ڕأدەربڕین بە ئەوی دیکە ڕەوا نەبینێ، ئەگەر ئەمە مامەڵەیان بێت لەگەڵ یەکتریدا دەبێ چ مامەڵەیەکی سیاسیانەی سەدەکانی بەر لەسەر هەڵدانی سیاسەت لەگەڵ نەیارانی بچوك‌و بێ دەسەڵات‌و بێ پشتیوانی خۆیان بکەن، ئەگەر پارتی ئەمە نەفەسی سیاسی بێت لەگەڵ پارتە هاوتاکەی خۆیدا دەبێ بەرامبەر پیاوێکی ڕۆشنبیری قەڵەم بەدەستی وەکو دکتۆر کەمال چۆن ڕەفتار بکات لە کاتێکدا نەك ڕەخنەی توندیشی گرتووە بەڵکو بە زبانی زبریش ڕەخنەی لە ترۆپکی هەڕەمی سیاسی ئەو پارتە گرتووە!؟ لەکاك سەرۆ دەپرسم ئایا ئەو زمان‌و شێوازەی لەسەردەمی شەڕی براکوژی نەگریسدا ئێوە لەگەڵ یەکێتی‌و یەکێتی لەگەڵ ئێوە پێی ئاخافتن، ئایا ئەوەی دکتۆر کەمال تۆزی دەشکێنێ؟، ئیوە چیتان نەکردو چیتان بەیەکتری نەگوت؟ ئایا چیتان بە موقەدەسی هێشتەوە، هەتا نوسەرانی نیگەران‌و تووڕە لەم دۆخە نالەبارو داسەپاوەی کوردستان بتوانن دان بە خۆیاندا بگرن‌و کە تووڕە بوون دۆو دۆشاو تێکەڵاو نەکەن؟ ئێوە بەرپرسیاری یەکەمن لەو زمانە زبرەی دکتۆر کەمال لەیەك دوو گوتارو بەدوایشدا هەندێ نوسەری تری بێزار لەو دۆخە سەپاوەی کوردستان بە داخەوە پەنایان بۆ بردووە، ئەگەر سەرۆکەکانمان دوای بە فیڕۆدانی گیانی پیرۆزی هەزاران لاوی کوردو ئێوەمانانیش دوای چەند ساڵێك لەبەکارهێنانی ئەو زمانە زبرەی ئێوەی سەغڵەت کردووە، بەسانایی‌و سەرپێیی بەداوی لێبوردنێکی هاکەزایی قوتارتان ببێ‌و بەخشینتان ڕەوا بێ ئایا خەڵکی دیکە کە زۆر کەمتری گوتووەو زۆریش کەمتری نوسیوە، ناکرێ سەردەمانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ؟ بۆ ڕەوا نییە بگوترێ کە دەکرێ چیتر ئازادی ڕادەربڕین بە قوربانی ئیعتوباری سیاسی نەکرێ؟ بەڵام ئایا هەرکەسێ ئەم وەڵام بەپەلە پڕوزێنەیەی ئێوە ببینێ

ناچار نابی لەگەڵ مندا بەکاك ئازاد بڵێ: دەپێم بڵێ تۆ کام ئیعتوباری سیاسیو کام ئازادی ڕادەربڕینەت مەبەستە لە کوردستاندا قوربان؟.



## کوفرەکەی کاك عەدنانو لە هەڵڵا دانەکەی کوردستان نێت

ئەم جارەیان من بەر لەوەی بچمە سەنگەری کەمپینەکەی کوردستان نێت، بەر لەوەی بەچاوچوقاندنەوە واژۆیەکەم بخەمە نێو کەمپینی حەشامەتی خوێندەوارانەوە، بەر لەوەی لەگەڵ هاوپیشەکانی خۆم لەسەر عێراقیچێتییەکەی کاك عەدنان موفتی بیکەم بە هەڵڵا، دەخوازم هەڵوێستەیەکی کورت بکەم لەسەر عێراقیچێتییەکەی سەرۆکی پارلەمان و هاوەڵە سیاسییە قسە ڕۆیشتووەکانی ئەو لەکوردستانو، کوردستانی بووونەکەی هاوەڵە ڕوناکبیرەکانی خۆم لە شەقامی پانو پۆڕی ئینتەرنێتدا، بزانم ئایا ڕاستی بە ڕەهایی لە گیرفانی کام بەردایە؟

ئەگەر قسە لەسەر کوردستانی بوونی بێت ئەوا هەموومان قەرزداری کۆمەڵەین، چونکە بیری کوردستانی بوون لەسەر دەستی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ساتەوەختێکی مێژووی سەختدا ئاوێزانی شۆڕشو داخوازیە ڕەواکانی خەڵکی کورد کراوە، کۆمەڵە یەکەمین ڕێکخراوی کوردستان بووە کە توانیویەتی پاڵپشتی گەورەترین شۆڕشی چەکداری کورد کە شۆڕشی نوێ بوو، بۆ بیری کوردستانی بوون لەسەر ئەرزی واقیع دابین بکات، کەواتە شۆڕشی کوردستان لەسەردەستی کۆمەڵە ناسنامە عێراقییەکەی خۆی بە ناسنامەی کوردستانی بوون گۆڕیوە.

ئەگەر بمانەوێت وەکو چاودێرێکی ئیمڕۆی بارودۆخە سیاسیو ڕوناکبیرییەکەی باشوری کوردستان، بارودۆخەکەی شی بکەیتەوە بێگومان

بەسانایی دەگەینە، پاشاگەردانیەك لە شێوازی دیالۆگو مامەڵەی نێوەندی ڕوناکبیری‌و سیاسیمان، شێوازێك کە بەڕاستی ناسنامەیەکی کوردی هەیە لەناوچەکە کە پێشتر ئەم غەڵبە غەڵبە لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیاو ناوچەکە، لە نێو دیسکۆرسی ڕوناکبیری‌و سیاسی میللەتانی دنیادا نموونەی نەبینراوە، لە ئەزمونی هەموو گەلانی دنیاوە بێمنەتی‌و پەراوێزکردنی ئەو دوو گوتارە بۆ یەکدی لە چەشنی ئەوەی لەو پازدە ساڵەی کوردستانی باشور بەرهەم هاتووە، بەرچاو ناکەوێت، پەیوەندی لەو جۆرە نەك پەیوەندی مژدە بەخش نابێ بۆ کورد بەڵکو دەبێتە یەك لە بەربەستە سەرەکییەکان هەڵکشانی ڕوحی نەتەوایەتیشمان بە ئاقاری بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی.

ئەوەی ئێستا لەسەر دەستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان‌و گوتاری سیاسیەکەیان، بۆ چارەی کێشەی نەتەوایەتییەکەی کورد دەکرێت، ڕێگە چارەی دووبارە بە عێراقی کردنەوەی ئەو کێشەیەیە، ڕێگە چارەیەك، کە ئەگەرچی تاکتیك‌و ستراتیژی ئەو ڕێگەچارەیە نەك بۆ خەڵك‌و ناوەندە ڕوناکبیرەکە ڕۆشن نییە، بەڵکو هەندێ جار پایەکانی، هێڵەگشتییەکانی، لای خودی سیاسەتمەدارانی کوردیش کە هەڵسوڕێنەری ئەو شێوازو ڕێگەچارەیەن تەواو ڕۆشن نییە، بەقەد ئەوەی، کەئەوەی ڕۆشنە لای ئەوان هاتنەوەی ئەو ڕێگەچارەیەی ئەوانە لەگەڵ ویست‌و خواستی بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا بەڕێبەرایەتی ئەمەریکا، ڕاستە بەیەکەوە جوتکردن‌و سازدانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان‌و ئەوانی دیکە کارێکی تەواو ژیرانەیە وحیکمەتی تێگەیشتن‌و سەردەرکردنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی عێراق دەردەخات، لە سیاسەتی ئیمڕۆی جیهان، بەڵام ئەوەی من لێی تێدەگەم سەبارەت بە نیگەرانییەکانی ناوەندی ڕوناکبیری



کورد ئەوەیە، کە ئەو ناوەندە لای وایە چانسی تاکتیك‌و مانۆڕی کاریگەرتر لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا هەیە، بۆ پێهەڵابردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد.

لە پێناوی دروستکردنی دیالۆگێکی کاراو کاریگەر لە نێوان نوخبەی سیاسی‌و ڕۆشنبیریمان‌و ڕەخساندنی هەلی گونجاو لەبەردەم ناوەندی ڕوناکبیری کوردیدا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بشێت ڕاو ڕێگەی چارە ئەڵتەرناتیڤەکەی خۆی پێشکەش بکات‌و دواجار هاوکاری ناوەندە سیاسیەکەمان بێت لە ئێستای ئەم هەلو مەرجە هەستیارەی کوردستانی‌و عێراقی‌و ناوچەیی‌و جیهانیەدا، وە لە پێناوی کۆتایی هێنان بەو زەمەنی یەکتری تۆمەتبار کردنەی کەوتۆتە نێوان نوخبەی سیاسی‌و ڕوناکبیریمانەوە، من پێم باشە لێکدانەوەکانی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی بەرەی ڕوناکبیران بە کوفرو کەتنی گەورەی ناو دەبن‌و لە ڕێگەی کەمپینی کوردستان نێتیشەوە پەرچەکرداری عاتفیانەی ڕۆشنبیریمان لێکەوتەوە، دیالۆگێکی کراوەو کاراو کاریگەری لێبکەوێتەوە، با سەرۆکی پەرلەمان، هۆڵی ئەمجارەی پەرلەمان بکاتە جێگەی موشتومڕو دیالۆگی نێوان سیاسی‌و ڕوناکبیرانی کورد، با لە پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ یەکەمین جار سەرکردایەتی سیاسی کوردو نوخبەی ڕوناکبیرانی کورد بکەونە دیالۆگێکی بەرهەمدارەوە، ئایا وادەی ئەم دیالۆگە هاتووە؟ من پێم وایە، خۆ ئەگەر بەهەڵەش چووبم باماڵی قەڵب سەر بە خاوەنکەی بێت!

# نوسەران لە نێوان پەیامی نوسینو پیا هەڵداندا

ماوەیەکەو بەتایبەت لە دوای بوونی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق، هەندێ ڕۆژنامەنوسو نوسەرەحیزبییەکانی سەر بە ئۆرگانە جیاجیاکانی پارتی بەداخەوە ڕۆڵی زۆر نێگەتیڤانە وازی دەکەنو هەندێکیان لەبەر حیزبایەتی کوێرانەو دەروێشانەو هەندێکیشیان بەمەبەستی خۆبردنە پێشو زیاتر دەستگیر بوون لە پارووە چەورەکەیە، کە بەداخەوە خودی ئەو زەمین سازیە لە ناو هەناوی هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستاندا لەبار کراوە، هەربۆیەش لە ئەمڕۆدا بەشێکی زۆر لەو بازرگانانەی بواری نوسین لە دەوری ڕاگەیاندنی ئەم دوو پارتە کۆبوونەوە، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتم بۆ هەموو خامە خاوێنو سەربەرزەکانی ناو ئۆرگانە جیاجیاکانی نا ئەو دوو حیزبە کە من هەرگیز ناخوازم لە ڕۆڵیان کەم بکەمەوە.

ئەو چەند مانگەی ڕابردوو هەندێ ڕاستی زیاتر بۆ ڕای گشتی کوردستان بە گشتیو بەتایبەت بۆ چاودێرو خوێنەرانی بەسەلیقە دەرکەوت، ئاشکرا بوو کە تائێستا هەندێ لە نوسەرانی حیزب سورن لەسەر گێڕانی ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤەی کە دەتوانن زۆرترین هەلو دەسکەوتی تاکە کەسی خۆیانی تێدا بەدەست بهێنن، سورن لەسەر بەکرێدانی خامە چڵێسو نەخۆشەکانیان، سورن لەسەر هەڕاجکردنی قەڵەمە قەزەمەکانیان بۆ هەمیشە ڕشانەوە بەسەر سپێدە بێگەردەکانی کوردەواریدا.



من بۆ کوردایەتیو بۆ هەلومەرجی ناسکی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەندەی بوونی تاڵەبانی بە گرنگ دەزانم، دەبێت هی بارزانیش هەر بەو چاوەوە سەیر بکەم، ئەوەندەی ئێمەی کورد پێویستیمان بەیەك بوون هەیە لە پێناوی کەرکوكو هێنانەدی مافەکانماندا، سەدان هێندەو بگرە زیاتریش نەیارەکانمان بۆمان لە بۆسەدان، بۆیە ئەگەر ئەرکی نیشتمانیانەی ئێمەمانان بێت ئەوا ئەرکی نیشتمانیانەو حیزبیانەی سەر شانی نوسەرو ڕۆژنامە نوسانی ناو پارتیو یەکێتییە، کە بەتەنگ پاراستنی یەکڕیزی گەلەکەمانەوە بنو بە بەرپرسیارێتیەوە لە نوسینو وتارەکانیاندا ڕەفتار بکەن، چونکە هەر ستایشێك بۆ بارزانی ئەگەر لەسەر شکاندنی تاڵەبانی بێت، ئەگەر خیانەت نەبێت بێگومان تاوانو هەڵەیەکی گەورەیەو پێویست دەکات هەم پێشی لێبگیرێت هەم لەسەر ئاستێکی باڵای ڕاگەیاندن ڕاستیش بکرێتەوە.

ئەوەی کە هانی دام بۆ ئەو نوسینەم چەند بابەتێك بوون کە ئەم ماوەیە لە دەزگا جۆربەجۆرەکانی پارتیدا بڵاوکرانەوە، کە دواترینیان بابەتەکەی سەرنوسەری هەفتەنامەی ( باسەرە)یە کە لەکەرکوك دەردەچێت کە دەنوسێ(صلاح الدين حوکمی بەغداد دەکات) کەمن پڕ بەدڵ نەك هەر دەخوازم صلاح الدين بەڵکو دورترین کوێرە گوندی ئەم کوردستانە هەمیشە حوکمی بەغداد بکات، بەڵام دوور لەمەبەستی بیری تەسکی حیزبیانەی وەکو سەرنوسەرەکەی باسەرە، کە ئەوەندەی بوار بە خۆیداوە لەسەر حیسابی شکاندنی تاڵەبانی ستایشی بارزانی بکات لەسەر مەسەلەی سوێند خواردنەکەی کابینەکەی جەعفەری، چونکە بەڕاستی لەو مەسەلەیەدا شانازی یەکەم بەر لەهەموو کەسی بۆ کاك دکتۆر بەرهەم ساڵحو کاك

عبدولباستە، ئەوجا بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی تر کە ڕۆڵیان هەبوو لە هەڵلادان یان لە قاودانی ئەم بابەتە کە لە نێو هەموو ئەمانەشدا مام جەلال‌و کاك مەسعود دێن، کە ئەمیان وەکو سەرکۆمار بەڕەسمی داوای ڕوونکردنەوەی لە جەعفەری کردو، ئەویشیان بەڕوونی هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی ڕوونکردەوە بەو پێیەی کە سەرۆکی چاوەڕوانکراوی هەرێمی کوردستانە، بۆیە دەڵێم براینە تکایە با بەیەك چاو نەڕوانین‌و بەیەك گوێچکەش نەبیستین، چونکە ئێمەی ڕۆژنامە نوسان‌و ڕوناکبیران‌و نوسەران خاوەن پەیامێکی پیرۆزین‌و ئۆباڵێکی مێژوویی قورسیشمان لەسەر شانە، دەبا لەئاست پەیامەکەو ئۆباڵەکەی سەرشانمان بین.



## هەمیشە برابن بۆ کورد

ئەو تەنگەژەیەی کە ئێستا کەوتۆتە نێوان یەکێتی‌و پارتی لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەری تاڕادەیەکی زۆر نیگەران کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جۆرە کێشانە بۆ دوو پارتی لەیەکتر جیاواز لەزۆر ڕووەوە مەسەلەیەکی یەکجار ئاساییە، چونکە ئەمە بەشێکە لەژیانی سیاسی‌و دیموکراسی کۆمەڵی ڕوو لە خۆرەتاوی کوردستان‌و ئەوندە جێگای لێ سڵمینەوە نییە، ڕاستە نیگەرانیمان لە ڕاستییە تاڵەکانی شەڕی نەگریسی کوردکوژەوە سەرچاوەی گرتووەو هەموومان لەگەڵ سەرهەڵدانی بچووکترین قەیرانی ئەو دوو پارتە ڕابەرەی کوردستان بیرمان بۆ ئەو ساتە نەفرەت لێکراوانە دەچێت کە لەگەڵ خۆمان خەریك بوو ئایندەی کوردیشمان دەکوشت، بەڵام پێم وایە ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەتایبەتی بەڕێزان مام جەلال‌و کاك مەسعود خاوەنی بیرکردنەوەیەکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی باڵای وان کە نەهێڵن جارێکی تر گەلەکەمان ڕووبەڕووی ئەو ڕۆژە ڕەشانە ببێتەوە

کاك مەسعود کە ئێستا پاڵێوراوی هەردوو حیزب‌و میللەتی کوردە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مام جەلال دا ڕووبەڕووی ئەزمونێکی نوێ دەبنەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانداو پێویست دەکات لەئێستادا لە هەموو کاتێك زیاتر براو تەبا بن بۆ کورد. مەکتەبی سیاسی هەردوولا بەتایبەت مەکتەبەکانی ڕاگەیاندن پێویستە زۆر

بەئاگاییەوە لەگەڵ ناسکی هەلو مەرجەکەو ئەو هەموو نیگەرانیانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و چاو زەقکردنەوەی نەیارانی گەلەکەمان مامەڵە بکەن چونکە وەك چۆن بوونی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق دەسکەوتە بۆ هەموو کوردو بەری ڕەنجی میللەتێکە، ئاوەهاش بوونی کاك مەسعود بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسکەوتی هەموو کوردو بەری داری ئازادی گەلەکەمانە. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەمەوێت هەم وەك ڕۆژنامەنوسێك‌و هەم وەکو کادیرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کە ساڵانێکی زۆر خەباتی سەختم تێدا کردووەو گیانی نزیکترین‌و بە بەهاترینی ئەندامەکانی خێزانەکەی خۆمم پێبەخشیوە، بە ئەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بڵێم وەك چۆن بوونی بەڕێز تاڵەبانی بەسەرکۆماری عێراق لێوان لێوی کردم لەخۆشی بەهەمان ڕادەش بۆ بوونی بەڕێز بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان بەپەرۆشم.

مافی هەموومانە لە مەسەلەیەکی ئاوا چارەنوسسازدا بێینە قسە، بەڵام کەس مافی نییە یاری بە چارەنوسی گەلەکەمانەوە بکات. کەس مافی نییە براکان بەگژ یەکتردا بکاتەوە، ئاخر بەڕاستی تووشی شۆك دەبم کە (کوردستان نێت) پێم دەڵێ ئەوەندەی بابەت بەناوی خوازراوەوە بۆ هاتووە لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم کە هەموویان بۆ براکوژی نوسراون، کە هەموویان بۆ بەگژیەکدا کردنەوەی براکان نوسراون، ئەوەی لەوەش زیاتر توشی شۆك‌و ڕاچڵەکینم دەکات ئەو لێدوانە ناپەسندانەیە کە بەناوی ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبەوە لەسەر هەمان بابەت بڵاودەبنەوە ئەمە لەوەختێکدا کە بە حساب دوو ڕۆژنامەنوسی بەئەزمون ڕاگەیاندنی ئەو دوو حیزبە بەڕێوە دەبەن.

نابێ ڕێگە بدەین کاروانی ڕوو لە خۆرەتاوی گەلەکەمان لەبەرەو گەیشتن بەمەنزڵی سەرکەوتن نابەڵەد بکرێ، ئێمە یەك خەونمان هەیە کە هەمیشە دەیبینین، یەك چارەنوسمان هەیە لە کوردستانێکدا کە پێویستە هەموومان ئاوەدانی بکەینەوە.



# هەموومان ترسمان لە ئایندەیە

هەموومان بەیەکەوە لە ئایندەیەك دەڕوانین کە خەونەکانی ئێمەی تێدا بێتەدی، هەموومان ترسمان لەوەیە ئەو هەموو گیانبازی‌و قوربانیدانەمان لەژێر چەقۆی فتوا ڕیشدارەکانی (سیستانی)یەکی بەرەچەڵەك ئێرانیدا بەدەردی چارەنووسی ئەنفالکراوەکانمان بچێ، ڕۆشنبیرانی ئێمە هەقیانە بەدەنگی بڵند هاوار لەسەرکردەکانمان بکەن‌و داوای چارەنووسی میللەتەکەمان یکەن، ئاخر خۆ کوردستان بەتەنها دایك‌و خاکی سەرکردەکانمان نیە، کەس نکوڵی ناکات لە ڕۆڵی دلێرانەی سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی لە ڕێبەرایەتی مامەو کاکە، بەڵام ئەز وایدەبینم کە ڕەخنەو ترس‌و کومانەکانی هەندێك لەڕۆشنبیرە ناسراوەکان تووشی لێکدانەوەی ناڕاست هاتووە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیمانەوە، کە بەداخەوە نەدەبوایە وابوایە، چونکە ئەرکی ئەمڕۆی نووسەرو ڕۆشنبیران تەنها لەبوارە ئەدەبی‌و کلتوریەکاندا قەتیس ناکرێ بەڵکو ڕۆشنبیران خۆیان بە بەرپرسی یەکەمین دەزانن لەهەموو مەسەلە سیاسی‌و نیشتمانیە چارەنووسسازەکان بەتایبەت لەهەلومەرجێکی ناسکی وەکو ئەمڕۆی وڵاتەکەماندا، بۆیە خۆزگە مامو کاك بە لەخۆبوردنێکی زیاترەوە گوێیان لەڕاو بۆچوونەکانی ڕۆشنبیرانی کورد دەگرت بەتایبەت ئەو ڕۆشنبیرانەی لەدەرەوەی حزبەکانیانن.

# پرسیارە خواستراوەکانی دکتۆر کەمالی سەید قادر!

خوێنەری هێژا، بێگومان دەبوو وەك نەریتێکی ڕۆژنامەنوسی من ئەم نوسینەم لە کوردستان پۆست بڵاوکردبوایەوە بەڵام بەداخەوە ئەوان بڵاویان نەکردەوە بە بیانوی ئەوەی ئەو پرسیارانە بەشێوەیەکی شەخسی ئاڕاستەی بەڕێز کاك کۆسرەت کراون، بێگومان ئەمە هیچ نییە جگە لە سانسۆڕێکی تەواو تەقلیدی کە هەرگیز پێم وانەبوو (کوردستان پۆست) وەك سایتێکی ڕۆژنامەیەکی بوێر پەنای بۆ ببات، چونکە لەڕاستیدا بەڕێز دکتۆر کەمال سەیدقادر بابەتەکەی خۆی بڵاوکردتەوە نەك بە شێوەیەکی شەخسی ئاڕاستەی کردبێت، کەواتە هەموو کەسێك بۆی هەیە قسە لەسەر بۆچونێکی لەو چەشنە بکات.. بەڕاستی بانێکەو دوو هەوا. ستافی کوردستان پۆست بە خۆیانی ڕەوا دەبینن کە مافی هەموو قسەکردنێکیان هەبێت بەڵام ئامادە نین گوێ لە بۆچوونی ئەوانی دیکە بگرن.

بەدەنگێکە بەرزیش حەز دەکەم بە بەڕێز ڕاوێژکاری یاسایی کوردستان پۆست هێژا دکتۆر کەمال سەید قادر بڵێم (کە پێش بڵاوکردنەوەی بابەتکەی من) وەڵامێکی ناڕاستەوخۆی بۆ ناردوم لە ڕوونکردنەوەکەی خۆیدا کە هەر لەکوردستان پۆست بڵاوکراوەتەوە. بەندە هیچ پێویستیەکی بەنانو پیاز خواردن بەبابەتێکی لەو چەشنەوە نییە، زۆرن ئەوانەی کەدەزانن خۆشەویستیم بۆ بەڕێز کاك کۆسرەت بەقەت شاخێك بەدەرە لەنانو پیاز پێوە خواردن بەخودی بەڕێز کاك کۆسرەتیشەوە.



خێری کورد بوو، کە نەبوونی دەزگایەکی چاودێر بەسەر دەسەڵاتی کوردیدا ئەنجامەکەی بەوە کۆتایی هات، کە ئەکادیمیستی کورد دکتۆر کەمالی سەید قادر ناچار بوو خۆی گوتەنی لە هێکڕا خۆی بکات بەسەرۆکی (دەزگای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە کوردستان) بە سود وەرگرتن لە ئەزمونی ئەو دەزگایەی کە بەهەمان شێوە ئێران لە کۆمارە ئیسلامییەکەی خۆیدا دایمەزراندووە. کەمێك لێکچونی دیکەش هەیە لەنێوان ئەو دوو دەزگایەدا ئەویش ئەوەیە کە هەردوو دەزگاکە لەسەرەتاوە دۆزینەوەی جاسوسانیان کردە ئامانج ئەوەی ئێران کەوتە هەڵدانەوەی پەڕەی نەیارەکانیو کتێبی(لانەی جاسوسان)ی دەرکرد، ئەوەکەی دکتۆر کەمالیش بەهەمان شێوە کەوتە پەلاماردانی شۆڕشی کوردو شۆڕشو ڕێبەری ئەو شۆڕشەشی کرد بە جاسوسی (کەی جی بی).

لە ڕاستیدا پێم سەیرەو بۆ من جێگەی سەدان پرسیاری زەوەندە کە بۆچی دەبێت نوسەرو ئەکادیمیستێکی وەك بەڕێز دکتۆر کەمال سەید قادر لە هەوڵی ئەوەدا بێت ئەو گومانە ناڕەوایانەی دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەت دەوڵەتە عەرەبیو ئیسلامییەکان کە بەرامبەر بە دۆزی ڕەوای ڕزگاریخوازانەی کورد هەیانە بەڕاست بگێرێت؟! بۆم ناچێتەوە سەر یەك کە چۆن نوسەرێك لە هۆشیاری تەواوی خۆیدا دەخوازێت گەواهی بەکرێگیراوی شۆڕشی کورد بدات یان ناوبانگی سەرکردەو ڕێبەرەکانی لەکەدار بکات بەهۆی گرفتێکی شەخسیەوە!.

گریمان شۆڕشی کورد بە پەیوەندی ژێر بەژێرەوە گلا بێت یان لە ساتێك لەساتەکاندا کە جگە لە کێوەکان کەس پشتیوانی کورد نەبووە کوردو سەرکردەی ئەو شۆڕشەش لە هەندێ پەیوەندی نەخواستراوەوە گلا بێت، ئایا

ئەمە چ لە ڕەوایەتی شۆڕشی کوردو داخوازیە ڕەواکانی دەگۆڕێت یان کەم دەکاتەوە؟. بێگومان لەکاتی لێدوان لەو مەسەلە گرنگانەی کە لە ئێستادا پەیوەستن بە ئاسایشی کوردستانی عێراق‌و لەدوا ڕۆژیشدا بەئاسایشی هەموو نەتەوەی کوردەوە، دەبێت لێکۆڵیارو نوسەرانی کورد لە ئەو پەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیەوە مامەڵە بکەن، دەبێت نوسەری کورد بزانێت کە نوسین بەقەد ئەوەی پرۆسەیەکی مەعریفی بەرهەمدارە مەسەلەیەکی مۆراڵی قووڵی واشە کە لەهەموو جەمسەرەکانیەوە بە توندی بە بەرپرسیارێتییەوە نوساوە!!. بەداخەوە بەشێکی زۆری نوسەرانی کورد بەتایبەت ئەوانی کە لەدەوڵەتە خۆرئاواییەکان ژیاون دەکەونە هەڵەیەکی زەقەوە کاتێك بەراوردی ئەزمونی دیموکراسی ئەو وڵاتانەو کوردستانی عێراق دەکەن. لە کردەی بەراوردکاری کوردستان بە وڵاتانی خۆرئاوا جگە لەوەی کە نوسەران بە ڕۆژی ڕووناك غەدر لە دەسەڵاتی کوردی دەکەن، لەهەمان کاتدا سەرچیخ کردنی تێگەیشتنی خۆیان نیشان دەدەن لە هەلومەرجە سیاسی‌و مێژوویی‌و کەلچەری‌و ئابووریەکانی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق. جێگەی داخە کە دەبینین دکتۆر کەمال سەید قادریش یەکێك دەبێت لەوانەی هەندێ جا ڕووبەڕووی پەتای ئەم نابەڵەدی‌و بەدحاڵی بوونە دەبێتەوە بەتایبەت لەو بابەتەی بەناوی (چەند پرسیارێك لە کاك کۆسرەت ڕەسوڵ وەکو جێگیری سەرۆکی هەرێم) کەلە (کوردستان پۆست)دا بڵاوی کردۆتەوە و بەدەق ئەمەی نوسیەوە (لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا وباوە کەهەر کاندید کراوێك بۆ هەر پۆستێکی گشتی، پێش پرۆسەی کاندید کردنی یاخود پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لەلایەنی ئەمنی‌و ئابووری‌و ئەخلاقیەوە تیشك دەخرێتە سەری بۆ ئەوەی



هەڵبسەنگێنرێت تا چ ڕادەیەك ئەو کەسە شیاوە بۆ ئەو پۆستەی کە وا خۆی بۆ کاندید کردووە....).

لێرەدا حەز دەکەم بەسەر ئەو خۆنابەڵەدکردن‌و بەدحاڵی بوونەی بەڕێز دکتۆر کەمالدا باز نەدەم‌و دەخوازم بە ئارامی لێی بپرسم، ئایا بە ڕاستی بەڕێزیان لای وایە کەدەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی عێراق یەکێك بێت لەو سیستەمە دیموکراسیانەی کە ئەو لای وایە دەبێت ئەو دیموکراسیەتە شەفافەی تیایدا پیادە بکرێت کە ئەو باسی دەکات؟ ئەگەر وایە ئایا دەتوانێت پێمان بڵێت چۆن بەڕێزیان ڕێگە بەخۆی دەدات بەردەوام ئەو پرسیارانە بوروژێنێت کەڕەوایەتی دەسەڵاتی کوردیش نەك سیستەمە دیموکراسیەکەی دەخەنە ژێر پرسیارەوە؟ چونکە ئەگەر ڕاست بێت ئەزمونی کوردی لە کوردستانی عێراق یەکێك بێت لەئەزمونە دیموکراسیەکانی دنیا بێگومان مافی هەموومانە کە داوای ئەو دیموکراسیەتە شەفافە بکەین کە دکتۆر کەمال باسی دەکات، بەڵام ئایا ئەمە جۆرێك نییە لە دوو فاقی لە هەڵوێستی نوسەرێکدا کە لەلایەك پێی وایە ڕەوایەتی دەسەڵاتی کوردی لەژێر سەدان پرسیاری جدی دایە و لەلایەکی دیکەش داوای پیادە کردنی شەفافترین جۆری دیموکراسی لەو دەسەڵاتە بکات؟ ئایا دکتۆر کەمال دەکرێت پێمان بڵێ لەکەیەوە دانی ناوە بەڕەوایەتی دەسەڵاتی کوردیەوە؟ لەکەیەوە پێی وایە کە دەسەڵاتی کوردی یەکێکە لە سیستەمە دیموکراسیەکانی دنیا؟

دکتۆر کەمالی بەڕێز، با بەڕوخسەتی کاکی کاکان، کۆسرەتی سیمبوڵی بەڕەنگاری میللەتێك، تیشك بخەمە سەر یەك بۆچونی دیکەت، کە سەبارەت بە چۆنیەتی کاندیدکردنی بەڕیزیانە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم

کەدیسان نازانم ئێوە بەچ مەبەستێك، چۆنیەتی کاندیدکردن و هەلومەرجی ئەو کاندیدکردنەت لەبەر چاوی خۆت نەگرتووەو و هەرئەوەش نا، لەرێگەی نوسینە کەشتەوە دەخوازیت خودی ئەم مەسەلەیە لە خوێنەرانیش دیزەبەدەرخۆنە بکەیت. ئەگەرنا بێگومان هەموومان دەزانین ئەوە کاك کۆسرەت نەبوو خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندید کرد، بەڵکو ئەوە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو کە کاك کۆسرەتی کوڕی تەنگانەی ئەم میللەتەی بۆ ئەو پۆستە باڵایە دیاری کرد.. بۆ هەموانیش ڕوونە کە تەواوی دەسەڵاتەکانی هەرێم بە شێوەیەکی تەوافوقی لە نێوان پارتە سیاسیەکانی هەرێم بەتایبەت لەنێوان پارتیو یەکێتیی، ڕێکەوتنی سیاسی لەسەر کراوە، بێگومان یەکێتیی لە دیاریکردنی کاك کۆسرەتدا جگە لەخەباتو گیانبازی کەم وێنەی کاك کۆسرەت ئەزمونی زەوەندو سەرکەوتوویی بەڕێزیشیانی لەبەر چاو بووە لەسەرۆکایەتی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەسەخترینو ناسکترینو دژوارترین قۆناغ لە مێژووی نوێی خەڵکی هەرێمی کوردستانی باشوردا.

ناکرێت شێوازی فەرمانڕەوایی کورد لە کوردستانی عێراق بە سیستەمێك لە سیستەمە دیموکراسیەکان ناو ببەین. من پێم وایە هەتا ساتەوەختی ئێستاش چەمکە شۆڕشگێڕیەکە بەسەر دەسەڵاتی کوردیدا زاڵە. بێگومان هەر چاودێرێکی بە ئەزمون ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاگوزەریش سەرنجی چۆنێتی بنیاتنانو گەشە کردنی هەر سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم (پەرلەمان، حکومەت، دادوەری) بدات تێدەگات کە پەیوەندی نێوان خودی ئەو دەسەڵاتانە بەخۆیانو پەیوەندیشیان بە دیموکراسیەوە پەیوەندیەکی کرچو کاڵو ئاڵۆزو بێ سەرو بەرە. پەیوەندیەکە لەسەرەتای دروستبوونیەوە



هەمیشە کارتێکراو یان بارگاویو ئاڕاستکراوە لەلایەن بەرژوەندییەکی زاڵ بەسەر کۆی بەرژەوەندیەکانی دیکەی کۆمەڵی کوردستان کە بەداخەوە ئەویش بەرژەوەندی پارتایەتی تەسکە.

بەداخەوە زیانو پاشماوە نێگەتیڤە کاریگەرییەکانی شەڕی براکوژی وا بەئاسانی بەرۆکی ئەم میللەتە بەرنادەنو قوربانیەکانیشی ئەوەندە زۆرن کە تەنها بە شەهیدەکانمانەوە نەوەستاوە. ئەگینا ئەگەر نا تێکۆشەرێکی وەکو کاك کۆسرەت دەبوو تەنها لەبەر خاتری تێکۆشانو گیانبازییە زەوەندەکانی وەکو سیمبولی بەرەنگاری کورد سەیرکرابوایە، دەبوو وەك چۆن فەڕەنسیەکان بۆ هەمیشە شانازی دەکەن بە فەرماندە (دیگۆڵ)ەوە کوردیش بۆ هەمیشە شانازی بە بوونی کۆسرەتەکەی خۆیەوە بکردایە. ئەوەی لەوەش زیاتر جێگەی نیگەرانیو گومانو هەڵوێستە لەسەر کردنە دووبارەکردنەوەی ئەو قەوانە سواوانەن لەلایەن بەڕێز دکتۆر کەمالی سەید قادر، ئەو قەوانە سواوانەی کە خودی بەڕێز دکتۆر کەمالیش باش دەزانێت کە تەنها زادەی هەلومەرجی شەڕی براکوژینو لەسەردەمانێکدا بەرهەم هاتوون کە پەنجەکان ماسۆشیانەو بێسڵەمینەوە لەزەتیان نەك لە شکاندن بەڵکو لە سڕینەوەی یەکتری وەردەگرت.

هەموو ئاماژەکان وا نیشان دەدەن کە هەلومەرجی ئێستای کوردستانی عێراق ئیدی ئەو قۆناغەی تێپەڕاندبێت کە لە پشت بەردەوامکردنی ڕەخنەی فیفتی بە فیفتی بێت. چونکە وەك دەردەکەوێت ئەگەر چی پەیوەندیەکانی یەکێتییو پارتی بە هەنگاوی زۆر سستو خاویش دەستی پێکرد، بەڵام لەسەر ڕەوتێکی ساغڵەم لەلایەن هەردوو لاوە بەرەو پێش ئاڕاستە دەکرێت بە تایبەت کە گوشارێکی ئەمەریکی جدیش بەو ئاڕاستەیە کەوتۆتە سەر هەردوو لا. کەواتە لێرەدا مافی پرسیارێکی جدیمان هەیە پرسیارێك کە من نەمتوانی وەڵامەکەی بەدەست بێنم، پرسیارێك کە دەخوازم هەرگیز مایەی نیگەران کردنی بەڕێز دکتۆر کەمال نەبێت،

پرسیارێك كە ناچاری گەڕان بەداوی سەرچاوەی یەكەمی ئەم پرسیارە درەنگ وەختانەی بەڕێز دكتۆر كەمال سەید قادرمان دەكات. بەتایبەت كە من وای دەبینم زمانی پرسیارەكان زمانی دیالۆگێكی ئاشكرا نەبێت. من وای دەبینم زمانێك بێت خواستراو!!



## ( نانو ئازادی )

یەكێك لە شانازییەكانی یەكێتیی بەرزكردنەوەی دروشمی نانو ئازادی بوو بۆ نوسەرانو ڕوناكبیران كورد، ئەو كاتەی چیرۆك نوسی ناسراوی كورد محەمەد موكری (سەگ وەڕی) بڵاوكردەوە خەریك بوو ئازادیەكە، كە ناوەرۆكی دروشمەكەی شۆڕشی نوێ بوو، بە فەرمانێكی شۆڕشگێرانە لە ڕۆژە بەراییەكانی بەرزكردنەوەی ئەو دروشمەوە، زیندە بەچاڵ دەكرا.

مام جەلال كە خاوەنو داهێنەری ئەو دروشمەی ناو شۆڕشو یەكێتیی بوو، مەردانە هاتە دەستو كەوتە سەنگەری موكریو گوتی: موكری نوسینی نوسیەوە، نوسین بە نوسین، بە قەڵەم، وەڵام دەدرێتەوە نەك بەچەك یان شتی دیكە، ئەم بەرپەرچدانەوەی مام جەلال بوو بە نەریتێكی هەرە جوانی ناو شۆڕشی كورد، تا هەنوكەش جێگای شانازی پێوەكردنە.

شەڕی ناوخۆ هەموو نەریتە جوانەكانی ناو شۆڕشو ڕاپەڕینو ئەزمونە دیموكراسیەكەی كوردستانیشی كوشت، ئازادی بۆ نوسەران لە ئاسمانی سەوزو زەردی حیزبایەتیدا ئەوەندە بەر تەسك كردەوە، كە نەك مەودای بۆ داهێنان نەهێشتەوە، بەڵكو هەموو بەهرە جوانەكانیشی لە فەزای پیسی برا كوژیدا خنكاند، دەرگای لەبەردەم قەڵەمە قەزەمەكاندا كردوە كە هەلپەرستانە قۆرخی هەموو دەزگا ڕووناكبیرییەكان بكەنو لە سەودایەكی حیزبایەتی بێ مانادا ئازادی بە پارەی كاشو لێپرسراوێتیو كورسی بگۆڕنەوەو ئەم واقیعە تاڵەش بمانەوێو نەمانەوێ بوو بە بەشێك لە مێژوو

و بزاڤی ڕوناکبیریمانو هێشتاش بە شێوەیەك لە شێوەکان بەردەوامی هەیە، کە بەڕاستی جێگەی پەژارەیەکی ڕوناکبیرانەیە.

جێگەی داخە دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەك لەبەرز کردنەوەی دروشمی نان و ئازادی بۆ نوسەران، هێشتا ئەو دروشمە هەر لە قۆناغە شۆڕشگێریەکەی خۆی دایە، ئازادی هەر بە پێوەرەکانی حیزبایەتی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت، نان هەر بۆ ئەوانەیە کە کوێرانە بەشوێن دەسەڵاتەوەن یان لانیکەم لە ئێستادا خاوەنی گوتارو بیرکردنەوەیەکی جیاواز نین، لێرەدا دوو نموونەی وەکو مشتێك لە خەروارێك دەخەمە ڕوو، ڕەفیق پشدەری لەسەر نوسینی یاداشتەکانی خۆی، لەشەوی ٢٠٠٥/٦/٤ دوو نارنجۆکیان بۆ فڕێدایە ماڵەوە لەشاری سلێمانی، ئەو دەسەڵاتدارانی پارتی تۆمە تباردەکات،لە هەمان کاتدا لەلایەن یەکێتیەوە گەمارۆی ئابووری خراوەتە سەر، بەو پێیە پارتیو یەکێتیی، یەکیان ئازادی لێ زەوت کردووە و ئەوی دیکەشیان نان.

مامۆستا خالید دلێر ئەو ناوە ناسراوەی دنیای ئاوازی نیشتیمانی، بواری ئەدەب و سیاسیەت، لە ماڵەکەی خۆیدا کەوتوە، کورەکەی( پاڵە )کە خۆیشی کەم ئەندامەو هەقی خزمەتکردنو چاودێریکردنی هەیە خزمەتو چاودێری باوکی دەکات، یەکێتیی دوو جار قەرزاری مامۆستایەکی مەزنی وەکو مامۆستاخالید دلێرە، جارێك بەپێی نان وئازادی بۆ نوسەران، جارەکەی تریش لەبەر ئەوەی کە برای شەهیدی سەرکردە کاك جەعفەری کەم ژیاوی کەڵ ژیاوی هاوڕێی شەهیدانی سەرکردە خاڵە شیهاب و ئەنوەر زۆرابە، کە بە سێکوچکەی شەهیدانی کۆمەڵەی داینەمۆی یەکێتی ناسراون.



## ئەو قەڵەمانەی هەر دەفڕن

بەلامەوە سەیرە هەبن خۆیان بە ئە هلی قەلەم بزانن و ڕۆژانەش لە سایتە کوردیە ئازادەکاندا ماڵی قەڵب بە خوێنەرانی هێژا بفرۆشن و لافی مرۆدۆستی و یەکسانی و دادپەروەریش لێبدەن و هەمیشەش بەڕبەی کەڵەچەری دیموکراسی خۆرئاوا بپێون کەچی لەناخیاندا لێوان لێوبن لەرقو تۆڵەو دەمارگیری، دڵیان،قەڵەمیان تژی بێت لە کوشتن . ئەوەی چێژ لە مەرگی ئەوانەنی دی دەبینێ لە هەر بەرگێکدا خۆی نمایش بکات لەدواجاردا هەر وەکو جەلاد دەردەکەوێ ، سەیرە خاوەن بیرو ئەندێشە بێت و چێژلە کوشتنی بیرو ئەندێشە یان ژیانی ئەوانی دیکە وەربگرێت. سەیرە نوسەر بیت و لە ئەدەبیات و نوسیندا ژیان بنوسێتەوە و ئێستاتیکا بخولقێنی کەچی لەپڕ قەڵەمەکەت هیستریا بیگرێت بەدوای مەرگی ئەوانی دیکەی مەزندا خولیابێت. هەواڵی تێکچونی باری تەندروستی سەرۆك تاڵەبانی بۆهەموو کوردێکی دڵسۆز، بۆ هەموو کوردستانیەکی کوردستان پەروەر دەبێ مایەی نیگەرانی بێت لەبەر ئەو ڕاستیانەی خوارەوە:-

١- تاڵەبانی هەموو تەمەنی خۆی بە کوردایەتی و خەباتە ئەستەم و دژوارەکەی دۆزی ڕەوای کورد بەخشیووە.

٢- تاڵەبانی تاکە ڕێبەری کوردە، کوردی گەیاندە مەقامی سەرکۆماری و دەرگای کۆشکە باڵادەستەکانی دنیای وەکو کوردێك بەرێزەوە بۆ خرایە سەرپشت

٣- تاڵەبانی یەکەمین سیاسی کوردە زمانی کوردی گەیاندە باڵاترین دامەزراوەی نێودەوڵەتی کە بارەگای نەتەوە یەگرتوەکان بوو، تاڵەبانی بوو بەکوردییەکی شیرین لەو مینبەرە باڵادەستە ناسراوە جیهانیەوە سڵاوی لەهەموان کرد.

٤- تاڵەبانی یەکەمین سیاسی کوردستانیە کەمێژووی خولقاند و کۆماری مەرگ و ترس و مردنی گۆری  بە کۆماری ئازادی .

٥- تاڵەبانیە باڵانسە کوردستانی و عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی بۆ کورد ڕاگرتووە، بێ تاڵەبانی باڵانسی کوردایەتی لە هەموو ئەو بوارانەدا بەتەواوی دەشێوێ .

نمەك بەحەرامیە بەرامبەر بەکوردایەتی خۆزیا بۆمەرگی پیاویکی هەڵکێشی بە دانپێنانی دۆست و دوژمن مەزنترین سەرکردەی ئەم سەدەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە. ئەو قەڵەمانەی وەکوو قەل دەقرن دەبا لەم زمانی سێنتەرەکانی میدیای جیهانی لەچەشنی ﴿بی. بی. سی﴾ گوێبیستی چیرۆکی ژیانی ئەو رێبەرە بن کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئاسودەیی ئەوان بەخشی .

هێشتا مشتی تاڵەبانی تاکە مشتێکە ئایندەی کوردایەتی تیایدا لەدرەوشانەوە دایە، هێشتا ئیمە هەموومان بەقەڵەمە نمەك بەحەرامکانی نیشتیمانەکەشمانەوە پێویستمان بەتۆیە ئەی جەنابی سەرۆك، نزای ئێمە بۆ



نیشتمانمانە، خودایە نیشتمان و ئایندەمان لێنەستێنێ خودایە نیشتیمان و ئایندەمان لە دەستی پڕ لە میهری سەرۆك تاڵەبانی دایە.

## بەخشكەیش بێت هەرباشە ....
## وەڵامێك بۆ حەمە سەعید حەسەن

لە بەشی چوارەمی گەشتنامەكەیدا حەمە سەعید حەسەن ئەگەرچی بەخشكۆڵیشە بەڵام دانی بەیەك ڕاستیدا ناوە، ئەویش ئەوەیە كەبەڕێزیان لەسەنگەری بەعسەوە پەلاماری یەكێتیی و بنەماڵەی بەڕێزی بارزانیو بەرەی كوردستانیو ئاشتبوونەوەی گشتیو شاعیری ناسراوی گەورەی گەلەكەمان شێركۆ بێكەسی لووتكەی تانهۆی شیعری كوردی داوە، ئەگەرچی دەخوازێت خوێنەران چەواشە بكات و پاكانە لەو ڕاستیە بكات كەوەكو مانگی چواردە پێویست بە ئەنگوست ناكات، دەپرسم ئەگەر ڕاستە بەبێ ئاگای خۆی ئەو شیعرە لەئاسۆی ڕوو زەردی سەردەمی بەعسدا بڵاوكراوەتەوە بۆچی لەكاتو ساتی خۆیدا ئەم كارەی ڕیسوا نەدەكرد و بە نوسراوێك خوێنەرانو ڕای گشتی ئاگەدارنەدەكردەوە؟ ئایا ئەمە كارێكی ئەوەندە ئەستەم بوو؟ لەكاتێكدا نوسینەكانی حەمە سەعید حەسەن شانس و دەرفەتی بڵاوكردنەوەیان لەزۆربەی نوسەرەكان باشتر بوو بێت، كەواتە پێویست بە شاهید هێنانو خۆدزینەوە ناكاتو باشتر وابوو سەرڕاستانە ڕایگەیاندبوایە كەلە داخی شێركۆی لوتكەو یەكێتییو ئاشتبوونەوەی گشتی لەسەنگەری بەعسەوە پەلاماری نەیارەكانی خۆی داوە، هەر وەكوچۆن خۆی بەئاشكراو هەر لەو گەشتنامەیەدا دان بەوەدا دەنێ كەدژەكرداری ئەو تاڕادەی بوون بەجاشو تەسلیم بوونەوەو جاشایەتی كردنیشە!!



كاتێك كاك شێركۆ بێكەس سەردانی بەڕێز كاك مەسعود بارزانی كرد، هەروەكو مامۆستا محمدی مەلا كەریم فەرمووی كارێكی ڕچەشكێنانەی كرد، پێشوازیە گەرمو گوڕەكەی كاك مەسعودیش نیشانەی ئەوە بوو كەشێركۆ لەوە گەورەترە تەنها بەشاعیری حیزبێك پێناسە بكریو بكرێتە پاوانی حزبێك، شێركۆ شێرانە هاتۆتە كایەو كوڕی هەموو میللەتو شاعیری هەموو كوردە، دیارە كاكە حەمە سەعید حەسەن زۆر بەو سەردانە ڕەچەشكێنەی كاك شێركۆ تەنگاو بووە هەر بۆیە لەهەوڵی درزخستنە ناو ئەو پەیوەندیانەدایە، ئاخر بەڕاستی ناهەقی نییە ئەو لەداخی كاك شێركۆ پەلاماری یەكێتیی داو خۆی لەسەر پارتی كردە ماڵ، ئەی ئێستا كەشێركۆ شیعری سەربەرزی هەموو كوردو دەرگای هەردوو ماڵەكەی بۆ لەسەر پشت بێت، ئەو خۆی لەسەر كێ بكات بەماڵ؟!

لە شیعرێكدا كاك حەمە سەعید حەسەن زۆر ستایشی كوردستان و كرێكارانی كوردستان دەكات.... كەچی هەر خۆی لەپەراوێزی شیعرەكەیدا دەڵێت: بۆیە هەموو ئەو پێ هەڵدانە نەتەوەییانەم كردووە بۆ ئەوەی لەكۆتایی شیعرەكەمدا بڵێم (بۆرژوای كام نەتەوە ئەوەندەی بۆرژوای كورد گەردن كەچ و خۆفرۆشە) كەچی ئێستا دەفەرموێ (فاشسترین دەسەڵاتی كوردم لەدیموكراتترین دەسەڵاتی داگیركەر پێ باشترە) بۆ پاكانە لەوەی كە لەسەنگەری بەعسەوە پەلاماری سەنگەرەكانی كوردایەتی دا بێت.

ئێستا هەموو شتەكان بەو ئاراستەیە دان كەدیواری متمانەی براكان ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەپتەوبوون بكاتو جارێكی تر (پەنجەكان یەكتری نەشكێنن).

لەسەردەمێكدا كەڕۆژنامەنووسێكی بەئەزموونی وەك كاك سەرۆ قادر لێپرسراوی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی بێت ئاسان نییە بتوانێت لەسەری ڕەشەوە ساتیرە شیعری براكوژی بگرێتە قەڵا چوالان.

ببورە تازە لەفایلی بەڕێزتان نوسراوە لەسەنگەری بەعسەوە پەلاماری كوردایەتیت داوە.

# دکتۆر گوڵپی، هەموو شتێ بەخوێ خوێش بە مەعنا!

سەرەتا دەمەوێ ئەو ڕاستیە ڕوون بکەمەوە کە ئامانجی ئەم نوسینە چوونە سەنگەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نییە لە دژی حزبەکەی دکتۆر گوڵپی، بەقەد ئەوەی هەوڵێکە لە پێناو ڕێگرتن لە چیدی چەواشە نەکردنی ڕاستیەکان، ئەو ڕاستیانەی هەر لەسەرەتای دروست بوونی یەکێتییو دواتر هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان بەڕێبەرایەتی خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ زۆر مەرامو مەبەست، لەسەر ئاستی کوردستانیو ناوچەییش، هەوڵی دیزە بەدەرخۆنە کردنیان دراوە، بەمەش زیان لێکەوتووی سەرەکی ئەم سیاسەتی شۆڕشی چەواشەیە لە پلەی یەکەمدا، کێشەی ڕەوای خەڵکی کوردستان بووە لەپاڵ لێدانی خودی یەکێتییدا.

ئەگەرچی نوسینەکەی دکتۆر گوڵپی لەسەرێکەوە زیاتر لە بەیاننامەی حزبەکەی دەچێت وەك لە نوسین یان وتارێکی سیاسی، لەسەرەکەی دیکەشەوە چونکە ئەوەندە بەڕەهایی بۆچوونەکانی خۆی خستۆتە ڕوو، هەر بۆیە دەرفەتو بواری دیالۆگو مشتومڕ بۆ خوێنەر کەمتر هەیەو منیش ناچارم لە چەند گۆشە نیگایەکی بچوکەوە دەرفەت بەدەست بخەم بۆ دیالۆگ، دیارە ئەم شێوازی نوسینە شێوازی تایبەتی دکتۆر نییە، بەڵکو شێوازی تەقلیدیو تاهەنوکە باوی سەرانو ڕێبەری پارتە سیاسیەکانی کوردە، شێوازێکە گوتاری سیاسیو گشتگیریو ئایدۆلۆژی حزبی بەڕێوەی



دەباتو بە زمانی باوکێکی دڵڕەقی ڕۆژهەڵاتیانە، فەرمان دەداتو وادەزانێ حەقیقەت بە ڕەهایی لە گوتەو ئامۆژگارییەکانی ئەو دایە.

مەسەلەی هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژیو بابەتی شەڕی شاخو شاری پارتە سیاسیەکانی کوردستان، مەسەلەیکی ئێجگار ئاڵۆزو دژوارە، مەسەلەکە مەسەلەیەکی تاك ڕەهەندی کوردستانی نیە، بەڵکو ئەم مەسەلەیە فرە ڕەهەندەو بۆ ساغکردنەوەی ڕاستیەکان هەڵەیەکی کوشندە دەکەین کە ڕەهەندە ناوچەییو نێو دەوڵەتیەکانیش بەهەند هەڵنەگرین، هەر بەم تاك ڕەهەندی ڕوانینەشەوەیە دکتۆر گوڵپی لە بلندگۆی ئایدۆلۆژیای پارتەکەیەوە سوكو سانا جەسارەت دەکاتو بێ ترس لە ئۆباڵە مێژووییەکەو هەر بەسەرپێیی هەموو ئۆباڵەکانی شەڕی برا وژی دەخاتە ئەستۆی یەکێتییو، دەیباتەوە سەر عەقڵی پاوانخوازی هەمان حزب، ئەم جۆرە هەڵسەنگادنە سەرپێیانە، جۆرە گوتارێکی ئەوەندە عاتیفیانەن، لە پشتیانەوە ڕقێکی ئەستوری کوێرانەی ترسناك خۆی حەشارداوە، کە لە پێناوی مانەوەو گەشەکردنی خۆیدا، ئامادەیە لەدژی نەیارەکانی خۆی، بە گژ ڕاستیەکانیشدا بچێتەوەو خۆرەتاو بەئەنگوستە چاو ببینێت.

من ناخوازم کوێرانە بەرگری لە یەکێتیی بکەم، ناشڵێم پشکە بەشی یەکێتی لە هاوتا کوردستانیەکەی خۆی کەمترە لە هەڵگیرساندنی شەڕی شاخو شاری برا کوژیدا، ساغکردنەوەی ئەو ڕاستییە مێژووییانە، ئەرکی خودی مێژووە، کاتێك نوسینەوەی بەدەر دەبێت لەپرۆسەکانی ئەو کاراکتەرە سەرەکیانەی مێژووی ئەم بەشەی کوردستانیان بە هەر دوو دیوە پۆزەتیفو نێگەتیفەکەیەوە خولقاندوە، بەڵام تەنها دەخوازم سەرنجی دکتۆر گوڵپی بۆ هەڵوێستەکانی ئەمڕۆو دوێنێی ڕابکێشم، با خودی دکتۆر

بەراوردی تەنها ئەو زنجیرە وتارانەی خۆی بکات، کە لەگەڵ مامۆستا بەهادین نوریدا دیالۆگی پێکردوون، یەکێتیی نە ئەوسا حزبێکی نورانی ڕیش چەرموو بووە، نە ئێستاش شەیتانێکی پاوانخواز، من هەرگیز پاساو بۆ مامەڵەی هەڵەی یەکێتیی ناهێنمەوە، چ ئەوەی لە هەڵەبجە قەوما، چ ئەوەی لەگەڵ دکتۆر گوڵپی‌و هەڤاڵەکانی کرا، چونکە مامەڵەو ڕەفتاری یەکێتیی لەم دوو کێشەیەدا مامەڵەی حزبێکی سۆسیال دیموکراتانە نەبووە، بۆیە ڕەوایە بۆ هەموومان جێگەی مخابن‌و سەرزەنشت بێت، بەڵام ئەگەر یەکێتیی بەمجۆرە ڕەفتارانە غەدری لەناوبانگی زێڕینی خۆی کردبێ‌و ئازاری هەمووشمانی دابێ، ئەوا ئەم جۆرە گوتارو بیرکردنەوەو حوکم دانە سەرپێیانەیەی دکتۆریش بەسەر یەکێتییدا، ناچارمان دەکات بە چرپەوە بە دکتۆر گوڵپی بێژین، دکتۆر گیان بیرت نەچێ هەموو شتێ بەخوێ خوێش بەمەعنا چاوەکەم.



## لەگەڵتاین مام...

لەم هەلومەرجە ناسك‌و چارەنووسسازەدا بێگومان لەهەموو کاتێك زیاتر کورد پێویستی بەهەڵمەتە سیاسی‌و دیبلۆماسیەکانی سەرکردایەتیە سیاسیەکەی خۆی هەیە، پێویستی بەیەکخستنی گوتاری سیاسی‌و هەڵوێستی یەکگرتوو هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لانیکەمی داخوازیەکانی خۆی لەداڕشتنەوەی پێکهاتەی دەوڵەتی نوێی عێراقدا مسۆگەر بکات کە فیدرالیزمە لەسەر ئاستی جوگرافی‌و نەتەوەیی.

لێرەدا دەمەوێت وتارەکانی بەڕێزان بارزانی‌و نەوشیروان مستەفا ئەمین‌و مام جەلال بەرز بنرخێنم کە گۆمی ترس‌و نیگەرانیەکانی کوردیان شڵەقاندو بە دواییشدا بەتایبەت مام جەلال لەچەند هەڵمەتێکی دیبلۆماسیانەی کاریگەرانەدا توانی سەرنجی هەموان بۆ رەوایەتی داخوازیە رەواکانی کورد رابکێشێ‌و بەزمانی دیکۆمێنت‌و بە بەڵگەی ڕاست‌و ڕەوانی مێژوویی هەموو ئەو ڕاستیانە بخاتە ڕوو کە لەئەمڕۆدا نەك هەر گرنگی زۆرو زەوەندیان هەیە، بەڵکو دەکرێ هەموو ئەو ئامانجانەش بەمسۆگەری بپێکێ کە کورد لەساتەوەختەکانی بەیەکەوە لکاندنی زۆرەملێیانەی کوردستان بە عێراقەوە بەدوای دەستبەسەرکردنیاندا دەگەڕێ.

هەنگاوە دیبلۆماسیەکانی تاڵەبانی لە ئێستادا لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە پشتیوانی هەیە بەتایبەت لەلایەن نووسەران‌و رۆشنبیران‌و

رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، چونکە بەراستی ئەرکی رۆشنبیران تەنها لەبۆسەدا بوون یان ستایش نیە، بەڵکو قسەکردنو لێپێچانەوەو ساغکردنەوەو دەرخستنی راستیەکانە وەکو خۆیان، ئەگەرنا بەراستی راستگۆییمان دەکەوێتە ژێر دەیان پرسیارەوە. لێرەدا دەمەوێ سەرسامی خۆم بەهەموو ئەو هاوکارانەم رابگەیەنم لەئاست بێدەنگ بوونی ئەوان لەبەرامبەر هەڵمەتە دیبلۆماسیە کاریگەریەکانی مام جەلال لەکوردستانو عێراقدا بەتایبەت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی حوکمو وتارە بە پێزەکانی لەبلاوکراوە عەرەبیەکاندا. هەر بۆیە لێرەدا دەکرێ بڵێم: ئەرێ براینە لای ئێمەی رۆشنبیری کورد بانێکەو چەند هەوایە؟!.



## ئەو قەڵەمە کۆڵەوارەی هەمیشە بەسەر کوردەواریدا دەڕشێتەوە

حەمە سەعید حەسەن خاوەنی ئەو قەڵەمە نەخۆشەیە کە بۆ هێنانەدی دوو ئامانج هەرچیەکی لەدەست هاتبێ کردوویەتیو لێی نەسڵەمیوەتەوە، ئەو دوو ئامانجەش بریتی بوون لە شکاندنی ئەوانی دیکەو خۆ دەرخستن. بەڵێ ئەوەتا لە کۆتایی هەشتاکانداو لە سویدەوە بۆ شکاندنی سەنگەری نەیارەکانی شیعری (ئاشتبوونەوەی گشتی) لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)دا بلاوکردەوە، من نایشارمەوە حەمە سەعید حەسەن لە بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرە توانی زۆر باش ئەو دوو ئامانجەی خۆی بپێکێ ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان ئەوە بوو بۆ یەکەمین جار لەو ڕۆژنامە کوردیانەی بە بڕیاری بەعس لە بەغدا دەردەچوون شتێك لەسەر کوردو جوڵانەوە ڕەواکەی بنوسن بەو زەقیەو بەناو هێنانی ئاشکراو بێ پەردە، چونکە ئەوەی بەعس لەسەر کوردو سەرکردەو شۆڕشەکانی دەیگوت تەنها باسکردنو ناوهێنانی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ نموونە دەستەواژەکانی (ئەلعومەلا ءوەلموخەڕەبین) ی بەکاردەهێنا، بەڵام لەو شیعرەی حەمە سەعید حەسەن کە بەناوی خوازراوی (بیانیی)یەوە بڵاو کرابووەوەو دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەکەش پێشەکیەکی باشیان بۆ نوسی بوو پێیان وابوو لەخزمەتی بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کورد دایەو خزمەت بە بەرژەوەندیە

بالاكانی یەكێتی نیشتمانی عێراقیش دەكات ئەوان (واتە ڕۆژنامەی ئاسۆی سەردەمی بەعس) بۆیە بڵاویان كردۆتەوە. پیاو هەقە ڕاستی بۆ خوا بڵێ بە ڕاستی ئەو شیعرەی حەمە سەعید حەسەن زۆر خزمەتی بە یەكێتی نیشتمانی عێراق دەكرد لە دیدی ڕۆژنامەی ئاسۆو حكومەتی بەعسەوە، دەنا ئەگەر وانەبا چۆن ئەوان وا بەئاسانی ڕێگەیان دەدا ناوی بەشێكی زۆری سەركردەكانی (ی.ن.ك)و خودی یەكێتی نیشتمانی كوردستان‌و ناوی بنەماڵەی بارزانی‌و شاعیری ناسراوی گەلەكەمان (شێركۆ بێكەس) ببرێت، نەخاسمە ئەمە لەسەر دەمێكدا تازە ئاشتبوونەوەی گشتی كرابووو بەعس گیانی هەزاران لاوی كوردی لەسەر ناوهێنان‌و ناو نوسینی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان‌و بنەماڵەی بەڕێزی بارزانی تەنانەت لەسەر دیواری ئاودەستی مزگەوتەكانیش دەردەهێنا، كەچی خێر بوو حەمە سەعید حەسەن لاپەڕەی یەكەمی ڕۆژنامەی ئاسۆی بۆ تەرخان دەكرێ‌و پێشەكیەكی شایستەشی بۆ دەنوسرێ؟

حەمە سەعید حەسەن كاتێك بۆی ڕۆشن بوو بەهۆی شیعرو نوسینەكانیەوە نابێتە كەڵەنووسەری نێو یەكێتی نوسەران لە شاخ ویستی لە ڕێگەی پەلاماردانی نادروستانەی (ی.ن.ك) خۆی بناسێنێ بەتایبەت پەلاماری كۆمەڵە، بەلام كە دیتی ڕەخنەكانی لە یەكێتیی‌و كۆمەڵە تەنها جووینەوەو كاوێژكردنەوەیەو ناوبانگێكی ئەوتۆی بۆ پەیدا ناكەن‌و یەكێتیش لە مەرامەكانی حاڵی بووە، بەدوای ڕێگە چارەیەكی تردا گەڕا بەڵكو ئەوە خوایە بتوانێ قەڵەمە كۆڵەوارە نەخۆشەكەی خۆی پێ بناسێنێ، ئەویش بە هەڵكوتانە سەر بەرزترین لوتكەی شیعری كوردی كاك شێركۆ بێكەس بوو، حەمە سەعید حەسەن دەترسا ئەو ڕەخنانەی لە سێبەری



شاخ‌و شۆڕشدا لە لە شیركۆی لوتكەی ئەدەبی بەرگرییان دەگرێت لەبەر زۆرداری‌و ستەمی بەعس نەگەنە پانایی شەقامی شارەكان، هەر بۆیە بێسڵەمینەوە پەنای بۆ ڕۆژنامەی ئاسۆ بردو وەكو جاش قەڵەمێك لە شیركۆو یەكێتیی‌و پارتی‌و ئاشتبوونەوەی گشتی‌و بەرەی كوردستانی كە هەموو میللەتەكەمان چاوی ئومێدی تێبڕی بوو هاتە دەست‌و لەسەنگەری بەعسەوە پەلاماری دەست پێكرد، ئەمەش تەنها لە پێناوی دەرخستن‌و ناساندنی قەڵەمەكەی.

حەمە سەعید حەسەن دەبێت تا ماوە نانێك بخواو دەیان بۆ یەكێتیی‌و بەتایبەت بۆ كاك شێركۆ بێكەس بكاتە خێر، ئاخر ئەگەر ئەو پەلاماری ئەو لوتكەیەی نەدابوایە كێ‌و، بەچی‌و چۆن بناسرابایە، ئێستا ئەگەر بەتەڵخیش بێت هەمیشە بەتەنیشت وێنەی گەورەی شێركۆو یەكێتیی‌و سەركردەكانیەوە دەركەوتووە ئەو كە بەشیعر نەگەیشتە دامێنی شێركۆی لوتكەو لە داخی شێركۆ توشی هیستریا بوو لە داخی یەكێتیش لە سویدەوە خۆی خزاندە نێو باوەشی ڕۆژنامەكانی بەعسەوە، هەر بۆ ئەوەی ناوی لە نێو ناواندا دەركەوێ، ئێستاش دەیەوێت بە باسكردنی ٣١ی ئاب‌و بەجووت پەلاماردانی یەكێتیی‌و پارتی‌و تەنانەت (پ.ك.ك) زیاتر بوار بۆ ناساندنی قەڵەمە نەخۆش‌و كۆڵەوارەكەی برەخسێنێ جا ئەگەر ئەم خۆ ناساندنەش لەسەر حسابی نەتەوەو میللەتێكیش بووبێت.

خوێنەری بەڕێز ئەمەی خوارەوە دەقی شیعری (ئاشتبوونەوەی گشتی)یە كە حەمە سەعید حەسەن بەناوی خوازراوی (بینایی) لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڕۆژنامەی ئاسۆی سەردەمی بەعسدا بڵاویكردۆتەوە، بەداخەوە دەقی ڕۆژنامەكەم لەبەر دەستدا نییە بڵاوی بكەمەوە، بەلام دەقی شیعرەكەم لایە

کەوا لێرەدا دەیخەمە بەر چاوتان، ئیدی خۆتان بڕیار بدەن چۆن بەعس ڕێگەی دا  لەو شیعرەدا ناوی یەکێتیی نیشتمانیی و بنەماڵەی بەڕێزی بارزانیو شاعیری هەڵکەوتووی گەلەکەمان شێرکۆ بێکەسو ئاشبوونەوەی گشتیو بەرەی کوردستانی ببرێت؟ ئەمە لەکاتێکدا بەعسو ڕاگەیاندنە چەواشەکارەکانیان دەستەواژەی ئەلعومەلا ءوەلموخەڕەبینیان بۆ سەرکردەکانی کوردو شۆڕشە ڕەواکەی بەکاردەهێناو تەنانەت لەوادەی گفتوگۆی نێوان بەعسو یەکێتیی دا لەساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٤دا  بەعس بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدا بە ئاشکرا لە ڕۆژنامەکاندا ناوی یەکێتیی بێت کە لایەنی ڕەسمیو دووەمی گفتوگۆکار بوو، بەڵام لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ڕووزەردی ئاسۆیان بۆ ئەو تەرخان کردو دەقاودەق بەپێشەکیەکیشەوە دایان بەزاند. حەمە سەعید حەسەن دەیەوێ ئەمجارەیان بەپەلاماردانی یەکێتییو پارتیو هەتا پەکەکەش ناوبانگی زیاتر بۆ قەڵەمە نەخۆشەکەی پەیدا بکاتو کارتی نیشتمانپەروەرییش ببەخشێتەوەو برینەکانی شەڕی براکوژی بکولێنێتەوە بەتایبەت کە خۆشبەختانە وا خەریکە لای پارتیش ڕوخساری راستەقینەی دەردەکەوێ، حەمە سەعید حەسەنێك کە بۆ ملشکاندنی نەیارەکانی پەنای بۆ ڕۆژنامەکانی بەعس بردبێ، بۆی نییە بەناوی کوردایەتیەوە پەلاماری کوردایەتی بدات.



## دەقی شیعرەکە کە لە ڕۆژنامەی ڕووزەردی( ئاسۆ ) ی بەعسدا لەساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە.

(ئاشتبوونەوەی گشتی )

هەشت نۆ دە مانگ لە پێش ئێستا
لە بەرگەڵوو
شاعیرێکی بەناز پەروەردە ئەیفەرموو
گەر هەڤاڵانی یەکیەتی نیشتمانی
وەك بنەماڵەی بارزانی
بۆ خومەینی بێنە سەرچۆك
بەشیعرێکی تەڕو درێژ
ئەیان کەم بە پەڕۆی بێ نوێژ
ڕۆژ هاتو ڕۆی
مام جەلال خۆی
وەك پەشتەماڵی حەمام ئاڵانە قەدی خومەینی
کاکە نەوە شەقی هەڵدا لەئاوی تاڵ
پەنای بردە بەر ئاوی زەمزەمو نوێژی هەینی
فوئاد مەعسومی برین پێچ
لە تارانا ماخۆلانیەتی وەکو کێچ

کاك فەرەیدوون، مامۆستای کوردستانی بوون، پاڵەوانی زیندانو
شەقام، ئێستا عەمامە بەسەرو عەبا بەشانە وەك ئیمام
بەزەبری شەقی زەمانە
تیپی کارزان یەکەم دوژمنی کەمانە
بازی گەرمیانو هەڵۆی سوور
پاسدار دەبەنە سەر زەنبوور
بەڵام چونکە ئەو شاعیرە بەدەمەستە دڵنیایە
بەزمی شەوانی رۆژئاوا پارەی مۆڵی پێویستە بۆیە ئێستا فزەی نایە
ئێ چ قەیدیە خۆ بێدەنگیش هەڵوێستە.... شاعیر لەگەڵ ئاشتبوونەوەی
گشتی دایە.

خوێنەری بەڕێز، حەمە سەعید حەسەنێك دژی ئاشتبوونەوەی گشتی بووبێتو لەسەنگەری بەعسەوە بەم شێوەیە پەلاماری بەشێك لەمێژووی هەرە پڕشنگداری گەلەکەمانو ڕێبەرو سەرکردەکانیو شێرکۆی لووتکەی هەرە بڵندی تا نهۆی شیعری کوردی بداتو لە دژیشیان لەسویدەوە خۆی لەسەنگەری جاش قەڵەمەکانی ئەوسای بەغدا هاویشتبێ، بۆی نییە برینەکانی شەڕی کوردکوژە بکولێنێتەوەو بیەوێ بۆ خاتری ناوبانگی قەڵەمە کۆڵەوارەکەی برایەکان بەگژ یەکتریدا بکاتەوە، شاعیرو ئەدیبی راستگۆو ڕەسەن دەبێ لە ئەمڕۆدا شێرکۆ ئاسا هەموو تەلیسمەکان بشکێنێ، نەك وەکو کوندەپەپوو هەر بۆ شەڕو کاولکاری بخوێنێو تەنها لە دووبەرەکیدا بەبرشت بێت.



## مام زۆراب مێوژی نایابی هەر بۆ پارتی دەوێ!

حەیف مام زۆرابیش بازاڕی مێوژەکانی خۆی هەڕاج کرد، وام دەزانی مام زۆراب هەتا زەینەبەکان وەستا بن هەرگیز مێوژەکانی بۆ دیوەخانی گەوران نابات! حەیف سیاسەتو پارتایەتی مام زۆرابەکانیشیان بۆ ئێمە نەهێشتەوە، مام زۆرابیشیان لێکردینە پاسەوانی کۆشکە بڵندو چراخانەکانی خۆیان!

مام زۆراب چونکە هەر لە مێوژ دەزانێت، مام زۆراب چونکە دەمێکە پیشەی ساغکردنەوەی مێوژی نایاب بووە ، مام زۆراب هەر مامەڵەی لە جیهانی بێگەردانی منداڵاندا گەرمبووەو لە سیاسەت تێناگات هەر بۆیەش بە ناچاری لەبەردەم بارەگای پارتە کوردیەکانەوە کەوتە هوتاف کێشان، هەموو لایەکی تەریق کردەوە.

مام زۆراب بەچاویلکە گەورەکەی حزبەوە سەیری (چاودێرەکان) دەکات، ناچارە هەر بەو چاویلکە تەڵخەوە شەنو کەوی ڕاستیەکان بکات، مام زۆراب بەهای ئازادی تێناگات، بۆیە مام زۆراب ئازادیی بەپارەی فرۆشتنی دوو کیلۆ مێوژ دەفرۆشێت!

ئەگەر حساباتی مام زۆراب هیچ وردەکاریەکی تێدا بێو هەر بە حسابی گۆترە کاریەکانی فرۆشتنی مێوژە نایابەکان نەبێنت ئەگەر مەزەندەی مام زۆراب ڕاست دەرچێ ( ڕۆژنامەی هاوڵاتیو کوردستان پۆست) دوو داهێنراوی کاك نێوشیروان بن، پێم وایە ئەمە شانازیەکی گەورەیە بۆ ئەو، دەبێت

جێگای ستایشی هەمووان بێت بە مام زۆرابیشەوە، بۆ چما مام زۆراب فایلدارە! وەزیر یا گزیرێکی دەست پیس و گەندەڵە؟ بۆ چما مام زۆراب پاسەوانی سەرکردەیەکی تەکەتولچی و داوێن پیسە؟ بۆ چما مام زۆراب دژی وشەی سەربەرزو ئازادە؟ هەتا لەو سەنگەرە سالارانەی ڕۆژنامەنوسی کوردیەوە تەقە لەو دوو مینبەرە ئازادەی نەوەی زرنگی کوردستانی بەدرخانیانی بوێر بکات؟

پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێك لەو دوو پارتە گەورانەیە کە ئێمڕۆ فەرمانڕەوایی کوردستانی لکێنراو بە عێراق دەکەن، پارتێکە لە ڕووی تەمەنی سیاسیەوە بە تەمەنترین پارتی سەر گۆڕەپانە سیاسیەکەیە کە تا ئێستاش بڕەوی جەماوەری خۆی پاراستووە، پارتێکە لەسەر ئاستی هەموو هاوکێشە سیاسیە کوردستانی و ناوچەیی و جیهانیەکانیش دەخوێندرێتەوە. پارتێکە بە نیسبەت هەموو تاکێکی کوردستانەوە دەبێت مایەی لێدوان و مشتو مڕو قسە لەسەر کردن بێت. ئاخر چۆن دەکرێت پارتێکی لەو چەشنە، پارتێك کە لەگەڵ هاوتا کوردستانیەکەی خۆیدا (یەکێتی) فەرمانڕەوایی خەڵك و خاکی هەرێمەکە بکات، کلیلی چارەنوس و ئاسایشی کوردستانیان لە مشت بێت و هاوڵاتیانی ئەو هەرێمەش مافی قسە لەسەر کردنیان نەبێت، هاوڵاتیانی ئەو هەرێمە بەشیان دەم کوت کردن و بەشیان هەڵبژاردنی قروقاپ بێت!

ڕۆژهەڵات لانەی بیناو وێناکردنی دیکتاتۆرەکانە، وڵاتی سازش و دڵنەوایی و پیا هەڵدانە، مەملەکەت و سەرزەمینێکە، تیایدا مرۆڤەکان وا پەروەردە دەکرێن هەمیشە دەستێکیان مەرهەم و دەستێکیان درێشە بێت، سەرزەمینێکە هەموومان تیایدا لە یەك کاتدا زەمینەی کوشتن و پاداشت و



پیاهەڵدانی خۆمان و ئەوانی دیکەی تیادا دەخولقێنین، وارێکە بە دەستی خۆمان جوانیەکانی تیادا دەکوژین و دزێوەکانیشی تیادا لە یەکدی دەشارینەوە، مەملەکەتێکە تەنها ڕۆژهەڵاتییەکانی تیایدا هەڵ دەکەن، ئەو ڕۆژهەڵاتیانەی چێژ لە کۆیلە بوونی بەردەوامی خۆیان و بە خودا کردنی سەرکردەکانیان وەردەگرن!

ئایا بۆ دەبێت قسەکردن لەسەر بنەماڵەی بەرێزی بارزانی بە مەسەلەیەکی مۆراڵی ئەبستراکتەوە سەیر بکرێت؟ ئایا بۆ دەبێت قسە کردن لەسەر بنەماڵەیەك بەزاندنی هێڵە سورەکانی سیاسەت و دیموکراسیەت بێت لە کاتێکدا ئەو بنەماڵەیە لە چەن سەرێکەوە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەیان پێوە گرێ درابێت و لەئێستاشدا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی کوردستانی لە مشت بێت؟!

ئەگەر کاك مەسعود سەرۆکی هەرێم بێت و خۆی پێی وابێت لە هەرێمەکەی ئەودا (نابێت کەس لەسەروی یاساوە بێت)و ڕۆژنامەش بە پێی یاسای ئەو هەرێمەی کاك مەسعود سەرۆکایەتی دەکات دەربچێت، دەبا ئەو ڕۆژنامە بشخوازێت قسە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەش بکات کە سەرۆکی هەرێمەکەی ئێمەی لێوە هاتووە! لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو کەناڵەکانیانەوە ڕۆژنامەنوسی تایبەتیان داناوە بۆ وێنە گرتنی هەر جموجۆڵێکی کەسایەتیە ناسراوەکانی نێو کۆمەڵگاکانیان هەر لە سەرۆك و پادشاکانیانەوە تا دەگاتە ئەکتەرێکی سینەمایی یان وەرزشوان و یاریچیەکی ناسراو، ئایا ئێمە چیمان لە هاوڵاتیان یان ڕۆژنامەنوسانی وڵاتانی دی

کەمترە؟ یان سەرۆكو بنەماڵە ناسراوەکانی ئێمە چیان لە پادشاو سەرۆكو خانەوادەی وڵاتانی دیکە زیاترە؟

سەردەمی شاردنەوەی ڕاستیەکان بەسەرچوو، جیهان لە ژێر ڕەحمەتی زانستی دیجیتاڵدا لە گوندێکش بچووکتر بۆتەوە، بوونو مانەوی شتەکان بە کرانەوەی زیاتریانو گونجاندنیان لەگەڵ ئەم سەردەمی گۆڕانکاریە خێراییانەوە بەندە، تێگەیشتنو بینینی شتەکان بە دیدو عەقڵو مۆراڵی دیوەخان ئیدی مەیسەر نابێت، دەبێت هەموان دەرفەتی ئاخاوتنی چوون یەکمان هەبێت!

حەیف مام زۆراب مێوژی نایابی هەر بۆ پارتی دەوێت، مام زۆراب ئێستا تۆ چ پیاوێکی دڵ ڕەقی گوێ نادەیتە زەینەب کە بە بەردەوامی بەدواتەوەیە هاوار دەکات مام زۆراب مەڕۆ مەڕۆ مێوژم دەوێت!!



## هاش‌و هوش

یەکێك لە کێماسییەکانی ئەمڕۆی ڕوناکبیریی کوردی، نەبوونی میتۆدێکی زانستیانەیە لە شێوازی ڕەخنە گرتندا، چونکە ئەگەر ڕەخنە لەسەر بنەمایەکی زانستیانە بینات نەنرا ئەوا ڕەخنەگر بە سانایی دەشێت هەموو ڕێساو بنەما زانستییەکانی ڕەخنە گرتن پێشێل بکات، لە جیاتیان میزاجی کەسیو ڕێسای نا زانستیانە دابنێت. ئەمەش وای کردووە خوێنەری کوردی بەسانایی چەواشە ببێتو نەتوانێت ڕاستییەکان بە ڕۆشنی ببینێتو دواجاریش نەتوانێت لە ڕێیانەوە بڕیاری لایەنگری یان بەرهەڵستکاری خۆی بدات. هۆکارە هەر سەرەکیەکەش لە ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد. ئەمە جگە لەوەی لە نێو ئەو هەموو گوتارو گوتراو و نوسراوانەدا خوێنەری کەمێك بەسەلیقە دەشێت (هاشو هوشێك) ببیستێت کە پڕ پڕ بێت لە ئیرەییو دەلالەتێکە بەرجەستەش بێت بۆ ئازادنەبوونی هزرو بیرو ویژدانی خاوەنەکانیان بەرامبەر بە ئەوانی تر.

زۆر سروشتیە ئێمە هەموومان لەیەکتری نەچین، وەکو یەکدی بیرنەکەینەوە، ئەمە نیشانەی ساغلەمیە، بەڵام بەڕاستی نەخۆشیە کە ئێمە لەسەر ئەو جیاوازیە سروشتیانە بە ئەنقەستو بۆ مەبەستی تایبەتی هەوڵبدەین نەك هەر ملی یەکدی بشکێنین، بەڵکو هەوڵ بدەین یەکتریش بخەینە چاڵەوە لەسەر ئەو جیاوازیە جوانانە، لێرەوە رەخنە بەمانا

زانستی‌و بونیادنەرانەکەی بوونی نامێنێت‌و ئەوەی دێتە بەر گوێمان تەنهاو تەنها هاشوهوشێکە کە دەخوازێت بیرکردنەوەمان تەڵقین بدات‌و وێنەکان لەبەر چاوان ئاوەژوو بکاتەوەو راستیەکان دوای چەواشەکردنیان بەماکیاژکراوی بخاتە ڕوو، گاڵتەش بە هەستی خوێنەری کوردی بکات‌و شانازیش بە هەڵخەڵەتاندنیەوە بکات، بەڵام ئاخۆ هاشوهوش هەتاسەر دەتوانێ ببێتە ئاڵتەرناتیفی رەخنەیەکی زانستی‌و خولقێنەرانە؟ یان ئەم هاشوهوشە زادەی هەلومەرج‌و بارو دۆخێکە بە تێپەڕبوونی کات‌و باڵابوونی ئاستی ڕووناکبیری کوردی دەبێتە تۆزی بەرباد؟!.



## کوردستان پۆست هەر سڵاوات لێدەدا

بێگومان بوختان ئازایەتی نییە، نوسەری ئازاد جگە لەوەی هەمیشە قەڵەمەکەی وەکو بیری لەفەزای ئازادەوە لە شەقڵنی داهێنان دەدات ئەوا لە هەر کارێکی نوێشدا پشت ئەستور بە مۆراڵی بەرزی نوسین‌و بەڵگەی مەلموس دێتە مەیدان، یەکێك لە کێماسیە زەقەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان‌و ماڵپەرەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت بەداخەوە ئەوەیە کە هەمیشە تیایاندا هەندێ قەڵەمی قەزەم دەبینرێن کە باکیان بە مۆڕاڵی نوسین‌و پرنسیپەکانی دنیای مەعریفەو بواری ڕۆژنامەوانی نییە ئەوانە ئەو قەڵەمە کۆڵەوارانەن کە ناتوانن لەسەر مەسەلە گەرم‌و کاریگەرەکانی ئەمڕۆی بوارە سیاسی‌و ڕوناکبیرییەکانی کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی ساغڵەم بێنە گۆ، ئەوانە ئەو بەناو نوسەرانەن کە دەژین لە ئیرەیی‌و سیخناخن لە دەلەسەو هەمیشە بەسەر ئەوانی دیکەو کوردەواریدا دەڕشێنەوە. یەکێك لە تێبینیە بەردەوامەکانی من لەسەر ماڵپەرە کوردیە ئازادەکان بەتایبەت لەسەر کوردستان پۆست تێپەڕاندنی هەندێ نوسینی بێ بەڵگەو تەواو بارگاوی بوو بە مەسەلە شەخسیەکانن. چاو چوقاندنە لەزمانێك کە بەڕای من‌و بەشێك لە خوێنەرانیشی لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان بۆتە لەکەیەکی ناشیرین‌و لەسەر پەیکەرو بونیادی ماڵپەرەکەو ستافی بەڕێوەبەردنیشی ڕوو بەڕووی بەرپرسیاریەتێکی مۆراڵی‌و پیشەیی ڕۆژنامەنوسانە دەکاتەوە. زمانێك کە هەمیشە بە گۆترە قسەدەکات‌و بە

مەزندەی نادروست و بێ بەڵگەو بە زەبری شکاندنی مۆراڵە بەرزەکانی نوسین دەخوازێت جێگەی خۆی بکاتەوە. ئەوپەڕی ترسنۆکیە بە ناوی خوازراوەوە بوختانی شاخدار بۆ کەسێك هەڵبەستی کە تەنها خاوەنی قەڵەمێکی بوێری خاکی بێت. ئاخر برادەرانی کوردستان پۆست من نە ئۆردوی حزبو حکومەت پاسەوانیم دەکاتو نە کوڕە کوڕانی عەشیرەت، بەچ حەقێك ڕێگە دەدەن خەڵکی نەزان شەلم کوێرم بکەوێتە وێزەی شێواندنی ڕاستییەکانو پەلامارێکی ناڕەوای تژی لە بوختانو دەلەسەو ئیرەیی قەڵەمێکی ڕاستگۆ بدات؟! برادەرینە ئێوە شاهیدن کە هەرگیز من ڕێگر نەبووم لەسەر دابەزاندنی تەنانەت ئەوە بابەتانەی ئێوە وەکو پەلاماری ناڕەواو و ئاراستەکراو لەلایەن خەڵکانێکی دیکەوە دژ بە خودی خۆشم نوسراون. بەلام ئایا وادەی لە بێژەنگدانی بوختانو شەنو کەوکردنی ڕاستیەکان نییە؟ ئایا وادەی بژارکردنی زۆڕیو بۆریو سنوردانان بۆ ڕەواج بەخشین بە سایتەکان لەسەر زڕاندنی ناوبانگو شکاندنی کەسایەتی ئەوانی دیکە نییە؟ برادەرینە پێم خۆش بوو لەبەر خاتری چەواشەنەکردنی خوێنەران ئەم چەند خاڵانەتان بۆ ڕوون بکەمەوە. ئەگەر نا من ئامادە نیم وەڵامی ترسنۆکان، ئەوانەی لەسەر سێ کوچکەی بوختانو بەرژەوەندی تایبەتو ئیرەییو بەناوی خوازراوەوە لەسەر من دەنوسن، بدەمەوە.

١- من لەدوای ساڵی ١٩٩٩ هیچ پۆستێکی حزبیو حکومیم وەرنەگرتووەو لەو مێژووەوە من لە بەریتانیا نیشتەجێمو بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆم دەژیم. ئەرێ برادەرینە گەندەڵی من لە کوێدایە؟ ئەمە جگە لەوەی لە دوای ڕاپەرینەوە کارکردنی من لە نێو یەکێتیدا تەنها لە بورای ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەوانیدا بووە.



٢- من نەمۆنیکاو نەخانوو و نە خەڵاتو نە دەفتەر دۆلارم وەرگرتووە، واقیعی تەکەتولاتی نێو یەکێتی ڕێگەدەدا بەسانایی زانیاری لەسەر یەکێتی دەست بکەوێ. فەرمون ئێوەو هەموو ئەو نەزانانەی بۆ چەواشەکاری ناوی ڕانیەیی بوون بەخۆیان دەخەن بفەرموون ئەوە ئەرزو ئەوە گەز یەك دیکۆمێنت لەسەر ئەو مەسەلەیە بە خوێنەران نیشان بدەن بزانن لە کوردستاندا من سەنەوی چ سەیارەیەكو لەسلێمانی تاپۆی کام خانووەم لەسەرە! نەك لەسەر خۆم با لەسەر ژنو براو کەسە نزیکەکانی خۆشم بێت؟ بۆ مەسەلەی ئەو دەفتەر دۆلارانەی باس دەکرێت ئێستا لیژنەی چاودێری هەیە لەهەر کوێیەكو لەناو یەکێتیی پارەی کاش سەرف بکرێت ئیجرائاتی دارایی خۆی بۆ دەکرێت. بفەرموون لە ڕێگەی پەیامنێرەکانی خۆتانەوە ئەم مەسەلەیە بۆ منو خوێنەرانیش ساغ بکەنەوە، ئەگەر ئێوە هەوڵی دروستی خۆتان نەدەن بۆ ئاشکرا کردنی ڕاستیەکان منو ئێوە هەموومان لەو وڵاتە خۆرئاواییانەی تیایدا دەژین دەزانین کە یاسا سەروەرە لەو وڵاتانە من ناچارم لە ڕێگەی دادگاوەو لە بەریتانیا ئەو مەسەلەیە بە قازانجی کەسایەتی خۆمو پاراستنی ناوبانگی قەڵەمەکەم یەکلایی بکەمەوە.

٣- هەموو برادەرەکانم لە بەریتانیا ئاگادارن لە چۆنێتی گەڕانەوەی من بۆ کوردستان. من بەمەبەستی سەردانەوەی کەسو کار لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانم گەڕاوینەتەوە کوردستان نەك لەسەر بانگهێشتی یەکێتیی نیشتمانیی یان لەسەر بانگهێشتی سیمبوڵی بەرەنگاری کوردو براو هاوڕێی بەڕێزو هێژام کاك کۆسرەت. برادەرینە دەبو ئێوە لە ئامانجی ڕاستگۆیی ئەو ڕاپۆرت نوسە بەزوویی حاڵی بونایە ئاخر ئەو بەڕێزە جگە لەوەی تایتڵی بابەتەکەی لە خودی خۆم دزیوە ئەوەندەش زانیاری نادروستی لەسەر من

نوسیوە كە پێم سەیرە بەسەر خۆشتاندا تێپەڕیون. من نوسینێكم نییە بەناوی ( بە ئینجازەی كاك كۆسرەت ڕەمزەكانمان ناخەینە دەریاوە) بەڵكو نوسینەكەی من كە ئەو هێژایە قسەی لەسەر كردووە بەناوی ( ڕەمزەكان ناخەینە دەریاوە، وەڵامێك بۆ كاك كۆسرەت)ە، ئاخر نوسەرێك نەتوانێت ئەمانەت لە گواستنەوەو بەكارهێنانی یەك تایتڵدا بكات چۆن ناهەقی دەگرم بەم شێوەیە بە گژ ناوی منو ناوەڕۆكی نوسینەكەشمدا بچێتەوە؟! (ڕەمزەكان ناخەینە دەریاوە.. وەڵامێك بۆ كاك كۆسرەت) كە لە كوردستان پۆستو دواتریش لە كوردستانی نوێدا بڵاوكرایەوە بابەتێك بوو بۆ ماوەی دوو مانگ بووە مایەی مشتومڕی هاوڕێكانم لە كوردستانی نوێو دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەكێتیی، تا دواجارو دوای زیاتر لە دوو مانگ كوردستانی نوێ كردی بەیەكەمین بابەتی بڵاوكراوەی لەو چەشنەی خۆی چونكە تا دابەزاندنی ئەو وتارەی من بەهیچ شێوەیەك لە كوردستانی نوێدا باسی تەكەتولاتو گرفتەكانی نێو یەكێتیی نەكرابوو بەم شێوە ڕاستەوخۆیە. لەسەر دواخستنی دابەزاندنی بابەتەكە من هەر لەو سایتەی ئێوەدا وتارێكم نوسی بەناوی (كوردستانی نوێ ناوێكی پیرۆزو ڕۆژنامەیەكی وێران)و بۆ ماوەیەكی زۆر لەسەر سایتەكەتاندا بە بەردەوامیو لەسەری سەرەوە مایەوە هەزاران كەس كلیكی لەسەر كردبوو.

٤- هەمیشە قسە كردنی من لەسەر حزبی كوردی بەتایبەت لەسەر یەكێتیی نیشتمانییو پارتی قسەكردنیكی جدی بووە، بەڵام قسەكردنێك بووە بەدەر لەزمانی بازاڕو پەلاماردانی ناڕەوا لەو سۆنگەیەشەوە شانازی دەكەم كە بە جورئەتەوە لەسەر هەموو ئەو كەسو لایەنانەی كە پێم وابووە قسەكردنیان ئەركی منە وەكو نوسەرێك سڵم نەكردۆتەوە. بێگومان



ناڵێم هەوڵەكانم بێ كێماسیو نوسینەكان پێرفێكت و بێ كەموكوڕین. با دوا بڕیاریش هەر بۆ خوێنەران بەجێبێڵین لەم بارەیەوە.

٥- ئەوەی خوێنەری بەئاگا بێت تێدەگات لەسەركردنەوەی من بۆ یەكێتیی لە چاوی تەكەتولێكی دیاری كراوەوە نەبووە. لەهەر كوێیەك بەناڕەوا پەلاماری یەكێتییو ڕەمزەكانی ناوی درابێت بەمافی خۆم زانیوە بێمە گۆ. كۆی گشتی نوسیەنەكانم لەوانەیە شاهیدی ئەو ڕاستیە بن.

٦- لەوەتەی هاتومەتەوە بەتایبەت لە ڕانیەی دەروازە پێرۆزەكەی ڕاپەرین لە دوو مینبەرەوە پەیامی خۆم بەخەڵكی ئەوە شارە گەیاندووە، یەكەمیان لە كۆڕێكی سەنتەری چالاكی گەنجانو دووەمیان لە تەلەفیزیۆنی ئازادیو لە هەردوو ئەو شوێنانەشدا وەكو (سلێمان عەبدوڵڵا یونس) قسەم كردووە نەك بەناوی هاوڕێكانمەوە. من كە خۆم هەبم وەك خۆشم بیردەكەمەوە من لە ئیرادەیەكی بەهێزی هەستكردن بە بەرپرسیارێتی نوسینەوەو بە مۆراڵێكی بەرزی مەعریفیانەوەو بە ئاگاییو هۆشێكی ساغلەمەوە دەنوسم. قەڵەمەكەی من لە هەناوی ( ڕوانین)ێكی قوڵەوە هاتووە. قەڵەمێكە ئەو كاتانەی كە كۆی گشتیو موچەكەو داهاتم كەمتر بوو لە كرێی خانووەكەم كەچی ئەو بە كێوەڕەشو ئاسۆسی دەوت لێی بڕوانن! ئەو كاتانە قەڵەمەكەم سەری بڵندی خۆی لە پرسگەی هیچ بەرپرسێكی كوردستاندا نەوی نەكرد بێت، چۆن ئێستا لە ڕەفاهیەتی ژیانی ئازادانەی خۆرئاوا بەگژ ئازادی خۆیدا دەچێتەوە؟

٧- لەتەمەنی سیاسیو ئیداری كاك كۆسرەتدا سەدان دیدارو چاو پێكەوتنی ڕۆژنامەنوسی لەسەر ئاستی كەناڵەكانی ناوخۆو دەرەوە هەیە. منیش وەكو ڕۆژنامەنوسێك مافی خۆمە ئەگەر ئەمە بكەمە یەك لە

پرۆژەکانی کارکردنم، بەتایبەت کە لە هەگبە سیاسیو ئیداریو کۆمەڵایەتییەکانی کاك کۆسرەتدا شتی دەگمەنو دانسقەو پڕ بایەخی زۆرو زەوەند هەن. ڕاستە من بیرۆکەی کارێکی ڕۆژنامەنوسی لەو چەشنەم هەیە، بەڵام نەك وەکو ئەوەی کە کاك کۆسرەت داوای نوسینەوەی ژیاننامەی خۆی لێکردبم! ڕاستگۆیی لە هەر کارێکی نوسینو ڕۆژنامەوانیدا یەکجار گرنگەو نابێت نە ڕۆژنامەو نەنوسەریش بۆ پەیدا کردنی خوێنەر پەنا بۆکاری چەواشەکارانە ببات.

٨- نە کاکی کاکان، کۆسرەتی کێوی ورەو هیوای میللەتێك پێویستی بە پیا هەڵدانی منەو، نە منیش پێویستیم بەوەیە لە ڕێگەی پیاهەڵدانی ئەو تێکۆشەرەی کە بە سیمبولی بەرەنگاری کورد ناسراوە خۆم بەرمە پێش. ماڵ بارەگاو نوسینگەکانی کاك کۆسرەت ئەگەر جاران ماڵی هەموو یەکێتییەکان بووبێت ئەوا لەو کاتەوە کە کاك کۆسرەت بوو بە سەرۆکی حکومەتو ئەمڕۆ جێگری سەرۆکی هەرێمە ماڵی هەموو کوردو کوردستانیەکانە بە بێ جیاوازی. کاك کۆسرەت سەرەڕای دیسپلینە سیاسیو حزبیو حکومیەکە خاوەنی مۆراڵێکی کۆمەڵایەتی بەرزە. ڕاستە هەر کاتێك کەمن سەردانی کاك کۆسرەتم کردبێت ڕووبەڕووی ئەو مۆراڵە بەرزە کۆمەڵایەتیو میوانداریە گەرمو گوڕە بوومەوە، بەڵام ماڵی کوردستان پۆستم ئاواکرد کە بۆ دوعای هەموو نەزانێك دەڵێ ئامینو جارێك نەمانبینی دان بەجەرگی خۆیاندا بنێنو بەدەنگی بەرز بڵێن:

ڕەبی موی لێبێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

# جاسوسیو ڕێچكان

یەكێك لەسیاسەتەكانی بەعس لەدانوساندنو گفتوگۆی ١٩٨٣-١٩٨٤ نێوان ئەوانو یەكێتیی نیشتیمانی كوردستاندا، سیاسەتی شاردنەوە یان دەرنەخستنی ئەو دانوساندنە بوو لەكەناڵەكانی ڕاگەیاندنی ئەوسای حكومەتدا.

بێگومان ئەوساش نەك میدیای ئازاد بوونی نەبوو بەڵكو بەعس بەشێوەیەكی ترسناك مۆنۆپۆلی دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كردبوو، هەربۆیە بەدێژایی تەمەنی ئەو گفتوگۆیانە لایەنێكی پۆزەتیڤ بۆ یەكێتی لەو دانوساندنانەدا دەرناكەوێت، تەنانەت ئەو چەند شتە كەمەی دەربارەی ئەو دانوساندنە لەكەناڵەكانی بەعسەوە گوتران چونكە ئەوەندە لەژێر فلتەر وچاودێری وردی دەزگاكانی موخابەرات و ئەمندا بوون، گەواهی ئەوەنادەن یەكێتیو بەعس گفتوگۆیان لەسەر مەسەلەی كورد كردبێ، بەقەد ئەوەی ئەوە نیشان دەدەن كە یەكێتی ویستویەتی خۆی بگەڕێنێتەوە ڕیزی نیشتمانی كەبەعسیەكان تا هەنووكەش كە لەقەفەزی تاوانباریدان لایان وایە بەڕەهایی لەباخەڵی ئەواندایە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هەر ئەو ساڵانەی كەبەعس دەنگوباسەكانی، گفتوگۆی نێوان خۆیو یەكێتی بەزەبری هێز خنكاند بوو و لەبەرامبەر نوسین یان ناو هێنانی سەرانی شۆڕشی كوردو پارتە سیاسیەكانی كورد، ئەگەر ئەو كارە لەئاودەستی مزگەوتەكانیش بوایە شێتو هار دەبوو، كەچی هەر لەو سەرووبەندانەدا كتێبی (ئیسلامو ڕێچكان)ی بۆ مەلا عەلی باپیر چاپو بلاوكردەوەو ڕێگەشیدا لەكتێبخانەكانی كوردستاندا بە ئازادی



بفرۆشرێت، ئەمە لەكاتێكدا كە كتێبەكەی مەلا عەلی باپیر باسی لەنێوەرۆكی مشومڕێك دەكرد لەگەڵ كادرێكی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستاندا گوایە ئەنجامی داوە!

مەلا عەلی لەو كتێبەدا هەوڵیداوە ڕێبازی كۆمەڵەو هەموو پارتە كوردیە چەپو نیشتیمانی دیموكراتەكان بەڕێچكەی شەیتان ناو ببات! ئەوەی ئەوساو ئێستاش لای منو زۆر لەخوێنەرانیش جێگەی گومان بوو ئەوەیە، ئایا بەعس چۆن ڕێگەی بە مەلا عەلی باپیردا كە ئەو كتێبە بەو هەموو ئازادیەوە بنوسێت، لەكاتێكدا لەسەر وشەیەكی سادە بەعس هەزاران كوردو تێكۆشەرەكانی كوردی لەسێدارەدا؟ ئایا چۆن مەلا عەلی توانی بە ئاشكرایی مشتومڕی نێوان خۆیو كادرێكی پێشكەوتوی كۆمەڵە بەچاپ بگەیەنێ لەكاتێكدا بەعس نەك لەسەر ناوهێنانی كۆمەڵەو یەكێتی گەنجانی كوردی گوولله باران دەكرد بەڵكو لەسەر پۆشینی جلوبەرگو پۆشاكێكی سادەش گەنجانی كوردی بێسەروشوێن دەكرد گوایە ئەم شێوازی پۆشاكە نیشانەی كۆمەڵە بوونیانە؟!

ئێستا دوای ئەوەی كە بەبەڵگەو دیكۆمێنتەوە ئاشكرابوو كە ئەمیری ئێستای كۆمەڵو نوسەری كتێبی ئەوسای (ئیسلام وڕێچكان) كاری سیخوڕی بۆ بەعس كردووە، بەسەر برا موسوڵمانەكانی خۆیدا لەنێو ئەو بزوتنەوە ئیسلامییەی كەخۆیانو براموسوڵمانەكانی دیكەیشی بەبزوتنەوەی دایكی ناودەنێن، ئایا ئەو گومانە نابێت بەیەقین كە دەڵێ كتێبی (ئیسلامو ڕێچكان) بەڕێنماییو ئاگاداری دەزگای موخابەراتی بەعس نوسراوە بۆ تەكاندنەوەو دوورخستنەوەی لاوانی كورد لەدەوری كۆمەڵەی ڕەنجدەران كە ئەوسا لەهەڕەتی پەرەسەندنو گەشەكردنی ڕێكخراوەیی خۆیدا بوو و

بەعسیەکانی هەراسانو نیگەرانو تەنگەتاو کردبوو؟ ئایا پیاوێك جەسارەت بکات کاری سیخوڕی بەسەر براکانی خۆیدا بکات کە هاوڕاو هاوهەڵوێست بووە لەگەڵیاندا لەکاری ئایدلۆجیو سیاسیو ڕێکخراوەیدا، لەوەسڵەمیوەتەوە کە بەدنەدانی بەعس هەوڵی دژایەتیکردنی پارتە چەپو علمانیەکانی کورد نەکاتو کتێبی بە قەبارە قەبە لەدژیان وەکوو پڕوپاگەندەی چەواشەکارانە نەنوسێت، لەکاتێکدا وەکوو نەیاری ئایدلۆجیو هێڵی سیاسی خۆی سەیری کردوون؟ ئەریّ بەڕاست هەستانە سەرپێ بۆ ئاڵای کوردستانو مارشی نەتەوەیی کورد (ئەی ڕەقیب) حەرامو بیدعەیە یان جاسوسی بەسەر هاوبیرو هاودینو هاوزمانەکانی خۆتەوە، ئەی جەنابی مامۆستا عەلی باپیری ئەمیری بڕواداران ؟!

٭ بڕوانە هاوڵاتی ژمارە ٢٩١ ڕۆژی ١٣/٩/٢٠٠٦

## کاك کاوە ئەمین
## پشوسواریش کێماسیەکی رۆشنبیرانەیە!

من کە باسی پەرچەکرداری عاتیفی دەکەم، پێم سەیرە نوسەرێکی وەك کاوە ئەمین بۆم بە پینەو پەرۆکردنی لێدوانەکانی بەرێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەژمار دەکات، یان خێرم پێدەکاتو بۆم بەسەنگەرگرتنێکی هاو حزبیانە لەقەڵەمدەدات! نە من شەرم بەرابردووی ناو یەکێتییمەوە دەکەمو نە تا هێشتاش یەکێتی ئەوەندە بێزراوە تا بەو شێوەیە، ئەو تێکۆشەرانەی رۆژێك لەرۆژان لەناویدا تێکۆشاون، بەو سۆنگەیەوە بکرێنەوە کونەوەو مافی رادەربرینێکی ئاسایشیان لێ زەوت بکرێ، وەکو ئەوەی بەرێز کاوە ئەمین لەگەڵ منیدا کردوە.

کە شاعیرێکی گەورەی وەکوو دکتۆر عەبدوڵلا پەشێو لەو کەمپینەدا جێدەگرێت ئەمە نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو کەمپینە پەرچەکرداری عاتیفییانە نییە، من نامەوێت لەگەورەی لوتکەیەکی وەکوو پەشێو یان لەبایەخی بەشداریی کردنی ئەو کەم بکەمەوە، گەرچی دەشزانم کە پەیوەندیو مامەڵەی شاعیر لەگەڵ شتەکانو دەرووبەریشدا پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای سۆزو عاتیفە رۆدەنرێتو (پەشێوە)یش شاعیرە، نەك بیریار. وەکو چۆن ناشخوازم ئەوم لێکدانەوەیەم بەتانەی تایبەت بۆ ئەو کەمپینە ئەژمار بکرێت، چونکە کە دەڵێم پەرچەکرداری عاتیفی مەبەستم ئەوەنییە



کە بڵێم تەنها کەمپینەکەی کوردستان نێت تاکە کارێکی عاتیفیانەیە کەزادەی هەڵچونێکی عاتیفیانەی نێوەندە رۆشنبیریو سیاسیەکەمانە بێت، بەقەد ئەوەی کە گەرەکم بووە، ئەوە کەڵچەرە بخەمە ژێر پرسیارەوە، کە شوناسێکی مێژوویيو رۆژهەڵاتی بە ئێمەی کورد بەخشیووە، بەقەد ئەوەی گەرەکم بووە بڵێم، بەدرێژایی مێژوو بە تایبەت لەسەر هەڵدانو پەیدابوونی ئیسلامەوە، خۆرهەڵات ئەو کەڵچەرە بەرهەم دێنێ کە پایە هەرە تۆکمەکانی لەسەر سۆز رۆنراوە، کە بووەتە ناسنامەی رۆژهەڵاتو لەخۆرئاوای جیاکردۆتەوە، رێك بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، ئەو کەڵچەرەی خۆرئاوا لەسەر دەستی شارستانێتی مەسیحی بەرهەمیهێناوە، کەڵچەرێکە، پایە هەرە بنەرەتیەکانی خۆی لەسەر عەقڵو دیالۆگ کردنێکی عەقڵانی لەگەڵ خۆیدا دامەزراندووە. بەقەد ئەوەی مەبەستم بووە ئاماژە بەکاریگەریەکانی ئەو کەڵچەرە رۆژهەڵاتیە بدەم لەسەر نوخبەیەك کە چۆن دوای دروست بوونی دابڕانێکی مێژوویش لەواقیعی ئەو کەڵچەرەی رۆژهەڵاتیەو شوێنگرتنو ئاشنا بونیشیان بەو کەڵچەرە عەقڵانیەی خۆرئاوا، کەچی لەدواجاردا دەگەرێنەوە مەدارە عاتیفیە رۆژهەڵاتییەکەیانو پەنا بۆ پەرچەکرداری عاتیفی دەبەن، ئاخر کاك کاوە کە دەڵێ دیالۆگی چیو دیالۆگ بەم رەهاییە لەگەڵ هاوزمانو هاوخوێن هاونیشتمانیەکانی خۆیو لەپەرلەمانی کوردستان نەك پەرلەمانی عێراقیشدا رەت دەکاتەوە، ئەوە بیەوێ یان نەیەوێ، پەرچەکردای عاتیفیانە بەشێوەی نموونەی بەرجەستە بۆ منیشو خوێنەرانیش لەنێوەندە رووناکبیریەکەدا بەرجەستەتر دەکات.

نازانم هەندێ جار بۆ لای هەندێ کەس لێکدانەوەی کورتبینانەی سەیر بۆشتەکان دەکرێ، ئاخر کە من دەڵێم بەچاوچوقاندنەوە واژۆکەم بخەمە ناو

کەمپینی حەشامەتی خوێندەوارانەوە، ئەوە دیسان دەمەوێ باس لەهەمان ئەو پەیوەندیو کەڵچەرە رۆژهەڵاتیە بکەم کە لەسەر بنەمای خوێنو تۆڵەو دەمارگیری مێژوویەکە ئینسانەکان لەخۆرهەڵات بەرهەمی دەهێننو بە کەللەسەری مرۆڤەکانیش پارێزگاری لەمانەوەی هەتا نهۆ بەردوامی هەیە، ئەو چاوچۆقاندنەی من باگراوندێکی کەڵچەری نەك حزبی لەپشتەوەیە، من دەخوازم قسە لەسەر ئەو باگراوندە مەعریفیو کەڵچەریەی خۆرهەڵات بکەم، با کاك کاوە سەرپشکی گەرانێکی وردبێ بۆ ئەوەی بزانێ ئەو واژۆ کردنو چاوچوقاندنەی ئەو باسی لێدەکاتو دەیەوێت پێشنیارەکەی منی پێ بەلارێدا ببات، چەند راستی تێدایە؟ بێگومان هەموو کەس هەڵە دەکات، گرنگ نییە هەڵە نەکەین، ئەوەی گرنگە جەسارەتی داننان بەو هەڵانەیە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو کاتێك بیبینم کە ناوم لەلیستی قەڵەمەکانی شەڕی براکوژیدا ریزکراوە، شانازی دەکەم کە یەکەمین کەسی ناو ئەو فایلە بووم جەسارەتی داوای لێبوردنم کرد.

راستە کاژیك بەر لەکۆمەڵە بیری کوردستانی بوونی خزاندۆتە ناو تەڤگەری رزگاریخوازی کوردستانەوە لەباشوری کوردستان، بەڵام کاژیك نەیتوانی ئەو پشتیوانیەی شۆڕشی کوردستان بۆ ئەو بیری کوردستانی بوونە لەسەر ئەرزی واقیعی شۆڕشی کوردستان بۆ خودی ئەو هزری کوردستانی بوونە مسۆگەر بکات، ئەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردی، پەیداکردنی خودی ئەو پشتیوانەی شۆڕش بوو بۆ ئەو هزرە کوردستانی بوونیەی خۆی، کاك کاوەی هێژا، قسە لەسەر ئەو تێکەڵکێش کردنو ئاوێزان کردنەی نێوان فکرو بزوتنەوە چەکداریەکەیە، خۆ دەنا ئەوەی ئەحمەدی



خانیو حاجی قادری کۆیی لەئەدەبیاتی کوردیدا بەرهەمیان هێناوە لەمەسەلەی بیری دروستی نەتەوایەتی کوردیدا پێش کاژێكو کۆمەڵەشن.

من دیالۆگ بەگۆڕینەوەو ئالۆڕکردنی بیرورا تێدەگەم، نەك بە زۆرانبازی، ئەوەی من دەیبینمو دەیبیستمو دیخوێنمەوە، غەڵبە غەڵبێکە کەتیوری زۆرانبازیو لۆژیکی هێز بەرێوەی دەبات، تێزێکە هەموومان لەدواجاردا تیایدا پەنا بۆ بەشینەوەی تۆمەت دەبەینو هەر لەهەوڵی ژێرکەوتنی بەرامبەرەکانمان داین، بۆیە ئەوەی من زۆر بەسادەیی پێشنیارم کرد بۆ دیالۆگو گفتوگۆی نێوان نوخبە جۆربە جۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان، زۆر بەئالۆزیو وەکوو ئاوێنەیەکی وردوخاش کراو لای کاوە ئەمینی بەرێز پێشانی خوێنەر دەدرێتەوە! من پێشنیاری دیالۆگی نێوان نوخبەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگایەکەم بەکارێکی هەنوکەییو گرنگو سودبەخشو پێویست تێدەگەم، ئاخر خوێنەری هێژا، پێشنیاری من بۆ دیالۆگێکی نێوان نوخبەکانی کۆمەڵگای کوردستان چ پێوەندیەکی بە عیراقی کردنەوەی ئەوانی دیکەوە هەیە؟ چ رەوایە وەکوو هەوڵێك بۆ بەعیراقی کردنەوەی کوردستانیانی ئەوروپانشین بە زۆر بەسەرمدا ساغ بکرێتەوە؟

دیسان دەیڵێمەوەو پێشموایە دیالۆگی نێوان نوخبەکان کارێکی پێویستو زۆریش بەرهەمدارترە لەو سەنگەر لەیەکتری گرتنە، من پێموایە پێویستیمان بەشێوازێکی دیکەی مامەڵە کردن لەگەڵ یەکتیریدا هەیە، ئاخر هەتاکەی هەر ئێمە رەخنەکانی خۆمان لەکەمپینی دووربەدوودا ئاراستەی دەسەڵاتە سیاسیەکەمان بکەینو ئەوانیش بەدادگای رووکەشو شێوازی دیکەی کلاسیکی ناتۆرەمان بخەنە پاڵو بەو شێوازە تەقلیدیو رۆژهەڵاتیە موجەرەدە رووبەڕوومان ببنەوە؟ من دەخوازم پێشنیاری شێوازێکی دیکەی

پەیوەندی لەنێوان نوخبەی سیاسیو رۆشنبیریمان بکەمو بێشتە ئاراوە، شێوازێك جێگەی ئەو هاشو هوشو غەڵبە غەڵبە ئەمڕۆمان بگرێتەوە!

من دیالۆگ بۆیە بە پێویست دەزانم، بۆ ئەوەی هەمووومان چانسی ئاخاوتنو دەربڕینی ئازادانەی ڕاکانی خۆمانمان هەبێت؟ بەپێی چ لۆژێکێك ئاخر کاك کاوە پێشنیاری دیالۆگ هەوڵی پەیڤینە بەناوی هەموانەوە؟ لەدیالۆگدا جێگەی پەیڤین لەجیاتی هەموان نابێتەوە! بەقەد ئەوەی هەموان مافی قسەکردنیان بەناوی خۆیانەوە بۆ دەرەخسێ، بەقەد ئەوەی هەموان چانسی بەشداری کردنیان دەبێ لەدیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان! لەدیالۆگەوە دەتوانین سنور بۆ ئەوانە بکێشین کە مێژوویەکە بەناوی ئێمەو گەلو خوداو شەرعیەتەوە بیردەکەنەوەو، بڕیاردەدەنو دەپەیڤن.

بەعیراقی کردنی کێشەی کورد مێژوویەکی زیاتر لەهەشتا ساڵەی هەیە، پلانێکی ئەو سەردەمەی زلهێزە براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمە کە هەتا ئێستاش ئەو پلانە پشتیوانیەکی ناوچەییو نێودەوڵەتی بەهێزی لێدەکرێ، گۆڕینی ئەو واقیعە ئەگەرچی کارێکی ئاسان نییە بەڵام بێگومان مەحاڵیش نییە، کارێکە پێویستی بەگوتارێکی بەهێز نەتەوەیی هەیە کە پشتیوانی بە ئاکام گەیاندنی بکات، گوتارێك کە بتوانێ لەخوێندنەوەی هەلومەرجە بابەتیو خودیەکانی ئەمڕۆی کوردستانو عیراقو ناوچەکەو دنیاش سەرودەر بکات، گوتارێك کە عەقڵ بەڕێوەی ببات نەك عاتیفە، گوتارێك کە بشێت جیاوازیەکانی ئێمەو ئەوانی دیکە بۆ رای گشتی بسەلمێنێ، گوتارێك دۆستە خۆرئاوییەکانمان رازی بکات کە مەرگی بەعسو روخانی دۆزەخەکەی سەدام بۆ ئێمە مانای کۆتایی مێژوو دروست بوونی ئەو



بەهەشتە نییە کە مێژوویەکە قوربانی گەورەو بەردەوامو لەسەریەکی بۆ دەدەین! دەبێ لەوە تێبگەین کە بەرپرسیارێتی ئێمە هەر ئەوە نییە پێمان وابێت کە ئێمە بە بایکۆت کردنێکی سەرپێیانە دەتوانین کێشەی ناسنامەی خۆمان یەکلایی بکەینەوە، ئێمە پێمان وابێت کە ناوو شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆمان نوسی ئەوە پەیامەکەی ئێمە تەواو. ئەوە ئەرکە مۆڕاڵیو مەعریفیو نیشتمانیەکەی خۆمانمان بەجێ گەیاندو ئیدی هەموو شتێك لێرەوە کۆتایی دێ، ئەی باشە خەڵکی کەرکوكو موسڵو کوردەکانی بەغداو شارەکانی دیکەی عیراق چی بکەن؟ ئایا ئەوە قەدەری ئێمەو ئەوانەو دەبێت هەرکەسەمان روبەڕووی قەدەرو چارەنووسی خۆی ببێتەوە؟ نا کاك کاوەی هێژا مەسەلەکان هەروا رووکەشو هاکەزاییو راگوزەرنین، کە من دەڵێم پێویسیمان بە دیالۆگە بۆ ئەوەی کە لەڕێگەیەوە هەمووومان بتوانیین چانسی گوتنی رێگە چارەکانمان هەبێت، پێموایە لەکوردستان کێشەی گەورەتر لەئیرادەو روانینەکانی نوخبەی سیاسیمان هەیە، مەسەلەکە کێشەی ئیسپاتکردنو یەکلاکردنەوەی ناسنامە کوردستانیو مێژوویەکەی خەڵكو خاکی کوردستانە، مەسەلەکە مەسەلەی بەشداری کردنی هەمووومانە لەبەرپرسیارێتیە مێژووییو نیشتیمانیەکە، نەك تەنها مەسەلەی هەست کردن یان نەکردن یان هەبوون یان نەبوونی سۆزێکی رووت لەمەسەلەی ناسنامەی کوردستانی بوونماندا نییە.

لوتبەرزیو خۆبەزۆرزانین نەخۆشیە، دەمێکە هەستم بە کێماسیەکانی ئەو گرفتە مۆڕاڵی کۆمەڵایەتیو مەعریفیە کردووە، هەربۆیە لەگەڵ (هێمن)ی شاعیری مەزنی کوردایەتیدا (خۆم بەخاکی بەپێی گشت تێکۆشەرێکی کورد زانیووە).

هیواردارم کاک کاوه ئەمین لەمەودوا لەبەرامبەر (وتـارنوس)ی لەچەشـنی من ئەوەند زوو پشووی سوار نەبێ، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هـەر لـەتایتڵی بابەتەکەیـەوە توشی هەڵەی وانـەبێت (ڕاوەڕێـوی) بـە (راورێـوی) بنوسـێت، چونکە بـا کـاک کـاوە ئـەمینی هێـژا بزانێت کە بەدرشت بینینـی شـتەکان و پشوسواریش لەدواجاردا کێماسیەکی رۆشنبیرانەی لێدەکەوێتەوە!

## لەم ژاوەژاوەشدا هەر دیالۆگ!

دیارە هێشتا زۆری ماوە پەی بەرێگای دروستی پەیوەندییەکانی نێوان گوتاری ڕۆشنبیریو سیاسیمان بەرین، زۆری ماوە لەو بەرپرسیارێتیە نیشتمانیو مۆڕاڵیو سیاسیو رۆشنبیریەی نێوانمان حاڵی ببین، هەربۆیە ئەوەتا دەبینین نوخبەکانی کورد لەبری دۆزینەوەی چارەی هاوبەش بۆ سەرخستنی ئەم قۆناغە هەستیارو چارەنوس سازە، لەبری تاوتوێکردنی ئەگەرە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەکانی بەردەم گەشەکردنی گوتارە سیاسیەکەمانو گەڕان بەدواە خولقاندنی گوتارێکی نەتەوەیی بەهێزو کاریگەر بۆکێشە نەتەوایەتیەکانی کورد، گوتاری (ڕەتکردنەوەو بەپەراوێزکردن) خەریکە دەبێتە گوتاری زاڵو دڵخوازی کۆمەڵگای ڕوو لەگۆڕانو هێشتا سەقامگیرو جێگیرنەبوونی کوردستان!

ئەگەر نوخبەکانی وڵاتی ئێمە بخوازن ڕێبەرایەتی گۆڕانکاری گەورەی هەمەلایەنەی کۆمەڵگای کوردستان بکەن، ئەگەر بخوازن لەم هەلومەرجە ڕەخساوە کوردستانیو ناوچەییو نێودەوڵەتیو ڕۆژهەڵات هەژێنە، شوێنێکی شیاوی بەهێزو دانپیانراو بۆ کورد بگرن، پێویستیان بەجۆرێکی تازەیە لەپەیوەندی، پەیوەندی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەییو لێکگەیشتنو قبولکردنی یەکتری، پەیوەندی لەسەر بنەمای دیالۆگێکی کراوەو عەقلانی بۆ بەڕێوەبردنی ناکۆکیو جیاوازیە بنەڕەتیو سروشتیەکانی نێوانیان، پەیوەندییەك کە جێگەی پەیوەندییە کلاسیکیە



توندوتیژە رۆژهەڵاتیەکەمان بگرێتەوە، ئەو پەیوەندیانەی مێژوویەکە لەسەر سێکوچکەی دەمارگیریو خوێنو تۆڵە بەردەوام لەئاگاییو نائاگایماندا، چ وەکو تاك چ وەکو نەتەوە بەبەردەوامی بەرهەمیان دەهێنین.

ئەوەی کەبڕوای بەوەهەبێت راستیش مەسەلەیەکی ڕێژەییە، تێدەگات جیاوای لەنێوان ڕوانینی ئەو دوو دیدەی پێناسەی ئاوی نێوپەرداخە دەکەن لەکوێدایە؟ بینینی پەرداخەکە بەنیوەپڕی یان بەنیوە بەتاڵی هیچ لەواقیعی ئاوی ناو پەرداخەکە ناگۆڕێ، بەڵام ئەوەی سەرەنجام بەرهەم دێتو دەبێتە واقیع، بینینو تێڕوانینو لێکدانەوەی ئێمەیە، کەدەبێتە گوزارشتی ئێمە بۆچۆنیەتی بینینی شتەکان! لێرەوە جیاوازییەکان دەکرێ بەئاماژەی گەشەکردنێکی ساغلەم سەیربکرێت، ئەوەی کە کیماسیەکە دەخولقێنێ چۆنیەتی مامەڵەکردنو جیهانبینی خودی ئەو جیاوازییانە دەکرێ بەئاماژەی گەشەکردنێکی ساغلەم سەیربکرێت، ئەوەی کەکیماسیەکە دەخولقێنێ چۆنیەتی مامەڵەکردنو جیهانبینی خودی ئەو کۆمەڵگایەیە لەگەڵ چەمكو مانا بنەڕەتیەکانی جیاوازیدا.

هەرگیز لەکۆمەڵگایەکی داخراودا، مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییەکان ناتوانێ بەبێ توندوتیژی گوزەربکات، کۆمەڵگای داخراو هەمیشە پەنا بۆپەیداکردنی شەرعیەتێك دەبات تا لەرێیەوە جەنگی قەڵاچۆکردنی جیاوازییەکان بەئاکام بگەیەنێ! جەنگێك کەتیایدا بیرکردنەوەیەك بەسەر هەموو بیرکردنەوە جیاوازیەکانی دیکەدا هەوڵی پیرۆزکردنی خۆی دەدات! تیایدا مرۆڤەکان بەشێوەیەکی ڕەها یان نیشتمانپەروەرن یان خیانەتکار، یاجەربەزەن یا بودەڵەو ترسنۆك! بەپێچەوانەشەوە لەکۆمەڵگایەکی کراوەدا جیاوازیەکان وەکو بەشێك لەبەرهەمی پێشکەوتنە سیاسیو کۆمەڵایەتیو

مەعریفیەکانی کۆمەڵگا سەیردەکرێن‌و بەپێی ریتمێکی شارستانی‌و مۆدێرن سیستمی پەیوەندی‌و کارکردنی نێوانیان دەخرێتە سەر شارێگای خۆیان.

ئەریَ گەلۆ ئەوە چ ژاوەژاوێکە نوخبەی وڵاتی ئێمەی تێکەوتوە؟ ئەریَ ئەوە چ فەزایەکی پڕلەفەوزایە ئاوا هەموومانی وڕوکاس کردووە؟ ئەمە گەمەی منداڵانە یان مەهزەلەی نوخبەی کوردەوارییە، کە ئەمیان دەوڵەتی کوردی لە واژۆی نامەیەکی ئەلەکترۆنیدا بەسەر ئەوی دیکەدا جاڕدەداو ئەمیشیان لەمینبەری میللەتەوە گومانەکانی خۆی دەبەشێتەوەو لای وایە (ئەوانەی لەدژی پەرلەمان‌و حکومەت دەنووسن دەستێکن لەدەرەوەڕا ئاراستە دەکرێن)! ئەز پێموایە نەتەلاری دەوڵەتی کوردی بەواژۆی نێوکەمپینەکانی سایتە کوردیەکان خشتێکی دەخرێتە سەرو نەنیشتمان پەروەری‌و دڵسۆزی ئەم وارە شیرینەش لەتەلاری پەرلەمانی کوردستانەوە دەبەشرێتەوە.

ئێمە پێویستمان بە دیالۆگە، نەك تانەو توانج‌و شەڕەقسە، ئەگەر بڕیاربێت نوقتە بخەینە سەر حەرفی مەسەلە گرنگ‌و ستراتیژیەکانی کورد.



